CFS

وەرزنامەی

# تورکیاناسی

ژمارە (٩) ساڵی سێیەم. تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

- تورکیاو کورد؛ ناڕوونیی فۆڕمێکی چارەسەری.
- کتێبی سوور یاخود دەستووری نهێنیی تورکیا.
- ئایا ئیسرائیلو تورکیا نزیکبوونەتەوە لە پێکدادان؟
- بایراکتارو شاهید؛ دوو دیوی تری کێبڕکێی تورکیاو ئێران.
- دەوڵەتی قووڵو هاوتەریب لە تورکیا.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی: قەندیل چۆڵبکرێت
هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان تێیدا جێگیردەبن

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.


ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد سیروانی



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.فاروق عبدول مەولود
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
د.جەلیل عومەر عەلی



نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

وەرزنامەی

# تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات.
دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین.
هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە.
تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك

## سەروتار

◇ عێراق و تورکیا؛ نەوت بەرانبەر بە ئاو............ د.فاروق عەبدول | ٥

## توێژینەوە

◇ تورکیاو کورد؛ نارِوونیی فۆرمێکی چارەسەری............ هێژا دڵشاد | ٩
◇ کۆماری قوبرسی تورکی یان نیمچەدوورگەی دۆسیە هەستیارەکان............ ئەحمەد سیروانی/ فەرزان چاڵشکان | ٢٩
◇ کتێبی سوور یاخود دەستووری نهێنیی تورکیا............ بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٥٧
◇ قەدەغەکردنی شوناسی کورد لە تورکیا لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٣٨)............ د. سامان مستەفا ڕەشید | ٧٥

## وەرگێڕان

◇ ئایا ئیسرائیل و تورکیا نزیکبوونەتەوە لە پێکدادان؟............ وەرگێڕان: تورکیاناسی | ٩٧
◇ ئایندەی پرۆگرامی ئەتۆمیی تورکیا............ وەرگێڕانی:د.جەلیل عومەر عەلی | ١٠٥
◇ بایراکتارو شاهید؛ دوو دیوی تری کێبڕکێی تورکیاو ئێران............ وەرگێڕانی: عەبدولقادر فاروق | ١١٣
◇ شێوەی دارشتنەوەی پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوان عێراق و تورکیا............ وەرگێڕان: تورکیاناسی | ١٢١
◇ ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی تورکیا سەبارەت بە جەنگی (٢١) ڕۆژە............ وەرگێڕان: تورکیاناسی | ١٢٩

## چاوپێکەوتن

◇ **محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** قەندیل چۆڵبکرێت، هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان تێیدا جێگیردەبن............ چاوپێکەوتن: تورکیاناسی | ١٤٥

## کتێبناسی

◇ پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران(١٩٢٣ – ٢٠٠٣)لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان.... ئامادەکردن: گۆران سەلام | ١٥٣

## چەمکناسی

◇ دەوڵەتی قووڵ و هاوتەریب لە تورکیا............ ئامادەکردنی:تورکیاناسی | ١٦٩

وەرزنامەی

تورکیاناسی

## سەروتار



# عێراق و تورکیا؛ نەوت بەرانبەر بە ئاو

د. فاروق عەبدول

"نەوت بەرانبەر بە ئاو"، ئەو چەمکەیە لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە بووە بە جێی باسوخواسی میدیا لۆکاڵی و ناوچەییەکان، لە ناو پەرەسەندنی قەیرانە ژینگەیی و ئابوورییەکان، داڕێژەرانی سیاسەت لە بەغدادو ئەنقەرە بیرۆکەیەکی نوێ و تارادەیەك بوێرانەیان خستووەتەڕوو، کە تێیدا "نەوت و ئاو خرانە سەودایەکی ئابوورییانەوە". ئەم بیرۆکەیە لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٥)دا بە فەرمی بووە بە ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات. هەرچەندە وەزیری دەرەوەی عێراق ئاماژەی بەوە کرد، ئەوەی کراوە، یاداشتی لێکتێگەیشتنەو ڕێککەوتن نییە، بەڵام میدیا تورکییەکان جەخت لە ڕێککەوتن دەکەنەوەو وەکو هەنگاوێکی مێژوویی باسیلێوەدەکەن. بیرۆکەی ڕێککەوتنە نوێیەکەی نێوان بەغدادو ئەنقەرە کە زیاتر لە قازانجی تورکیایە، لە سەر بنەمای میکانیزمێکی داراییە. تورکیا دەستدەکات بە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئاوی عێراق لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوی بچووك و مامناوەندو ڕێکخستنەوەی ڕێڕەوە ئاوییەکانەوە، لە بەرانبەردا عێراق پارەدارکردنی ئەو پرۆژانە لە ڕێگەی داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە دەکات. هەندێکی تر دەڵێن تورکیا نزیکەی یەك ملیار مەتر سێجا ئاو بۆ عێراق زیاددەکات، لە بەرانبەردا عێراق نەوت بە نرخی پاڵپشتیکراو بۆ تورکیا دابیندەکات.

ڕێککەوتنەکە لەلایەن فوئاد حسێن؛ وەزیری دەرەوەی عێراق و هاکان فیدان؛ هاوتا تورکییەکەیەوە بە ئامادەبوونی محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەغداد ئیمزاکرا. هەر زوو دەنگدانەوەی زۆری لە شەقامی عێراق دروستکرد، بە تایبەتی ساتەوەختی ڕێککەوتنەکە هاوکات بوو لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە (١١)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٥) بەڕێوەدەچێت و خودی حکومەتەکەی سودانییش لە بەردەم سەختترین قەیرانی وشکەساڵیدایە، کە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو وێنەی نەبووە. هەرچەندە دەقی ڕێککەوتنەکە بە ڕوونی باس لە مامەڵەی "نەوت بەرانبەر بە ئاو" ناکات، بەڵام چاودێران پێیانوایە ڕۆحی ڕێککەوتنەکە ڕەنگدانەوەو وابەستەی پرۆسەیەکی ئابوورییە، کە تێیدا وزەو ئاو بەیەکەوە گرێدراون.

پرسیاری سەرەکی لەم باسەدا ئەوەیە، کە ئایا ئەم ڕێککەوتنە کە بنەماکەی لە ساڵێک زیاترە کاری بۆ کراوە، دەتوانێت ژێرخانی ئاوی عێراق لەو قەیرانە کوشندەیە ڕزگاربکات، یان زیاتر

هەوڵێکی ئازارشکێنەو وابەستەیە بە تاکتیکی نوخبەی دەسەڵاتدارەوە بۆ کێبڕکێی مانەوە لە پۆستو دەسەڵات. داکۆکیکارانی ڕێککەوتنەکە نایشارنەوە، کە هیچ بژاردەیەکیان نەبووە، جگە لە مامەڵەیەکی خێرای پراگماتیانە بۆ بەرگرتن لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی قەیرانەکە، بەڵام بەرهەڵستکاران نەک هەر ڕێککەونەکە ڕەتدەکەنەوە، بەڵکو بە کارەسات ناویدەبەن. پاساویان ئەوەیە، کە نوخبەی دەسەڵاتدار لە جیاتیی دارشتنی بەرنامەو پلانی جێگرەوە بۆ گۆڕانی کەشوهەواو زیادکردنی دەرامەتە ئاوییەکانو چارەسەرکردنی ڕەوشەکە لە ڕێی هەوڵە ناوخۆییەکانەوە، وڵات دەخەنە دۆخێکی پاشکۆیەتیی مەترسیدارەوە، کە ئەنجامەکانی بۆ داهاتووی عێراق کوشندە دەبێت، بەو پێیەی شادەماری ئابووریی عێراق دەخرێتە مامەڵەیەکی بازرگانیی نابەرانبەرییەوەو تەواوی دۆسیەی ژێرخانی ئاویی وڵاتیش ڕادەستی تورکیا دەکەنو لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدادا نامێنێت.

عێراق دەیان ساڵە تورکیا تۆمەتباردەکات بە سنووردارکردنو گرتنەوەی ئاوی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات، کە زیاتر لە (٧٠٪)ی ئاوی شیرین بۆ وڵاتەکەی دابیندەکەن. سەرەتای کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP)ی تورکیا، کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستیپێکردووەو زنجیرەیەك بەنداوی گەورەی وەك بەنداوی ئەتاتورك و ئەیلیسۆ لەخۆدەگرێت. لە کاتێکدا تورکیا پێداگری لە مافی خۆی دەکات بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا، عێراق دەڵێت زیادەڕۆیی لە دروستکردنی بەنداو لە تورکیا بووە بە هۆی وشکەساڵییەکی زۆرو بەبیابانبوونی ناوەڕاستو باشووری عیراقو زیانی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵی کەوتووە.

سەرباری هەموو ئەو قەیرانە بەهێزەی کە ڕووبەڕووی ژێرخانی ئاویی عیراق بووەتەوە، هەروەك وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان ساڵی (٢٠٢٥)ی بە وشکترین ساڵ لە دوای ساڵی (١٩٣٣)وە لەقەڵەمداوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی حکومەتەکەی سودانی نارەزایەتیی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە، بەوەی چۆن دەبێت مافێکی سەرەتایی مرۆڤ بە بازرگانی بکرێت. ئاو مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤەو بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان گەرەنتیکراوە، بەڵام بەرپرسانی عێراق بۆچوونێکی تریان هەیەو پێیانوایە، کە پشتبەستنی ڕەهای عێراق بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی دەرامەتە ئاوییەکانی، زیاتر ئەم وڵاتەی بەرەو کارەساتو خنکان بردووە. بەرگرییان لە ڕێککەوتنەکە لەو سۆنگەیەوەیە، کە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نەك ناتوانن تینوویەتیی عێراق بشکێنن، بەڵکو تا دێت، دەوڵەتو سیستەمە سیاسییەکەی لە دارمان نزیکدەکەنەوە.

هەر چۆنێك بێت، عێراق چووەتەناو ڕێکەوتنێکی ناڕوونەوە، بەڵام هەندێك وەك پێویستییەکی ستراتیژی سەیریدەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی دارمانی ئاسایشی ئاویی عێراقو خواستی زۆری تورکیا بۆ وزە. بە واتایەکی تر، ئەم ڕێککەوتنە میکانیزمێکە بۆ گۆڕینی دەرامەتی ئاو لە سەرچاوەی ململانێوە بۆ دەرفەتی هاوبەش، کە هەردوولا دەتوانن نموونەیەکی نوێ لە دیبلۆماسیی پراگماتی لە سەردەمی گۆڕانی کەشوهەوادا نەخشەڕێژبکەن.

سەرباری ئەوەی عێراق پاساوی خۆی هەیە بۆ ڕێککەوتنەکەو تورکیاش بە مافی خۆی دەزانێت سوود لە دەرامەتە سروشتییەکانی وەربگرێت، بەڵام لێکەوتەو دەرهاویشتەکانی ئەم ڕێککەوتنە نوێیەی عیراق و تورکیا، وابەستەنابێت بە ئایندەی عێراقەوە بە تەنیا، بەڵکو ئەگەری هەیە ببێت بە فۆڕمێکی نوێ لە گشتاندنی ناوچەیی "ئاو بەرانبەر بە وزە"، لە شوێنی دیکەو لە جوگرافیای جیاوازدا دووبارەببێتەوە.

# توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# تورکیاو کورد؛ ناڕوونیی فۆڕمێکی چارەسەری هۆکارو پاڵنەرەکانی دەستپێکردنەوەی دیدارەکانی نێوان تورکیاو کورد

هێژا دڵشاد

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی ورد پێشکەشدەکات بۆ گەشەسەندنەکانی ئەم دواییەی دەستپێکردنەوەی دیدارەکانی نێوان حکومەتی تورکیاو لایەنی کورد، بە ئامانجی هێنانەکایەی ئاشتییەکی هەتا سەرو بێدەنگکردنی چەکەکان لە نێوان سوپای تورکیاو گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا.

لە پرۆسەی ئەم جارەدا بە بەراورد بە چوار پرۆسەی پێشووتر، بە ناوو فۆرمی جیاوازەوە دیدارەکان بەرێوەدەچێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم جارە لەیەکتێگەیشتن‌و هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان لایەنی کوردو لایەنی تورکیا هەیە.

خاڵێکی گرنگی ئەم پرۆسەیە مەسەلەی خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو کۆتایهێنانی خەباتی چەکدارییە، کە بووە بە پرسێکی گەرم‌و رۆژەڤی بەشێک لە وڵاتانی هەرێمی ودەوڵەتانی ناوچەکە.

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو باوەڕەی دەرفەتەکانی ئاشتییەکی هەتاسەری زیاترەو خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان لە قۆناغی چەکدارییەوە بەرەو قۆناغی سیاسەت‌و دانوستان هەنگاودەنێت تا دەگاتە ریفۆرمی دەستووری لە تورکیا.

ئامانجی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا چەند تەوەرەیەکی سەرەکیی وەك ئامانجە ستراتیجییەکان‌و هۆکارو پاڵنەرە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان بۆ گەڕانەوەی لایەنەکان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ لە پاش نۆ ساڵ لە بەردەوامیی شەڕ خراوەتەڕوو.

تورکیا لە دووڕیانی گۆڕانکارییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووریدایە، هەنگاوە کردارییەکانی پەکەکە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە ڕەخساندووە،

بــۆئــەوەی ئــەم جــارە پــرۆســەکــە بە دانوستانێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی بگات، بە جۆرێك فۆرمێکی چارەسەریی گونجاو بدۆزرێتەوە، کە لە بەرژەوەندیی گەلانی تورکیاو کورد بێت.

توێژینەوەکە وەڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە دەداتـــــەوە، کـە تـا ئێـسـتـا دەربــــارەی دەسـتپـێـکـردنـەوەی دیـدارەکـانـی نێـوان تـورکـیـاو کـوردو پـرۆسـەی چـارەسـەری دەکـرێـت، لـەگـەڵ ئـەوەشـدا ئـامـاژە بە ئەگەری سەرکەوتنو شکستی پرۆسەکە کــراوەو لـەو نـاوەنـدەشـدا ئـەگـەرەکـانی فــۆرمـی چــارەســـەری پـــرسی کــورد خراوەتەڕوو.

## کۆتاییهێنان بە پێکدادانی چەکداریو فۆرمی چارەسەری

چل ساڵ تێپەڕیوە بە سەر دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لەلایەن پەکەکەوە لە بەرانبەر سوپای تورکیادا، بەو هۆیەوە هەرووڵا قوربانیی زۆریان داوە، لێدوانە فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن تا ئێستا بە هۆی ئەم شەڕەوە زیاتر لە (٤٠) هەزار هاوڵاتیی ئەو وڵاتە گیانیانلەدەستداوە[١]. بێگومان بەدەر لە زیانی گیانی، ئەم شەڕە کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ئابووریی تورکیا هەبووەو خەرجییەکانی بەرگریی سەربازیی زیادکردووەو بە جۆرێک مەزەندەدەکرێت، تێـچـووی شــەڕ لـە مـاوەی (٤٠) سـاڵـدا گەیشتووەتە سێ تریلیۆن دۆلار[٢].

کۆتاییهێنانی خەباتی چەکداریی پەکەکە، یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکی ڕۆژەڤی تورکیاو بزوتنەوەی سیاسیی کورد لەو وڵاتە، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە گفتوگۆی لـە سـەر دەکـرێـت. هـاوکـات بـاس لـە فۆرمێکی نوێی خەباتی سیاسی دەکرێت لە بریی خەباتی چەکداری، کە تا ئێستا وردەکاریو هەنگاوەکانی داهاتوو ڕوون نییە.

پەکەکە لە ساڵی (١٩٧٨) دامەزراوەو لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤) خەباتی چەکداریی بەرانبەر بە دەوڵەتی تورکیا بە فەرمی ڕاگەیاندووە. لە سەرەتای دروستبوونی پەکەکەدا ئاماژەیان بە بنیاتنانی دەوڵـەتـێکی سـەربـەخـۆو یـەکگـرتـوو لـە تــەواوی چـوار پـارچـەی کـوردسـتـان کردبێت، بە تێپەڕبوونی کاتو سەردەمە جیاوازەکانی خەباتیان، ئامانجەکانیان گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە. لەم ساڵانەی دواییدا بە تایبەت لە (٢٠٠٩)وە پەکەکەو بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان، بەڕێوەبەرێتیی خۆسەری وەك بژاردەیەکی گونجاوی دەبینن بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە. لەو سەردەمەدا ئەحمەد تورک؛ سەرۆکی پێشووی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە)، ڕایگەیاند: ئەگەر دەوڵەت بەڕێوەبەرێتیی خۆسەری پەسەندبکات، ئەو کاتە خۆسەری دێتەئاراوە. ئەگەر پەسەندینەکات، ئەوا ئەو ویستەمان هەروەک داواکارییەک دەمێنێتەوە[٣].

بەڕێوەبەرێتیی خۆسەری، ئەم فۆرمە

جۆرێکە لە هاوشێوەی سیستەمی نامەرکەزیو دەسەڵاتی بڕیاردان بە هەرێمە کوردییەکان دەبەخشێت، جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنە لە ڕێگەی دەسەڵاتی شارەوانییەکانی باکووری کوردستانەوە، کە ساڵانێکە زۆربەیان لە دەستی کورددایە، بەبێ جیاکردنەوەی سنوورەکان، ناساندنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕووی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە لە هەرێمە کوردییەکاندا. ئەم فۆڕمە لەلایەن تورکیاوە ڕەتکراوەتەوە، چونکە وەک هەوڵێک بۆ جیابوونەوەو دابەشکردنی خاکی تورکیا دەبینرێت. نەگەیشتن بە مۆدێلێکی گونجاو بۆ چارەسەری پرسەکەو ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکانی ڕێگەچارەکانو نەبوونی زەمینەی دیالۆگ، هۆکاری بەردەوامیی شەڕی نێوان پەکەکەو تورکیا بووە. بەردەوامیی شەڕ یەک لە هۆکارە سەرەکییەکان بووە، کە گفتوگۆی لە نێوان لایەنی سیاسیی کوردو حکومەتی تورکیادا ئەستەمکردووە.

کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکیو ناوخۆیی وایکردووە تورکیا ناچاربکات لە هەنگاوە سەربازییەکانی دووربکەوێتەوەو پرسەکە بە ڕێگەی گفتوگۆکردنو گەیشتن بە ڕێککەوتنێک چارەسەربکات، حکومەتی تورکیا بۆئەوەی شەقامی تورکی نیگەراننەبێت، ئەم پرۆسەیە بە "تورکیای بێتیرۆر" ناودەباتو لایەنی کوردیش بە پرۆسەی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی ناودەبات.

خاڵە جەوهەرییەکەی پرۆسەکە، کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی پەکەکەو گەیشتن بە فۆڕمێکی چارەسەرییە، ئەمەش گرێدراوە بە بەردەوامیی گفتوگۆی نێوان حکومەتی تورکیاو لایەنی کوردەوە، کە دەمپارتیو خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەگرێتەوە، تاکو دەگاتە گۆڕانکاری لە دەستووردا بۆ چەسپاندنی مافی کورد لەو وڵاتە. لە هەمووی گرنگتر، سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی هاوڵاتیبوونو ئازادیی سیاسەتکردنو هەموارکردنەوەی یاسای تیرۆرە.

### ڕۆڵو پێگەی دەوڵەت باخچەلی

ڕوداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو. پرۆسەکەی ئەم جارە لە سەر دەستی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی تورکی وەک دەوڵەت باخچەلی دەستپێکرد. ئەم سەرکردەیە پاشخانێکی قووڵی لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی دەوڵەتدا هەیە، تەنانەت لە لای ڕایگشتیی تورکیا زۆر جار بە دەوڵەتی قووڵ ناودەبرێت[٤].

باخچەلی وەک سەرۆکی گشتیی پارتی بزاڤی نەتەوەپەرست (مەهەپە)، لە ڕابردوودا وەك پارتێکی ڕاستڕەوی نەتەوەپەرست، نەیاری ئاکپارتی بووە، تاکو لە شوباتی (٢٠١٨) ڕێککەوتنی سیاسیی لەگەڵ ئاکپارتی بە ناوی "هاوپەیمانیی کۆماری"یەوە بەست. لەو کاتەوە باخچەلی

پشتیوانیی خۆی بۆ سەرکەوتنی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، پەرلەمانیو شارەوانییەکان دووپاتکردووەتەوە. گرنگترینیان پشتیوانیی سەرۆکی مەهەپە بوو بۆ چەسپاندنی سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ ئەردۆغان[٥].

لە یەکی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی پەرلەمان لە پاش کۆتایی پشووی هاوینە، دەرفەتێکی نوێ بۆ ئاشتەوایی هاتەئاراوە. چەند دەقەیەک لە پێش دەستپێکردنی دانیشتنی پەرلەمان، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەوڵەت باخچەلی لە کاتی هاتنەژوورەوەی بۆ پەرلەمان، سەردانی فراکسیۆنی دەمپارتیی کردو تەوقەی لەگەڵ هاوسەرۆکو بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی دەمپارتیدا کرد[٦].

دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی نیشانەی گۆڕانکارییەکی نوێ بوو، هاوکات بە هۆی باکگراوندی سیاسیی ئەو سەرکردەیەوە شتێکی ڕوون بوو، کە دەستپێشخەرییەکەی هەوڵێکی تاکەکەسی نەبوو، بەڵکو پڕۆژەیەکی دەوڵەت بوو بۆ نزیکبوونەوە لە کورد، بێگومان بەبێ ئاگایی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، باخچەلیی هاوپەیمانی ئەردۆغان ئەو دەستپێشخەرییەی نەدەکرد.

بنگەرایی ئەم پارتە وەک پڕۆژەیەکی دەوڵەت بۆ پانتورکیزم، کە لە ناوەوەو دەرەوەی سنووری تورکیا کاری بۆ دەکات، لەلایەن سەرکردەی ناسیۆنالیستی تورک؛ ئەلپئەسلان تورکیشەوە، لە (١٩٦٩) دامەزراوە، ڕابەرایەتیی ناسیۆنالیزمی ڕەسترەوی تورکی دەکات لە تورکیاو لە مێژووی دروستبوونیەوە دوا ڕادە نەژادپەرستو نەیاری کورد بووە، لە پاش کۆچی دوایی سەرۆکی پارتەکە لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە، دەوڵەت باخچەلی سەرۆکایەتیی پارتەکە دەکات. پێش هاتنەسەر دەسەڵاتی ئاکپارتی، مەهەپە لایەنێک بووە لە پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش لەگەڵ لایەنی دیکەو پۆستی باڵایان لە حکومەتو دەزگا ئەمنییەکانو وەزارەتی ناوخۆدا هەبووە[٧].

**خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان لە قۆناغی چەکدارییەوە بەرەو قۆناغی سیاسەتو دانوستان هەنگاودەنێت، تا فۆڕمێکی چارەسەریی گونجاو بدۆزرێتەوە، کە لە بەرژەوەندیی گەلانی تورکیاو کورد بێت.**

مەهەپە لە ساڵانی ڕابردوودا دژایەتیو نەیاری بزوتنەوەی سیاسیی کورد بووە، تەنانەت ساڵێک پێش دەستپێکردنەوەی دیدارەکان، باخچەلی داوایکرد مووچەی تەواوی پەرلەمانتارانی دەمپارتیو هاوکاریی گەنجینەی دەوڵەت بۆ پارتەکە ببڕێت، وەک پاساو بۆ داواکەی، دەمپارتیی بە

درێژکراوەی پەکەکەو پارتێکی تیرۆریستی ناساند[٨].

دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی، گفتوگۆی زۆری بە دوای خۆیدا هێناو خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرا، لەبەرئەوەی پێشتر نەبینرابوو باخچەلی بەو جۆرە سڵاوو تەوقە لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمان بکات، هەمیشە مەهەپە دوا ڕادە دژایەتیی بزوتنەوەی سیاسیی کوردی لە تەواوی پارچەکانی کوردستانی کردووەو لە مێژووی دروستبوونیەوە هیچ کاتێک پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتیو گفتوگۆی لەگەڵ کورددا نەکردووە.

دووەم هەنگاوی چاوەڕواننەکراوی باخچەلی بۆ نزیکبوونەوە لە کورد زۆری نەخایاند، لە پاش کۆتایی پشووی هاوینەی پەرلەمانو لە یەکەم گوتاری باخچەلی لە پەرلەمان بۆ فراکسیۆنی پارتەکەی بانگەوازی بۆ ئۆجەلان کرد، کە داوا لە پەکەکە بکات خۆیان هەڵبوەشێننەوەو کۆتایی بە خەباتی چەکداری بهێنن، تەنانەت گوتیشی: با ئۆجەلان بێتە پەرلەمانو گوتار پێشکەشبکات[٩].

لە گوتەکانی باخچەلی بە دواوە ئیتر هەموو لایەک ئاشکرابوو، کە پرۆسەیەک بە نهێنی لە ئارادایە. ئەوەی دەبینرا، تەنها دەمپارتی پشتیوانیی لە گوتەکانی باخچەلی دەکرد، ئەوەش ڕوداوێکی نەبینراو بوو، کە بۆ یەکەم جار بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە تورکیا پشتیوانی لە سەرۆکی مەهەپە بکات.

هەرچەندە مەهەپە چوارەم پارتی سیاسییە لە پەرلەمان لە ڕووی زۆرینەوە، بەڵام ئەم پارتە پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەیە، هاوکات هاوپەیمانو هاوبەشی سیاسیی ئەردۆغانو ئاکپارتییە. ئەم هۆکارانە دەرخستەی ئەوەن، کە دەوڵەت باخچەلی سەرۆکێکی کاریگەرەو بە ئەندازەیەك قورسایی سیاسیی خۆی هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئامادەیی باخچەلی لە پرۆسەکەدا دوا ڕادە بەگرنگدەزانرێت.

## پاڵنەرەکانی پشت دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەلایەن تورکیاوە

کۆمەڵێک هۆکارو پاڵنەری ستراتیجی هەبووە، کە وایکردووە حکومەتی تورکیا مژاری گفتوگۆ لەگەڵ کورددا بخاتەوە ڕۆژەڤی ئەو وڵاتە.

### یەکەم: پاڵنەرە ناوخۆییەکان

### ١. قەیرانی ئابووری

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٨)، بە دوو هۆکار، یەکەمیان دەستگیرکردنی قەشەیەکی ئەمریکی لە تورکیا بە تۆمەتی سیخوڕی بە یەکەم هەنگاوی ئەمریکا دژ بە تورکیا دادەنرێت، کە وایکرد بەهای لیرەی تورکی داببەزێتو ڕێژەی هەڵاوسانیش لەو وڵاتە بەرزبکاتەوە، دواتریش کڕینی سیستەمی بەرگریی لە

جۆری (S٤٠٠)ی ڕووسی، بە هۆکارێکی سەرەکی دەبینرێت، کە جارێکی دیکە ئەمریکای نیگەرانکرد، بە جۆرێک فشاری ئابووریی زیاتری خستەسەر تورکیا[١٠].
بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکانی بانکی ناوەندیی تورکیا، ڕێژەی هەڵاوسان لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵانی (٢٠١٨) تاکو (٢٠٢٥) گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە، بە تایبەتی لە (٢٠٢٢) تورکیا ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵتر دەبێتەوەو بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی هەڵاوسان سێ هێندە زیاددەبێت. هەروەها لە ساڵی (٢٠٢٣) ڕێژەی هەڵاوسان نزیکەی (١٠٪) بەرزدەبێتەوەو لە ساڵی (٢٠٢٤) یشدا بە بەراورد بە ساڵی پێشووتر (٧٪) بەرزدەبێتەوە. ئەمەش دەرخستەی ئەوەیە، کە حکومەتی تورکیا لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە خۆی لەو قەیرانە ئابوورییە ڕزگاربکات[١١].
هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دیدارەکان لە کۆتایی مانگەکانی (٢٠٢٤) دا، کاریگەریی لە سەر کەمبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان هەبووە، لە کانوونی دووەمی (٢٠٢٥)دا ڕێژەی هەڵاوسان بۆ (٤٢.١٢٪) دادەبەزێت، واتە ڕێژەی هەڵاوسان زیاتر لە (٢٠٪) دابەزیوە بە بەراورد بە مانگەکانی ساڵی ڕابردوو. تەنانەت ڕێژەی هەڵاوسان لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٢٥) بووە بە (٣٥.٠٥٪)، بەمەش کەمترین ڕێژەی هەڵاوسان لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا تۆمارکراوە.
بە گوێرەی ئاماری فەرمیی بانکی ناوەندیی تورکیا، خشتەی ڕێژەی هەڵاوسان لە مانگەکانی کانوونی دووەم لە ساڵانی (٢٠١٨) تاکو (٢٠٢٥) بەم جۆرەیە:
*(بڕوانە: سەرچاوەی پێشووتر)

| ساڵ | ڕێژەی هەڵاوسان |
|---|---|
| ٢٠١٨ | ٪١٠.٣٥ |
| ٢٠١٩ | ٪٢٠.٣٥ |
| ٢٠٢٠ | ٪١٢.١٥ |
| ٢٠٢١ | ٪١٤.٩٧ |
| ٢٠٢٢ | ٪٤٨.٦٩ |
| ٢٠٢٣ | ٪٥٧.٦٨ |
| ٢٠٢٤ | ٪٦٤.٨٥ |
| ٢٠٢٥ | ٪٤٢.١٢ |
| مانگی شەشی ٢٠٢٥ | ٪٣٥.٠٥ |

لە هەمان کاتدا لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بەهای لیرەی تورکی زۆر دابەزیوە بەخۆیەوە، ئەمەش گرانیی نرخی شتومەکو گرانیی ژیانکردنی لەو وڵاتە هێناوەتەئاراوە. بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکانی تورکیا، لیرەی تورکی لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا (١٠) هێندە بەهاکەی لەدەستداوە[١٢] ، ئەمەش بە واتای مانەوە لە قەیرانی ئابووریو زیاتر لەدەستدانی بەهای دراوی تورکی دێت.

لێرەدا ئاماری هەشت ساڵی بەهای لیرەی تورکی بەرانبەر بە دۆلاری ئەمریکی دەخەینەڕوو لە مانگەکانی کانوونی دووەمی ساڵانی (٢٠١٨) تاکو (٢٠٢٥).

*(بڕوانە: سەرچاوەی پێشووتر)

| ساڵ | دۆلاری ئەمریکی | لیرەی تورکی |
|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ١ | ٣.٧ |
| ٢٠١٩ | ١ | ٥.٢ |
| ٢٠٢٠ | ١ | ٥.٩ |
| ٢٠٢١ | ١ | ٧.٤ |
| ٢٠٢٢ | ١ | ١٣.٦ |
| ٢٠٢٣ | ١ | ١٨.٧ |
| ٢٠٢٤ | ١ | ٢٩.٥ |
| ٢٠٢٥ | ١ | ٣٥.٣ |
| مانگی شەشی ٢٠٢٥ | ١ | ٣٩.٧ |

وەک لە خشتەکەدا دیارە، لیرەی تورکی لە ساڵی (٢٠٢٣)و (٢٠٢٤) بەهاکەی بە شێوەیەکی بەرچاو لەدەستدەدات، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر قوڵبونەوەی قەیرانی ئابووری لەو وڵاتە دروستکردووە، بە تایبەت لە پاش شکستییەکەی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ئاداری (٢٠٢٤)، وایکرد حکومەتی ئاکپارتی مانگێک لە پاش هەڵبژاردنەکە، پاکێجی تایبەت بە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕابگەیەنێت، ئەمەش نیشانەیەکی ڕوون بوو، کە قەیرانی ئابووری کاریگەریی لە سەر کەمکردنەوەی دەنگەکانی ئاکپارتی هەبووە. لەو پاکێجەدا حکومەت بڕیاریدا هەموو جۆرە دامەزراندنێکی فەرمانبەران بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕابگرێت، ڕاگرتنی کڕینو بەکرێگرتنی ئۆتومبێلو باڵەخانە بۆ دامەزراوە حکومییەکانو ...هتد[١٣].

مانەوە لە قەیرانی ئابووریداو نیگەرانییەکانی خەڵک لە دەسەڵاتی ئاکپارتی، یەکەم کاردانەوەی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠٢٤) بوو، کاتێک ئاکپارتی بۆ یەکەم جار لەمێژووی دەسەڵاتیدا ڕێژەی دەنگەکانی لە سەر ئاستی تورکیا کردە دووەم پارتی سیاسیو جەهەپە وەک ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی تورکیا بووە پارتی یەکەم. ئەم گۆڕانکارییە شۆکێکی سیاسی بوو بۆ ئاکپارتی، هاوکات زەنگێکی ئاگادارکردنەوەش بوو، کە پێگەی جەماوەریی ئاکپارتی پاشەکشەیکردووە، ئەم پاشەکشەو نیگەرانییەی شەقامی تورکی لە دەسەڵات، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە قەیرانی ئابوورییەوە هەیە، کە ساڵانێکە بەرۆکی ئەو وڵاتەی گرتووەو حکومەت نەیتوانیوە چارەسەری قەیرانەکە بکات.

لە ڕاپرسییەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەساڵدا، کە ناوەندێکی باوەڕپێکراوی تورکیایە، دەریخستووە زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگەی تورکیا پرسی ئابووری بە گرنگترین پرس دەزانن. ڕاپرسییەکە لە ڕێکەوتی (١٥) بۆ (٢٢)ی شوباتی (٢٠٢٥) کراوە، بە گوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، (٦١.٢٪)ی خەڵکی تورکیا قەیرانی ئابووریو گرانیی بە گرنگترین پرس زانیوە[١٤].

ئەم ڕاپرسییە لە کاتێکدا بووە، کە دیدارەکانی حکومەتو لایەنی کورد لە ئارادا هەبووە، بەڵام قەیرانی ئابووریو گرانیی ژیانکردن بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانەوە، زۆرترین کاریگەریی بە سەر ژیانی خەڵکی تورکیاوە دروستکردووە.

## ٢. لەدەستدانی پێگەی جەماوەریی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکەی (٢٠٢٤)

ئاکپارتی لە ساڵی (٢٠٠١) دامەزراو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانییەکەی (٢٠٠٢) بەشدارییکردو توانیی دەنگی تەواو بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی بە تەنها حکومەت پێکبهێنێتو کۆتایی بە مۆدێلی حکومەتی هاوبەشی لە نێوان دوو یان سێ پارتی سیاسی لەو وڵاتە بهێنێت.

ئاکپارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی (٢٠٠٢) تاکو هەڵبژاردنەکانی دواتری پەرلەمانی، شارەوانیو سەرۆککۆماریدا، دەنگەکانی لەسەر ئاستی تورکیا یەکەم بووەو تەواوی هەڵبژاردنەکانی بردووەتەوە. بە جۆرێك لە مێژووی دەوڵەتی تورکیا یەکەم پارتی سیاسییە بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٣) ساڵە فەرمانڕەواییدەکات[١٥]. ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکەی (٢٠١٥) ئەردۆغان ئەنجامەکانی پەسەندنەکردو هەڵبژاردن دووبارەکرایەوە، بەڵام ئاکپارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت دەنگی تەواوی بەدەستهێنایەوە.

لە (٢٠١٤) ئەردۆغان بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی خەڵکەوە وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، توانیی پەنجا کۆ یەکی دەنگەکان بەدەستبهێنێت. لە سەردەمی

سیستەمی سەرۆکایەتیدا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیو سەرۆکایەتیدا لە (٢٠١٨)و (٢٠٢٣) ئاکپارتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپەدا، بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنی کردووەو زۆرینەی کورسیەکانی بەدەستهێنایەوە. هەر لەو سەردەمەشدا لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان لە ساڵانی (٢٠٠٤)، (٢٠٠٩)، (٢٠١٤)و (٢٠١٩)دا، دەنگەکانی ئاکپارتی لە سەر ئاستی تورکیا یەکەم بووە، هەرچەندە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠١٩) دا ئاکپارتی گەورەشارەوانیی ئەنقەرەو ئیستەنبوڵی دۆڕاندو کەوتنەژێر دەستی جەهەپەوە، بەڵام خاوەنی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەر بووە.

**یەکەکە لە ساڵی (١٩٧٨) دامەزراوەو لە (١٥)ی ئابی (١٩٨٤)ەوە خەباتی چەکداریی بەرانبەر بە دەوڵەتی تورکیا بە فەرمی ڕاگەیاندووە.**

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئاداری (٢٠٢٤)، دەنگەکانی ئاکپارتی پاشەکشەیکرد. ئەم شکستە ئاکپارتیو ئەردۆغانی ڕووبەڕووی شۆکێکی سیاسی کردەوە، لەبەرئەوەی لە مێژووی دەسەڵاتی سیاسیی ئاکپارتی لە (٢٠٠٢) ەوە، یەکەم جار بووە ڕێژەی دەنگەکانی پاشەکشەبکات. بە جۆرێك پارتی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی لە ڕووی زۆرینەی دەنگەوە ببێتە پارتی یەکەم.

جەهەپە لە مێژووی (٤٧) ساڵی ڕابردوودا، جارێکی دیکە دەنگەکانی بووە پارتی یەکەمو توانیی (٣٧.٧٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێتو ببێتە پارتی یەکەم لە سەر ئاستی تورکیا. لە بەرانبەردا ئاکپارتی توانیی (٣٥.٤٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت. [١٦]

قەیرانی ئابووریو بێزاربوونی خەڵک لە حکومەتی ئاکپارتی، ڕێککەوتنی هەڵبژاردن لە سەر ئاستی شارەکان لە نێوان کوردو جەهەپەدا، هۆکاری پاشەکشەی دەنگەکانی ئاکپارتی بووە، ئەمەش ئاکپارتیی ناچارکرد بە دوای سیاسەتێکی نوێدا بگەڕێت.

### ٣. ڕێککەوتنی نێوان کوردو ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی تورکیا (جەهەپە)

بزوتنەوەی سیاسیی کورد هەر جارێک لە ژێر ناوێکدا درێژەیان بە خەباتی سیاسی لە تورکیا داوە، بە هۆی ئەوەی زۆرترین جار ڕووبەڕووی داخستن بوونەتەوەو ئەندامەکانیشان خراونەتە زیندانەوە. لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ئێستا بزوتنەوەی سیاسیی کورد یازدە پارتی سیاسیی بە ناوی جۆراوجۆرەوە دامەزراندووەو بە بڕیاری دادگای دەستووری پێنجیان داخراون. بەدەر لە دەستگیرکردنی چەندین پەرلەمانتارو لێسەندنەوەی پارێزبەندی لە

سەریان، بە تایبەتی فشارەکانی حکومەتی تورکیا لە پاش کودەتاکەی (٢٠١٦) بۆ سەر بزوتنەوەی سیاسیی کورد، داخستنی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)و دەستگیرکردنی (١٣) پەرلەمانتارو دانانی قەیوم بۆ شارەوانییەکانی هەدەپەی لێکەوتەوە.[١٧]

کورد بە دوای هاوپەیمانییەتییەکدا دەگەڕا، کە بتوانێت بەهێزتر لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ئاکپارتی بوەستێتەوە، بۆ ئەم ئامانجە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠١٩)و (٢٠٢٤)، جۆرێک لە تاکتیکی سیاسیو ڕێککەوتنی سیاسیی لە نێوان کوردو پارتی کۆماری گەل (جەهەپە) هاتەئاراوە. ئەم ڕێککەوتنە وایکرد جەهەپە لەو دوو هەڵبژاردنەدا بە پشتیوانیی دەنگی کورد، گەورەشارەوانیی ئەستەنبوڵ، ئەنقەرەو ئیزمیر بباتەوە، کە ساڵانێکی زۆر بوو لە دەستی ئاکپارتیدا بوون، سیانەی ئیستەنبوڵ، ئەنقەرەو ئیزمیر گەورەترین سێ شاری تورکیان، کە قورسایی سیاسیو ئابووریی خۆیان هەیە.

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠١٩)، هەدەپەو جەهەپە زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان کرد، بە مەبەستی دروستکردنی بلۆکێکی دیموکراسی لە دژی بەرەی دەسەڵاتی ئاکپارتیو مەهەپە. بە گوێرەی لێدوانێکی پەروین بولدان؛ هاوسەرۆکی هەدەپە، هەدەپە لە هەندێک ناوچەدا بە تایبەت لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبوڵو ئەنقەرە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی لە کاندیدەکانی جەهەپە کرد. ئەمەش بەشێک بوو لە ستراتیجی کوردو ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی ئەو وڵاتە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی سیاسیو جەماوەریی ئاکپارتی.[١٨]

لە هەڵبژاردنی شارەوانیی (٢٠١٩)، ئەکرەم ئیمامئۆغڵو کاندیدی جەهەپە توانیی بە سەر کاندیدەکەی ئاکپارتیدا سەربکەوێت. بەڵگەیەکی دیکەی پشتیوانی کورد لە کاندیدی جەهەپە لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئەستەنبوڵ بوو، کە لە (٢٣)ی حوزەیران بەڕێوەچوو، سەلاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، کە ئەو کاتە نزیکەی سێ ساڵ بوو لە زینداندا بوو، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر بانگەوازی بۆ ملیۆنان کوردی ئەستەنبوڵ کرد دەنگ بە ئەکرەم ئیمام ئۆغڵوی کاندیدی جەهەپە بدەن.[١٩]

ئیمام ئۆغڵو هەڵبژاردنەکەی (٢٣)ی حوزەیرانی بردەوەو وەک پێزانینێک بۆ دەنگدەری کوردو هەدەپە، لە سێی تەممووزدا، واتە (١٠) ڕۆژ پاش بردنەوەی هەڵبژاردنەکە، سەردانی بارەگای هەدەپەی لە ئەستەنبوڵ کردو بەدەر لە سوپاسو پێزانینی خۆی بۆ پشتیوانیی دەنگدەری هەدەپە، داوای ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاشی کرد.[٢٠]

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی (٢٠٢٤)دا، کورد لە ژێر ناوی دەمپارتیدا درێژەی بە خەباتی سیاسی داو لە ئەستەنبوڵیش

کاندیدی خۆی هەبوو، بەڵام بەشێک لە دەنگدەرانی پارتەکە لە دژی کاندیدەکەی ئاکپارتی، دەنگیان بە ئیمام ئۆغڵو دایەوە، لەبەرئەوەی دەمپارتی چانسی بردنەوەی نەبوو لەو شارەو بە جۆرێک نەیاندەویست دەنگەکانیان لەناوبچێت. هاوکات لەو هەڵبژاردنەشدا جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوان دەمپارتیو جەهەپەدا هەبوو، کە دەمپارتی بە "ڕێککەوتنی شار"ی ناویدەبرد.[٢١]

**تا ئێستا بە هۆی ئەم شەڕەوە زیاتر لە (٤٠) هەزار هاوڵاتی ئەو وڵاتە گیانیانلەدەستداوەو تێچووی شەڕ لە ماوەی (٤٠) ساڵدا گەیشتووەتە سێ تریلیۆن دۆلار.**

ئەم ڕێککەوتنە درێژمەودا نەبوو، تەنها بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بوو. لەو هەڵبژاردنەشدا دووبارە ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگدەری کورد لە ئەستەنبوڵ دەنگیان بە ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو کاندیدی جەهەپە دایەوە. لە کاتێکدا مەرال بێشتاش کاندیدی دەمپارتی بوو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئەستەنبوڵ، بەڵام شتێکی ڕوون بوو، کە قەبارەی دەنگدەری کورد لە ئەستەنبوڵ نەدەگەیشتە ئەوەی دەنگی پێویست بهێنێت بۆ بردنەوەی گەورە شارەوانیی ئەستەنبوڵ.

دوو هەفتە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، هاوکات سەرۆکی گشتیی ئاکپارتی، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری قۆنیە، بە تانەوە ئاماژەی بە بوونی ڕێککەوتنی نێوان دەمپارتیو جەهەپە لە دژی پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کرد[٢٢].

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لە ئەستەنبوڵ ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو توانیی هەڵبژاردنەکە بباتەوەو دووبارە بە سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئەستەنبوڵ هەڵبژێردرێتەوە. ئیمام ئۆغڵو (٥١.٢١٪)ی دەنگەکانی ئەستەنبوڵی بەدەستهێنا. لە بەرانبەردا کاندیدی ئاکپارتیی ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە کردەوە، بەوەی تەنها (٣٩.٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. بەم جیاوازییە زۆرە ئاکپارتی وەک هەڵبژاردنەکەی (٢٠١٩) نەیتوانی تانە لە ئەنجامەکان بگرێتو هەڵبژاردن دووبارەبکاتەوە. هەروەها کاندیدی دەمپارتییش تەنها (٢.٦٪)ی دەنگەکانی ئەستەنبوڵی بەدەستهێنا.[٢٣]

بێگومان شتێکی ڕوون بوو بەشێکی زۆر لە دەنگدەری کورد لەو شارە دەنگیان بە ئیمام ئۆغڵو لە دژی کاندیدەکەی ئاکپارتی داوە. لە پاش هەڵبژاردنەکە، کاندیدەکەی دەمپارتی لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوە کرد ئەو دەنگانەی ئیمام

ئۆغڵو بەدەستهێناوە، بە دەنگی خۆی نەزانێت، بەڵکو بەشێکی دەنگدەری دەمپارتی بوون دەنگیانپێداوە.[٢٤]
ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئاداری (٢٠٢٤)دا، کورد ڕۆڵێکی گرنگی لە باڵانسی هێزی سیاسی لەو هەڵبژاردنەدا هەبووە. لە بەرانبەریشدا پاشەکشەی دەنگەکانی ئاکپارتی پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ حیزبەکە.

## ٤. ڕۆڵی کورد لە دەرکەوتنی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو وەک کاریزمایەکی سیاسی لە بەرانبەر ئەردۆغاندا

لە پاش دوو جار هەڵبژاردنەوەی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو بۆ سەرۆکی گەورە شارەوانیی ئەستەنبوڵ بە پشتیوانیی دەنگی کورد لەو شارە، پێگەو ڕۆڵی دەنگدەری کوردی لە هاوسەنگیی هێزو گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکاندا دەرخست. بەدەر لەوە کورد سێیەم گەورەترین فراکسیۆنە لە پەرلەمانی تورکیا.
ئیمام ئۆغڵو لە هەڵبژاردنی شارەوانی (٢٠١٩) لە گەڕی یەکەمو دووەمدا توانیی هەڵبژاردنەکە لە کاندیدی ئاکپارتی بباتەوە، لە ئاداری (٢٠٢٤) یشدا هەڵبژاردنەکەی بردەوە، واتە لە سێ هەڵبژاردندا بە سەر کاندیدی ئاکپارتیدا سەرکەوت. ئیمام ئۆغڵو وەک سیاسییەکی میانڕەو، دوور لە هەموو نەژادپەرستییەك دەردەکەوت.

کاتێک حکومەتی تورکیا قەیومی لە گەورە شارەوانیی ماردین داناو ئەحمەد تورکی هاوسەرۆکی شارەوانییەکە لە کارەکەی دوورخرایەوە، ئیمام ئۆغڵو بەدەر لەوەی ئیدانەی دانانی قەیومو دوورخستنەوەی ئەحمەد تورکی کرد، لە (١٧)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤)، لەگەڵ شاندێکی یاوەریدا سەردانی ماڵی ئەحمەد تورکی لە ماردینی باکووری کوردستان کردو پشتیوانیی خۆی بۆ ئەحمەد تورک دووپاتکردەوە[٢٥]، ئەمەش وەک هاوسۆزییەکو پشتیوانیی ئیمام ئۆغڵو و پارتەکەی بۆ کورد بینرا.
لە خولی دووەمی سەرۆک شارەوانیدا ژیانی سیاسیی ئیمام ئۆغڵو تا دەهات، زیاتر وەک سیاسییەکی کاریزماو نزیک لە کورد دەردەکەوت. هاوکات وەک ڕکابەری ئاکپارتیو ئەردۆغان دەبینرا، بە تایبەتی لە پاش ئەوەی جەهەپە ئیمام ئۆغڵوی وەک کاندیدی داهاتووی پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی داهاتوو دەستنیشانکرد، دواتریش لە (٢١)ی شوباتی (٢٠٢٥)، ئیمام ئۆغڵو بە فەرمی داواکاریی خۆی پێشکەش بە پارتەکەی کرد، وەک کاندیدی جەهەپە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆککۆمار[٢٦]، کە بڕیار وایە لە (٢٠٢٨)دا بکرێت.
کاندیدبوونی ئیمام ئۆغڵو وەک ڕکابەری سەرسەختی ئەردۆغان دەبینرا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆککۆمار، وادەردەکەوت بەدەر لە دەنگدەرانی

پارتەکەی و کورد، لایەنگرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لە داهاتوودا پشتیوانییبکەن. بە گوێرەی ڕاپرسییەکانی نۆ مانگی ڕابردوو تاکو حوزەیرانی (٢٠٢٥)، هێشتا دەنگەکانی ئیمام ئۆغڵو لە نێوان (١٠) بۆ (١٧) خاڵ لەپێش دەنگەکانی ئەردۆغانەوەیە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆککۆماری[٢٧]، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ئیمام ئۆغڵو وەک فیگورێکی سیاسیی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە بەرانبەر ئەردۆغاندا چانسی بردنەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی هەیە. ئیمام ئۆغڵو لە (٢٣)ی ئاداری (٢٠٢٥) بە تۆمەتی گەندەڵی، بەرتیل وەرگرتن، سپیکردنەوەی پارەو پشتیوانی لە تیرۆر (مەبەستی لە ڕێککەوتنی شارە لە نێوان دەمپارتیو جەهەپەدا) دەستگیرکرا. ئیمام ئۆغڵو لە پاش دەستگیرکردنی لە نوسینێکدا بۆ نیویۆرک تایمز ڕایگەیاندووە، کە دۆسیەکەی دۆسیەیەکی سیاسییەو لەبەرئەوەی ڕکابەری ئەردۆغانە، دەستگیرکراوە[٢٨].

دەستگیرکردنی ئیمامئۆغڵو بووە هەواڵی بەپەلەی ئاژانسە جیهانییەکانی وەک ئاژانسی ئەی ئێف پی، ئەی پی، ڕۆیتەرز، زە گاردیەن‌و میدڵ ئیست ئای. لەو ئاژانسانە هەوڵی دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغڵو وەک ڕێگرییەک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆککۆمارو وەک کودەتایەک بۆ سەر ڕکابەری ئەردۆغان ناویانبرد.[٢٩]

بۆچوونەکان لە سەر ئەوە دەوەستنەوە، کە دوورخستنەوەی ڕکابەرێکی سیاسیی بەهێزی وەك ئیمام ئۆغڵو لە بەرانبەر ئەردۆغان، هەوڵێکە بۆ پەرتەوازەکردنی یەکگرتنەوەی دەنگدەری کوردو جەهەپەو ڕێگریکردنە لە بەردەوامیی پشتیوانی کورد بۆ ئیمام ئۆغڵو لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە (٢٠٢٨)دا. لە کاتێکدا ئۆزگور ئۆزال؛ سەرۆکی گشتیی جەهەپە، لە حوزەیرانی (٢٠٢٥) بانگەوازی هەڵبژاردنی پێشوەختەی بۆ ئەردۆغان کردووەو ئاماژەی بەوەش کردووە ئەردۆغان چانسی بردنەوەی هەڵبژاردنی نییە، چونکە ئاکپارتی خاوەنی (٣٠٪)ی دەنگەکانە.[٣٠]

**ڕوداوێکی چاوەڕوانەکراو بوو پرۆسەکەی ئەم جارە لە سەردەستی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی تورکی وەک دەوڵەت باخچەلی دەستپێکرد.**

ئاکپارتی لە دەستپێکردنەوەی ئەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێک ستراتیجی خۆی هەیە، لەوانەش هەموارکردنەوەی دەستوور، فراوانکردنی پشتیوانی بۆ پارتەکەی، بە تایبەت لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا، لەبەرئەوەی بەدەر لە دەنگی مەهەپە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەم

جارەیان پێویستی بە دەنگی کورد دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر لە (٥٠٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێتەوە.

**٥. پاڵپشتی بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی دیکە بۆ کاندیدبوونەوەی ئەردۆغان**

دەربارەی هەوڵی ئاکپارتی بۆ نزیکبوونەوە لە کوردو ئەگەری پاڵپشتیی کورد بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور، ئەردۆغان لە مانگی تەمموزدا دوو ڕۆژ لە پاش مەراسیمی چەکدانانی پەکەکە ئەو نزیکبوونەوەیە دەهێنێتەسەر زمانو دەڵێت وەک هاوپەیمانیی کۆماری (مەبەستی لە ئاکپارتیو مەهەپەیە)، لەگەڵ دەمپارتیدا پێکەوە لەم ڕێگەیەدا بەردەوامدەبینو گفتوگۆش لە سەر داهاتوو دەکەین.[٣١]

دەستپێکردنەوەی پرۆسەیەک لەگەڵ کورددا بێگومان بێبەش نییە لە هاوکێشە سیاسییەکانی حکومەتی تورکیاو خودی ئەردۆغاندا. لە سیستەمی سەرۆکایەتیی تورکیادا، ئەردۆغان سەرۆکی پارتەو سەرۆککۆماریشە، واتە دەسەڵاتی تەواوی لە ناو پارتو لە کابینەی حکومەتیشدا هەیە.

ئەردۆغان لە ساڵی (٢٠١٤) بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی دەنگی خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، ئەو سەردەمە سیستەمی تورکیا پەرلەمانی بوو، پێگەی سەرۆککۆماریش تەشریفاتی بووە.

بە گوێرەی ماددەی (١٠١)ی دەستووری تورکیا، کە لە ساڵی (٢٠١٧)دا گۆڕانکاریی تێدا کراو سیستەمی وڵات بوو بە سەرۆکایەتی، سەرۆککۆمار دەتوانێت بۆ دوو خولی سەرۆکایەتی بۆ هەر خولێک پێنج ساڵ هەڵبژێردرێت. ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی (٢٠١٨)و (٢٠٢٣)دا دوو خول هەڵبژێردراوە، بە شێوەیەکی یاسایی ناتوانێت خۆی بۆ خولێکی دیکە کاندیدبکاتەوە، تاکە ڕێگە بە هەموارکردنەوەی دەستوور دەبێت، ئەویش پێویستی بە کۆدەنگییەکی زیاتر هەیە لە پەرلەمان.

ئەردۆغان لە چەندین بۆنەدا جەختی لە بەردەوامیی کارە سیاسییەکانی کردووەتەوەو تەنانەت لە کۆتا مانگەکانی ساڵی (٢٠٢٤)دا، خواستی خۆی بۆ درێژەپێدانی ژیانی سیاسی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی دەهێنێتەسەر زمانو دەڵێت: خوای گەورە تەمەنی درێژم پێبداتو میللەتەکەم ڕەزامەندی بدات، ئەوا خزمەتی تورکیاو میللەتی تورک دەکەم.[٣٢]

لە هەڵبژاردنی (٢٠٢٣)، بەدەر لە مەهەپە، ئەردۆغان ڕێککەوتنی لەگەڵ سێ پارتی سیاسیی دیکەدا کرد، بۆئەوەی پشتیوانییبکەن[٣٣]. ڕێککەوتنەکە تەنها تایبەت بوو بەو هەڵبژاردنە، ئەمە هۆکارێك بوو ئەردۆغان لەم پرۆسەیەدا ئاماژەی بە هاوپەیمانێکی نوێی وەک دەمپارتی کردووە.

**دووەم: پاڵنەرە دەرەکییەکان**

**١. شکستی سوپای تورکیا لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی دەرەوەی سنوور**

لەساڵانی (٢٠٢٤)و (٢٠٢٥) هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ سەر بارەگاکانی پەکەکە لە بناری قەندیلو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان درێژەی هەبوو، لەو ماوەیەشدا لەلایەن تورکیاوە هیچ لێدوانێکی فەرمی دەربارەی سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان نەبووە.

هاوکات لە سەرەتای (٢٠٢٤)، تورکیا خواستی هەبوو هەماهەنگی سەربازیی لەگەڵ عێراقدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکەدا زیاتربکات، تەنانەت کۆمەڵێک پرسی ئەمنی، سیاسیو ئابووری وایکرد ئەردۆغان لە پاش (١٣) ساڵ، لە (٢٢)ی نیسانی (٢٠٢٤) سەردانی بەغداد بکاتەوە. لەو سەردانەدا ڕێککەوتنێکی (٢٦) خاڵی لە نێوان حکومەتی بەغداو ئەنقەرەدا ئیمزا کرا، لە ڕێککەوتنەکەدا خاڵەکانی (١٤)، (١٦)و (١٧) لە بواری بەرگریو هەماهەنگیی سەربازی بە ئامادەبوونی وەزیرانی هەردوو وڵات لە نێوان سەرۆککۆماری تورکیاو سەرۆکوەزیرانی عێراقدا ئیمزاکرا.[٣٤]

مانگێک پێش سەردانەکەی ئەردۆغان، حکومەتی عێراق ناوی پەکەکەی وەک ڕێکخراوێکی نایاسایی بە فەرمی ناساند [٣٥]تورکیا ئامانجی هەبوو لە حوزەیرانی (٢٠٢٤)، بە هەماهەنگیی سوپای عێراق ئۆپراسیۆنێکی گشتگیر بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان لە دژی پەکەکە بکاتو پشتێنەیەکی ئەمنی بە قوڵایی (٣٠) بۆ (٤٠) کیلۆمەتر لە سنووری نێوان وڵاتەکەیو هەرێمی کوردستاندا دروستبکات. لەو بارەیەوە لە سەرەتای مانگی ئایاری (٢٠٢٤)، یەشار گولەر؛ وەزیری بەرگریی تورکیا، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند بەم نزیکانە لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی عێراقدا کۆدەبنەوە، بۆئەوەی ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی بە قوڵایی (٣٠) بۆ (٤٠) کیلۆمەتر بکەن[٣٦. بە هەر هۆکارێک بێت، تورکیا نەیتوانی ئەو پشتێنە ئەمنییە دروستبکاتو ئۆپەراسیۆنی زەمینی شکستیهێنا.

**لیرەی تورکی لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا (١٠) هێندە بەهاکەی لەدەستداوە.**

**٢. هێرشەکانی ئیسرائیلو ڕێگری لە مەترسییەکان**

لە پاش شەڕی غەززە، ململانێکانی نێوان ئیسرائیلو ئێران چووە قۆناغێکی نوێوە. شەڕەکە لە لوبنانو سوریا درێژەیکێشاو ڕەوشەکە لە ناکاو گۆڕانکاریی نوێی بە دوای خۆیدا هێنا. گرنگترینیان ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد بوو لە ڕۆژەکانی

سەرەتای مانگی (١٢)ی (٢٠٢٤)دا.
چەند هەفتەیەک پێش ڕووخانی ئەسەد، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان چەند جارێک بانگەوازی بۆ بەشار ئەسەد کرد تاکو پەیوەندییەکانیان ئاساییبکەنەوە، کە لە (٢٠١١)وە تێکچووبوو. ئەردۆغان بە ئاشکرا داوای دیداری لەگەڵ ئەسەد دەکرد، بەڵام هەر چۆن ڕووخانی ئەسەد ڕوداوێکی لەناکاو بوو بۆ جیهان، بۆ تورکیاش ڕوداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو. تەنانەت ئەردۆغان لە (١٣)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤)دا، واتە کەمتر لە مانگێک پێش ڕووخانی ئەسەد، جارێکی دیکە بانگەوازیکردەوە لەگەڵ بەشار ئەسەددا کۆببێتەوەو کێشەکانی نێوانیان چارەسەربکەن‌و گوتیشی: بە ئومێدەوەم ئەو دیدارەمان بکەین.[٣٧]
تورکیا درکی بە مەترسی لە هێرشەکانی ئیسرائیل کردبوو، بۆیە بە جۆرێک دەیویست لە ڕێگەی سەرلەنوێ دروستکردنی هاوپەیمانیەتییەوە ڕێگری لەو مەترسییانە بکرێت، تەنانەت چەند مانگێک پێش بانگەوازەکەی ئەردۆغان بۆ بینینی ئەسەد، ڕاوێژکارێکی ئەردۆغان ڕایگەیاند: ئیسرائیل هێرشدەکاتەسەر نیشتیمانی تورکیا.[٣٨]
تورکیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەستکەوتەکانی خۆی لە ناوچەکە، بە تایبەتی لە عێراق‌و سوریا بپارێزێت، بە جۆرێک بە لایەنی کەمەوە زۆنێکی ئارام لە نزیک سنوورەکانی هەبێت، لەبەرئەوەی ناسەقامگیری لە عێراق‌و لە سوریا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر تورکیا لە ڕوانگەی ئابووری، سیاسی‌و دیبلۆماسییەوە دەبێت. ئەگەری هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر تورکیا، ئەگەرێکی بەهێز بوو لە لای بەشێک لە سەرۆکی پارتە ڕاستڕەوەکانی تورکیا، لە حوزەیرانی ئەمساڵدا دەوڵەت باخچەلی ئاماژەی بەوە کردەوە، کە ئامانجی ئیسرائیل بۆ دەستوەردانە لە خاکی ئەنادۆڵ[٣٩].
بۆچوونێک لە ئارادایە، تورکیا بۆ ڕێگریکردن لە مەترسییەکانی ئیسرائیل، خواستی نزیکبوونەوە لە ڕژێمی ئەسەدو گفتوگۆکردنی لەگەڵ کورددا هەبووبێت. بەدەر لەو هۆکارە، تا ئێستا وەڵامێکی بەرچاوڕوون لە ئارادا نییە، کە بۆچی تورکیا لە پاش (١٤) ساڵ پچڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشار ئەسەدو لە پاش نۆ ساڵ لە کۆتایهێنان بە گفتوگۆکانی لەگەڵ کورددا، ویستی نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەم دوو لایەنەدا هەبێت.
هاوکات ئەردۆغان لە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی نیشتیمانیدا بوو لە ناوخۆدا، تەنانەت لە (١٢)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤) سەردانی بارەگای سەرەکیی جەهەپەی کردو بۆ ماوەی کاتژمێرێک‌و (٣٠) خولەک لەگەڵ ئۆزگور ئۆزالی سەرۆکی پارتەکەدا کۆبووەوە. لە (١٧)ی ئایاری (٢٠٢٤)، ئۆزگور ئۆزال لە سەر بانگهێشتی ئەردۆغان سەردانی بارەگای سەرەکیی ئاکپارتیی

کردبوو[٤٠]. لە ماوەی سەرۆککۆماریدا ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی نێوان ئەردۆغانو سەرۆکی گشتیی جەهەپە بوو. ئەردۆغان باسی لە دروستکردنی بەرەیەکی نیشتیمانیی ناوخۆیی دەکرد بە ئامانجی تورکیایەکی بەهێز. وادیار بوو ئەردۆغان بە دوای فراوانیی هاوپەیمانیی سیاسییەوە بوو بێتو لە هەمان کاتدا ڕێگری لەوەش بکات جەهەپە لە ڕکابەرییەکی سیاسییەوە بکاتە هاوپەیمانی، بەمەش مەترسی لە سەر پێگەی خۆی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی داهاتوودا نەهێڵێت، لەبەرئەوەی دوو مانگ پێش سەردانەکە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ڕێژەی دەنگەکای جەهەپە پێش ئاکپارتی کەوتو بوو بە پارتی یەکەم لە سەر ئاستی تورکیا، بەڵام لەو دوو کۆبوونەوەیەی نێوان سەرۆکی گشتیی ئاکپارتیو سەرۆکی گشتیی جەهەپەدا هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسی نەهاتەئاراوە.

## ٣. گۆڕانکارییەکانی سوریاو خواستی تورکیا بۆ وەبەرهێنانو بنیاتنانەوەی ژێرخانی سوریا

لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، حکومەتی کاتی لە سوریا پێکهات، تورکیا یەکەم وڵات بوو لە (٢٢)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، وەزیری دەرەوەی بۆ دیمەشق ناردو چاوی بە سەرۆکی کاتیی سوریا کەوت[٤١].

تورکیا وەک بکەرێکی نێودەوڵەتیو دراوسێیەکی سوریا، خواستی ئەوەی هەیە زۆرترین وەبەرهێنانی سیاسی، ئابووریو بازرگانی لە سوریا بکات. بەو ئامانجە تا ئێستا چەند شاندێکی هەردوو وڵات سەردانی یەکترییان کردووەو لە بوارەکانی بەرگری، وزەو بیناسازیدا بە بەهای حەوت ملیار دۆلار ڕێککەوتوون[٤٢].

**بانگەوازی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی لەلایەن ئۆجەلانەوە، گرێکوێرەکانی سەدەی ڕابردووی کردەوەو خاڵی وەرچەرخانە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ.**

ئامارەکان ئاشکرایانکردووە تێچووی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی سوریا کە بە هۆی شەڕی ناوخۆوە وێرانبووە، بە (٢٥٠) بۆ (٤٠٠) ملیار دۆلار خەمڵێنراوە[٤٣]. تورکیا خواستی ئەوەی هەیە زۆرترین ڕۆڵی لە بوژانەوەی سوریادا هەبێت بۆ زیادکردنی دەستکەوتە ئابوورییەکانی خۆی، بۆئەوەی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرە تورکییەکان بە ئاسانی لە پارێزگانی سوریا بتوانن کاربکەن، پێویستە سەقامگیریی لە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سوریاو ڕۆژئاوای کوردستاندا بەرەخسێنرێت تاکو ڕێڕەوێکی ئەمنیی تەواو لە ئارادا هەبێت، بەشێکی ڕێگەی

وشکانیی ئەم ڕێڕەوەش بە ناو خاکی ڕۆژئاوای کوردستاندا تێدەپەڕێت، کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی کوردیدایە. ئەمەش پاڵنەرێکی دیکەیە وادەکات تورکیا گفتوگۆ لەگەڵ کورددا دەستپێبکاتەوە.

**٤. پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان**

پڕۆژەی هێڵی گەشەپێدان، پڕۆژەیەکی ستراتیجیی ئابووریو گواستنەوەیە، کە لەلایەن حکومەتی ئەنقەرەو بەغداوە پلانی بۆ دانراوە، ئەم پڕۆژەیە هاوشێوەی پڕۆژەی هێڵی زەنگەزور، کە لە نێوان تورکیاو ئازەربەیجاندا، کە ڕێگەی هێڵی ئاسنینو وشکانییە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانیو گەیشتن بە دەروازەی ئەوروپا، دوا ڕادە بۆ تورکیاو وڵاتانی هاوبەشی بە گرنگ دەبینرێت. هەردوو پڕۆژەکە ئابووریی تورکیا دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە، کە خزمەت بەو ئامانجەی تورکیا بکات، کە خوازیارە ببێت بە (١٠) لە بەهێزترین وڵاتی ئابووری لە جیهاندا. لە کاتێکدا بە گوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، تورکیا لە (٢٠٢٥)دا لە ڕیزبەندیی حەڤدەهەمین وڵاتدا هاتووە، کە خاوەنی پێگەیەکی ئابووریی بەهێزە[٤٤].

پڕۆژەی هێڵی گەشەپێدان لە بەندەری فاو لە باشووری عێراق بە ڕێگەیەکی ئاسنینو شەقامی ئۆتۆبانەوە، دەچێتەناو خاکی تورکیاوە، پڕۆژەکە وەک دەروازەیەک بۆ گواستنەوەی کاڵاو شتومەك بۆ گەیشتن بە وڵاتانی ئەوروپا دەبینرێت.

تورکیا لەم پڕۆژە ستراتیجییەدا دەبێتە ناوەندێکی گواستنەوەی بازرگانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکەدا، پێشبینیدەکرێت تورکیا لەم پڕۆژەیەدا ساڵانە (٢٠) بۆ (٣٠) ملیار دۆلار داهاتی هەبێت[٤٥].

تورکیا لەم پڕۆژە زەبەلاحەدا دووبارە پێویستی بە ئارامیی سنوورەکانی هەیە، لە کاتێکدا هێڵی ئەم پڕۆژەیە لە ناوچەکانی سنووری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، بە تایبەتی لەو ناوچانەی نزیکن لە کەمپەکانی پەکەکەوە. لەم سۆنگەیەوە ئامادەیی پەکەکە وەک ڕێگریو هەڕەشەیەک بۆ سەر پڕۆژەی هێڵی گەشەپێدان دەبینرێت. ڕێککەوتنە ئەمنییەکانی نێوان بەغداو ئەنقەرە نەیتوانی سەرکەوتوو بێت لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کەمپی پەکەکەی لێیە، لەوانەش لە ناوچەی مەخمور، شنگال، گارە، مەتینانو هەفتەنین. ئەو پێنج ناوچەیەیە، کە کەمپو جموجۆڵی پەکەکەی تێدایەو نزیکە، یاخود لە سەر هێڵی پڕۆژەی گەشەپێدانە، کە دەتوانێت بە ئاسانی بیانکاتە ئامانج[٤٦]. لەبەر ئەو هۆکارە تورکیا دووبارە ناچاردەکات بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بۆ سەر پەکەکە بهێنێتو لە بری ئەوە، پرۆسەیەکی گفتوگۆ لەگەڵ کورددا دەستپێبکاتەوە.

ئەم پڕۆژەیە بە یەک لە هۆکارەکان

دەبینرێت بۆ ئەوەی تورکیا سیاسەتی بێدەنگکردنی چەکەکان لەگەڵ پەکەکەدا پەیڕەوبکات.

## بانگەوازی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی؛ مۆدێلی چارەسەری پێشنیارکراو

لە دووەم سەردانی شاندی ئیمراڵیدا، بە یاوەریی هاوسەرۆکو چەند پەرلەمانتارێکی دەمپارتی بۆ لای عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ سەرۆکی پەکەکە، شاندەکە لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥)، لە ئەستەنبوڵ بە ئامادەبوونی میدیاو ڕاگەیاندنە جیهانییەکان بانگەوازەکەیان بە زمانی کوردیو تورکی بۆ ڕایگشتی خوێندەوە، کە تێیدا ئۆجەلان زۆر بە ڕوونی داوای لە پەکەکە کرد کۆتایی بە خەباتی چەکداری بهێنێنو خۆیان هەڵبوەشێننەوە[٤٧].

وێڕای بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی شاندەکەو ئۆجەلان لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا، ئۆجەلان لە بانگەوازەکەیدا بە ناوی "بانگەوازی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی"یەوە، جەختی لە کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی پەکەکە کردەوەو داواشیکرد بۆ ئەو مەبەستە پەکەکە کۆنگرەیەک بکات تاکو هەڵوەشاندنەوەی خۆیان ڕابگەیەنن.

پەکەکە وەک نیازپاکییەک بۆ پێشوازیکردن لە بانگەوازەکەی ئۆجەلان، دوو ڕۆژ دوای بانگەوازەکە، لە یەکی ئاداردا یەکلایەنە ئاگربەسێکی ڕاگەیاندو ئامادەیی خۆی بۆ جێبەجێکردنی بانگەوازەکەی ئۆجەلان دەربڕی[٤٨].

ئاگربەستەکە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەگەری بەستنی کۆنگرەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە.

**ئاکپارتی بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەسەڵاتیدا ڕێژەی دەنگەکانی لە سەرئاستی تورکیا کردە دووەم پارتی سیاسیو جەهەپە توانیی (٣٧.٧٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنێتو ببێتە پارتی یەکەم.**

پێشهاتەکانی دواتر دەرخستەی ئەوە بوون، کە بانگەوازو پێشنیارەکانی ئۆجەلان بۆ تورکیاو بۆ پەکەکەش پەسەندکراو بووە، ئەمەش واتای ئەوەیە عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک لایەنی سەرەکیی کورد لە پرۆسەی چارەسەریدا بە شێوەیەکی کارا ڕۆڵدەگێڕێت.

دەوڵەت باخچەلی؛ سەرۆکی گشتیی مەهەپە، دەربارەی بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ پەکەکە لە (٢٧)ی شوبات ڕایگەیاند: سەرتاپا بە بانگەوازێکی گرنگو بەنرخی دەزانم. ئاماژەی بەوەش کرد دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کۆتاییهاتنی شەڕو

برایەتیی کوردو تورك هاتووەتەئاراوە[٤٩]. هاوکات لە سەر ئاستی بەرزترین پلەی حکومڕانی لە تورکیا، پشتیوانی لە بانگەوازەکەی ئۆجەلان کرا. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، دەربارەی بانگەوازەکەی (٢٧)ی شوبات ڕایگەیاند: ئیتر چووینەتە سەردەمێکی نوێوەو دەرفەتو هەنگاوی مێژوویی لە بەردەمماندایە[٥٠].

کۆنگرەی پەکەکەو ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری

دوای زیاتر لە شەش مانگ لە بەردەوامیی دیدارەکانی نێوان تورکیاو ئۆجەلانو دەمپارتی، دواتریش بانگەوازەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ڕاگەیاندنو پابەندبوون بە پرۆسەی ئاشتیو هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، بە هۆی بەردەوامیی هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیاوە بۆ سەر بناری قەندیل، پەکەکە نەیدەتوانی کۆنگرەی خۆی ببەستێت. هێرشەکان تاکو حوزەیرانی (٢٠٢٥) درێژەی هەبوو، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی سی پی تی، لە سەرەتای (٢٠٢٥)ەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران، سوپای تورکیا هەزارو شەشسەدو حەفتاوهەشت جار هێرشی ئاسمانیو بۆردومانی بۆ سەر ناوچەکانی بناری قەندیلو هەرێمی کوردستان کردووەو لەو ماوەیەشدا نۆ هاوڵاتیی مەدەنی کراونەتە ئامانج، کە سیانیان بوونەتە قوربانیو شەشی دیکەیان بریندااربوون[٥١].

سەرەڕای ئەوەش، پەکەکە هەنگاوی دووەمی بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەکەو بانگەوازەکەی ئۆجەلانی نا، ئەوە بوو پەکەکە لە پاش ئەوەی لە یەکی ئادار تاکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند، لە قۆناغی دووەمیشدا لە ڕێکەوتی پێنج بۆ حەوتی ئایار، دوازدەیەمین کۆنگرەی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری بەست. لەو کۆنگرەیەدا پەکەکە ڕایگەیاند کۆتاییان بە تەواوی چالاکییەکانیان لە دژی تورکیا هێناوەو پابەندبوونی خۆشیان بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان دووپاتکردەوە[٥٢].

دەمپارتی وەك لایەنی کورد داواکارییەکانی بۆ ڕایگشتی ئاشکرادەکات

لە درێژەی دیدارەکانی شاندی ئیمراڵیو پەرلەمانتارانی دەمپارتی بۆ لای ئۆجەلان، هاوکات بۆ دروستکردنی پشتیوانیی زیاتر، سەردانی شەش پارتی سیاسیی تورکیاشیان کرد. بەستنی کۆنگرەی پەکەکە لە چوارچێوەی کارەکانی پرۆسەکەدا بوو، هەر بۆیە بۆ یەکەم جار شاندی ئیمراڵی لە (١٠)ی نیسانی (٢٠٢٥) سەردانی کۆشکی کۆمارییان کردو بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەگەڵ ئەردۆغاندا کۆبوونەوە. بۆ یەکەم جارە شاندی کورد بە مەبەستی چارەسەریی پرسی کورد بە فەرمی لە باڵاترین ناوەندی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لەگەڵ سەرۆککۆماردا کۆببنەوە[٥٣]. پاش دیدارەکە، دەمپارتی لیستێکی وەک داواکاری بۆ چارەسەریی

پرسی کوردو سەرخستنی پرۆسەکە بڵاوکردەوە. لیستەکە لە (١٣) خاڵ پێکهاتبوو[٥٤].

ئاشکراکردنی ئەو لیستە بووە جێی گفتوگۆی میدیاکانو خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کرا، گرنگترین خاڵەکانی پێکهاتبوو لە باشکردنی ڕەوشی زیندانی ئۆجەلان، بەیاساکردنی پرۆسەی چارەسەری، پێکهێنانی کۆمیسیۆنێک لە پەرلەمان، گۆڕینی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان، هەڵوەشاندنەوەی یاسای داخستنی پارتی سیاسی، کۆتاییهێنان بە سیاسەتی قەیومو ...هتد (بڕوانە: سەرچاوەی پێشووتر).

ڕاگەیاندنی ئەو داواکارییانەی دەمپارتی لە پاش سەردانەکەیان بۆ لای ئەردۆغان، ئەو بۆچوونەی هێنایەکایەوە، کە گوایە دەمپارتی لیستەکەیان بە ئەردۆغان دابێت. وا دیار بوو نیگەرانییەکی لایەنی حکومەتی تورکیا لەو بارەیەوە هەبوو، دواتر گوتەبێژی دەمپارتی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوە کرد ئاشکراکردنی ئەو لیستە بۆ ڕایگشتی بووەو شاندەکەیان هیچ لیستێکیان بە ئەردۆغان نەداوە[٥٥].

تەواوی خاڵەکانی لیستەکەی دەمپارتی کۆمەڵێك پێشنیارو داواکاری بوو بۆ ئاساییبوونەوەی ڕەوشی تورکیا، بە تایبەتی مافە کولتووریو سیاسییەکانی کورد لەو وڵاتە. تاکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە مانگی تەمموزدا، هیچ لەو خاڵانە نەخرانە بواری جێبەجێکردنەوە.

پشتیوانیی ناوخۆییو نێودەوڵەتی بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان

بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ هەڵوەشانەوەی پەکەکە لە (٢٧)ی شوبات، لە سەر ئاستی ناوخۆییو دەرەکی دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوەو پێشوازیلێکرا.

**ئیمامئۆغڵووەک فیگورێکی سیاسیی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە بەرانبەر ئەردۆغاندا چانسی بردنەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی هەیە.**

لە سەر ئاستی ناوخۆیی بەشێکی زۆری پارتە سیاسییەکانی تورکیا پشتیوانییان لە بانگەوازی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی کرد، بەو پێیەی ئیتر کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت. ئەمە بە یەک لە خاڵە ئیجابییەکانی پرۆسەکە دەبینرێت، لەبەرئەوەی لە پرۆسەکانی ڕابردوودا تەنها لایەنی کوردو حکومەت پشتیوانییان لە هەوڵەکانی ئۆجەلان بۆ ڕاگرتنی شەڕ کردووەو پارتەکانی دیکە دژایەتییان کردووە.

ئەم جارە بەدەر لە ڕۆڵو بەشداری کارای مەهەپە لە پرۆسەکە، پێنج پارتی سیاسیی دیکە پشتیوانیی خۆیان بۆ بانگەوازەکە

دەربڕیوە، ئەو پارتانەش بریتین لە پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، دێڤا پارتی، پارتی ئایندە، پارتی سەرکەوتن و پارتی یەکێتیی گەورە[٥٦]. هاوکات هەریەک لە دەمپارتی، ئاکپارتی و مەهەپەش پرۆسەکە بەڕێوەدەبەن. بەمەش تێکڕا هەشت پارتی سیاسی پشتیوانی لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان دەکەن، لە پرۆسەکانی رابردوودا هەرگیز بەم جۆرە بەشداریی پارتە سیاسییەکان نەبینراوە.

لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی تورکیاش پشتیوانی بۆ پرۆسەکە لە ئاستێکی باشدایە. بە گوێرەی ڕاپرسییەکەی نوێی ناوەندی ئاریا، کە لە (٢٤)ی تەممووزدا بڵاوکراوەتەوە، بۆچوونی هاوڵاتیان لە سەر پرۆسەی تورکیای بێتیرۆر، (٥٨.٣٪) پشتیوانییان لە پرۆسەکە کردووەو (٣٤٪) ی دیکەیان بە نەرێنی وەسفیانکردووە. هەروەها (٧.٧٪)ی دیکەشیان هیچ بۆچوونێکیان نەبووە[٥٧].

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش بانگەوازەکەی ئۆجەلان لەلایەن هەندێک لە وڵاتانەوە پێشوازیلێکرا. گوتەبێژی کۆنسەی ئاسایشی کۆشکیسپی بانگەوازەکەی ئۆجەلانی بە پێشهاتکی گرنگ وەسفکردو ئاماژەی بەوەش کرد بانگەوازەکە ئاشتەوایی لە ناوچەکە بەرقەراردەکات[٥٨]. هەروەها هەریەک لە ئیتاڵیا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان پشتیوانییان لە بانگەوازەکەی ئۆجەلان کردووە[٥٩].

ئەمە یەکەم جارە بە شێوەیەکی ئاشکرا وڵاتانی زلهێز پشتیوانی لە پەیام و بانگەوازێکی ئۆجەلان بکەن.

لە سەر ئاستی ناوخۆیی، دەمپارتی بەدەر لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ مەهەپەو ئاکپارتیدا، کۆبوونەوەکانی لەگەڵ شەش پارتی سیاسیی تورکیادا بەردەوامە، کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە[٦٠]. ئەمەش لە پێناوی پاڵپشتییەکی گەورەو دروستکردنی کۆدەنگییەکدایە بۆ تێڕوانینێکی هاوبەش، بە مەبەستی گەیشتن بە چارەسەری پرسی کورد هەوڵێکی گرنگە.

یەکەکە هەنگاوی کارەکی بۆ کۆتایهێنان بە خەباتی چەکداری دەنێت

لە دەستپێکی دیدارەکانی ئەم جارە لە کۆتایی مانگەکانی (٢٠٢٤)دا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیاو دەوڵەت باخچەلی؛ سەرۆکی گشتیی مەهەپە، ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە ئامانجیان چەکدانانی پەکەکەو بنیاتنانی تورکیایەکی بێتیرۆرە لەم پرۆسەیەدا[٦١]، هەڵبەتە وادەردەکەوت پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە لە کۆتا مانگەکانی (٢٠٢٤)، زۆر پێشتر دەوڵەتی تورکیا نوێنەری خۆی ناردووەتە لای عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ گفتوگۆو میکانیزمی پرۆسەکە.

ئۆزگور ئۆزال؛ سەرۆکی گشتیی جەهەپە، لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی

لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئاداری (٢٠٢٥)دا، ئاشکرایکرد بە لایەنی کەمەوە ساڵو نیوێکە دەوڵەت بە نهێنی دیدارەکانی لەگەڵ ئۆجەلاندا دەستپێکردووەتەوە[٦٢]. پرۆسەکە لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) لەلایەن باخچەلییەوە ڕاگەیەنرابوو. لەو ڕێکەوتە تاکو لێدوانەکەی سەرۆکی گشتیی جەهەپە دەکاتە نزیکەی شەش مانگ، واتە ساڵێک پێش ڕاگەیاندنی پرۆسەکە دیدارەکان لە دوورگەی ئیمرالی بە نهێنی بەڕێوەچووە.

### پێشبینیدەکرێت تورکیا لەم پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ساڵانە (٢٠) بۆ (٣٠) ملیار دۆلار داهاتی هەبێت.

هەر لە سەرەتای پرۆسەکەوە چەکدانان یان کۆتایهێنان بە خەباتی چەکداریی پەکەکە باسێکی گەرمی بەرپرسانی تورکیا بوو، بانگەوازەکەی ئۆجەلان لە (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥)و دواتریش بەستنی کۆنگرەی (١٢)ی پەکەکە هەنگاوەکانی پرۆسەکەی خێراترکرد.

لە (١١)ی تەمموزی (٢٠٢٥)، کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەکەکە کە پێکهاتبوون لە (١٥) ئافرەتو (١٥) پیاو، لە مەراسیمێکی ڕێکخراودا لە نزیک شاری سلێمانی لە ئەشکەوتی جاسەنە چەکەکانیان خستەناو خەزانێکی ئاسنەوەو پاشان سوتاندیان. ئەمە وەک دەستپێکی فەرمیی پرۆسەی چەکدانانو کۆتایهاتنی خەباتی چەکداریی پەکەکە سەیرکرا[٦٣].

لەو مەراسیمە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق، نوێنەرانی دەزگای هەواڵگری تورکیا، بەشێک لە کەسایەتیی سیاسیی کورد لە پارچەکانی کوردستانو میدیا جیهانییەکان وەک شایەتحاڵ ئامادەبوون. بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی سۆزجوی تورکی لە زاری بەرپرسانی تورکیاوە، ئاماژە بەوە کراوە قۆناغی چەکدانانی ئەندامانی پەکەکە بەردەوامدەبێتو لە مانگی ئەیلوولدا کۆتاییدێت[٦٤].

لە یەکەم کاردانەوەی مەراسیمی چەک دانانی پەکەکەدا، بەرپرسانی تورکیا بە خۆشحاڵییەوە لەو هەنگاوەیان ڕوانیو بە قۆناغێکی گرنگ بۆ تورکیای بێتیرۆر وەسفکردووە. ئەردۆغان گوتی: بەهیوام ئەو هەنگاوە ببێتە مایەی خێرو خۆشی. دەوڵەت باخچەلی؛ سەرۆکی گشتیی مەهەپە، ڕایگەیاند: لە سایەی سیاسەتی ئەردۆغاندا پرۆسەکە کراوەتە پرۆژەیەکی دەوڵەتو سوپاسی هەوڵی دەمپارتییشی کرد. هەروەها هەریەک لە دەمپارتی، جەهەپەو سێ پارتی سیاسیی دیکە پێشوازییان لەو هەنگاوەی پەکەکە کرد[٦٥]. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە، کە پرۆسەکە تا ڕۆژەکانی مانگی

تەمموزی (٢٠٢٥) بە باشیو بەبێ کێشە بەڕێوەچووەو بەرەو وەرچەرخانی پرۆسەیەکی ئاشتیانە هەنگاودەنێت. لە (١٩)ی تەممووزدا جەمیل بایک؛ هاوسەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبردنی کەجەکە، لە چاوپێکەوتنێکیدا ڕایگەیاندووە ئەگەر پرۆسەکە تێکبچێت، ئەوا دووبارە پەکەکە دەست بۆ چەک ناباتەوە. داواشیکردووە پێویستە تورکیا هەنگاوی یاسایی بۆ ناساندنی پرسی کوردو چارەسەری دیموکراتی بنێت[٦٦].

بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا، ئاکپارتی بەدەر لە دەنگەکانی خۆیو مەهەپەی هاوپەیمانی، پێویستی بە دەنگی کورد دەبێت، چونکە بە کۆی دەنگیان ناتوانن دەستوور هەمواربکەنەوە، لەبەرئەوەی بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور لە کۆی (٦٠٠) ئەندامی پەرلەمان، پێویستی بە دەنگی (٤٠٠) پەرلەمانتار هەیە. لە کاتێکدا ڕێژەی ئەندامانی ئەو سێ پارتە ناگاتە (٤٠٠) پەرلەمانتار، هێشتا ئاکپارتی پێویستی بە دەنگی لایەنێکی دیکە دەبێت[٦٧].

ئەنجام

گفتوگۆکانی ئەم جارە لە نێوان حکومەتی تورکیاو کورددا، نیشاندەری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە ڕووی ستراتیجییەوە بۆ هەردوولا، حکومەتی تورکیا بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییو ستراتیجییەکانی خۆی، دەیەوێت بە شێوەیەک ئەم پرسە لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیدا یەکلاییبکاتەوە.

بانگەوازی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە، گرێکوێرەکانی سەدەی ڕابردووی کردەوەو خاڵی وەرچەرخانە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی دیموکراتیو واڵاکردنی سەدەیەکی نوێیە لە پەیوەندیی نێوان کوردو تورکدا.

**ئۆجەلان زۆر بە ڕوونی داوای لە پەکەکە کرد کۆتایی بە خەباتی چەکداری بهێنن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە.**

کورد لە باکووری کوردستان لە دوڕیانی گۆڕانکارییەکی مێژوویدایە لە بەرانبەر هەموارکردنەوەی دەستوورو ناساندنی مافە ڕەواکانی کورددا. دەستبەرداری خەباتی چەکداری دەبێت، لە پێناوی درێژەدان بە خەباتی سیاسیو دیموکراسیدا. لەم پرۆسەیەدا کورد ڕۆڵو بەشداریی لە هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا دەبێت، بەمەش ئەگەری دووبارە دەستبردنەوە بۆ چەك لە ئارادا ناهێڵێت.

بانگەوازی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی لەلایەن ئۆجەلانەوە بۆ لایەنی تورکیاو کورد وەك نەخشەڕێگەیەك بۆ

چارەسەری پرسی کورد بە باشترین بژاردە دەبینرێت، کە زیاتر لە بەڕێوەبەرێتی خۆسەریدا بۆ کورد خۆیدەبینێتەوە.

لە ئەگەری سەرکەوتندا، پرۆسەکە دەتوانێت مۆدێلێک بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پەکەکەو تورکیا لە ناوخۆو دەرەوەی سنووری تورکیا بهێنێتەکایەوە، ئەمەیان لە بەرژەوەندی کوردو تورك‌و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا دەبێت.

لە ئەگەری شکستدا، ئەگەر ئەردۆغان بەڵێنی ئاشتی وەک ئامرازێک بۆ دەستکەوتی سیاسی‌و بۆ درێژکردنەوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی لە ڕێگەی گۆڕینی دەستوور بەکاربهێنێت‌و لەم خاڵەشدا بیەوێت پشتیوانیی کورد بەدەستبهێنێت، ئەوا ئەم شکستە نەک تەنها دەبێتە هۆی دووبارە گەڕانەوەی شەڕو توندوتیژی‌و نائومێدیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبێت بە هۆی خراپبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو ناسەقامگیریی زیاتر لە ناوچەکەدا.

## سەرچاوەکان

1. Butler, D. ve Toksabay, E. (2025) 'Kürt PKK, Türkiye ile 40 yıllık isyanı sonlandırarak çözüldü', Reuters, 12 Mayıs. Mevcut: https://www.reuters.com/world/middle-east/kurdish-pkk-dissolves-after-decades-struggle-with-turkey-news-agency-close-2025-05-12/

2. Bozarslan, M. (2021) 'Kürt Sorununda Çözümsüzlüğün Bedeli 3 Trilyon Dolar', VOA Türkçe, 22 Ekim. Mevcut: https://www.voaturkce.com/a/kurt-sorununda-cozumsuzlugun-bedeli-3-trilyon-dolar/6281189.html

3. Bianet (2010) Türk: Demokratik Özerklik Devlet Tanırsa Olur. Bianet, 25 June: https://bianet.org/haber/turk-demokratik-ozerklik-devlet-tanirsa-olur-122961

4. Baydar, O. (2019) Bahçeli gücünü nereden alıyor?, T24, 3 May: https://t24.com.tr/yazarlar/oya-baydar/bahceli-gucunu-nereden-aliyor,22417

5. Wikipedia contributors (n.d.) 2018 Turkish parliamentary election. In Wikipedia(English):https://en.wikipedia.org/wiki/2018_Turkish_parliamentary_election#:~:text=People's%20Alliance,-Main%20article:%20People's&text=On%2020%20February%202018%2C%20President,as%20a%20stand%2Dalone%20party.

6. T24 (2024) Devlet Bahçeli yeni yasama yılının açılışında DEM Partililerle tokalaştı. T24, 1 October: https://t24.com.tr/haber/devlet-bahceli-yeni-yasama-yilinin-acilisinda-dem-partililerle-tokalasti-,1187188#google_vignette

7. Wikipedia contributors (n.d.) Milliyetçi Hareket Partisi. In Vikipedi (Türkçe):https://tr.wikipedia.org/wiki/Milliyet%C3%A7i_Hareket_Partisi

8. BBC Türkçe (2024) CHP'den Bahçeli'ye yanıt: "DEM Parti ile tokalaşmak normal ama bizimle görüşmek anormal", BBC Türkçe, 3 October:https://www.bbc.com/turkce/articles/c51zenjy4jno

9. DW Türkçe (2024) Bahçeli'den Öcalan'a PKK çağrısı, DW Türkçe, 15 October : https://www.dw.com/tr/bah%C3%A7eliden-

%C3%B6calana-pkk-%C3%A7a%C4%9Fr%C4%B1s%C4%B1/a-70500520
10. Yücel, H. (2020) Türk Amerikan İlişkilerinde S 400 Krizi, SETA Analiz, No. 302, January. SETA Siyaset, Ekonomi ve Toplum Araştırmaları Vakfı. Available at: https://media.setav.org/tr/dosya/2020/01/analiz-turk-amerikan-iliskilerinde-s-400-krizi.pdf
11. Türkiye Cumhuriyet Merkez Bankası (n.d.) Tüketici Fiyatları – Enflasyon Verileri, TCMB. Available at: https://www.tcmb.gov.tr/wps/wcm/connect/TR/TCMB+TR/Main+Menu/Istatistikler/Enflasyon+Verileri/Tuketici+Fiyatlari
12. Exchange Rates.org (n.d.) TRY to USD exchange rate history: 2018. Exchange Rates.org. Available at: https://www.exchange rates.org/tr/gecmis doviz kurlari/try usd 2018
13. Doğanay Haber Gazetesi (2024) Kamuda Kemer Sıkma Politikaları Açıklandı, Doğanay Haber Gazetesi, 13 May. Available at: https://www.doganaygazetesi.com.tr/2024/05/13/kamuda-kemer-sikma-politikalari-aciklandi/
14. Gazete Kadıköy (2025) Türkiye'nin en büyük sorunu ekonomi, Gazete Kadıköy, 12 March. Available at: https://www.gazetekadikoy.com.tr/yasam/turkiyenin-en-buyuk-sorunu-ekonomi
15. Aynur Ekiz & İsmail Çimen (2023) AK Parti'nin seçim karnesi, Anadolu Ajansı, 15 May. Available at: https://www.aa.com.tr/tr/politika/ak-partinin-secim-karnesi/2897999
16. Avrupa Postası (2024) Yerel seçimler 2024: CHP birinci parti, AKP ikinci oldu. Available at: https://www.avrupa-postasi.com/yerel-secimler-2024-chp-birinci-parti-akp-ikinci-oldu
17. Bayır, B. (2023) Kürt siyasi partileri: 1991'den bugüne 11 parti kuruldu, 5 partiyi AYM kapattı. Medyascope. Available at: https://medyascope.tv/2023/10/12/kurt-siyasi-partileri-1991den-bugune-11-parti-kuruldu-5-partiyi-aym-kapatti-yesil-sol-parti-yonunu-ariyor/
18. Sayın, A. (2018) HDP'de büyükşehirlerde CHP adayının desteklenmesi formülü tartışılıyor, BBC News Türkçe. Available at: https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-45758358
19. Memurlar.net (2019) Demirtaş'tan, İmamoğlu'na destek verin açıklaması. Available at: https://www.memurlar.net/haber/836554/demirtas-tan-imamoglu-na-destek-verin-aciklamasi.html
20. Medyascope (2019) HDP İstanbul İl Merkezi'ni ziyaret eden İmamoğlu'ndan Demirtaş açıklaması: "İmkan olursa ziyaret etmek isterim". Available at: https://medyascope.tv/2019/07/03/hdp-istanbul-il-merkezini-ziyaret-eden-imamoglundan-demirtas-aciklamasi-imkan-olursa-ziyaret-etmek-isterim/
21. Hatimoğulları, T. (2023) Kent uzlaşısı deyince akla sadece siyasi partiler gelmesin, uzlaşı toplumun kendisinde olur. DEM Parti. Available at: https://www.demparti.org.tr/tr/hatimogullari-kent-uzlasisi-deyince-akla-sadece-siyasi-partiler-gelmesin-uzlasi-toplumun-kendisinde-olur/17690/
22. Anadolu Ajansı (2024) Cumhurbaşkanı Erdoğan: CHP, DEM'le yine gizli saklı bir işbirliği halinde. Available at: https://www.aa.com.tr/tr/gundem/cumhurbaskani-erdogan-chp-demle-yine-gizli-sakli-bir-isbirligi-halinde/3166638

23. Wikipedia contributors (2024) İstanbul'da 2024 Türkiye yerel seçimleri, Wikipedia. Available at: https://tr.wikipedia.org/wiki/%C4%B0stanbul%27da_2024_T%C3%BCrkiye_yerel_se%C3%A7imleri

24. Sputnik Türkiye (2024) 'Meral Danış Beştaş: İmamoğlu 'Bu oylar benimdir' demesin sakın', Anlatılanın Ötesi, 31 March. Available at: https://anlatilaninotesi.com.tr/20240331/meral-danis-bestas-imamoglu-bu-oylar-benimdir-demesin-sakin-1082320674.html

25. Hürriyet (2024) 'İmamoğlu'ndan Ahmet Türk'e ziyaret', Hürriyet, 17 Kasım. Mevcut: https://www.hurriyet.com.tr/gundem/imamoglundan-ahmet-turke-ziyaret-42594608

26. Utucu, S. B. (2025) 'Ekrem İmamoğlu CHP'nin cumhurbaşkanı adayı olmak için başvuru yaptı', Euronews Türkçe, 21 Şubat. Mevcut: https://tr.euronews.com/2025/02/21/ekrem-imamoglu-chpnin-cumhurbaskani-adayi-olmak-icin-basvuru-yapti

27. İstanbul Haber (2025) 'İmamoğlu ve Erdoğan arasındaki fark 17 puanı aştı', İstanbul Haber, 16 Temmuz. Mevcut: https://istko.org.tr/imamoglu-ve-erdogan-arasindaki-fark-17-puani-asti/

28. Diken (2025) 'İmamoğlu The New York Times'a yazdı: Erdoğan korku cumhuriyeti kurdu', Diken, 28 Mart. Mevcut: https://www.diken.com.tr/imamoglu-the-new-york-timesa-yazdi-erdogan-korku-cumhuriyeti-kurdu/

29. Sözcü (2025) 'İmamoğlu'nun gözaltına alınması dünya basının salladı', Sözcü, 19 Mart. Mevcut: https://www.sozcu.com.tr/imamoglu-nun-gozaltina-alinmasi-dunya-basinin-salladi-p152360

30. Özel, Ö. (2025) 'Özgür Özel tarih verdi, Erdoğan'a seslendi: 2 Kasım'da getir sandığı, yüzde 29'la seni orada oturtmam', Gazete Oksijen, 25 Haziran. Mevcut: https://gazeteoksijen.com/turkiye/ozgur-ozel-tarih-verdi-erdogana-seslendi-2-kasimda-getir-sandigi-yuzde-29la-seni-orada-oturtmam-245064

31. Evrensel (2025) 'Erdoğan: Biz AK Parti, MHP ve DEM Parti olarak bu yolu beraber yürümeye karar verdik', Evrensel, 12 Temmuz. Mevcut: https://www.evrensel.net/haber/561053/erdogan-biz-ak-parti-mhp-ve-dem-parti-olarak-bu-yolu-beraber-yurumeye-karar-verdik

32. VOA Türkçe (2024) 'Erdoğan bir dönem daha cumhurbaşkanlığı için ilk kez adaylık sinyali verdi', VOA Türkçe, 10 Kasım. Mevcut: https://www.voaturkce.com/a/erdogan-bir-donem-daha-cumhurbaskanligi-icin-ilk-kez-adaylik-sinyali-verdi/7858965.html

33. Sayın, A. (2023) 'Yeniden Refah Partisi Cumhur İttifakı'na katıldı, HÜDA PAR adayları seçime AKP listelerinden girecek', BBC News Türkçe, 24 Mart. Mevcut: https://www.bbc.com/turkce/articles/cmjzylvjk5vo

34. İletişim Başkanlığı (2024) 'Türkiye ile Irak arasında 26 anlaşma imzalandı', İletişim Başkanlığı, 22 Nisan. Mevcut: https://www.iletisim.gov.tr/turkce/haberler/detay/turkiye-ile-irak-arasinda-26-anlasma-imzalandi

35. Bianet (2024) 'Irak, PKK'yı 'yasaklı örgüt' ilan etti', Bianet, 15 Mart. Mevcut: https://bianet.org/haber/irak-pkkyi-yasakli-orgut-ilan-etti-293127

36. Millî Savunma Bakanlığı (2024) 'Millî Savunma Bakanı Yaşar Güler, Gazetecilerin Sorularını Yanıtladı', Millî Savunma Bakanlığı, 11 Mart. Mevcut: https://www.msb.gov.tr/SlaytHaber/582b3f5a319c474997fb6fea1b9c3f4f
37. Cumhurbaşkanlığı İletişim Başkanlığı (2024) 'Erdoğan, Esad ile görüşme konusunda umutlu olduğunu ifade etti', Cumhurbaşkanlığı İletişim Başkanlığı, 13 Kasım. Mevcut: https://www.iletisim.gov.tr/turkce/dis_basinda_turkiye/detay/erdogan-esad-ile-gorusme-konusunda-umutlu-oldugunu-ifade-etti
38. T24 (2024) 'Cumhurbaşkanı Başdanışmanı Yiğit Bulut: İsrail Türkiye'ye saldıracak', T24, 25 Eylül. Mevcut: https://t24.com.tr/haber/cumhurbaskani-basdanismani-yigit-bulut-israil-turkiye-ye-saldiracak-uykudakiler-uyansin-yanmak-vaktidir,1185941
39. NTV (2025) 'Devlet Bahçeli: İsrail'in amacı Anadolu'yu çevrelemek', NTV, 17 Haziran. Mevcut: https://www.ntv.com.tr/turkiye/devlet-bahceli-israilin-amaci-anadoluyu-cevrelemek,v-K8tP308E-avw_V_HDupA
40. Hürriyet (2024) 'Cumhurbaşkanı Erdoğan, CHP Genel Merkezi'ni ziyaret etti', Hürriyet, 11 Haziran. Mevcut: https://www.hurriyet.com.tr/gundem/18-yil-sonra-bir-ilk-cumhurbaskani-erdogandan-chpye-ziyaret-erdogan-ozgur-ozel-ile-gorustu-42475706
41. Dışişleri Bakanlığı (2024) 'Dışişleri Bakanı Hakan Fidan'ın Suriye'deki Yeni Yönetimin Lideri Ahmed Şara ile Ortak Basın Toplantısı', Dışişleri Bakanlığı, 22 Aralık. Mevcut: https://www.mfa.gov.tr/disisleri-bakani-sayin-hakan-fidan-in-suriye-deki-yeni-yonetimin-lideri-ahmed-sara-ile-ortak-basin-toplantisi--22-aralik-2024.tr.mfa
42. SDE (2025) 'Suriye'de 7 Milyar Dolarlık Dev Enerji Anlaşması: Türkiye Şirketlerinden Tarihi Yatırım', Stratejik Düşünce Enstitüsü, 30 Mayıs. Mevcut: https://www.sde.org.tr/haber/suriye-de-7-milyar-dolarlik-dev-enerji-anlasmasi-turkiye-sirketlerinden-tarihi-yatirim-haberi-58466
43. Yeni Şafak (2025) 'Özgürlüğüne Kavuşan Suriye'nin Yeniden İnşasının Maliyeti 400 Milyar Dolar', Yeni Şafak, 23 Temmuz. Mevcut: https://www.yenisafak.com/gundem/ozgurlugune-kavusan-suriyenin-yeniden-insasinin-maliyeti-400-milyar-dolar-4662601
44. Gürses, L. (2025) 'Türkiye trilyon dolarlık ekonomiler kulübünde 17. sırada', Forbes Türkiye, 27 Ocak. Mevcut: https://www.forbes.com.tr/makale/turkiye-trilyon-dolarlik-ekonomiler-kulubunde-17-sirada
45. Kılıç, N. (2024) 'Kalkınma Yolu, ülkemize her yıl 20-30 milyar dolar kazandıracak', Lojiport, 4 Ağustos. Mevcut: https://www.lojiport.com/kalkinma-yolu-ulkemize-her-yil-20-30-milyar-dolar-kazandiracak-116888h.htm
46. Erkara, A. (2024) 'Terör örgütü PKK'nın Kalkınma Yolu Projesi'ne oluşturduğu tehdit', SavunmaTR, 28 Nisan. Mevcut: https://www.savunmatr.com/teror-orgutu-pkknin-kalkinma-yolu-projesine-olusturdugu-tehdit/
47. DEM Parti (2025) 'Barış ve Demokratik Toplum Çağrısı', DEM Parti. Mevcut: https://www.demparti.org.tr/tr/baris-ve-demokratik-toplum-cagrisi/20769

48. Medyascope (2025) 'PKK ateşkes ilan etti', Medyascope. Mevcut: https://medyascope.tv/2025/03/01/pkk-ateskes-ilan-etti/
49. Devlet Bahçeli yazılı basın açıklaması yayımladı: "Türkiye için tarihi bir fırsat kapısı aralandı"
https://medyascope.tv/2025/03/01/devlet-bahceli-yazili-basin-aciklamasi-yayimladi-bahceli-den-ocalan-in/
50. Öcalan'ın çağrısı sonrası Erdoğan'dan ilk açıklama – DW – 28.02.2025
https://www.dw.com/tr/%C3%B6calan%C4%B1n-%C3%A7a%C4%9Fr%C4%B1s%C4%B1-sonras%C4%B1-erdo%C4%9Fandan-ilk-a%C3%A7%C4%B1klama-geldi/a-71789993
51. Community Peacemaker Teams (2025) 'Turkish military attacks hold steady in June, remain concentrated as symbolic PKK disarmament ceremony approaches', Community Peacemaker Teams, 10 July. Available at: https://cptik.org/reports-1/2025/7/10/turkish-military-attacks-hold-steady-in-june-remain-concentrated-as-symbolic-pkk-disarmament-ceremony-approaches
52. ANF (2025) 'PKK sonuç bildirisi açıklandı: PKK adıyla yürütülen çalışmalar sonlandırıldı', ANF News, 12 Mayıs. Mevcut: https://anf-news.com/analiz/pkk-212559
53. Agos (2025) 'Erdoğan ve İmralı Heyeti görüştü: Bugün dünden daha umutluyuz', Agos, 10 Nisan. Mevcut: https://www.agos.com.tr/tr/yazi/32357/erdogan-ve-imrali-heyeti-gorustu-bugun-dunden-daha-umutluyuz
54. T24 (2025) 'Erdoğan ile görüşen DEM Parti'den 13 maddeli istek listesi: Erdoğan'a iletmedik, kamuoyunda dile getirdik', T24, 12 Nisan. Mevcut: https://t24.com.tr/haber/erdogan-ile-gorusen-dem-parti-den-13-maddeli-istek-listesi,1232101
55. Cumhuriyet (2025) 'DEM Parti'den Erdoğan'a 13 maddelik talep listesi sunuldu iddiasına yanıt', Cumhuriyet, 12 Nisan. Mevcut: https://www.cumhuriyet.com.tr/siyaset/dem-partiden-erdogana-13-maddelik-talep-listesi-sunuldu-iddiasina-2318063
56. SDE (2025) 'Öcalan'ın çağrısına Türkiye'den tepkiler', Stratejik Düşünce Enstitüsü, 28 Şubat. Mevcut: https://www.sde.org.tr/haber/ocalan-in-cagrisina-turkiye-den-tepkiler-haberi-57361
57. T24 (2025) 'PKK'nın silah bırakmasından sonra ilk anket: Vatandaş yeni çözüm sürecine destek veriyor mu?', T24, 24 Temmuz. Mevcut: https://t24.com.tr/haber/pkk-nin-silah-birakmasindan-sonra-ilk-anket-vatandas-yeni-cozum-surecine-destek-veriyor-mu,1251517
58. Euronews (2025) 'Beyaz Saray: Öcalan'ın çağrısı bölgeye barış getirecek', Euronews Türkçe, 28 Şubat. Mevcut: https://tr.euronews.com/2025/02/28/beyaz-saray-ocalanin-cagrisi-bolgeye-baris-getirecek
59. Kurdistan24 (2025) 'Uluslararası toplumdan Öcalan'ın mesajına destek', Kurdistan24, 28 Şubat. Mevcut: https://www.kurdistan24.net/tr/story/827221
60. 45 Haber Manisa (2025) 'DEM Parti'nin Siyasi Partilerle Görüşme Programı Belli Oldu', 45 Haber Manisa, 8 Mart. Mevcut: https://www.45haber.com/dem-partinin-siyasi-partilerle-

gorusme-programi-belli-oldu
61. Arslan, H. (2025). Türkiye'nin Terörsüz Gelecek İnşası. SETA. Erişim adresi: https://www.setav.org/turkiyenin-terorsuz-gelecek-insasi
62. Rûdaw (2025) 'Özgür Özel: Neredeyse 1,5 yıldır Öcalan'la devlet görüşüyor', Rûdaw Türkçe, 7 Mart. Mevcut: https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/turkey/0703202514
63. DW Türkçe (2025) 'Türkiye için tarihi an: PKK silahlarını yaktı', DW Türkçe, 11 Temmuz. Mevcut: https://www.dw.com/tr/t%C3%BCrkiye-i%C3%A7in-tarihi-an-pkk-silahlar%C4%B1n%C4%B1-yakt%C4%B1/a-73237018
64. Sözcü (2025) 'Terör örgütü PKK'nın dakikalar içinde silah bırakıyor', Sözcü, 11 Temmuz. Mevcut: https://www.sozcu.com.tr/teror-orgutu-pkk-nin-dakikalar-icinde-silah-birakiyor-p193923
65. BBC Türkçe (2025) 'PKK silah bırakma sürecinde ilk adım: Silahlar yakıldı', BBC Türkçe, 11 Temmuz. Mevcut: https://www.bbc.com/turkce/articles/cwyrk119xj4o
66. Rûdaw (2025) 'Cemil Bayık: Süreç bozulursa yeniden silaha sarılmayacağız', Rûdaw Türkçe, 19 Temmuz. Mevcut: https://www.rudaw.net/turkish/kurdistan/190720255
67. Solaker, G. (2025). Cumhur İttifakı'nın 400 vekil hesabı tutacak mı? DW Türkçe. Erişim adresi:https://www.dw.com/tr/cumhur-i%CC%87ttifak%C4%B1n%C4%B1n-400-vekil-hesab%C4%B1-tutacak-m%C4%B1/a-72591627

# کۆماری قوبرسی تورکی یان نیمچە دوورگەی دۆسیە هەستیارەکان

ئەحمەد سیروانی/ فەرزان چاڵشکان

کاتێک گوێمان لە وشەی "قوبرس" دەبێت، بیرمان بە لای کۆمارێکی تورکیدا دەڕوات، کە تەنها لەلایەن کۆماری تورکیاوە دانپێدانراوە. لە هەمان کاتدا "قوبرس" ئاماژەیە بۆ نیمچەدوورگەیەک لە "سێکس، سپیکردنەوەی پارەو بازرگانیی خوێندن".
دوای ئازادکردنی دوورگەی قوبرس و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ساڵی (١٩٦٠)، کودەتای سەربازیی یۆنانییەکانی قوبرس دوورگەکەی دابەشکرد بۆ دوو نیمچەدوورگە لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە، ئەوانیش قوبرسی باشوورو قوبرسی باکوورن.
ئێستا کێشەی قوبرس تەنها وەک بابەتی دوو وڵاتی دانپێدانەنراوی نێودەوڵەتی و بەستراو بە تورکیاو یۆنانەوە تەماشاناکرێت، بەڵکو ڕەهەندی فراوانی هەرێمی و جیهانیی وەرگرتووە. بە جۆرێک هەردوو جەمسەری ڕۆژئاوا (ئەمریکا، ئەوروپاو ئیسرائیل)و ڕۆژهەڵات (چین، ڕووسیاو تورکیا) دەستدەخەنە کاروباری ئەو دوو نیمچەدوورگەیەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، دژی بەرەی نەیار بەکاریدەهێنن.
لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ ناساندنی کێشەی قوبرس و خستنەڕووی ڕەهەندە مێژووییەکانیدا، دوایین پێشهاتەکانی پەیوەست بەم کێشەیەو دەستتێخستنی وڵاتانی هەرێمی و ناوچەیی و کاریگەریی لە سەر پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان و ئاسایشی ناوچەی دەریای ئیجەو دەریای ناوەڕاست خراوەتەڕوو.

**دوورگەیەکی جوگرافی و دوو نیمچەدوورگەی سیاسی**

دوورگەی قوبرس دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیاوەو بە سێیەم دوورگەی نزیک لە تورکیا دادەنرێت لە دەریای سپی/ ناوەڕاست لە دوای دوورگەکانی سیجیلیەو سەردینیا. دوورگەکە کەوتووەتە (٦٥کم) لە باشووری تورکیا، (١١٢کم) لە ڕۆژئاوای

سوریاو (٢٦٧کم) لە ڕۆژئاوای ئیسرائیلو (١٦٢کم) لە ڕۆژئاوای لوبنان، (٤١٨کم) لە باکووری میسرو (٩٦٧کم) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی یۆنان.

بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی (١٩٦٠) دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییو ڕاگەیاندنی کۆماری قوبرس (٨٢٪)ی دانیشتوانی دوورگەکە ڕۆم بوونو (١٨٪)ی تورک بوون. تا ساڵەکانی (١٩٨٠) ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ئینگلیزو ئەرمەنیو مارۆنیی تێدا ژیاوە. دوای ڕاگەیاندنی کۆماری قوبرسی باکووری تورکی Kuzey Kıbrıs (Türk Cumhuriyeti (KKTC)) بە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیی نیمچەدوورگەکەوە بۆ تورکیا، بەریتانیا، ئوسترالیاو ئەمریکا. لە هەمان کاتدا کۆچی هاوڵاتیانی تورکیا بۆ نیمچەدوورگەکە دیمۆگرافیای ناوچەکە بە تەواوی گۆڕاوەو ژمارەی ئەو تورکانەی لە بنەڕەتدا خەڵکی تورکیان نەک قوبرس زیادیکردووە.

ژمارەی دانیشتوانی نیمچەدوورگەکە لە ساڵی (٢٠٢٣) بە گوێرەی ئاماری دەزگای ئاماری قوبرسی باکوور، (٤٧٦) هەزارو (٢١٤) کەسە، بەڵام بەرەی ئۆپۆزسیۆن بڕوای بەو ئامارانە نییەو پێیوایە ژمارەی دانیشتوان نزیکەی ملیۆنێکو (٢٠٠) هەزار کەس دەبێت(١) لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێت نزیکەی نیوەی دانیشتوانی قوبرسی باکوور لە تورکیاوە کۆچیانکردووە بۆ نیمچەدوورگەکە.(٢)

پاش دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ماوەی چەند سەدەیەک، دوورگەکە لەلایەن عوسمانییەکانەوە کۆنترۆڵکراوە. پێش ڕووخانی ئیپراتۆریەتەکە، قوبرس لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکراوە. پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ساڵی (١٩٦٠) کۆماری قوبرس دادەمەزرێنرێت، بەڵام دوای تێپەڕینی کەمتر لە سێ ساڵ، بەرپرسانی قوبرسی نزیک لە یۆنان کودەتادەکەنو بە تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی تەواوی دوورگەکە کۆنترۆڵدەکەن، پاش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان تورکەکانی دوورگەکە لە بەشی باکوورو قوبرسییەکانی نزیک لە یۆنان لە بەشی باشوور، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ڕاستەوخۆی تورکیا لە ساڵی (١٩٧٤) دوورگەی قوبرس دابەشبوو بە سەر دوو کۆماری جیاوازدا. قوبرسییەکانی نزیک لە یۆنان کۆنترۆڵی نزیکەی (٥٩٪)ی دوورگەکەیان کردو کۆماری باشووری قوبرسیان دامەزراند. تورکەکانی دوورگەکەش کۆنترۆڵی بەشی باکووریان کردو نزیکەی (٣٦٪)ی قوبرس بەڕێوەدەبەن. ڕێژەی (٥٪)ی دوورگەکەش وەک ناوچەی قەدەغەکراو ماوەتەوە.

هەرچەندە قوبرسی باشوور لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانەوە وەک کۆمارێک دانپێدانراوەو لە ساڵی (٢٠٠٤) یشەوە بووە بە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، بەڵام قوبرسی باکوور تەنها لەلایەن تورکیاوە دانپێدانراوەو هاوڵاتیانیشی

بە پاسپۆرتی کۆماری تورکیا گەشتی دەرەوەی وڵاتەکەیان دەکەن. سەرەڕای دانپێدانانی چەند وڵاتێکی تورکی_زمانو دۆستو هاوپەیمانی تورکیا بە کۆماری قوبرسی باشووردا، بەڵام هەمان ئەو وڵاتانە ئامادە نین دان بە کۆماری قوبرسی باکووردا بنێن.

## تورکیا چۆن دەستوەردانی لە کاوربـاری قوبرسدا کردووە

دەستوەردانی ئەنقەرە لە کاروباری قوبرسدا دەگەڕێتەوە بۆ پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی زوریخ (Zürih Antlaşması)ی نێوان کۆماری قوبرس، یۆنان، تورکیاو بەریتانیا، کە لە (١١)ی شوباتی (١٩٥٩) واژۆکراوە(٣)، لە هەمان کاتدا پێشێلکردنی دەستووری ساڵی (١٩٦٠)ی کۆماری قوبرس(٤) بە تایبەت پێشێلکردنی ماددەی (١٨١)ی دەستوورەکە، کە تێیدا ئاماژە بە ڕێگەدان بە دەستوەردانی تورکیا دەکات لە کاروباری کۆماری قوبرس "لە دۆخی دروستبوونی مەترسی لە سەر سەربەخۆیی کۆماری قوبرسو یەکپارچەیی خاکەکەیو جێبەجێنەکردنی ماددەکانی دەستوور"، ئەمەش بە گرەنتیی بەریتانیاو یۆنانو تورکیا.

دوای کودەتاکەی بەرەی ڕاستڕەوی توندی ڕۆمی لە ساڵی (١٩٧٤)و چڕبوونەوەی فشارو هێرشەکان بۆ سەر تورکەکانی قوبرس، سوپای تورکیا لە تەممووزی ئەو ساڵەدا ئۆپەراسیۆنی ئاتیلا-١ (Atilla-١) ی بۆ سەر باکووری قوبرس ئەنجامدا. لەم هێرشەدا سوپای تورکیا پشتیوانی ناوخۆیی باکووری قوبرسو ڕەوایەتیی نێودەوڵەتییشی بەدەستەوەبوو. سەرەڕای دەستپێکردنی دانوستان لە نێوان ڕۆمو تورکەکانی قوبرس، بەڵام سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی دیکەی بە ناوی ئاتیلا-٢ (Atilla-٢) کرد. بەم جۆرە تورکیا دەستیگرت بە سەر نزیکەی (٣٦٪)ی خاکی قوبرسدا لە بەشی باکوورەوە(٥). هەرچەندە ڕەوایەتیی نێودەوڵەتی بۆ ئۆپەراسیۆنی دووەمی سوپای تورکیا دەستەبەر نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای تورکیا لەو ناوچانە نەکشایەوەو وەک بەشێک لە خاکی تورکیا پارێزگاریلێدەکات.

دوای نزیکەی (٩) ساڵ بێدەوڵەتی، لە (١٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٨٣)، کۆماری تورکیی قوبرسی باکوور ڕاگەیەنرا، بەڵام جگە لە تورکیا، هیچ دەوڵەتێکی دیکە بە فەرمی دانیپێدانەناوە.

## بوونی سەربازیی تورکیا لە قوبرسی باکوور

ئێستا (٤٠) هەزار سەربازی سوپای تورکیا لە ژێر ناوی هێزی ئاشتی (Barış Gücü) لە قوبرسی باکوور هەن. بەم پێیە هەر (٨) هاوڵاتیی نیمچەدوورگەکە لەلایەن سەربازێکی تورکیاوە پارێزگاریانلێدەکرێت. لە لایەکی دیکەوە هێزێکی ئەمنی بە ناوی

فەرماندەیی هێزە ئەمنییەکان (Güvenlik Kuvvetleri Komutanlığı) (GKK) دامەزرێنراوە. ئەم هێزە پێکهاتووە لە دانیشتوانی تورکی قوبرسی باکوورو پێویستە هەر هاوڵاتییەک (٨) بۆ (١٥) مانگ لە چوارچێوەی خزمەتی سەربازیی ناچاریدا بەشداریی تێدا بکات. ژمارەی ئەم هێزە بە نزیکەی (٥) هەزار سەرباز دەخەملێنرێت. هێزەکانیش پۆلیسیش سەر بەم فەرماندەییەن. ئەم فەرماندەییەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای تورکیاوە(٦). واتە هیچ هێزێکی ئەمنیو سەربازی لە نیمچەدوورگەکەدا بوونی نییە، کە فەرمان لە سەرۆککۆمارو سەرۆکوەزیرانو بەرپرسە باڵا ئەمنیو سەربازییەکانی کۆماری تورکیی باکووری قوبرس وەربگرێت. ئەمەش مەترسییەکی گەورەی بۆیان دروستکردووەو لە هەر ئەگەرێکی دژایەتیی حکومەتو خەڵکی ناوچەکە بۆ تورکیا، دەکرێت ئەنقەرە لە رێگەی هێزی سەربازییەوەو لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی وڵاتەکەیدا سەرکوتی دەنگە نارازییەکان بکات.

هەرچەندە لە ماددەی سەدوحەڤدەیەمی دەستووریی کۆماری تورکیی قوبرسی باکوور هێزەکانی پۆلیس، ئەمنیو سەربازی گرێدراون بە دەسەڵاتی مەدەنیی کۆمارەوە(٧) بەڵام دواتر بە زیادکردنی "ماددەی دەیەمی کاتی" بۆ ماددەی سەدوحەڤدەیەم، تەواوی بڕگەکانی ماددەی سەدوحەڤدەیەم "بە شێوەیەکی کاتی هەڵپەسێردران"و دەسەڵاتی فەرمانکردن بە سەر هێزە ئەمنیو سەربازییەکانو پۆلیسی قوبرسی باکوور درایە دەست سوپای تورکیا(٨).

**قوبرس گوزارشتە لە نیمچەدوورگەیەک، ئەگەر قۆڵبادانی مافیاکان، بازرگانی بە خوێنندنو زانکۆوە، فاحیشەو سپیکردنەوەی پارەی لێدەربکرێت، هیچی نامێنێتەوە.**

### هەوڵەکان بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتیی هەردوو کۆمار

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیی قوبرسی باکوور وەک دەوڵەت لە ساڵی (١٩٨٤)، تا ئێستا جگە لە تورکیا، هیچ دەوڵەتێکی دیکە بە فەرمی دانیپێدانەناوە، هەرچەندە بەنگلادیشو چەند وڵاتێکی دیکەی دۆستی تورکیا لە سەرەتاوە دانیان بە کۆماری تورکیی قوبرسی باکووردا ناوە، بەڵام بە فشاری ئەمریکاو چەند هۆکاری دیکەشەوە ئەو بڕیارەیان هەڵوەشاندووەتەوە(٩). سەرەڕای هەوڵە دیبلۆماسییەکانی تورکیا لەم بوارەدا، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بە تورک دەزانن و لە چوارچێوەی ڕێکخستی دەوڵەتە تورکییەکان (Türk Devletleri

Teşkilatı)دا وەک هاوپەیمانی نەتەوەیی و دەوڵەتی تورکیا خۆیان دەناسێنن، نەک دان بە قوبرسی باکووردا نانێن، بەڵکو لە نوێترین پێشهاتدا سێ دەوڵەتیان دانیان بە کۆماری قوبرسی باشووردا ناوەو باڵیۆزخانەیان لەو وڵاتەدا کردووەتەوە.

**قوبرسی تورکی؛ فاحیشە، سپیکردنەوەی پارە، مافیاو قومارخانە**

هەرچەندە بەرپرسانی قوبرسی باکوورو تورکیاش دەیانەوێت ئەو ناوچەیە وەک دەوڵەت بناسێنن، بەڵام کاتێک بە وردی لێیدەکۆڵرێتەوە، قوبرس گوزارشتە لە نیمچەدوورگەیەک، ئەگەر قۆڵبادانی مافیاکان، بازرگانی بە خوێندنو زانکۆوە، فاحیشەو سپیکردنەوەی پارەی لێدەربکرێت، هیچی نامێنێتەوە.

ئێستا نزیکەی (٢٧) یانەی شەوانە لە قوبرسی باکوور هەیە، هەرچەندە ئامارێکی دروست لە بەردەستدا نییە، بەڵام باس لە بوونی (٢٥٠-٣٥٠) ئافرەت دەکرێت، کە بە شێوەیەکی ڕەسمیو یاسایی کاریان خواردنو خواردنەوەو سەماکردنە لەو یانانەدا، بەڵام باس لەوەش دەکرێت بەدەر لە یاسا، کاری لەشفرۆشییشیان پێدەکرێت. تەنانەت نرخی یەک کاتژمێر مانەوە لە نێوان (١٧٥-٢٠٠) دۆلارو شەوێک مانەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتانە لە نێوان (٣٥٠-٤٠٠) دۆلاردایە(١٠).

زۆرێک لەو کەسانەی بە گەشت یاخود بۆ بازرگانیو خوێندن ماوەیەک لە قوبرسی باکوور ماونەتەوە، باس لەو شوێنە دەکەن وەک نیمچەدوورگەیەک بۆ "فاحیشە، سپیکردنەوەی پارە، قومارخانەو بازرگانیی خوێندن". چاودێرانی ناوچەکەیش جەخت لە هەمان شت دەکەنەوە.

ئەم دۆخە تەنانەت لەلایەن دانیشتوانی قوبرسی باکوورو میدیاو کەسایەتییەکانییەوە خراوەتەبەر باسو بووە بە ڕۆژەڤی نیمچەدوورگەکەو تەنانەت تورکیا. هەروەک وتارە توندەکەی دۆغوش دەریا (Doğuş Derya)؛ ئەندامی پەرلەمانی قوبرسی باکوور لە سەر لیستی پارتی کۆماریی تورکی (Cumhuriyetçi Türk Partisi (CTP)، لە کۆبوونەوەی (٥)ی ئاداری ئەمساڵی پەرلەمانی قوبرسی باکووردا ئاماژەی بەوە داوە(١١)، کە "چارەکە سەدەیەکە لە سایەی دەوڵەتدا لە قوبرس بازرگانی بە مرۆڤەوەو کۆیلایەتیی سێکسی بە ئافرەتانەوە دەکرێت. لە یانە شەوانەکاندا بەزۆر کار بە ئافرەتانو منداڵان دەکرێت". ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوە کردووەتەوە، کە "ئەو کەسانەی ناتوانرێت لە یانە شەوانەکاندا کاریانپێبکرێت، ئاپارتمانی تایبەتیان بۆ گیراوەو وەک خوێندکار ناویان تۆمارکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا کاری فاحیشەیان پێدەکرێت".

دۆغوش دەریا ڕەخنەی توندی لە حکومەت گرتووە، کە لە ڕێگەی

یاسای یانەشەوانەکانو هاوشێوە کاتبەسەربەرییەکان (٢٠٠٠/٧ tarihli Gece Kulüpleri ve Benzeri Eğlence Yerleri Yasası)ەوە، لیژنەیەک بۆ سەرپەرشتیی یانەشەوانەکانو هاوشێوەکانیان دانراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی ئەو لیژنەیە کاری دیکەیە!

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوە کردووەتەوە، کە "تەنانەت کەسانی خوار (١٨) ساڵ دەبرێنە یانە شەوانەکانو وەک کۆیلە سێکسیان پێدەکرێت. بە پشتیوانیی دەوڵەت دەستبەسەر پاسپۆرتی ئەو کەسە بیانییانەدا دەگیرێت، کە لەو یانە شەوانانەدا کاریانپێدەکرێت". تەنانەت باسی لەوەش کردووە، کە "بۆئەوەی ئافرەتان زیاتر بەرگەی ئەو دۆخە ناهەموارە بگرن، مادەی هۆشبەریان پێدەدرێت". هەندێک سەرچاوە باس لە تێوەگلانی دەزگا ئەمنییەکانو پۆلیس دەکەن بەو کارە نایاساییەوە، بە جۆرێک "بە بیانووی ڕێگری لە دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرتی ئەو ئافرەتانەی کە لە دەرەوەی قوبرسی باکوورەوە دەهێنرێنەناو بارو قومارخانەکانەوەو کاری سەماو لەشفرۆشییان پێدەکرێت لەلایەن خاوەنی قومارخانەکانەوە، پۆلیس خۆی ئەو ئەرکە جێبەجێدەکات"(١٢)

هەرچەندە لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە "بازرگانیی قاچاخی بە مرۆڤەوە" لە قوبرسی باکوور بە تاوانی قورس دانراوەو سزای سەخت بە سەر بکەرانیدا دەسەپێنرێت، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا "خاوەنی هیچ یانەیەکی شەوانە بەو تۆمەتانە سزانەدراوە، ئەمەش بە هۆی دەستتێکەڵکردنی دەوڵەتەوە لەگەڵیاندا".

بە گوێرەی ڕاپۆرتی وەقفی مافی مرۆڤی تورکی/ قوبرسی (Kıbrıslı Türk İnsan Hakları Vakfı)، لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢٥) لە یانەشەوانەو قومارخانەکانی قوبرسی باکوور زانیاری دەربارەی (١٦) حاڵەتی توندوتیژی دژی ئەو ئافرەتانەی کاری تێدا دەکەن، گەیشتووەتە پۆلیسو هێزە ئەمنییەکان، کە دوانیان حاڵەتی خۆکوشتن بووە. هەرچەندە زۆرینەی حاڵەتەکان لەلایەن خودی ئەو ئافرەتانەوە گەیەنراوەتە لایەنە ئەمنییەکان، کە توندوتیژیان بەرانبەر کراوە، بەڵام تەنها دوو دۆسییەیان گەیەنراوەتە داواکاری گشتیو لەو دوانەش یەکێکیان بەرزکراوەتەوە بۆ دادگای پەیوەندیدار(١٣)

دۆخەکە گەیشتووەتە ئاستێک، ئێستا دەستەواژەی "گەشتی سێکسی" لە قوبرسی باکوور هاتووەتەکایەوە. ئەمەش بەو واتایە دێت "لە ژێر ناوی گەشتو گەڕان خەڵکی تەنها بۆ کاری سێکسی ڕوو لەو نیمچەدوورگەیە دەکەن"و بە هەمان شێوە "ئافرەتانیش لە ژێر ناوی کارکردن لە بواری گەشتیاریدا سێکسیان پێدەکرێت".

لە لایەکی دیکەوە قوبرسی باکوور بووەتە

مەیدانی یەکلاییکردنەوەی ململانێو کێشەکانی سەرکردەی مافیاکانی تورکیاو هەندێک جار جیهانیش. بۆ نموونە ساڵی (٢٠٢٠)، دوای دەستگیرکردنی خەلیل فالیاڵی (Halil Falyalı)، کە خاوەنی یەکێک لە قومارخانە بەناوبانگەکانی قوبرسی باکوورە، دەستبەجێ سەدات پێکەر (Sedat Peker)، کە بە یەکێک لە سەرکردە گەورەکانی مافیاو گرووپە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێتو خەڵکی تورکیایە، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ئابڕووبەرانەی سەرکردەکانی حکومەتی قوبرسی باکووری کرد. ڕۆژێک دواتر گرتەڤیدیۆیەکی ئێرسان سانەر (Ersan Saner)؛ سەرۆکوەزیرانی قوبرسی باکوورو سەرۆکی پارتی یەکێتیی نەتەوەیی (Ulusal Birlik Partisi (UBP)) لەلایەن پێکەرەوە بڵاوکرایەوە. سانەریش لە (١٠)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢١) دەستیلەکارکێشایەوەو تەنانەت بە یەکجاری وازی لە کاری سیاسی هێنا(١٤). چەندین نموونەی دیکەی لەم جۆرە هەیە، کە ئاماژەن بۆ قۆڵبادانی مافیاکان لە قوبرسی باکوورو دروستکردنی فشار لە سەر بەرپرسانی حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ چاوپۆشی لە کارە نایاساییەکانیان.

لە کاتێکدا قومارخانەکان لە تورکیا قەدەغەکراوە، بەڵام لەگەڵ ناوهێنانی قوبرسی تورکی "فاحیشەو قومارخانەو سپیکردنەوەی پارە" بە خەیاڵدا دێت. ئەمە جگە لەوەی (١٠٠) هەزار خوێندکار لە (٢٦) زانکۆی ئەو نیمچەدوورگەیە دەخوێنن، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی کەمترە لە (٥٠٠) هەزار کەس(١٥).

### بە ڕووکەش ئاییندارولە بنەڕەتدا فاحیشە

دوای هاتنەسەر تەختی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) لە تورکیا لە ساڵی (٢٠٠٢)، وتاری دەوڵەتو دامەزراوە باڵاکانی بە ئاراستەی ئیسلامی ڕۆیشتوون. بە جۆرێک لە سەرجەم یادو بۆنە ئاینییەکاندا بەیاننامە بڵاودەکرێتەوە، پیرۆزبایی ئەو بۆنەیە لە هاوڵاتیان دەکرێت. ئەم دۆخە بۆ قوبرسی باکووریش بە هەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمی دژە ئایینی بە هەمان جۆری تورکیا لە قوبرسیش بەردەوامە لە هەوڵەکانی خۆی.

**کاتێک گوێمان لە وشەی قوبرس دەبێت، بیرمان بە لای کۆمارێکی تورکیدا دەڕوات، کە تەنها لەلایەن کۆماری تورکیاوە دانپێدانراوە. لە هەمان کاتدا قوبرس ئاماژەیە بۆ نیمچەدوورگەیەک لە سێکس، سپیکردنەوەی پارەو بازرگانی خوێندن.**

ئەوەی مایەی سەرنجە، لێدوانە ئایینییەکانی بەرپرسانی قوبرسی

باکوورو دۆخی یانە شەوانەکانی ئەو نیمچەدوورگەیەیە، کە یەنکانگرێتەوە. لە هەمان کاتدا بێدەنگی بەرپرسانی باڵای سیاسیو ئایینی حکومەتی تورکیاو ئاکپارتییە بەرانبەر بەو دۆخە.

لە کاتێکدا بەرپرسانی باڵای قوبرسی باکوور لە بۆنەو یادە ئاینییەکاندا نامەی پیرۆزبایی بۆ حکومەتو گەلی تورکیا دەنرێن، "کەچی نیمچەدوورگەکەیان خەریکە لە زۆنگاوی کۆیلایەتیی سێکسیدا دەخنکێت"(١٦).

**کێشەی قوبرس**

دوورگەیەک لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانیو دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن بەریتانییەکانەوە بووە بە کێشەیەکی گەورە لە نێوان دانیشتوانی باکوورو باشووری دوورگەکەو تورکیاو یۆنان. سەرەڕای ڕێککەوتنی نێوان تورکیاو یۆنانو بەریتانیا بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی دوورگەکە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ژێر دەستی بەریتانیا، کودەتای هێزە ڕۆمییەکانی باشووری دوورگەکەو پاشان ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیاو دواتر ڕاگەیاندنی کۆمار تورکیی قوبرسی باکوور لە ساڵی (١٩٨٤)، وەک دیفاکتۆ لە سەر خاکی قوبرس دوو دەوڵەت هاتوونەتەکایەوە.

هەرچەندە گفتوگۆکانی نێوان قوبرسی باکوورو باشوور بەردەوامبووە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەرەوپێشچوونو دەرئەنجامێکی ئەرێنی بەدینەهاتووە. قوبرسی ڕۆمیی باشوور بە پشتیوانیی ئەوروپا بە گشتیو یۆنان بە تایبەتی، جەخت لە سەر سیستەمی یەک_دەوڵەتیو باڵادەستیی ڕۆمەکان بە سەر دەوڵەتو جومگە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی دەکاتەوە، تورکەکانی دوورگەکەش وەک کەمینەیەک مافی خۆیان پێدەدرێت. لە بەرانبەردا قوبرسی باکوور بە پشتیوانیی تورکیا جەخت لە شێوازی فەرمانڕەوایی دوو دەوڵەتی بۆ باکوورو باشووری دوورگەکە دەکاتەوە. هەردوولا بەڵگەو بەهانەی خۆیان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان هەیە، بەڵام بەڵگەی بەهێز بریتییە لە بوونی هێزی پشتیوانیو باڵادەستو دەوڵەتی دۆستو خاوەندار بۆیان.

هەرچەندە دەیان جار کۆبوونەوەی دووقۆڵیو پێنجقۆڵیو سێقۆڵی بۆ ئەم کێشەیە کراوە، جگە لە هەردوو قوبرسو یۆنانو تورکیاو بەریتانیا، تا ئێستا ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان دەستوەردان یاخود پێشنیاری جیاوازیان بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس کردووە. کۆتا جار لە (١٧-١٨)ی ئاداری (٢٠٢٥)، لە جنێفی پایتەختی سویسرا بە بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکانو بەشداریی تورکیاو یۆنانو بەریتانیا وەک دەوڵەتی گەرەنتیکارو پشتیوانیی دانوستانو ڕێککەوتنەکان قوبرسی باکوورو باشوور

کۆبوونەوە، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەشدا بە هۆی جەختکردنەوەی ڕۆمەکانی باشوور لە جێبەجێکردنی سیستەمی تاک_دەوڵەتیو پەیوەندیی توند لەگەڵ یۆنانو یەکێتیی ئەوروپا، لە بەرانبەردا جەختکردنەوەی تورکەکانی باکووری قوبرس لە سیستەمی دوو دەوڵەتی لە دوورگەی قوبرس(١٧) هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لە کۆبوونەوەکانەوە بەدەستنەهات.

**ئێستا (٤٠) هەزار سەربازی سوپای تورکیا لە ژێر ناوی هێزی ئاشتی لە قوبرسی باکوور هەن، بەم پێیە هەر (٨) هاوڵاتییەکی نیمچەدوورگەکە لەلایەن سەربازێکی تورکیاوە پارێزگارییان لێدەکرێت.**

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیایش (Milli Güvenlik Kurulu (MGK)) لە کۆتا کۆبوونەوەیدا لە (٣٠)ی ئەیلوولی ئەمساڵ جارێکی تر جەختی لە "سیستەمی دوو_دەوڵەتی" بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس کردووەتەوە(١٨)

ئەگەرچی تا ساڵانی (٢٠١٥) بنەمای یەکگرتوویی گەلانو ئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپا لەلایەن باشووری قوبرسەوە وەک بەهانە بۆ جەختکردنەوە لە سیستەمی تاک_دەوڵەتیو باڵادەستیی ڕۆمەکان بە سەر دەوڵەتو جومگە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی بەکارهێنراوەو بەشی تورکی ڕەتیکردووەتەوە، ئێستا دۆزینەوەی سەرچاوە سروشتییە جیاوازەکانی وەک "هایدرۆکاربۆنو غازی سروشتی" لە سنووره ئاوییەکانی دوورگەکە لە دەریای ناوەڕاست، هەردوولا زیاتر هاندەدات بۆ هەوڵدانیان بە ئاراستەی گفتوگۆو دانوستان(١٩) لەگەڵ ئەوەشدا سووربوونی باکوورو باشووری قوبرس لە سەر تێڕوانینی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی دوورگەکە بووە بە هۆی بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆکانیان. بە تایبەت بە هۆی سووربوونی تورکیا لە سەر جێبەجێکردنی سیستەمی دوو_دەوڵەتی، لەبەرئەوەی لە سەرجەم ڕووەکانەوە، بە تایبەت لە بواری ئابووریدا قوبرسی تورکی بەستراوەتەوە بە کۆماری تورکیاو ساڵانە بەشێک لە خەرجیی نیمچەدوورگەکە لە بودجەی تورکیاوە دەستەبەردەکرێت. لە بوجەی ساڵی (٢٠٢٥)ی تورکیا نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن دۆلار بۆ خەرجیی گشتیو وەبەرهێنان لە قوبرسی باکوور تەرخانکراوە(٢٠) بەڵام بە دانپێدانانی کۆماری قوبرسی باکوور لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیدی تورکیا نەک ڕزگاریدەبێت لە دابینکردنی بودجەی ساڵانە بۆ قوبرس، بەڵکو لە ڕێگەی دەرهێنانو فرۆشتنی سامانی سروشتیی

سنووره ئاوییەکانی قوبرسی باکوورەوە داهاتێکی زۆر باشی دەستدەکەوێت.
دەکرێت هۆکارێکی دیکەی بە بنبەست گەیشتنی دانوستانەکان پەیوەندیی بە تورکیاوە هەبێت، لەبەرئەوەی لە جێبەجێکردنی باشترین بژاردەی دڵخوازی تورکیا، کە سیستەمی دوو_دەوڵەتییە، قوبرسی باکووریش سەرووەریی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەردەگرێت. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا ئاسانە بەرپرسانی قوبرسی تورکی دەستخستنە کاروباری وڵاتەکەیان لەلایەن تورکیاوە ڕەتبکەنەوەو ڕێگەنەدەن بە ئاسانی ئەنقەرە مامەڵە بە سامانی ژێرزەویو دەریاییانەوە بکات. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بەردەوام تەوژمێکی دژەئەنقەرە لە قوبرسی باکوور هەیەو دەکرێت بەردەوام لە چالاکیدان.
کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکەی جنێفی (١٧-١٨)ی ئاداری ئەمساڵ لە کاتێکدایە، پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆنان لە ساڵی (٢٠٢٣)وە بەرەو باشی دەڕواتو دیدارو کۆبوونەوەی سەرۆککۆماری تورکیاو سەرۆکوەزیرانی یۆنان ساڵانە دەکرێتو هەردوولا جەخت لە "سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ ئاشتیو کاری هاوبەش لە بریی ڕکابەریو دژایەتی یەکدی"، دەکەنەوە(٢١)
ئەزموونی زیاتر لە (٤٠) ساڵی کۆماری تورکیی قوبرسی باکوور (هەرچەندە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراو نەبێت) و پشتیوانیی بەردەوامی تورکیا لێیان، زیاتر هانیاندەدات بۆ جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی سیستەمی دوو_دەوڵەتی بۆ دوورگەی قوبرس. لە بەرانبەردا مەترسیی ڕۆمەکانی قوبرسی باشوورو یۆنان لە ئەگەری دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە قوبرسی باکووردا هیچ جۆرە پێشنیارو دەستپێشخەرییەکی قوبرسی باکوورو تورکیا قبوڵناکەنو ئامادە نین وەک هاوئاستی خۆیان بیانبینن، بەڵکو تا ئێستا وەک هاوڵاتیی دوورگەی قوبرس هەژماریاندەکەن، نەک کۆماری تورکیی قوبرسی باکوور.
دۆخەکە بەم جۆرە بێتو تەنها لە سەر بانگهێشتی نەتەوە یەکگرتووەکانو بە گرەنتیی تورکیاو یۆنانو بەریتانیا باکوورو باشووری قوبرس کۆببنەوە، ئومێدی گەیشتنە ئەنجامو ڕێککەوتنێکی فراوانو چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس نییە.

## دەستوەردانی نێودەوڵەتی لە کێشەی قوبرسی باکوور

ئێستا کێشەی قوبرسی باکوور تەنها لە نێوان دانیشتوانو بەرپرسانی دوورگەکەو تورکیاو یۆناندا چوارچێوەدار نییە، جگە لە بەریتانیا، کە خۆی بە میراتگری دوورگەکە دەزانێت، هەریەک لە ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپاو ئیسرائیل لە لایەکو ڕووسیا، وڵاتانی تورکی_زمانو چین لە لایەکی دیکەوە هەوڵدەدەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، دەستوەردان لە

کاروباری قوبرسی باکووردا بکەن.
ئێستا باس لە پلانێکی ئەمریکی، ئەوروپی، یۆنانیو ئیسرائیلی دەکرێت دژی قوبرسی باکوورو تورکیا، بە جۆرێک ئەو هێزانە دەیانەوێت ئەندامیەتیی قوبرسی باشوور لە یەکێتیی ئەوروپا وەک بەهانە بەکاربهێنن(٢٢) دژی قوبرسی باکوورو تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی قوبرسی تورکی.

**هیچ هێزێکی ئەمنیو سەربازی لە نیمچەدوورگەکەدا نییە، کە فەرمان لە سەرۆککۆمارو سەرۆکوەزیرانو بەرپرسە باڵا ئەمنیو سەربازییەکانی کۆماری تورکیای باکووری قوبرس وەربگرێت.**

سەرەتای ئەیلوولی ئەمساڵ وەجبەی دووەمی سیستەمی بەرگریی (Barak missile)ی ئیسرائیلی گەیشتە باشووری قوبرسو دەستکراوە بە جێگیرکردنی(٢٣) ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە لە سەر گەورەبوونی زیاتری کێشەی قوبرس. لە هەمان کاتدا هاتنەناوەوەی ئیسرائیل بۆ ناو کێشەکە، دوژمنەکانی قوبرسی باکوور زیاترو بەهێزتردەکاتو ئەگەری ناچارکردنی ئەنقەرەو قوبرسی تورکی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستانو ڕەزامەندی لە سەر پێشنیاری یۆنانو قوبرسی باشوور لە سەر یەکگرتنەوەی هەردوو قوبرسی باڵادەستی ڕۆمەکان بە سەر دوورگەکەدا بەهێزتردەکات، بە پێچەوانەوە ئاماژەکانی پێکدانانی تورکیا لەگەڵ یۆنانو ئیسرائیل زیاتردەکات.
بیرمەندانی ئەمنیو سەربازیی ئیسرائیل بە دوای هاوپەیمانییەکی ناوچەیی فراوانتردا دەگەڕێن دژی ئەنقەرە، کە قوبرسی باشوورو یۆنانو وڵاتانی دیکەش لەخۆبگرێت. ڕۆژنامەی هایۆمی ئیسرائیلی پێشنیاریکردووە، کە ئیسرائیل بە هەماهەنگی لەگەڵ یۆنانو قوبرسی باشووردا، ئامادەکاریبکات بۆ ئۆپەراسیۆنێک بۆ ڕزگارکردنی باکووری دوورگەی قوبرس لە ژێر دەستی تورکیا(٢٤)
لە لایەکی دیکەوە ململانێکان گەیشتووەتە ئاستی فشارخستنەسەر دەوڵەتان لە ڕێگەی پاکێجی دیبلۆماسیو ئابوورییەوە، لە نوێترین پێشهاتدا هەریەک لە کازاخستان، ئۆزباکستانو تورکمانستان لە (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٥) باڵیۆزخانەیان لە پایتەختی قوبرسی باشوور کردەوە(٢٥). لە لایەکی دیکەوە ئەو سێ وڵاتە، کە ئەندامی "ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان"ن، لە کۆبوونەوەی لوتکەیان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا لە (٤)ی نیسانی ئەمساڵ، "پەیوەستیی خۆیان بە بانگهێشتی ژمارە (٥٤١)ی ساڵی (١٩٨٣)و بانگهێشتی ژمارە (٥٥٠) ی ساڵی (١٩٨٤)ی ئەنجومەنی ئاسایشی

نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئیدانەکردنی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیی قوبرسی باکوورو بانگەواز بۆ داننەنانی دەوڵەتان بەو کۆمارە" ڕاگەیاندووە. بڕیارەکەش بە ڕاشکاوی لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان یەکێتیی ئەوروپاو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە سەمەرقەندی پایتەختی ئۆزباکستان لە (٣-٤)ی نیسانی ئەمساڵ ڕاگەیەنرا(٢٦).

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا یەکێتیی ئەوڕپا بەڵێنیدا بە دابینکردنی پاکێجێکی وەبەرهێنان لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە بڕی (١٢) ملیار یۆرۆ(٢٧).

ئەم هەنگاوەی سێ دەوڵەتی دۆستی تورکیاو ئەندامی ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی تورکیاو قوبرسی باکوورو پێشنیاری ئەنقەرە بۆ "چارەسەری دوو_دەوڵەتی بۆ دوورگەی قوبرس" دەگەیەنێت. بە جۆرێک هەم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیو هەم لە ئەرزی واقیع دەرفەتێکی زێڕینی بە قوبرسی باشوورو ڕۆمەکان داوە بۆ هەنگاونان بەرەو دەستبەسەرداگرتنەوەی قوبرسی تورکیو دەرکردنی سوپای تورکیا لەو ناوچەیە.

## دژایەتیی تورکیاو ئاکپارتی

هەرچەندە حکومەتی قوبرسو بەرپرسانی باڵای خۆیان بە دۆستی تورکیاو پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)ی دەسەڵاتداری تورکیا نیشانبدەن، ئەمە هیچ لە تەوژمی دژەتورکیاو ئاکپارتیو بەرەی ئیسلامیو پارێزکار لەلایەن بەشێک لە دانیشتوانی قوبرسو هێزە سیاسییەکانەوە کەمناکاتەوە، هەروەک پارتی کرێکارانی چەپ ((Sol İşçi Partisi (SİP)و پارتی کۆماریی تورکیا (Cumhuriyetçi Türk Partisi (CTP) وەک دوو حیزبی ئۆپۆزسیۆن لە (٢٣)ی حوزەیرانی (٢٠٢١) خۆپیشاندانی فراوانیان لە لیفکۆچیای پایتەختی قوبرسی باکوور دژی دەستوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیانو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ڕێکخست. بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە جەختیان لە ڕادەستبوونی تەواوەتیی بەرپرسانی قوبرسی باکوور بە تورکیا کردووەتەوە. لە لایەکی دیکەوە باسیان لەوە کردووە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٠)ی سەرۆکایەتیی کۆماری قوبرسدا دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی تورکیا (میت) هەڕەشەی لە مستەفا ئاکنجی (Mustafa Akıncı)؛ یەکێک لە کاندیدانی سەرۆکایەتیی کۆمار کردووە. لە لایەکی دیکەوە باڵیۆزخانەی تورکیا لە لیفکۆشیا داوای لە ڕۆژنامەنووسانی قوبرس کردووە پشتیوانی لە ئێرسین تاتار (Ersin Tatar)ی کاندیدی سەرۆککۆمار بکەن(٢٨).

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی قوبرسی؛ کوتڵو ئاداڵی (Kutlu Adalı)، کە بانگەشەی دەستبەرداربوونی لە "سیاسەتی نیشتیمانی دایک،

نیشتیمانی بەبە"(٢٩) دەکردو ڕۆژێک پێش کوشتنی بابەتێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردبووەوە(٣٠). لە (٦)ی تەممووزی (١٩٩٦)دا کوژراوە، بە گوێرەی گێڕانەوەکانی سەدات پێکەر (Sedat Peker)، کە بە یەکێک لە سەرکردە گەورەکانی مافیاو گرووپە تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێتو خەڵکی تورکیایە، ئاداڵی "لەلایەن دەزگای ئەمنیو هەواڵگریی تورکیاوە" کوژراوە(٣١). لە کاتێکدا ساڵی (٢٠١٨) تەواوی میدیای تورکیا بەبێ جیاوازی پشتیوانیی تەواویان لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای ئەو وڵاتە بۆ عەفرین نیشاندا، ڕۆژنامەی ئەفریقا (Afrika Gazetesi) کە لە قوبرسی باکووری چاپو بڵاودەکرێتەوەو ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ڕۆژنامەی ئەورووپا (Avrupa Gazetesi) لە لاپەڕەی یەکەمدا بە مانشێتی سەرەکی نووسیویەتی: "جوڵەیەکی دیکەی داگیرکارانە لەلایەن تورکیاوە (Türkiye'den bir işgal harekatı daha)"(٣٢). ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لە لای بەرپرسانی باڵاو ڕایگشتیی تورکیا دروستکرد. خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بە توندی ئیدانەی ڕۆژنامەکەی کردو داوای لە هاوڵاتیانی قوبرسی باکوور کرد لە دژی ڕۆژنامەی ئەفریقا خۆپیشاندان بکەن.

هەمان ڕۆژنامە کە بە دەزگایەکی میدیایی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی کۆماری قوبرسی باکوورو تورکیاش دادەنرێت، بە هۆی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرو چەند گرتەیەکی تێکەڵکراو لە سەر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لەلایەن داواکاری گشتیی قوبرسی باکوورەوە داوای یاسایی لە سەر تۆمارکرا، بەڵام دادگا لە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەکە بڕیاریدا(٣٣)

**چارەکە سەدەیەکە لە سایەی دەوڵەتدا لە قوبرس بازرگانی بە مرۆڤەوەو کۆیلایەتیی سێکسی بە ئافرەتانەوە دەکرێت، لە یانە شەوانەکاندا بە زۆر کار بە ئافرەتانو منداڵان دەکرێت. تەنانەت کەسانی خوار (١٨) ساڵ دەبرێنە یانە شەوانەکانو وەک کۆیلە سێکسیان پێدەکرێت، بە پشتیوانیی دەوڵەت دەست بە سەر پاسپۆرتی ئەو کەسە بیانییانەدا دەگیرێت.**

لە دوای هاتنەسەر تەختی ئاکپارتی لە تورکیا، مەیلی ئەنقەرە بەرەو گێڕانەوەی سیمای وڵاتەکە بۆ ئیسلامیەتو عوسمانی بەردەوامبووە. لەم پێناوەشدا ئاکپارتیو ئەردۆغان هەوڵی زۆریان داوە لە هەمواری دەستوورو دەرکردنی یاسای نوێ لە پەرلەمانو ڕێنمایی، ئەمە جگە لە گۆڕانکاری لە سیستەمی کارگێڕی، پەروەردەو بنیاتنانی چەندین مزگەوتو

دامەزراوەی ئیسلامی، کە هێمایە بۆ گەڕانەوەی فەرمانڕەوایی‌و شارستانیەتی ئیسلامی بۆ تورکیا.

ئەوەی مایەی سەرنجە، لە قوبرسی باکوور ڕێگەی بە هاتنەناوەوەی تەوژمی ئیسلامی‌و پارێزکار بە ڕابەرایەتیی ئاکپارتی نادرێت. هەرچەندە دەسەڵاتی سیاسی‌و کارگێڕی لە نیمچەدوورگەکە دژی ئەم باوەڕە بێت، بەڵام بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی‌و بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش پشتیوانی لەم بیرۆکەیە دەکەن. هەر ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی زیادبوونی مەیلی دانیشتوانی قوبرسی تورکی بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ قوبرسی باشوورو خواستیان بۆ "دەرکردنی سوپای تورکیا"و ناوبردنی وەک "هێزێکی داگیرکەر لە خاکەکەیاندا".

لە نوێترین پێشهاتدا دادگای دەستووریی قوبرسی باکوور ئەو ڕێنماییەی وەزارەتی پەروەردەی بە نایاسایی هەژمارکرد، کە تێیدا ڕێگەدراوە بە خوێندنی کچانی باڵاپۆش لە قوتابخانەکاندا. لە نیسانی ئەمساڵدا وەزارەتی پەروەردەی قوبرسی باکوور لە ڕێنماییەکدا بە ناونیشانی ڕێنماییەک لە ئاستی یاسادا (Kanun Gücünde Yönetme)، ڕێگەیداوە بە کچانی باڵاپۆش لە قوتابخانەکاندا درێژە بە خوێندن بدەن، بەڵام دەستبەجێ سەندیکای مامۆستایانی خوێندنی بنەڕەتیی تورکی قوبرسی لە دادگای دەستووری داوای یاسایی لە سەر ڕێنماییەکەی وەزارەتی پەروەردە بەرزکردەوە. دادگاکەش لە ڕۆژی (٢٥)ی (٩)ی ئەمساڵ ڕێنماییەکەی وەزارەتی پەروەردەی پوچەڵکردووەتەوەو ڕایگەیاندووە: "بڕیارێکی لەو جۆرە پێویستە بە شێوەی یاسا لە پەرلەمانەوە دەربکرێت"(٣٤) بەم جۆرە بەرەی دژەئیسلامی‌و ئەنقەرەیی لە قوبرسی باکوور سەرکەوتن بە سەر حکومەتەکەی ئێرسین تاتاردا، کە هەوڵەکانی بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە تورکیاو ئاکپارتی چڕکردووەتەوە.

**دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاماژەن بۆ فیدراڵی، بەڵام...**

**دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆماری تورکیی قوبروسی باکوور پێمان دەڵێت دانیشتوانی دوورگەکە بێزاربوون لە سیاسەتی ئەنقەرە. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی تسرینی یەکەمی ٢٠٢٥ی سەرۆکایەتی کۆماری قوبروسی تورکی، توفان ئێرهورمان Tufan Erhürman کاندیدی پارتی کۆماریی تورکی کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە لە قوبروسی باکوورو پشتیوانی لە بیرۆکەی پێکەوەژیانی ڕۆم و تورکەکانی قوبروس لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا دەکات، بە بەدەستهێنانی ٪٦٢,٨٣ی(٣٥) دەنگەکان سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر ئێرسین تاتار Ersin Tatar کاندیدی پارتی یەکێتی نەتەوەیی Ulusal Birlik Partisi**

بەدەستهێنا.
هەرچەندە تاتار لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە سەرۆک کۆماری قوبروسی تورکییەوە نزیکە لە ئاک پارتی و ئەردۆغان و تورکیا و ئاک پارتیش بە تەواوی تو اناکانیانەوە هەوڵیاندا بۆ پشتیو انی لە تاتارو جارێکی دیکە هەڵبژاردنەوە، بەڵام زۆرینەی دانیشتو انی قوبروسی باکوور توفان ئێرهورمانیان وەک کاندیدی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی قوبروسی تورکی هەڵبژارد کە درێژکراوەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن تورکیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی گەلی کۆمرای (جەهەپە) زۆرباشە. هەربۆیە جەهەپە و بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیاش بردنەوەکەی ئێرهورمانیان بە بەشیک لە سەرکەوتنەکانی خۆیان لە هەڵبژاردنی شارەو انییەکانی ٢٠٢٣ی تورکیا لە قەڵەمدا و پێیان و ایە ئەم سەرکەوتنەی قوبروسی باکوور موژدەی سەرکەوتنیانە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆماری ساڵی ٢٠٢٨ی تورکیا.
هەرچەندە ئاماژەکانی ئەم دەرەنجامەی هەڵبژاردنەکانی قوبروسی تورکی چاوەڕو انکراو بوون و ئاماژەکانی لەو پێشهات و ڕووداو انەوە دەرکەوتن کە لەماوەی دو ساڵی ڕابرووددا لە قوبروسی باکوور ڕوویاندا، لە خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتیان دژی دەسەڵاتی ئێستای قوبروس و هەژموونی ئەنقەرە بەسەر لیفکۆشیا و بەستنەوەی قوبروسی باکوور بە بڕیارەکانی ئەنقەرە و تەنانەت هەنگاونان و بڕیاردانی دەسەڵاتی دادوەری پێچەو انەی ئاراستە و سیاسەتی ئەنقەرە و ئاک پارتی.
چوار ساڵی ئایندەی قوبروس لەژێر فەرمانڕەو ایی توفان ئێرهورمان کە خوازیاری پێکەوەژیانە لەگەڵ ڕۆمەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا و ئامادەی دانوستان و گفتوگۆیە لەگەڵ قوبروسی ڕۆمی، هاوکاتە لەگەڵ باڵادەستی پارتی یەکێتی نەتەوەیی بەسەر زۆرینەی پەرلەمانی ٢٤ کورسی لەکۆی ٥٠ کورسی(٣٦) لە قوبروسی باکوورکە پشتیو انی لە بیرۆکەی "دوو دەوڵەتی" بۆ تورک و ڕۆمەکانی دوورگەکە بۆ هەریەکەیان دەوڵەتێک بەجیا دەکات. هەربۆیە پێناچێت بە ئاسانی پشتیو انانی دەوڵەتی فیدراڵی بۆ دوورگەی قوبروس و پێکەوەژیان لەگەڵ ڕۆمەکان بتو انن سیاسەتەکانیان کە دژی سیاسەتی ئێستای ئەنقەرەیە لە قوبروسی باکوور جێبەجێ بکەن.

### ئەنجام

سەرەڕای "ڕزگارکردنی تورکەکانی باکووری قوبرس" لە ژێر دەستی ڕۆمەکانی دوورگەکەو دواجار دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەرزۆک بۆیان، بەڵام ئاڕاستەی ڕوداوەکانو خواستی دانیشتوانی باکووری قوبرسیش بە جۆرێک نییە مایەی دڵخوازی ئەنقەرە

بێت.

پشتیوانیی بەهێزی یەکێتیی ئەورووپاو یۆنان لە ڕۆمەکانی قوبرس، ڕێککەوتن‌و هاوکارییەکانی ئیسرائیل‌و فرۆشتنی تەکنەلۆژیای سەربازی‌و بەرگریی پێشکەوتوو بە قوبرسی باشوور، هەماهەنگیی بەشێک لە دەوڵەتانی دۆستی تورکیاو ئەندامی "ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان" لەگەڵ قوبرسی باشوورو دژایەتیی بەشی باکووریدا، هەم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی‌و هەم لە ئەرزی واقیعەوە دەرفەتێکی زێڕینی بە قوبرسی باشوورو ڕۆمەکان داوە بۆ هەنگاونان بەرەو دەستبەسەرداگرتنەوەی قوبرسی باکوورو دەرکردنی سوپای تورکیا لەو ناوچەیە.

سەرەڕای خواستی بەشێک لە دانیشتوانی نیمچەدوورگەکەو ئاراستەی پێشهاتە سیاسی، دیبلۆماسی‌و سەربازییەکان بۆ چارەسەری پرۆسەی سیاسی‌و فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان لەگەڵ قوبرسی باشوورو پێکەوەهەڵکردن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی یاخود دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێزدا، کە ڕۆمەکان تێیدا باڵادەست دەبن، بەڵام دەسەڵاتی فەرمانڕەوای قوبرسی باکوور بە پشتیوانیی بەشێک لە دانیشتوانەکەی لە ئاستی ناوخۆو پشتیوانیی کۆماری تورکیا لە ئاستی دەرەوە، سیاسەتی مانەوەی بەم دۆخەی ئێستاو بانگەشەی بۆ چارەسەری دوو دەوڵەتی پەیڕەودەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاریی سیاسەتی تورکیا بە ئاراستەی گێڕانەوەی وڵاتەکە بۆ سیستەمێکی ئیسلامی‌و دەرکەوتنی ئاماژەکانی ئەم هەوڵە بە ڕوونی لە دەستوورو پەروەردەو سیمای دامەزراوە ئایینی‌و کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا، پاڵنەرێکی بەهێزبووە بۆ زیادبوونی مەیلی دانیشتوانی قوبرسی تورکی بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ قوبرسی باشوورو خواستیان بۆ "دەرکردنی سوپای تورکیا"و ناوبردنی وەک "هێزێکی داگیرکەر لە خاکەکەیاندا".

ئێستا دوورگەی قوبرس تەنها وەک قوربانییەکی ململانێ نەتەوەیی، ئایدۆلۆژی‌و ئابوورییەکان نەماوەتەوە، ئیدی ئەم دوورگەیە دەبێتە مەیدانی قۆڵبادانی هێزە هەرێمییەکانی سەر دەریای ئیجەو دەریای ناوەڕاست‌و هێزە نێودەوڵەتییەکان.

---

## سەرچاوەکان

1. Mikro-mikro.net, KKTC'nin tahmini nüfusu muhalefete göre hükümetin verdiği rakamın 2.52 katı, 17.02.2015, https://mikro-makro.net/kktc-nin-tahmini-nufusu-muhalefete-gore-hukume-tin-verdigi-rakamin-252-kati, 10.10.2025.

2.Çağlar Kara, Kuzey Kıbrıs'ı esir alan Ankara vesayeti, 01.07.2021, https://www.evrensel.net/haber/436879/kuzey-kibrisi-esir-alan-anka-ra-vesayeti, 10.10.2025.

3. Yenidüzen, Garanti Antlaşmasi (Zürih, 11 Şubat 1959) Kaynak: Garanti Antlaşmasi (Zürih, 11 Şubat 1959), 14.12.2020, https://www.yeni-duzen.com/garanti-antlasmasi-zurih-11-sub-at-1959-134885h.htm, 10.10.2025.

4.Cyprus's Constitution of 1960 with Amend-

ments through 2013, 27.04.2022, https://www.constituteproject.org/constitution/Cyprus_2013.pdf?lang=en, 10.10.2025.

5.BBC Türkçe, BBC Arşivlerinde Kıbrıs harekâtı ve Türkiye, 20.07.2018, https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-44899764, 10.10.2025.

6.Çağlar Kara, Kuzey Kıbrıs'ı esir alan Ankara vesayeti, 01.07.2021, https://www.evrensel.net/haber/436879/kuzey-kibrisi-esir-alan-ankara-vesayeti, 10.10.2025.

7.Mevzuat.net, KKTC Anayasası, https://mevzuat.gov.ct.tr/Portals/48/ANAYASA.pdf, 10.10.2025.

8.Aslı Murat: Geçici 10. Madde davulun da tokmağın da kimde olduğunu gösteriyor, 08.10.2021, https://bugunkibris.com/2021/06/08/asli-murat-gecici-10-madde-davulun-da-tokmagin-da-kimde-oldugunu-gosteriyor/, 10.10.2025.

9.Kibrispostasi.com, Angolemli'den dikkat çeken anı: "Bangladeş KKTC'yi tanımak istedi, geri çevrildi", 21.01.2021, https://www.kibrispostasi.com/c35-KIBRIS_HABERLERI/n364330-angolemliden-dikkat-ceken-ani-banglades-kktcyi-tanimak-istedi-geri-cevrildi, 10.10.1025.

10.Melihat Halsız, Kıbrıs'ta Konsomatris Maskesi Altında Yasal İnsan Ticareti, 29.04.2025, https://www.kibrisnethaber.com/kibrisin-kuzeyinde-gece-kuluplerinde-kadinlara-reva-gorulen-hayat, 10.10.2025.

11.Evrensel.net, Doğuş Derya: Kuzey Kıbrıs'ta çeyrek asırdır devlet eliyle seks köleliği yaptırılıyor, 11.03.2025, https://www.evrensel.net/haber/546025/dogus-derya-kuzey-kibrista-ceyrek-asirdir-devlet-eliyle-seks-koleligi-yaptiriliyor, 10.10.2025.

12. Melihat Halsız, Kıbrıs'ta Konsomatris Maskesi Altında Yasal İnsan Ticareti, 29.04.2025, https://www.kibrisnethaber.com/kibrisin-kuzeyinde-gece-kuluplerinde-kadinlara-reva-gorulen-hayat, 10.10.2025.

13. Melihat Halsız, Kıbrıs'ta Konsomatris Maskesi Altında Yasal İnsan Ticareti, 29.04.2025, https://www.kibrisnethaber.com/kibrisin-kuzeyinde-gece-kuluplerinde-kadinlara-reva-gorulen-hayat, 10.10.2025.

14. Evrensel.net, Kuzey Kıbrıs mafya-siyaset hesaplaşmasının sahnesi haline geld,22.10.2021, https://www.evrensel.net/haber/445875/kuzey-kibris-mafya-siyaset-hesaplasmasinin-sahnesi-haline-geldi, 10.10.2025.

15. Independent Turkish, Kıbrıs: Kara Para, Fuhuş ve Kumarhaneler, 26.07.2025, https://www.youtube.com/watch?v=r0crfAmEB5k,10.10.2025.

16. Evrensel.net, Doğuş Derya: Kuzey Kıbrıs'ta çeyrek asırdır devlet eliyle seks köleliği yaptırılıyor, 11.03.2025, https://www.evrensel.net/haber/546025/dogus-derya-kuzey-kibrista-ceyrek-asirdir-devlet-eliyle-seks-koleligi-yaptiriliyor, 10.10.2025.

17. E. Tümg. Taci KURUL, Kibris Konusunda Türk Tarafina Baski Mi Var?, 10.04.2025, 11.10.2025.

18. Mgk.gov.tr, 30 Eylül 2025 Tarihli Toplantı, 30.09.2025, https://www.mgk.gov.tr/index.php/milli-guvenlik-kurulu/mgk-toplantisi-basin-aciklamalari/son-toplantinin-basin-aciklamasi, 11.10.2025.

19. Mehmet Uğur Ekinci, Ömer Faruk Şahin, Cenevre'deki Kıbrıs Toplantısının Anlamı, 19.03.2025, https://www.setav.org/cenevredeki-kibris-toplantisinin-anlami, 11.10.2025.

20. Mykibris.com, Türkiye, KKTC'ye 12 milyar TL bütçe ayırdı, 24.10.2025, https://www.mykibris.com/ekonomi/haber/turkiye-kktc%E2%80%99ye-12-milyar-tl-butce-ayirdi-48179, 11.10.2025.

21. T.C. Cumhurbaşkanlığı, Cumhurbaşkanımız Erdoğan, Yunanistan Başbakanı Miçotakis ile ortak basın toplantısı düzenledi, 14.05.2025, https://www.youtube.com/watch?v=pykkMtvp9HQ, 10.10.2025.

ALHADATH.٢٢, محلل: محاولة "يونانية ـ أوروبية ـ أميركية ـ إسرائيلية" لتحريك الورقة القبرصية ضد تركيا, ١٩,٠٩,٢٠٢٥, https://www.youtube.com/watch?v=KXwFxVN٢KnY, ١٠,١٠,٢٠٢٥.

23. Tolgaozbekcom, Barak missile crisis with Israel, this time in Cyprus... 150 km range missile, 15.09.2025, https://www.youtube.com/watch?v=0jGvsW3mE2c, 10.10.2025.

24. Ali Bakir, Are Israel and Turkey on a Collision Course?, 16.09.2025, https://nationalinterest.org/blog/middle-east-watch/are-israel-and-turkey-on-a-collision-course, 10.10.2025.

25. Fikirtutu.com, Üç Türk devleti neden Güney Kıbrıs'a büyükelçi atadı?, https://fikirturu.com/jeo-politika/uc-turk-devleti-neden-guney-kibrisa/, 19.10.2025.

26. Seyda Nur Osmanlı, AB-ORTA ASYA ZİRVESİ Yorum No : 2025 / 32, 08.04.2025, https://avim.org.tr/tr/Yorum/AB-ORTA-ASYA-ZIRVESI, 19.10.2025.

27. BBC Türkçe, Kazakistan, Türkmenistan ve Özbekistan Kıbrıs Cumhuriyeti'ne neden elçi atadı?, 08.04.2025, https://www.bbc.com/turkce/articles/cnv5z8p402go, 19.10.2025.

28. Çağlar Kara, Kuzey Kıbrıs'ı esir alan Ankara vesayeti, 01.07.2021, https://www.evrensel.net/haber/436879/kuzey-kibrisi-esir-alan-ankara-vesayeti, 10.10.2025.

٢٩. مەبەست لە نیشتیمانی دایک (Ana Vatan) تورکیایە. ئەم دەستەواژەیە لەلایەن تورکەکانی تورکیاوەو حکومەتی ئەو وڵاتەوە بانگەشەی بۆ دەکرێتو بەشێک لەو دەوڵەتانی دیکەی بە ڕەگەز تورکو هاوڵاتیانیشیان پشتیوانییدەکەن، بەڵام مەبەست لە نیشتیمانی بەبە (Yavru Vatan) قوبرسی باکوورە، ئەمەیان تەنها لەلایەن حکومەتو هاوڵاتیانی تورکیاو حکومەتی قوبرسو بەشێک لە هاوڵاتیانی ئەو نیمچەدوورگەیەوە پشتیوانییدەکرێت.

ANKA Enstitüsü, anavatan-yavruvatan nereden çıktı, 19.10.2017 http://ankaenstitusu.com/anavatan-yavruvatan-nereden-cikti/, 10.10.2025.

30.Yenidüzen, adalı'nın, yenidüzen'de ölümünden bir gün önce yazdığı "sopa ve sıpa" başlıklı son yazısı kaynak: yeniden yayınlıyoruz, 01.01.2011, https://www.yeniduzen.com/yeniden-yayinliyoruz-10574h.htm, 10.10.2025.

31.BBC Türkçe, Kutlu Adalı cinayeti: Sedat Peker'in iddialarının ardından 'Soruşturma yeniden açılsın' çağrıları yapılıyor, 23.05.2021, https://www.bbc.com/turkce/haberler-dunya-57219829, 10.10.2025.

32.Ensonhaber, Kuzey Kıbrıs gazetesinden küstah Afrin haberi, 21.01.2018, https://www.ensonhaber.com/gundem/kuzey-kibris-gazetesinden-kustah-afrin-haberi, 11.10.2025.

33.Kibrispostasi, Afrika Gazetesi, Karikatür Davası'nda beraat etti, 11.10.2023, https://www.kibrispostasi.com/c35-KIBRIS_HABERLERI/n490878-afrika-gazetesi-karikatur-davasinda-beraat-etti, 11.10.2025.

34.Mehmet Kemal Firik, KKTC'de liselerde başörtüsünü serbest bırakan tüzüğü Anayasa Mahkemesi iptal etti, 25.09.2025, https://www.aa.com.tr/tr/dunya/kktcde-liselerde-basortusunu-serbest-birakan-tuzugu-anayasa-mahkemesi-iptal-etti/3698636, 19.10.2025.

35.Yenişafak, Kıbrıs Cumhurbaşkanlığı seçiminde kim ne kadar oy aldı, kim kazandı? 2025 KKTC oy oranlarına göre seçim sonuçları, 20.10.2025, https://www.yenisafak.com/foto-galeri/ozgun/kibris-cumhurbaskanligi-seciminde-kim-ne-kadar-oy-aldi-kim-kazandi-ersin-tatar-mi-tufan-erhurman-mi-2025-kktc-oy-oranlarina-gore-secim-sonuclari-4760191/1, 22.10.2025

36.Muhammed İkbal Arsalan, KKTC'de 50 sandalyelik Cumhuriyet Meclisinin yeni milletvekilleri belli oldu, 25.0.2022, https://www.aa.com.tr/tr/dunya/kktcde-50-sandalyelik-cumhuriyet-meclisinin-yeni-milletvekilleri-belli-oldu/2484357, 22.10.2025

# کتێبی سوور
# یاخود دەستووری نهێنیی تورکیا

بەختیار ئەحمەد ساڵح

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی گشتگیر بۆ کتێبی سووری تورکیا دەخاتەڕوو، کە بە فەرمی بە بەڵگەنامەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی ((Milli (MGSB Güvenlik Siyaset Belgesi) ناسراوە. توێژینەوەکە لە سروشتی ئەو دەستوورە دەکۆڵێتەوە وەک بەڵگەنامەیەکی ستراتیجی، لە هەمان کاتدا نایاسایی‌و نهێنی، کە بە قووڵی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا لەقاڵبدەدات. توێژینەوەکە لە سەرچاوەی پەرەسەندنی مێژوویی دەستوورەکە لە کودەتا سەربازییەکان‌و ڕۆڵی وەک پارێزەری کەمالیزم دەکۆڵێتەوە، هەروەها تیشکدەخاتەسەر گۆڕانکارییە بەرچاوەکان لە تێڕوانین بۆ هەڕەشەکان، لەوانەش پۆلێنکردنەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا وەک هەڕەشەیەکی گەورەو گونجان لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی وەک ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا. ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە لێکەوتەکانی نهێنیی کاری کتێبی سوور دەکۆڵێتەوە لە سەر شەفافیەت‌و پرسی دیموکراسی‌و سەروەریی یاسا، بەو ئەنجامە دەگات، کە کتێبی سوور نوێنەرایەتیی تەوژمێک دەکات لە پەرەسەندنی دیمەنی سیاسیی تورکیا، کە بە ئاڕاستەی مۆدێلێکی حوکمڕانیی ناوەندیترو ئایدۆلۆژیانەتر ملدەنێت.

## یەکەم: پێناسەکردنی دەستووری نهێنیی تورکیا

### ١. دەستنیشانکردنی فەرمی‌و تێڕوانینی باو

بەڵگەنامەکە بە فەرمی بە بەڵگەنامەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی (Milli Güvenlik Siyaset Belgesi ) ناسراوە. ئەم ناوە فەرمییە جەخت لە سەر گرنگیی ستراتیجییەکەی دەکاتەوە لە ناو دەوڵەتدا، بەڵام سەرەڕای ناوە فەرمییەکەی، لە سەر

ئاستی جەماوەر بە کتێبی سوور (Kırmızı Kitap) ناسراوەو بە شێوەیەکی بەرفراوان بە "دەستووری نهێنی"ی تورکیا ناودەبرێت. ئەم زاراوەیە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی سەرەکی ئەو دەستوورەیە لە ئاڕاستەکردنی کاروباری دەوڵەتدا هاوشێوەی بەڵگەنامەیەکی دەستووری. لە هەمان کاتدا تیشکدەخاتەسەر سروشتە نهێنییەکەی، کە زۆر جار بە نهێنیترین بەڵگەنامەی تورکیا ناودەبرێت(١).

**٢. ئامانج و گرنگییەکەی**

لە ڕووی کارایییەوە، کتێبی سوور وەک چەمکێکی سیاسیو ستراتیجی باسیدەکرێت، نەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی پابەندکەر. ئەم جیاکارییە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی فەرمیدا کاردەکات، بەڵام لە پراکتیکدا بە بەڵگەنامەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڕەشە ناوخۆییو دەرەکییەکانو کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر داڕشتنی بڕیارەکانی سیاسەت هەیە، کە لەلایەن دەزگا جیاوازەکانی حکومەتەوە دەدرێن(٢). ئەم کتێبە وەک بنەمایەک بۆ چەمکی ستراتیجی نیشتیمانیو سەربازی کاردەکاتو ڕێنوێنیی پێکهاتەی ڕێکخراوەییو پێکهاتە جیاوازەکانی حکومەتی تورکیا دەکات، ئەمەش دزەکردنی قووڵی ئەو دەستوورە لە پلاندانانی ستراتیجی دەوڵەتدا نیشاندەدات.

**٣.پۆلێنکردن و کاریگەرییە یاساییەکان**

ئەم بەڵگەنامەیە لە تورکیادا لە بەرزترین ئاستی نهێنیدا پارێزراوەو ئاشکراکردنی تاوانەو سزاکەی زیندانیکردنە. ئەم سزا توندە جەخت لە سەر پابەندبوونی دەوڵەت دەکاتەوە بە پاراستنی نهێنییەکانی. لە لایەکی دیکەوە مشتومڕێکی بەرچاو لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە سەرەڕای نەبوونی پێگەی یاسایی لە یاسای تاوانەکانی تورکیا (TCK) یان یاسای دادوەریی تاوانکاری (CMK)، دادگاکانی تورکیا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا دەستیانکردووە بە ئاماژەدان بە کتێبی سوور لە بڕیارەکانیاندا، کە بە پێی بەڵگەنامەکە ڕەخنەگرانی حکومەتیان سزاداوە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا(٣)، ئەم کارە نیگەرانییەکی قووڵ سەبارەت بە ڕێکاری یاسایی، سەربەخۆیی دادوەریو سەروەریی یاسا دەوروژێنێت، تایبەت بەوەی کە بەڵگەنامەیەکی نایاسایی بەکاربهێنرێت وەک بنەمایەک بۆ بڕیارە دادوەرییەکان.

**٤. مشتومڕی نێوان ئەفسانەو و اقیع**

دژایەتییەکی بەرچاو لە چۆنیەتیی تێگەیشتن لە کتێبی سووردا هەیە. شارەزایانی وەک شارەزای بواری هەواڵگریو ئاسایش؛ سێرکان یەڵماز، وەک ئەفسانەیەکی دروستکراو

ڕەتیدەکەنەوەو جەخت لەوە دەکەنەوە، کە "سەیرە، هیچ کەسێک ئەم کتێبەی نەبینیوە، هەروەها کەسیش نایبینێت"(٤). یەڵماز دەڵێت، کە تەمومژاوییەکەی زیاتر لە پیلانگێڕیی مافیایی دراما تەلەفزیۆنییەکانی تورکیا دەچێت، تا ئەوەی لە واقیعدا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەبێت، ئەم هەستیارییەش ڕێگریدەکات لە تێگەیشتنێکی عەقڵانی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت.

لە بەرانبەردا، چەندین لێدوانو ڕاپۆرتی فەرمی لە سەر بوون، ناوی فەرمی، نوێکارییە بەردەوامەکانو کاریگەرییە بەرجەستەکراوەکانی لە سەر سیاسەتی دەوڵەت پشتڕاستدەکەنەوە(٥). باسکردن لە بەڵگەنامەیەکی بەربڵاوو کاریگەر، بەڵام لە هەمان کاتدا نهێنی، لەگەڵ گێڕانەوەیەکی گشتیدا کە وەک ئەفسانەیەک بوونی ڕەتدەکاتەوە، نیشانەی دروستکردنی تەمومژێکی بەئەنقەستە، تا بتوانرێت لە ڕووی ستراتیجەوە سوودیلێوەربگیرێت.

ئەگەر بەڵگەنامەیەک بە شێوەیەکی بەرفراوان بوترێت، کە هەیەو کاریگەریی لە سەر سیاسەت هەبێت، بەڵام بە فەرمی بەردەست نەبێتو تەنانەت لەلایەن هەندێکەوە ڕەتبکرێتەوە، ئەوا سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ دەسەڵاتی حکومەت دروستدەکات. ئەم ڕێکارە ڕێگە بە حکومەت دەدات بانگەشە بۆ کتێبی سوور بکات، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوە هەستیارەکان، وەک سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانو ئاراستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوە، بەبێ ئەوەی بخرێتەژێر لێکۆڵینەوەی گشتی، لێپرسینەوەی پەرلەمانی، یان ئاڵنگاریی یاساییەوە. لە بەرانبەردا دەتوانرێت بە ناوزەندکردنی بە ئەفسانە، بەکاربهێنرێت بۆ خۆلادان لە ڕەخنەو ڕەتکردنەوەی پرسیارو بەدواداچوون بە ناونانی بە هەستیار یان نائاسایی. بەم شێوەیە کارکردنی حکومەت دەخاتە ئاستێک، کە کەمتر بتوانرێت لێیبپرسرێتەوە. ئەم ناڕوونییە بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت لە پاشەکشەی دیموکراسیی تورکیا. چینێکی نادیار لە حوکمڕانی دادەمەزرێنێت، کە لە دەرەوەی چاودێریی یاساییو پەرلەماندا کاردەکات، ئەمەش وادەکات کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، یان دەزگا نێودەوڵەتییەکان نەتوانن لێپرسینەوە لە حکومەت بکەن بەرانبەر بەو بڕیارانەی کە بە ڕواڵەت لەم بەڵگەنامەیە وەرگیراون.

### دووەم: دەوروبەری مێژوویی و پەرەسەندنی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی (MGK)و کتێبی سوور

#### ١.کودەتا سەربازییەکانو چەسپاندنی دەستوور

دامەزراوەیەکە بەرپرسانی سەربازی و مەدەنی تێیدا بەشدارن، لەلایەن خودی

سەرۆککۆمارەوە سەرۆکایەتییدەکرێتو وەزیرانی بەرگری، دەرەوە، داد، ناوخۆ، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا، هێزی ئاسمانیو دەریاییو سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانیی تورکیا (میت) تێیدا ئەندامن. ئەم دەزگایە پێشهاتێکی ئۆرگانی نەبووە لەگەڵ دروستکردنی کۆماری تورکیادا دامەزرێنرابێت، بەڵکو ئەنجامی ڕاستەوخۆی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٦٠) بوو و دواتر لە دەستووری (١٩٦١)ی تورکیادا چەسپێنرا(٦). ئەم پەیوەندییە بنەڕەتییە بە دەستووردانی سوپا، ئامانجی سەرەتایی خۆی وەک میکانیزمێکی چاودێریکردنی سەربازی لە دەسەڵاتی مەدەنیدا دەردەخات. دەستووری ساڵی (١٩٦١) بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو شتەی دامەزراند، کە زانا ساکالی ئۆغڵو بە "سیستەمێکی سیاسیی دوو سەر" ناوزەندیکردووە، کە تێیدا کابینەی مەدەنی لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیدا لە ئاستی جێبەجێکردندا پێکەوە کاردەکەنو سیستەمی دادوەریی سەربازییش بە شێوەیەکی سەربەخۆ شان بە شانی سیستەمی مەدەنی کاردەکات. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی سوپای لە ناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا چەسپاند(٧). ڕۆڵو کاریگەریی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری ساڵی (١٩٨٢) دا زیاتربوو، کە لەلایەن حوکمڕانیی سەربازییەوە دوای کودەتاکەی ساڵی (١٩٨٠) سەپێنرا. ئەم دەستوورە ئاماژەی بەوە داوە، کە ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە پێشینەی کارەکانیان دەبێت، ئەمەش قورساییەکی بەرچاوی بە ڕاسپاردەکان بەخشی(٨).

**٢.سوپا وەک پارێزەری کەمالیزم**

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک بەرجەستەکردنی دامەزراوەییو کاریگەریی بەربڵاوی سوپای تورکیا لە سەر سیاسەتی نەتەوەیی لێکدەدرێتەوە. ئەم تێڕوانینە لەو ڕۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سوپا بۆ خۆی دیاریکردووە. لەو کاتەی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ساڵی (١٩٢٣) کۆماری تورکیای مۆدێرنو عەلمانیی دامەزراندووە، سوپای تورکیا بە بەردەوامی خۆی وەک پارێزەری کەمالیزم سەیرکردووە، سەرەڕای پێداگریی ئەتاتورک خۆی لە سەر جیاکردنەوەی سەربازی لە کاروباری سیاسی. ئەم تێگەیشتنە بوو بە هۆی زنجیرەیەک دەستووەردانی سەربازی، لەوانە کودەتاکانی ساڵانی (١٩٦٠)و (١٩٨٠)، کودەتای (١٩٧١) کە بە کودەتای یاداشت ناسراوەو کودەتاکەی ساڵی (١٩٩٧) کە بە کودەتای پۆست مۆدێرن ناسرا(٩). ئەم دەستوەردانانە کاتێک ڕویانداوە، کە حکومەتە مەدەنییەکان وەک لادان لە

بنەماکانی کەمالیستی یان هەڕەشەکردن لە نەزمی عەلمانی دەستنیشانکراون. ڕادەی دەسەڵاتی سوپا لە ساڵی (١٩٩٢) دا بە ڕوونی لەلایەن جەنەراڵ دۆغان گورێس؛ سەرۆکی ئەرکانی ئەو کاتەی سوپای تورکیاوە دەربڕدرا، کە بە دڵنیاییەوە ڕایگەیاند: "تورکیا دەوڵەتێکی سەربازییە"، کە ڕەنگدانەوەی هەژموونی سوپا بوو(١٠).

### ٣.حکومەتە مەدەنییەکانو چاکسازییەکانی یەکێتیی ئەوروپا

لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندیی نێوان حکومەتە مەدەنییەکانو سوپا لە هەڵکشانو داکشاندا بووەو بەو ناسراوە، کە دەسەڵاتدارانی مەدەنی هەر کاتێک ویستبێتیان، سوپایان پەراوێزخستووە، یان بە پێچەوانەوە، سەربەخۆییەکی زیادەیان پێداوە. لە وەڵامی پێوەرەکانی کۆپنهاگنی یەکێتیی ئەوروپادا؛ داواکارییە سیاسییەکان بۆ دەستپێکردنی دانوستانەکانی ئەندامیەتی، تورکیا چاکسازیی بەرچاوی کردووە بە ئامانجی بەهێزکردنی کۆنترۆڵی مەدەنی بە سەر سوپادا، لەگەڵ هەوڵدان بۆ دووبارە دارشتنەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی. ساتی سەرەکیی وەرچەرخان پەسەندکردنی پاکێجی چاکسازیی حەوتەم بوو لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە لە (٢٣)ی تەمموزی (٢٠٠٣)دا، کە ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمز وەسفیکرد بەوەی هیچی کەمتر نییە لە شۆڕشێکی بێدەنگ. ئەم پاکێجە هەوڵی سنووردارکردنی ڕۆڵو کاریگەریی سەربازیی لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیدا گێڕاوە(١١).*

**کتێبی سوور نوێنەرایەتی ئامرازێکی سەرەکی دەکات لە پەرەسەندنی دیمەنی سیاسیی تورکیا، کە بە ئاڕاستەی مۆدێلێکی حوکمڕانیی ناوەندیترو ئایدۆلۆژیانەتر ملدەنێت.**

### ٤. ئاڕاستەی ستراتیجی

ڕەوتی مێژوویی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو کتێبی سوور ئاشکرایدەکات، کە کێ پاسەوانی بنەما سەرەکییەکانو ئاڕاستەی ستراتیجی دەوڵەتی تورکیا دەکات. لە سەرەتادا ئەم ڕۆڵە بە توندی لەلایەن سوپاوە دەگێڕدرا، کە خۆی وەک بەرجەستەکەری ڕەوتی عەلمانیی کەمالیستی دەبینیو کتێبی سووریش ڕەنگدانەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە بوو. ئەو چاکسازییانەی بە فشاری یەکێتیی ئەوروپا کران، بە شێوەیەکی فەرمی کاریگەریی سوپای کەمکردەوە، بەڵام کەناڵە نافەرمییەکان هەر بەردەوامبوون. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی پارتی دادو

گەشەپێدان (ئاکپارتی)و ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندا، ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیی کتێبی سوور بە ڕوونی بەرەو سیاسەتی دەرەکی لە سەر بنەمای ئیسلامو بوژانەوەی بەها عوسمانییەکان گۆڕا. بە واتای ئەوەی کە پاراستنی دیدی ستراتیجی دەوڵەت بە شێوەیەکی کاریگەر لە دامەزراوەی سەربازیی کەمالیستییەوە گۆڕاوە بۆ حکومەتێکی مەدەنی بە سەرۆکایەتیی ئاکپارتی، کە چالاکانە کاریدەکرد بۆ دووبارە داڕشتنەوەی شوناسی نیشتیمانیو ئەولەویاتە ستراتیجییەکان(١٢). ئەم ئاڕاستەکردنەوە ئایدیۆلۆژییە، کە لە ڕێگەی بەڵگەنامەیەکی زۆر نهێنییەوە بە فەرمی کراوە، ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی قووڵی دامەزراوەیی، کە سیمای سیاسیی ناوخۆییو ڕۆڵی نێودەوڵەتیی تورکیا پێناسەدەکاتەوە. ئەم گۆڕانکارییە قووڵە، بەرکەوتنی بەرچاوی لەگەڵ هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی تورکیادا دروستکرد، کە لە مێژوودا پشتگیریی ناسنامەی کەمالیستیی عەلمانیی تورکیایان کردووە.

سێیەم: پێکهاتەو پرۆسەی بڕیاردانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی (MGK)

١. **پێکهاتە:** ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی وەک دەزگای سەرەکیی حکومەت کاردەکات، کە سەرۆککۆماری تورکیا وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان کاردەکاتو بەکاریدەهێنێت بۆ ڕەچاوکردنو هەماهەنگیکردنی بابەتەکانی ئاسایشی نیشتیمانی، کاروباری سەربازیو سیاسەتی دەرەوە. هەروەها سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانییش دەکات، کە ئاماژەیە بۆ نیشاندانی ناوەندگەرایی دەسەڵاتی ستراتیجی. پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی سەرکردە مەدەنیو سەربازییەکان لەخۆدەگرێت؛ سەرۆککۆمارو جێگرەکەی، وەزیرانی داد، ناوخۆ، دەرەوەو بەرگری، سەرۆکی ئەرکانی گشتیو فەرماندەکانی هێزی وشکانیو دەریاییو ئاسمانیو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری (میت). ئەم تێکەڵەیەی سەرکردایەتیی مەدەنیو سەربازیی جێی سەرنجە. یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی پاکێجی چاکسازیی حەوتەم دامەزراندنی زۆرینەی مەدەنی بوو لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیدا، کە بە هەنگاوێکی فەرمی ئەژمارکرا، بە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی کاروباری سەربازی لەلایەن دەسەڵاتی مەدەنییەوە.

**٢. پرۆسەی بڕیاردانو ڕۆڵی ڕاوێژکاری:** بە فەرمی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی وەک دەزگایەکی ڕاوێژکاریی حکومەت کاردەکات. ئەم پێگەیە بە هۆی چاکسازییەکانی ساڵی (٢٠٠٣)وە بەهێزتربووە. ئەنجومەنەکە هەر دوو مانگ جارێک کۆدەبێتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە، پێشتر زۆرتر کۆدەبووەوە، هەندێک جار بەشێوەی مانگانە، ئەمەش

ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە ڕیتمی کارەکانیدا. سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی کە لەلایەن سکرتێری گشتیی مەدەنییەوە سەرۆکایەتیدەکرێت (لە ئابی ٢٠٠٤ بۆ یەکەم جار کەسێکی مەدەنی لەم پۆستە دانرا)، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە یارمەتیدانی ئەنجومەن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا(١٣). ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەرکی ئامادەکردنی ڕێنماییەکان بۆ سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، هەروەها هەماهەنگکردنەوەو پێداچوونەوەی ئەو جۆرە سیاسەتەو پلانو بەرنامە نیشتمانییەکانی پەیوەست بە پرسە ئەمنییەکانەوە دیاریدەکات. لە ڕووی مێژوویەوە بڕیارەکان بە دەنگی زۆرینە دەدرا، سەرۆک دەنگی یەکلاییکەرەوەی هەبوو لە ئەگەری یەکسانبووندا.

**٣. چاکسازیو سنووردارکردنی دەسەڵاتی سەربازی:** پاکێجی حەوتەمی چاکسازی لە ساڵی (٢٠٠٣) کاریگەر بوو لە کەمکردنەوەی بەرچاوی ڕۆڵو کاریگەریی دەسەڵاتی سوپا لە ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیدا، دوای چاکسازییەکە، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو چاودێریی فراوانی نەما. لەوەش گرنگتر، دەسەڵاتی بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی سەرۆکو سەرۆکوەزیرانی لەدەستدا. ئەمەش تواناکانی چاودێریی ڕاستەوخۆی کەمکردەوە. جگە لەوەش، دەستڕاگەیشتن بە هەموو دامەزراوە مەدەنییەکان کە پێشتر بێسنوور بوو، سنووردارکراو فەرماندەیی پەیوەندییە گشتییەکانی (Toplumla İlişkiler Başkanlığı) کە بە شاراوەیی کاریگەریی لە سەر ڕایگشتی هەبوو، هەڵوەشێنرایەوە(١٤). ئامانجی ئەم گۆڕانکارییانە کەمکردنەوەی کاریگەرییە سەربازییە بەربڵاوو نافەرمییەکان بوو. لە کاتێکدا چاکسازییە فەرمییەکان، بە تایبەتی پاکێجی چاکسازیی حەوتەم، سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ زۆرینەی مەدەنیو کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی.

**هەرچەندە ئەم بەڵگەنامەیە بە فەرمی بە بەڵگەنامەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی (Milli Güvenlik Siyaset Belgesi ) ناسراوە، بەڵام لە لای جەماوەر بە کتێبی سوور (Kırmızı Kitap) ناسراوەو بە "دەستووری نهێنی"ی تورکیا ناودەبرێت.**

بەردەوامبوونی کەناڵە نافەرمییەکانی کاریگەریی سوپا (وەک لە ڕاپۆرتەکانی یەکێتیی ئەوروپادا ئاماژەپێکراوە) ئەوە پیشاندەدات، کە میراتی دامەزراوەی

پەروەردەی سەربازی بە تەواوی کۆتاییپێنەهێنراوە. لەوەش گرنگتر، چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی سەرۆککۆماردا، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی دەکاتو کاریگەریی ڕاستەوخۆی بە سەر پێداچوونەوەکانی کتێبی سووردا هەیە، بەو واتایەیە، کە تەنانەت بە زۆرینەی مەدەنییش، بڕیاردانی ستراتیجی تا ڕادەیەکی زۆر ناوەندگەرایەو بە ناڕوونی دەمێنێتەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر بالادەستیی سەربازی بە هەژموونی سەرۆکایەتی دەگۆڕێت، لە بریی زیاترکردنی چاودێریی پەرلەمان یان لێپرسینەوەی گشتی. نەبوونی ڕۆڵی پەرلەمانیش لە پێداچوونەوە بەم بەڵگەنامە بنەڕەتییەدا، جەخت لەم ناوەندگەراییە دەکاتەوە.

**چوارەم: ڕۆڵی کتێبی سوور لە فەرمانڕەوایی‌و دارشتنی سیاسەتی تورکیا**

**١. دیاریکردنی ئامانج‌و ستراتیجی نیشتیمانی:** کتێبی سوور وەک ڕێنماییەکی گشتگیر بۆ پەرەپێدانی ستراتیجییەکان بۆ دڵنیابوون لە بەرگریی نیشتیمانی‌و گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانییەکان کاردەکات. ئەمەش ڕۆڵی سەرەکیی لە پێناسەکردنی ئەولەویەتەکانی ئاسایشی سەرەکیی دەوڵەتدا دەردەخات. بنەما بنەڕەتییەکانی پەیوەست بە ستراتیجیەکانی ناوخۆو دەرەوەو بەرگری لەخۆدەگرێت، وەک لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانییەوە دیاریکراوەو پەسەندکراوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ پانتایی فراوانی، کە هەموو لایەنەکانی ئاسایشی نیشتیمانی دەگرێتەوە. بەڵگەنامەکە بە وردی هەڕەشە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان بە پێی گرنگییەکەی دەخاتەڕوو، پاشان باس لە ئامرازو شێوازە جەستەیی‌و دەروونییەکانی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشانە دەکات‌و پلانی کارکردنی ورد دەخاتەڕوو(١٥).

**٢. سیاسەتی حکومەت‌و پێکهێنانی ڕێنمایی:** کتێبی سوور تەنها ڕێنمایی نییە، بەڵکو چالاکانە یارمەتیی دارشتنی بڕیارە سیاسییەکان دەدات، کە لەلایەن دەزگا جیاوازەکانی حکومەتەوە دەردەکرێن. لە ڕاستیدا ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی کە بەڵگەنامەکە باسیدەکات‌و پەسەندیدەکات، وەک حکومەتێکی سێبەر کاردەکات. چەمکی ستراتیجی‌و سەربازیی نیشتمانی کە لقە جیاوازەکانی حکومەت ڕێکدەخات، ڕاستەوخۆ لە سەر بنەمای کتێبی سوور ئامادەکراوە. ئەمەش کاریگەرییە بەربڵاوەکەی لە سەرانسەری جومگەکانی دەوڵەتدا نیشاندەدات. زانیارییەکان بۆ دارشتن‌و پێداچوونەوە بە کتێبی سووردا بە پلەی یەکەم لە دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەتەوە سەرچاوەدەگرن، لەوانە:

وەزارەتی ناوخۆ، دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی (MİT)و سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتی(١٦).

**کتێبی سوورەوەک چەمکێکی سیاسیو ستراتیجی باسیدەکرێت، نەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی پابەندکەر. ئەم جیاکارییە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی فەرمی کاردەکات.**

**٣. پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی حکومەتو سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی:**
لایەنێکی چارەنووسساز لە ڕۆڵی کتێبی سوور، بە تایبەتی لە ساڵی (٢٠١٤)وە، بەکارهێنانی بووە لەلایەن حکومەتەکەی ئەردۆغانەوە، بۆ بەئامانجگرتنی ڕەخنەگرانو نەیارانی سیاسیو ناڕازییەکان. ئەمەش گۆڕینی بۆ ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی نیشاندەدات. بەڵگەنامەکە بە شێوەیەکی مشتومڕاوی بەکارهێنراوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەو کارانەی کە بە نایاساییو نادەستووری وەسفکراون، لەوانەش پەیوەندیدار بە بیروباوەڕی سیاسی یان پەیوەندییە نەتەوەیی/ئایینییەکانیان، ئەمەش نیگەرانیی جددی لە سەر پرسی مافەکانی مرۆڤ دەوروژێنێت(١٧). سەرەڕای پێگەی نایاسایی، دادگاکانی تورکیا لە بڕیارەکانیاندا ئاماژەیان بە کتێبی سوور کردووە بۆ سزادانی ڕەخنەگرانی حکومەت.

**٤. پێداچوونەوەی ناوبەناوودۆخی ئێستا:**
کتێبی سوور ناو بە ناو پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی هەر چوار بۆ پێنج ساڵ جارێک، یان جارێک یان دوو جار لە دەیەیەکدا، بۆئەوەی خۆی لەگەڵ گۆڕانو هەڕەشە نوێیەکاندا بگونجێنێت. لە پرۆسەی پێداچوونەوەدا داوای زانیاری لە وەزارەتو دەزگا پەیوەندیدارە جیاوازەکان دەکرێت، دواتر کۆبوونەوەی زۆر نهێنی دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنو پەسەندکردنی گۆڕانکارییەکان دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندی ئەمنی، وەک ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی مۆبایل لەم کۆبوونەوانەدا، کە جەخت لە سەر ئەوپەڕی نهێنیی بەڵگەنامەکە دەکەنەوە(١٨). ئەرکی کارکردنی کتێبی سوور زۆر لەوە زیاترە، کە تەنیا بەڵگەنامەیەکی پلاندانانی ستراتیجی بێت. وەک ئامرازێکی بەهێزو نهێنی کاردەکات، کە لە ڕێگەیەوە حکومەتی دەسەڵاتدار دەتوانێت ئەجێندای ئایدیۆلۆژیی خۆی بچەسپێنێتو بخاتەڕوو. بە دەستنیشانکردنی هەڕەشەکانو ڕێنماییکردنی بڕیارەکانی سیاسەت لە دەرەوەی بەدواداچوونەکانی پەرلەمان،

جێبەجێکردنی خێراو بێچەواشەکاریی ڕێنماییەکان دەکات. ئەمەش ئەو ڕێنماییانە دەگرێتەوە، کە ئامانجیان سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکانو ئاڕاستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەیە.

**پێنجەم: پەرەسەندنی مەترسیو هەڕەشەکان**

**١. هەڕەشە ناوخۆییەکان:** گۆڕان لە هەڕەشەی کۆنەپارێزی بۆ خراپ بەکارهێنانی ئایین: گۆڕانکارییەکی گەورەی ئایدیۆلۆژی لە کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠) دا ڕوویدا، بە لابردنی زاراوەی هەڕەشەی کۆنەپارێزی (İrtica)(١٩). بە شێوەیەکی گشتی ئیرتیجا، هەموو مسوڵمانە ئایینییەکانی وەک هەڕەشەیەکی ئەگەری بۆ سەر پێگەی عەلمانی کۆمار دەبینی. ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی دیدێکی وردترە، کە جیاوازیدەکات لە نێوان ئایین بە گشتیو گرووپە توندڕەوەکاندا بە تایبەتی. لابردنی ئیرتیجا وەک هەڕەشەیەکی هەمەلایەنەی ناوخۆیی نوێنەرایەتیی لادانێکی قووڵی ئایدیۆلۆژییە لە بیری عەلمانیی توندی کەمالیستیو ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ڕەگوڕیشەی ئیسلامیی ئاکپارتیو هەنگاونانیەتی بەرەو دەسەڵات. لە ڕێگەی ئەم جیاکارییەوە، کتێبی سوور بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵێکی فراوانتر دەبەخشێت بە ئایین لە ژیانی گشتیداو لە هەمان کاتدا چوارچێوەیەک بۆ بەئامانجگرتنو سەرکوتکردنی گرووپە ئایینییە تایبەتەکان یان بزوتنەوەکان دیاریدەکات، کە بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی دەوڵەت دادەنرێت، وەک جوڵانەوەی گولەن. ئەم پێناسە نوێیە هاوتەریبە لەگەڵ ڕاپەڕینێکی بێدەنگدا دژی کەمالیزم، کە تایبەتمەندیی سەردەمی ئەردۆغان بوو. ئەم گۆڕانکارییە سەرکەوتنی ئاکپارتیی لە داڕشتنی تێزی ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەت بۆ جێگیرکردنی بنکە ئایدیۆلۆژییەکەیو چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی نیشاندەدات، لە هەمان کاتدا توانای سەرکوتکردنی ئەو لایەنانەی پێدەبەخشێت، کە پێیوایە هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەی دەکەن.

**٢. پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا وەک هەڕەشە:** لە نوێکردنەوەیەکی بەرچاودا لە ساڵی (٢٠١٥)، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە فەرمانێکدا پلاتفۆڕمەکانی سۆشیالمیدیای وەک تویتەرو یوتیوبی وەک هەڕەشە لە پێداچوونەوەی نوێی کتێبی سووردا جێگیرکرد. ئەم هەنگاوە دوای ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکانی دژەحکومەتو لێکۆڵینەوەیەکی گەورەی گەندەڵی هات، کە حکومەتەکەی لە ساڵی (٢٠١٣)دا تێیدا بەشداربوو(٢٠). پۆلێنکردنی پلاتفۆڕمەکان وەک هەڕەشە لە کتێبی سووردا ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڵنگارییەیە، کە ئەو پلاتفۆڕمانە دروستیانکرد لە دۆخە هەستیارو نائارامەکاندا. ئەم پۆلێنکردنە پاساوی

ستراتیجی بۆ ڕێوشوێنە یاساییەکانی دواتر دابیندەکات، وەک یاسای گشتگیری ئاسایشی ئەلیکترۆنیو هەموارکردنی یاسای ئینتەرنێت(٢١). ئەم یاسایانە دەسەڵاتی فراوان دەدەن بە دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆکی دیجیتاڵی، سەپاندنی ناوخۆییکردنی داتا، سەپاندنی سزای قورسو سزادانی بڵاوکەرەوەی زانیاریی ساختە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر چاودێریو سانسۆری حکومەت فراوانتردەکات بە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. تاوانبارکردنی بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ساختەو سنووردارکردنی توانای دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، ڕاستەوخۆ لەم تێڕوانینەوە سەرچاوەدەگرن. ئەم پێشهاتە تیشکدەخاتەسەر پەرەسەندنی مەیلی تاکڕەوانەی ناو تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیاریو سەرکوتکردنی ئازادیی ڕادەربڕین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە بەکارهێنانی پاساوی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی.

**٣. پۆلێنکردنی جولانەوەی گولەن (FETÖ):** لە مانگی ئایاری (٢٠١٦)وە تورکیا بە فەرمی جولانەوەی گولەن کە هاوپەیمانی پێشووی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) بوو، وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە ژێر ناوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی فەتحوڵڵا (FETÖ)و پێکهاتەی دەوڵەتی هاوتەریب (PDY)دا دەستنیشانکرد(٢٢). ئەم دەستنیشانکردنە کە دوای هەوڵی کودەتاکەی ساڵی (٢٠١٦) هات، بێگومان لە کتێبی سووردا ڕەنگدەداتەوە، کە وەک پاساوێکی سەرەکییە بۆ پاکتاوکردنو سەرکوتکردنی بەرفراوان لە سەرانسەری دامەزراوەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

**دادگاکانی تورکیا لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە ئاماژەدان بە کتێبی سوور، ڕەخنەگرانی حکومەتیان سزاداوە.**

**٤. هەڕەشە دەرەکییەکان**

**أ. سەردەمی سفرکردنەوەی کێشەکان (٢٠١٠):** کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠) کە بە توندی لە ژێر کاریگەریی ستراتیجی "سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ دراوسێکان"ی ئەحمەد داودئۆغلو؛ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی تورکیا بوو، گۆڕانکاریی بەرچاوی لە تێڕوانینەکان بۆ هەڕەشە دەرەکییەکان هێنایەئاراوە(٢٣). سیاسەتی سفر کێشە، وەک لە کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠)دا دەرکەوتووە، ڕێکخستنەوەیەکی پراگماتیکی ستراتیجی ناوچەیی تورکیا بوو. تورکیا بە کەمکردنەوەی هەڕەشەکان، ئامانجی

بەهێزکردنی کاریگەرییە ناوچەییو پەیوەندییە ئابوورییەکانو پێگەی دیبلۆماسی بوو. ئەم گۆڕانکارییە لەگەڵ ئاراستەیەکی فراوانتری "کەمتر ڕۆژئاوایی، زیاتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"و "بوژانەوەی بەها عوسمانییەکان"دا هاوتەریبە، کە ڕەنگدانەوەی خواستی سەربەخۆیی ستراتیجیو سەرکردایەتیی زیاترە لە ناوچەکەدا. ئەم سیاسەتە ئەنجامی ڕاستەوخۆی گۆڕانی پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی بوو، کە تێیدا مەدەنییەکان بوون بە زۆرینەو لە ساڵی (٢٠٠٣)وە کاریگەرییان زیاتربوو و ڕێگەی بە بیرۆکەکانی داودئۆغلۆ دا، کە ببن بە بنەمای سەرەکیی کارکردن(٢٤).

**ب. ئێران:** لە کاتێکدا کتێبی سووری ساڵی (٢٠٠٥) ئێرانی بە هەڕەشەیەکی گەورە دەزانی بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیو هەوڵەکانییەوە بۆ هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ئێران بە هەڕەشە نەزانراوە، بەڵکو بەڵگەنامەکە ستایشی هاریکاریی ئێرانو تورکیا دەکات، بە تایبەت دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

**ج. یۆنان:** کتێبی سووری ساڵی (٢٠٠٥) نیەتی یۆنان بۆ فراوانکردنی سنووره دەریاییەکانی لە شەش میلەوە بۆ دوازدە میل بە هۆکاری جەنگ زانیوە. لە کاتێکدا کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠) شەڕی لەگەڵ یۆناندا لە ناوچەی ئیجە بەدوورزانیوەو چیتر پرسی دوازدە میلەکەی بە هۆکاری جەنگ نەزانیوەو جەختی لە سەر هاوکاری کردووەتەوە.

**د. سوریا:** سوریا وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لە کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠)دا لابرا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواستی سیاسەتی نزیکبوونەوەی ناوچەییە.

**ه. عێراق:** لە کاتێکدا پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەک هەڕەشەیەکی گەورە مایەوە، کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠) جەختی لە هاریکاریی نێوان ئەنقەرەو حکومەتی ناوەندی لە بەغدا کردووەتەوە دژی پەکەکە.

**و. ڕووسیا:** پێشتر بیرکردنەوەی ستراتیجی تورکیا تیشکیدەخستەسەر ناکۆکی لەگەڵ ڕووسیادا، بەڵام بەڵگەنامەی ساڵی (٢٠١٠) داوای هاوکاریو بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دەکات.

**شەشەم: گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی (٢٠١٠)و نوێبوونەوەی گرژییەکان (سەردەمی ئەردۆغان)**

**١. ڕۆژئاوا (ناتۆ، یەکێتی ئەورووپاو ئەمریکا):** لە گۆڕانکارییەکی توندو مشتومڕاویدا، وەزیری ناوخۆ؛ سولەیمان سۆیلو لە ئاداری (٢٠٢٢)دا ئاماژەی بەوە

دا، کە لە دوایین وەشانی کتێبی سووردا لە ساڵی (٢٠٢٠)، ڕۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە وەک مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی پێناسەکراوە(٢٥). سۆیلو ڕایگەیاند کتێبەکە بە هیچ شێوەیەک دان بە ئەمریکا یان ئەوروپادا نانێتو ڕەنگدانەوەی هەستێکی قووڵی دژەڕۆژئاوایە لە ناو هەندێک بازنەی حکومەتدا. ئەم هەڵوێستە بە پێچەوانەی ئەندامێتیی درێژخایەنی تورکیایە لە ناتۆو خواستەکانی پەیوەستبوون بە یەکێتیی ئەوروپاوەیە. دەستنیشانکردنی ئاشکرای هاوپەیمانە درێژخایەنەکانی ناتۆو یەکێتیی ئەوروپا وەک هەڕەشەی گەورە لە بەڵگەنامەیەکی سەرەکیی ئاسایشی نیشتمانیدا، سەرەڕای هاوکارییە سەربازیو دیبلۆماسییە بەردەوامەکان، ئاماژەیە بۆ جیاوازییەکی قووڵی ئایدیۆلۆژیو ستراتیجی.

**٢. ئیسرائیل:** لە کاتێکدا کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠) پێشنیاری پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا کردووە، بەڵام تیشکیخستووەتەسەر ناسەقامگیریی ناوچەیی، کە بە هۆی ئیسرائیلەوە دروستبووە. ڕاپۆرتەکان لە ساڵی (٢٠١٠)، دوای ڕووداوی کەشتیی مەرمەرا (Mavi Marmara)، بە ڕوونی ئاماژ بەوە کراوە ئیسرائیل بە مەترسیی ستراتیجی دادەنرێت. لە وەشانی ساڵی (٢٠٢٥)، جینۆسایدی ئیسرائیل لە غەززە کە لە ساڵی (٢٠٢٣)وە دەستیپێکردووە، لە کتێبی سووردا دیاریکراوە، کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی بەهێزی ڕاگەیەنراوی تورکیایە سەبارەت بە ململانێکانو پەیوەندییە دیبلۆماسییە ئاڵۆزەکان. پۆلێنکردنی ناجێگیری ئیسرائیل لە ناو کتێبی سووردا لە هاوبەشەوە بۆ سەرچاوەی ناسەقامگیری، بۆ هەڕەشەی ستراتیجی، بۆ تاوانبارکردنی بە جینۆساید، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چەندە تێڕوانینەکان بۆ هەڕەشە لە بەڵگەنامەکەدا کاریگەرە بە ڕووداوەکان(٢٦).

**باسکردن لە بەڵگەنامەیەکی بەربڵاوو کاریگەر، بەڵام لە هەمان کاتدا نهێنی، لەگەڵ گێڕانەوەیەکی گشتیدا، کە وەک ئەفسانەیەک بوونی ڕەتدەکاتەوە، نیشانەی دروستکردنی تەمومژێکی بەئەنقەستە، تا بتوانرێت لە ڕووی ستراتیجیەوە سوودیلێوەربگیرێت.**

**٣. پرسی کوردو سوریا:** پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆی سوریا کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر ئاسایشی ناوخۆی تورکیا هەبوو، کە بوو بە هۆی هەڵوەشانەوەی پرۆسەی ئاشتیی کورد لە تەمموزی (٢٠١٥). ئامانجی سەرەکیی تورکیا لە

سوریا لە ڕوخاندنی ڕژێمی ئەسەدەوە گۆڕا بۆ خەمی زەقتر، کە ڕێگریکردن بوو لە کوردەکانی سوریا بە سەرۆکایەتیی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە) لە دامەزراندنی هەرێمێکی خۆسەر لە سەر سنوورەکانی تورکیا. بوونی سەربازیی ڕووسیا لە سوریا، لەوانەش جێگیرکردنی سیستەمی موشەکیی دژەفڕۆکەی (ئێس-٤٠٠)و پاڵپشتیکردنی لە گرووپە دژەتورکیاکانی وەک پەیەدە، نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیای توندترکردووە. قەیرانی سوریا نموونەیەکی توندە لەوەی کە چۆن پێشهاتە جیۆپۆلەتیکییە دەرەکییەکان ڕاستەوخۆو بە قووڵی ئاستەنگە ئەمنییەکانی ناوخۆی تورکیا، بە تایبەتی سەبارەت بە پرسی کورد، توندتردەکەنەوە.

**٤. سەرهەڵدانی هەڕەشەی نوێ:** بۆ یەکەم جار کتێبی سووری ساڵی (٢٠١٠) بە ڕوونی ئاستەنگە نوێیە جیهانیو ناوخۆییەکانی دەستنیشانکرد، لەوانە: هەڕەشەی ئەلیکترۆنی، گەرمبوونی جیهان، سیاسەتی بۆڕیی وزە، تەکنەلۆژیای بۆشایی ئاسمانو کاریگەرییەکانی داهاتووی زیادبوونی دانیشتوان(٢٧). خستنەڕووی هەڕەشە ئەمنییە ناتەقلیدییەکانی وەک جەنگی ئەلیکترۆنیو گۆڕانی کەشوهەوا نوێکارییەکی بەرچاوە لە بیرکردنەوەی ستراتیجی تورکیادا. هەنگاوێکە نیگەرانییە سەربازییەکان یان ئایدیۆلۆژییەکان تێدەپەڕێت تا لاوازیی کۆمەڵایەتیو تەکنەلۆژیو ژینگەیی فراوانتر لەخۆبگرێت، کە دەتوانێت کاریگەریی لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی هەبێت. ئەمەش تێگەیشتنێکی گشتگیرترو هاوچەرختر لە ئاستەنگە فرەلایەنەکانی بەردەم دەوڵەتێکی مۆدێرن دەردەخات.

## حەوتەم: کاریگەریی کتێبی سوور لە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیاو یاسا ناوخۆییەکان

**١. ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوە:** گۆڕانکارییە قووڵەکانی تێڕوانین بۆ هەڕەشە لە کتێبی سووردا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دروستبوونی گۆڕانکارییەکی گەورەوە لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. ئەم گۆڕانکارییە زیاتر بە کەمتر ڕۆژئاوایی، زیاتر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تایبەتمەندە، کە ڕەنگدانەوەی ڕێکخستنەوەی ئەولەویەتەکانی بەشداریکردنی ناوچەییە. ئەم ئاڕاستە نوێیە زۆر جار بە بوژانەوەی بەهای عوسمانیو بەدواداچوون بۆ سیاسەتێکی دەرەوەی سەربەخۆترو فرەلایەنەتر لێکدەدرێتەوە، کە هەوڵدەدات کاریگەریی تورکیا لە دەرەوەی هاوپەیمانییە تەقلیدییەکاندا دووپاتبکاتەوە، بەڵام ڕەخنەگران دەڵێن سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەوەتەی پارتی دادو گەشەپێدان لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دەسەڵاتی گرتووەتەدەست، سیاسەتێکی

سەقامگیر نەبووە، ئەگەرچی لە سەر بنەمای "ئاشتی لە نیشتیمان، ئاشتی لە جیهان"و دەستوەرنەدان دامەزراوە(٢٨).

**ئەو چاکسازییانەی بە فشاری یەکێتیی ئەوروپا کران، بە شێوەیەکی فەرمی کاریگەریی سوپای کەمکردەوە، بەڵام کەناڵە نافەرمیەکان هەر بەردەوامبوون.**

**٢. نموونەی گۆڕانکاری لە سیاسەتو دەستێوەردانەکان**

**أ. سوریا:** دەستوەردانی تورکیا لە شەڕی ناوخۆی سوریا پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوەبینی. لە سەرەتادا ئامانجی سەرەکیی تورکیا ڕوخاندنی ڕژێمی ئەسەد بوو، بەڵام دواتر پەرەیسەندو بووە نیگەرانییەکی زەقتر؛ ڕێگریکردن لە کوردەکانی سوریا بە سەرۆکایەتیی پارتی یەکێتیی دیموکرات (پەیەدە) لە دامەزراندنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە سەر سنوورەکانی. ئەمەش توانای کتێبی سوور نیشاندەدات بۆ گونجاندن لەگەڵ پەرەسەندنی دینامیکیی ناوچەییو نیگەرانییەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

**ب.بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگریی (S-٤٠٠):** سەرەڕای ناڕەزایەتیو سزای توندی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ، بەدەستهێنانی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی (S-٤٠٠) لەلایەن تورکیاوە لە ڕووسیا، دەتوانرێت وەک دەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆی کتێبی سوور سەیربکرێت، کە ئەگەری هەیە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا وەک هەڕەشەو ڕووسیا وەک هاوبەشێک پێناسەبکات. ئەم بڕیارە بووە بە هۆی دروستبوونی گرژییەکی بەرچاو لە پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ناتۆو ئەمریکادا.

**ج. ئیسرائیل - فەڵەستین:** هەڵوێستی گۆڕاوی کتێبی سوور لە سەر ئیسرائیل، لەوانەش دەستنیشانکردنی وەک مەترسیی ستراتیجیو جینۆساید لە غەززە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا، ڕاستەوخۆ دەگۆڕێت بۆ گرژبوونی پەیوەندییە دیبلۆماسیو ئابوورییەکان، وەک سنووردارکردنو دواجار وەستانی بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە ساڵی (٢٠٢٤).

**هەشتەم: نوێکردنەوەی کتێبی سوور لە (٢٠٢٥)**

لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی مەترسییەکان لە ساڵانی (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، ئەنقەرە دەستی بە پێداچوونەوەیەکی گشتگیر کرد بۆ بەڵگەنامەی کتێبی سوور، کە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیدا لە کانوونی دووەمی (٢٠٢٤) و کانوونی یەکەمی (٢٠٢٥) کۆتاییهات،

تێیدا بە فەرمی بڕیاردرا وەشانی (٢٠٢٠) هەڵبوەشێنرێتەوەو وەشانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی (٢٠٢٥) پەسەندبکات(٢٩). دیارترین گۆڕانکارییەکانیش بریتی بوون لە:

١. خستنەڕووی زیرەکیی دەستکرد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی‌و فراوانکردنی چەمکی ئاسایش، بۆئەوەی ئابووری‌و وزەو کارەساتە سروشتییەکان بگرێتەوە. لە هەمان کاتدا جەخت لە بەردەوامیی شەڕی دژی تیرۆر (پەکەکە، یەپەگە، داعش‌و فەتۆ) دەکاتەوە.

٢. شەرعیەتدان بە قوڵایی ئەمنی لە باکووری سوریا: بەڵگەنامەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەر بۆشاییەکی ئەمنی لە باکووری سوریا دەکرێت لەلایەن پەیەدەوە ئیستیغلالبکرێت، ئەمەش پێویستی بە بەردەوامیی بوونی تورکیاو دانانی پشتێنی سەلامەتی دەبێت.

٣. عێراق – بەردەوامبوونی ئامادەیی سەربازی: بەڵگەنامەکە شەرعیەتی بوونی تورکیا لە باکووری عێراق بەهێزتردەکات، ئەمەش بە پاساوی بەدواداچوون بۆ پەناگەکانی پەکەکە لە چیای قەندیل‌و شەنگال.

٤. بەستنەوەی پرسی کورد بە پشتیوانیی دەرەکییەوە: بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە پشتیوانیی ڕۆژئاوا بۆ کورد هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە، ئەمەش شەرعیەتدەدات بە فشارەکانی تورکیا بۆ سەر هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی دژی کورد.

**ئەنجام**

کتێبی سووری تورکیا، یان بەڵگەنامەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی (MGSB)، بەڵگەنامەیەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە داینامیکیەتی دەسەڵات‌و دارشتنی سیاسەت لە تورکیادا. سەرەڕای سروشتی نهێنی‌و پێگەی نایاسایی، کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی‌و دەرەوەی وڵات هەیە.

**لە سەردەمی ئاکپارتی‌و ئەردۆغاندا، ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیی کتێبی سوور بە ڕوونی بەرەو سیاسەتی دەرەکی لە سەربنەمای ئیسلام‌و بوژانەوەی بەها عوسمانییەکان گۆڕا.**

ڕەگوریشەی بەڵگەنامەکە دەگەڕێتەوە بۆ کودەتا سەربازییەکان‌و ڕۆڵی سوپا وەک پارێزەری کەمالیزم. لە هەمان کاتدا میراتێکی دوورودرێژی کاریگەریی سوپا بە سەر دەسەڵاتی مەدەنیدا ئاشکرادەکات. لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)دا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەم کتێبەدا هاتووەتەئاراوە،

کە پاراستنی دەوڵەت لە دامەزراوەی سەربازیی کەمالیستییەوە گۆڕا بۆ سەرکردایەتییەکی مەدەنی بە ئاراستەیەکی ئیسلامی.

نهێنیی کتێبی سوور، لەگەڵ بەکارهێنانی مشتومڕاوی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکانی دەوڵەتو حکومەتو سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان، نیگەرانییەکی جددی لە بارەی شەفافیەتو لێپرسینەوەو سەروەریی یاساوە لە تورکیادا دروستکردووە. ئەم ناڕوونییە ستراتیجییە ڕێگە بە حکومەت دەدات بەبێ لێکۆڵینەوەی گشتی یان پەرلەمانی، یاسا دەربکات، ئەمەش هۆکارە بۆ پاشەکشەی دیموکراسی لە تورکیا.

## سەرچاوەکان

1. Nordic Monitor. (2022, March 23). Turkey's revised 'secret constitution' may have defined NATO and EU as a major threat. https://nordicmonitor.com/2022/03/turkeys-revised-secret-constitution-may-have-defined-nato-and-eu-as-a-major-threat/

2. Dayan, A. (2010, November 8). Tel Aviv Notes: The Red Book: The Bible of Turkish Foreign Policy. https://dayan.org/content/tel-aviv-notes-red-book-bible-turkish-foreign-policy

3.https://www.duvarenglish.com/constitutional-court-deems-anonymous-secret-testimony-sufficient-grounds-for-detention-news-60413?utm_source=chatgpt.com

4. Electronic Frontier Foundation. (2020, November 11). Turkey Doubles Down on Violations of Digital Privacy and Free Expression. https://www.eff.org/deeplinks/2020/11/turkey-doubles-down-violations-digital-privacy-and-free-expression

5.Wikipedia. (2025, April 17). National Security Council (Turkey).(https://en.wikipedia.org/wiki/National_Security_Council_(Turkey)

6.https://en.wikipedia.org/wiki/National_Security_Council_%28Turkey%29?utm_source=chatgpt.com

7.https://www.constituteproject.org/constitution/Turkey_2017?utm_source=chatgpt.com.

8.M. Heper & T. Tachau – "The State and Public Bureaucracies: A Comparative Perspective"

9.https://www.swp-berlin.org/10.18449/2023C55/?utm_source=chatgpt.com

10."nothing less than a silent revolution." (FT, 24 July 2003).

11.https://www.ispionline.it/en/publication/islamist-civilizational-politics-and-the-akp-turkeys-role-in-a-changing-muslim-world-203361?utm_source=chatgpt.com

12.https://humanrts.umn.edu/research/constitution-turkey.html?utm_source=chatgpt.com.

13.https://bianet.org/haber/constitutional-journey-of-turkiye-1921-1924-1961-1982-271318

14. Barkey, H. J. (2000) – "The Red Book and

Turkish National Security Policy"

15. Çınar & Arı (2017) – "The National Security Council and the Red Book in Turkish Politics

16. https://www.dailysabah.com/politics/2014/08/01/gulen-movement-goes-into-red-book-as-national-threat?utm_source=chatgpt.com

17. Hürriyet Daily News – "Turkey's Red Book to be revised" (2010, 2015)

18. Hürriyet Daily News (27 October 2010) – "Turkey's 'Red Book' redefines threats"

19. Al Jazeera (2015) – "Turkey adds social media to top threats list"

20. Freedom House – Freedom on the Net: Turkey (2015–2016 Reports)

21. The Institute for National Security Studies. (2010, November 8). Changes in the Turkish Threat Perception: Strategic Significance for Israel. https://www.inss.org.il/publication/changes-in-the-turkish-threat-perception-strategic-significance-for-israel/

22. Nordic Monitor. (2025, March 19). Erdogan govt gains sweeping authority over personal data with new law. https://nordicmonitor.com/2025/03/erdogan-govt-gains-sweeping-authority-over-personal-data-with-new-law/

23. Öniş, Ziya (2011) – "Multiple Faces of the 'New' Turkish Foreign Policy"

24.https://nordicmonitor.com/2022/03/turkeys-revised-secret-constitution-may-have-defined-nato-and-eu-as-a-major-threat/?utm_source=chatgpt.com

25.https://www.meforum.org/israel-to-be-listed-as-top-security-threat-in?utm_source=chatgpt.com

26.Hürriyet Daily News (2010) – "Turkey's Red Book to include new global threats"

27.Electronic Frontier Foundation. (2020, November 11). Turkey Doubles Down on Violations of Digital Privacy and Free Expression. https://www.eff.org/deeplinks/2020/11/turkey-doubles-down-violations-digital-privacy-and-free-expression

28.https://www.dailysabah.com/politics/turkiyes-top-secret-policy-document-red-book-gets-an-update/news?utm_source=chatgpt.com

29.USC Center on Public Diplomacy. (n.d.). The PD of Emerging Powers. (https://uscpublicdiplomacy.org/sites/uscpublicdiplomacy.org/files/useruploads/u35361/The%20PD%20of%20Emerging%20Powers.pdf)

* ئەم کودەتایە بە تانک لە شەقامەکاندا نەکرا، بەڵکو بە ڕێگەی یاداشتێکی سەربازی کە لەلایەن فەرماندەکانی سوپاوە بۆ حکومەت نێردراوە. ئەو یاداشتە حکومەتی ناچارکرد دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەمەش توانای سوپا بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی سیاسی دەردەخات، بەبێ ئەوەی پێویستبکات پەرلەمان بە تەواوی هەڵبوەشێنێتەوە.

. ئەم کودەتایە لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٩٧) لە دژی حکومەتەکەی نەجمەدین ئەرباکان ڕویدا. کودەتاکە کودەتایەکی سەربازیی تەقلیدی نەبوو، بەڵکو بە فشاری دامەزراوەیی‌و میدیایی‌و دادوەری کرا، کە دواجار بوو بە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت.

# قەدەکردنی شوناسی کورد لە تورکیا لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣_١٩٣٨)دا،لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی کۆماری تورکیا

بەشی چوارەم

د. سامان مستەفا ڕەشید

**پوختە**

ڕووخـانـی ئـیـمپراتـۆریـەتی عـوسـمـانـی لـە سـاڵی (١٩١٨)و دامـەزرانـدنـی کۆماری تورکیا لە ساڵی (١٩٢٣)دا گۆڕانێکی ڕیشەیی قووڵی لە سەر ئاستی کارگێڕی، سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتیو کولتووریی هێنایەکایەوە، گۆڕانێک کە بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری بنیاتی ئیداریو سیاسیو کولتووریی دێرینو درێژی عوسمانی. هەروەها گۆڕینی بنیاتی فرەکولتوورو فرەڕەنگو ڕەگەزی عوسمانی بۆ دەوڵەتێکی کۆماری تاک_شوناس. دەوڵەتێک، کە دروشمی باڵادەستیو زاڵیەتیی شوناسی تورکی بەرزکردبووەوە، نەک تەنها دەرفەتی بۆ خۆنیشاندانی ئازادانەی شوناسە جیاوازە ناتورکەکانی وەکو "کورد، ئەرمەن، لازو چەرکەس" نەهێشتبووەوە، بەڵکو کۆمارە نوێیەکە بە تەواوی توانای خۆیەوە دەستی بە جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرکوتکردنو تواندنەوەی هەموو ڕەگەزە ناتورکەکانی ناو کۆمارەکەی لە بۆتەی شوناسی تورکدا کرد. بە جۆرێک پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتی سەرکوتکردنو تواندنەوەیە تەنها لە سەر ئاستی سەرکوتکردنی جوڵانەوەو شۆڕشە کوردییەکانی "شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی دەرسیمو ئاگری" بە ئاگرو ئاسن قەتیسنەبوو، بەڵکو کەوتووەتە هەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی توندی فرەلایەنی قەدەغەکردنی هەر شتێک ئاماژە بێت بۆ بوونی کولتوورو شوناسێکی جیاواز لە شوناسی تورکی لە کۆماردا. یەکێک لەو ڕێگەیانە بریتی بووە لە قەدەغەکردنی هەموو بڵاوکراوەو بانگەشەیەک، کە ئاماژە بێت بۆ شوناسی کورد لە تورکیاو دەرەوەی ئەو وڵاتە.

لەم بابەتەدا قەدەغەکردنی شوناسی کورد لە تورکیا لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣-١٩٣٨) لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی کۆماری تورکیا خراوەتەڕوو.

**قەدەغەکردنی شوناسی کورد لە (١٩٢٣-١٩٣٨)**

پرۆسەی قەدەغەکردنی بڵاوکراوەو نوسراو دەربارەی کوردو کوردستان بەراورد بە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە ڕووی چەندیەتیو چۆنیەتیشەوە گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆیەوەدیوە. لەبەرئەوەی عوسمانی دەوڵەتێکی فرەکولتوور، زمانو ڕەگەز بووە، ئەو بەرهەمانەی لە سەردەمی عوسمانیدا سانسۆرکرابوونو لە بەشەکانی پێشوودا باسمانکردن(١)، زیاتر لەبەر هۆکاری ئایینیو سیاسی بووە نەک لەبەر هۆکاری ڕەگەزی، واتە لەبەرئەوە سانسۆرکرابوون، کە نوسینیان لە دژی تێگەیشتنی دینی باو یان دژی سیاسەتەکانی سوڵتانی عوسمانی تێدا بووە، نەک لەبەرئەوەی کە کوردنو هەڵگری شوناسێکی جیاوازیان لە شوناسی تورکییان هەیە، واتە تا ڕادەیەکی زۆر هێشتا فاکتەری ناسیۆنالیزم لە ئارادا نەبووە، بەڵام لە سەرەدەمی کۆماردا بابەتەکە تەواو گۆڕاوە بۆ پرسێکی ناسیۆنالیستیو لەوەیش زیاتر، بەرەو ڕەگەزپەرستیو تواندنەوەی ڕەگەزی کورد ڕۆیشتووە.

لە لایەکی دیکەوە کۆماری تورکیا پرسەکە دەکاتە پرسێکی یاساییو بە یاسا هەوڵی سەرکوتکردنی شوناسی کوردو قەدەغەکردنی هەر شتێک لە بارەی شوناسی کوردەوە دەدات، جا لە ناوخۆ یان دەرەوەی کۆمارەکە بڵاوبێتەوە.

**١. قەدەغەکردنی بەیاننامەیەک لە (٢٢)ی حوزەیرانی (١٩٢٥)**

ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە (٢٩)ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٣)و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە (٣)ی ئاداری (١٩٢٤)(٢)، هاوکات لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی دیکەدا، لەگەڵ بوونی کەموکورتیی زۆر لە دەستووری ساڵی (١٩٢١)دا، مستەفا کەمالی خستووەتەسەر ئەو باوەڕەی پێویستە دەستوورێکی نوێ بۆ کۆماری تورکیا بنووسریتەوەو تێیدا بە پێی پێشهاتە سیاسییە نوێیەکان فۆڕمو پەیکەری دەوڵەتی تورکیا دابڕێژرێتەوە.

دوای چەندان گفتوگۆو مشتومڕ لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانیی تورکیا (پەرلەمان)، دەستووری ناوبراو لە (٢٠)ی نیسانی (١٩٢٤) پەسەندکراوە. بە چەشنێک ئەم دەستوورە هەوڵی چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی دەستووری (٢٤) مادەییەکەی ساڵی (١٩٢١)ی داوە. لە پەسەندکردنی دەستووری (١٩٢٤)دا بۆ یەکەم جار

بنەمای زۆرینەی دوو لە سەر سێ پەیڕەوکراوە، پەرلەمانی تورکیا وەک تاکە نوێنەری نەتەوە، خاوەنی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردن ناسێنرا، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن سەرۆککۆمارو سەرۆکوەزیرانی دیاریکراوەوە بەکاردەهێنرا، هەندێک تایبەتمەندیی سیستەمی پەرلەمانییشی تێدا بووە. دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە دەستووردا بە جیا ڕێکخرابوون. دەستووری (١٩٢٤)، تەنها لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٤)ەوە تا (١٩٤٥) پێنج جار گۆڕانکاریی تێدا کراوە. زمانی دەستوور بە تەواوی بووە بە تورکیو ناوی (Teşkilatı Esasiye Kanunu) بۆ (Anayasa) گۆڕدراوە(٣).

دەستووری ساڵی (١٩٢٤)، بە ژمارە (٤٩١) لە ڕۆژنامەی فەرمیی کۆماری تورکیا لە ڕۆژی (١٩٢٤/٥/٢٦)ی زایینیدا بڵاوکراوەتەوە. دەستوورەکە لە شەش بەشی سەرەکی پێکهاتووەو بە کۆیگشتی (١٠٥) ماددەی سەرەکی لەخۆگرتووە. بەم جۆرە دابەشبووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ حوکمە گشتییەکان (Ahkâm-ı Umumiye)و لە ماددەی (١-٨) پێکهاتووە. بەشی دووەمی دەستوورەکە بۆ ئەرکەکانی یاسادانان (Vazife-i Teşriiye) تەرخانکراوەو ئەم بەشەیش لە ماددەی (٩-٣٠) پێکهاتووە. هەرچی بەشی سێیەمی دەستوورەکەیە، لە ماددەی (٣١-٥٢)ەوە پێکهاتووەو تەرخانکراوە بۆ ئەرکەکانی جێبەجێکردن (Vazife-i İcraiye). بەشی چوارەمی دەستوورەکەیش تەرخانکراوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن (Kuvve-i İcraiye)، لە ماددەی (٥٣-٦٧) پێکهاتووە. بەشی پێنجەمی دەستوورەکەیش تەرخانکراوە بۆ مافە گشتییەکانی تورکەکان (Türklerin Hukuku Ammesi)، لە ماددەی (٦٨-٨٨) پێکهاتووە. کۆتا بەشی دەستوورەکەیش ناوی ماددە جۆراوجۆرەکانی (Mevadd-ı Müteferrika)ی لێنراوە، لە مادەی (٦٩-١٠٥) پێکهاتووە(٤).


بە وردبوونەوە لە ماددەکانی دەستووری ساڵی (١٩٢٤)ی کۆماری تورکیا، دەردەکەوێت دەستوورەکە نەک هەر شوناسو زمانی کوردیی وەک ڕەگەزێکی پێکهێنەری بنیاتی ئیتنیکیو کۆمەڵایەتیی ناو سنووری کۆماری تورکیا نەناساندووە، بەڵکو بە تەواوەتی خۆی بواردووە لەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسی شوناسی نەتەوە ناتورکەکانی ناو کۆمارەکە بکات. لەوەیش زیاتر، لە ماددەی دووەمدا هاتووە (ئایینی فەرمیی دەوڵەتی تورکیا ئایینی ئیسلامە، زمانی تورکی زمانی فەرمیی دەوڵەتی تورکیایەو شاری ئەنقەرەیش بارەگای دەوڵەتەکەیە) (٥). بەم ماددەیەیش زمانی تورکیی بە زمانی فەرمیی کۆماری تورکیا ناساندووەو نکوڵیی لە بوونی شوناسو زمانو نەتەوەی جیاوازی جگە لە تورک لە

چوارچێوەی کۆمارە نوێیەکەدا کردووە. لەوەیش زیاتر، لە ماددەی (١١)، کە تایبەتە بە مەرجەکانی خۆپاڵاوتن بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان، بەم شێوە هاتووە: "هەر کوڕە تورکێک سی ساڵی پڕکردبێتەوە، مافی ئەوەی هەیە خۆی بۆ نوێنەرایەتی (مبعوث) بپاڵێوێت"(٦). لێرەدا لە بریی بەکارهێنانی چەمکی "هاوڵاتیی کۆماری تورکیا"، چەمکی "هەر تورکێک"ی بەکارهێناوە، واتە تورکبوون جێگەی هاوڵاتیبوون دەگرێتەوە. ئەمەیش بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ناساندنی کۆماری تورکیای نوێ وەک کۆمارێکی تاک_شوناس و تاک_زمان.

**ڕووخانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، بوو بە هۆی گۆڕینی بنیاتی فرەکولتوورو فرەڕەنگ و ڕەگەزی عوسمانی بۆ دەوڵەتێکی کۆماری تاک_شوناس.**

کۆمارە نوێیەکەی تورکیا هەر بە نکوڵیکردنی شوناسی ناتورکیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناو کۆمارەکەی نەوەستاوەتەوە، بەڵکو کەوتووەتە هەوڵی کپکردن و قەدەغەکردنی شوناسەکانی دیکە. لەو چوارچێوەیەشدا شوناسی کوردی لە کۆماری تورکیا توشی شاڵاوێکی بەرفراوانی سەرکوتکردن و سانسۆرکردن بووەتەوە.

بە پێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی کۆماری تورکیا، کە فەرمانێکی نهێنیی سەرۆکایەتیی کۆمارە، بە ژمارە (٢١٦١) واژۆی مستەفا کەمال و سەرۆکوەزیران و وەزیرەکانی کابینەی حکومەتەکەی لە سەرە، بە پێی فەرمانەکە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٢)ی حوزەیرانی (١٩٢٥)ی کابینەی حکومەتی تورکیا، کە بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال بەستراوە، بڕیاردراوە بە سانسۆرکردن و قەدەغەکردنی هێنانەناوەی ئەو بەیاننامەیەی لەلایەن لاتین-کۆمیتەی یەکێتیی ئیسلام (لاتین- اسلام اتحاد قومیتەسی)ییەوە لە جەزائیرەوە بۆ هەندێک لە بازرگانانی ئەرزڕۆم لە تورکیا نێردراوە. لە بەیاننامەکەدا داواکراوە ڕێگە بە خوێنڕشتن و شەڕکردن لەگەڵ کوردەکاندا نەدرێت. دەوڵەتی تورکیا لە فەرمانەکەدا ئاماژەیان بەوە کردووە لەبەرئەوەی ئەو بابەتانە بە تێکدەری ئەمن و ئاسایشی مەملەکەت و دژی بنەماکانی یاسای (تقریری سکونت)ە، بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو بەیاننامەیە دراوە(٧). جێی ئاماژەبۆکردنە، زۆر گەڕاین بە دوای ئەوەی بزانین ئەو کۆمیتەیە کەی دامەزراوە، ئەندامەکانی کێ بوون؟ چ جۆرە چالاکییەکی دیکەیان کردووە؟ سەرەڕای هەوڵێکی زۆر بەڵام هیچ زانیارییەکمان لەو بارەیەوە دەستنەکەوت.


GİZLİLİĞİ 20/06/1994 tarih ve 03371 sayılı Onayla KALDIRILDI


2161

| 030 | 18 | 01 | 01 | 019 | 91 | 13 |
|---|---|---|---|---|---|---|

**بەڵگەی :(١ بڕیاری قەدەغەکردنی بەیاننامەی "لاتین-کۆمیتەی ئیتیحادی ئیسلام"، کە لە جەزائیرەوە بۆ هەندێک بازرگانو خەڵکی ئەرزڕۆم نێردراوە)**

## ٢. قەدەغەکردنی (غنچە بهارستان)ی حسێن حوزنی موکریانی لە (١٩٢٥)


یەکێکی دیکە لەو کتێبە کوردییانەی لەلایەن کۆماری تورکیاوە قەدەغەکراوەو بڕیاردراوە ڕێگریلێبکرێتو نەهێڵرێت ببرێتەناو خاکی تورکیاوە، کتێبی (غنچە بهارستان)ی حسێن حوزنی موکریانی بووە، کە لە ساڵی (١٩٢٥) لە چاپخانەی (عصر الجدید) لە حەڵەب چاپکراوە.




**وێنەی :(١ بەرگی کتێبی (غنچە بهارستان)ی حسێن حوزنی موکریانی**

بە پێی فەرمانێکی نهێنی، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٥)ی ئابی (١٩٢٥)دا کابینەی حکومەتی کۆماری تورکیا، بە ئامادەبوونی سەرۆککۆمار؛ مستەفا کەماڵو سەرۆکوەزیرانو هەموو وەزیرەکانی حکومەت، بە بڕیاری ژمارە (٣٢٠٢)، کە واژۆی مستەفا کەماڵو عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیرانو وەزیرەکانی حکومەتی لە سەرە، بڕیاری قەدەغەکردنی پەرتووکی ( غنچە بهارستان)ی حسێن حوزنی موکریانی دراوە. هەر لە بڕیارەکەدا هاتووە: "کتێبی کوردیی غونچەی بەهار(٨) کە کوردێک بە ناوی سەید حسێن حوزنی ئەلحوسەینی بە مەبەستی

پڕوپاگەندە نووسیویەتی، لەلایەن والیی ناپاکی پیشووی ویلایەتی قەستەمونی، کە ناوی (دانشمند سامی)یە لە شامو بە نهێنی چاپکراوە، دەرکەوتووە لە حەڵەبەوە بۆ هێنانی بۆ ناو سنوورەکانمانو دابەشکردنی نێردراوە. بە گوێرەی ماددەی تایبەتمەندی یاسای چاپەمەنییەکانو لە سەر داوای وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێکەوتی (٥)ی ئابی (١٩٢٥)، بەرمەبنای پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمنیەت، بە نوسراوی ژمارە (٣٧٠٦/١١٣٤٥/٨٥٠٦)، لە کۆبوونەوەی (٥)ی ئابی (١٩٢٥) دا، بڕیاری قەدەغەکردنو ڕێگریکردن لە هێنانەناوەوەی بۆ ناو خاکی تورکیا دراوە"(٩).



T.C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

| 030 | 18 | 01 | 01 | 014 | 48 | 14 |
|---|---|---|---|---|---|---|

بەڵگەی(٢) : بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبی (غنچە بهارستان)ی حسێن حوزنی موکریانی

**٣. قەدەغەکردنی گۆڤاری (La questiyon kurde) لە (١٩٣١)دا(١٠)**

یەکێکی دیکە لەو بڵاوکراوانەی لەلایەن کۆماری تورکیاوە قەدەغەکراوە، گۆڤاری (La questiyon kurde) بووە، کە کۆمەڵەی خۆیبوونەوە بە زمانی فەرەنسی چەند ژمارەیەکیان لێچاپو بڵاوکردووەتەوە. تێیدا پرسی کوردیان بۆ ڕایگشتیی جیهان خستووەتەڕوو. گۆڤارەکە بە بڕیارێکی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا، بە ژمارە (١١.٣٧) قەدەغەکراوە. لە بڕیارەکەدا هاتووە: گۆڤاری (La questiyon kurde) کە لەلایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە بە زمانی فەرەنسی لە قاهیرە بە مەبەستی پڕوپاگەندە بۆ کوردایەتی بڵاودەکرێتەوە، بەو پێیەی ناوەڕۆکێکی زیانبەخشی هەیە، لە سەر ڕاسپاردەی وەکالەتی ناوخۆ (وەزارەتی ناوخۆ)، لە ڕێکەوتی (١٩٣١/٥/١٢)، بە نوسراوی ژمارە (١٨٨٤/٨٣)، لە کۆبوونەوەی کابینەی حکومەت بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال، بڕیاری قەدەغەکردنو ڕێگریکردن لە هاتنەناوەی ئەو کتێبە بۆ ناو تورکیا دراوە(١١).





وێنەی (٢): وێنەی بەرگی ژمارە (٦)ی گۆڤارەکە

### ٤. قەدەغەکردنی گۆڤاری "هاوار" لە ساڵی (١٩٣٢)

یەکێکی دیکە لەو بڵاوکراوە کوردییانەی بە بڕیاری سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا قەدەغەکراوە، گۆڤاری "هاوار" بووە. گۆڤارێکی ئەدەبی کوردیی بووە، گرنگیو بایەخێکی زۆری بە زمانو ئەدەبی کوردی داوە. گۆڤارەکە لەلایەن جەلادەت عالی بەدرخانەوە دامەزرێنراوە، یەکەمین ژمارەی لە (١٥)ی ئایاری (١٩٣٢) لە "چاپخانەی ترەقی" لە دیمەشق چاپکراوە. گۆڤارەکە بە هەردوو ئەلفوبێی لاتینیو ئەلفوبێی ئارامی چاپکراوە. گۆڤاری هاوار لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٢-١٩٤٣)دا، بە کۆیگشتی (٥٧) ژمارەی لێدەرچووە. یەکەمین (٢٣) ژمارەی هەم بە ئەلفوبێی لاتینیو هەمیش بە ئەلفوبێی ئارامی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ژمارە (٢٤)ەوە هەموو ژمارەکانی دیکەی بە تەنها بە ئەلفوبێی لاتینی بڵاوکراوەتەوە. لە دیارترین نووسەرەکانی گۆڤارەکە "جەلادەت بەدرخان، جگەرخوێن، نورەدین زازا، قەدری جان، کامەران بەدرخانو ئوسمان سەبری...هتد" بووە(١٢).


بە پێی بڕیارێکی کۆماری تورکیا، کە بە ژمارە (١٢٩٣٦)، لە رێکەوتی (١٩٣٢/٥/٣٠) دەرچووە، لە نوسراوەکەدا هاتووە(١٣): رۆژنامەی هاوار (Havar)؛ ئۆرگانی کۆمەڵەی خۆییبوون، کە لە شام دەردەچێت، لەبەرئەوەی بڵاوکراوەیەکی زیانبەخشە، هێنانی بۆ ناو تورکیا قەدەغەکراوە، ئەوەیش بەرمەبنای نوسراوی ژمارە (٤٥٨٦/٢٤II)، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لە (١٩٣٢/٥/٢٥) ئاراستەکراوەو بڕیاری قەدەغەکردنەکەی لە (١٩٣٢/٥/٣٠) لەلایەن کابینەی حکومەتەوە پەسەندکراوە(١٤).




وێنەی :(٣)بەرگی ژمارە یەکی گۆڤاری هاوار

### ٥. قەدەغەکردنی چوار کتێبی مێژوویی کورد بە یەک بڕیار لە ساڵی (١٩٣٤)

دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر بە وردی کەوتبوونە شوێنپێهەڵگرتنی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵەی خۆییبوون لە شام، هەموو جوڵەو چالاکییە کولتووریو سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵەیان بە مەترسی لە سەر کۆمارە نوێیەکەیان زانیوە، لەبەرئەوە هەوڵیانداوە بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە هاتنەناوەوەی بڵاوکراوەو چالاکییەکانی کۆمەڵەکە بۆ ناو قەڵەمڕەویی کۆمارەکەیان بکەن. لەو چوارچێوەیەداو بە تەنها بڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتیی مامەڵەکان لە سەرۆکایەتیی وەزیران لە کۆماری تورکیا، کە واژۆی مستەفا کەمال ئەتاتورکی سەرۆککۆمار، عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیرانو وەزیرەکانی لە سەرە، بە ژمارەی (٢/١٠٩٦)و بە کۆی دەنگو لە دانیشتنی ڕۆژی (١)ی ئابی (١٩٣٤)، بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبەکانی "کوردەکان لە بەرانبەر لێخۆشبوونی گشتیی تورکدا، نوسراوێک بۆ سەرۆککۆماری تورکیا ڕێزدار غازی مستەفا کەمال، پرسی کورد لە دیدی دەرەکییەوە (بیانییەوە)، (القضية الكردية)" دراوە(١٥). وەکو لە بڕیارەکەدا هاتووە، قەدەغەکردنی ئەم چوار کتێبە بە هۆکاری ئەوە بووە، کە دژی دەوڵەتی تورکیا نوسینی زیانبەخشی تێدا بووە. قەدەغەکردنەکەیش لە سەر ڕاسپاردەو نوسراوی ژمارە (٧٠٦٧)ی وەزارەتی ناوخۆ بووە، کە لە ڕێکەوتی (٢٩)ی تەمموزی (١٩٣٤) ئاڕاستەکراوە(١٦).


T. C.
BAŞVEKÂLET
Kararlar Müdürlüğü
Sayı: 2/1096

T. C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

KARARNAME


Suriyedeki Kürt Hoybon Cemiyeti tarafından (Türk Affı Umumisi karşısında Kürtler, Türkiye Reisicümhur Gazi Mustafa Kemal Hazretlerine mektup, Bir Ecnebi noktai nazarına göre Kürt meselesi) ve kısmen resimli, Arap dili üzerine yazılmış (Elkaziyetülkürdiye) adlı dört kitabın, Hükûmetimiz aleyhinde zararlı yazıları ihtiva eylemesine binaen gerek Türkçe ve gerek başka dillerle yazılmış ve yazılacak olanlarının Türkiyeye sokulmasının yasak edilmesi; Dahiliye Vekilliğinin 29/7/934 tarih ve 7067 sayılı tezkeresi üzerine İcra Vekilleri Heyetince 1/8/934 te tasvip ve kabul olunmuştur.


1/8/934 REISICUMHUR
Gazi M. Kemal


Bş. V. Ad. V. M. M. V. Da. V.
Ha. V. Ma. V. Mf. V. Na. V.
İk. V. S. I. M. V. G. I. V. Zr. V.

030 18 01 02 | 47 | 54 | 16

بەڵگەی :(٣)بڕیاری قەدەغەکردنی چوار کتێبی مێژوویی کورد


النشرة الثامنـــة
لجمعية خويبون الوطنية الـكردية
الـــــكرد
ازاء العفو العام التركى
ســنة ١٩٣٣



مكتوب




وێنەی :(٤بەرگی (٣) لەوکتێبانەی قەدەغکراون

**٦. قەدەغەکردنی کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە مەسەلەی کورد"ی ڕەفیق حیلمی**

هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ قەدەغەکردنی مێژوو و شوناسی کورد، بە پێی نوسراوی ژمارە (٢/٢٧١٥)، لە ڕێکەوتی (١٩٣٥/٦/٥)، حکومەتی تورکیا لە سەر ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆو بە گوێرەی ماددەی (٥١)ی یاسای چاپەمەنییەکان، بە واژۆی سەرۆککۆمار؛ مستەفا کەمال، عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیران و وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەت، بڕیاری یاساغکردنی کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە مەسەلەی کورد (Kürt meselesi safahatından) دراوە، کە لە عێراقدا لەلایەن ڕەفیق حیلمییەوە نووسراوەو لە بڕیارەکەدا هاتووە: نابێت ڕێگەبدرێت ئەم کتێبە لە ناو خاکی تورکیادا بڵاوبکرێتەوە. سەبارەت بە هۆکاری قەدەغەکردنی ئەم کتێبە لە بڕیارەکەدا هاتووە: بە هۆی ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە ئەم کتێبە نوسینی زیانبەخشی لە دژی دەوڵەتەکەمان تێدایە، بۆیە بە پێی ماددەی (٥١)ی یاسای چاپەمەنییەکان بڕیاری قەدەغەکردنی دراوە(١٧).


T. C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

T. C.
BAŞVEKÂLET
MUAMELÂT MÜDÜRLÜĞÜ
Şube :
Sayı : 2
2715

KARARNAME

Irakta Refik Hilmi tarafından yazılan ve Dahiliye Vekilliğince toplattırılmış olan " Kürt meselesi safahatından " adındaki x kitabın , memleketimiz aleyhinde zararlı yazıları taşıdığı anlaşıldığından , Matbuat kanununun 5I inci maddesine göre , Türkiyeye sokulmasının yasak edilmesi , Dahiliye Vekilliğinin 30/5/935 tarih ve 485 sayılı tezkeresile yapılan teklifi üzerine İcra Vekilleri Heyetince 5/6/935 te onanmıştır .

5/6/935

REİSİCUMHUR
K. Atatürk


Bş. V. İ. İnönü
Ad. V. Ş. Saraçoğlu
M. M. V. K. Özalp
Da. V. Ş. Kaya

Ha. V. T. R. Aras
Ma. V. F. Ağralı
Mf. V. B. Özgüney
Na. V. A. Çetinkaya

İk. V. C. Bayar
S. İ. M. V. Dr. R. Saydam
G. İ. V. Rana Tarhan
Zr. V. Muhlis Erkmen

030 . 18 . 01 . 02 . 55 . 46 . 11

بەڵگەی  :(٤بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبەکەی ڕەفیق حیلمی




وێنەی :(٥بەرگی کتێبەکەی ڕەفیق حیلمی

**٧. قەدەغەکردنی دوو کتێبی نوسەری کورد؛ حیلمی یەڵدرم**

موشلو حیلمی یەڵدرم یان شەعبانزادە حیلمی یەڵدرم، کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی کوردی باکووری کوردستان بووە. خەڵکی گوندی (Geliyê Aliya)ی سەر بە موش بووە. حیلمی یەڵدرم کوڕی فەقێ یوسفی بووە. ئەگەرچی بە ڕوونی ساڵی لە دایکبوونی نازانرێت، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵگری فەڕەنسا لە ساڵی (١٩٣٦)دا حیلمی یەڵدرم تەمەنی (٣٠) ساڵ بووە. لە موش دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر چووەتە فێرگەی سەربازی لە ئەستەنبوڵ، لەوێ لە بەشی (Elektro-Mekanik) خوێندوویەتی. لە ساڵی (١٩٣٣) وازی لە فێرگە هێناوەو ماوەیەک وەکو تەکنیککار لە سوپا کاریکردووە. ئەو کاتەی لە سوپا کاریکردووە، بە هۆی ئەوەی گومانی کوردایەتی لێکراوە، دۆسیەی لێپێچینەوەی لە بارەوە کراوەتەوە، بەو هۆیەوە ناچارکراوە بۆ سوریا هەڵبێت. لە سوریا لەگەڵ ڕووناکبیرانی کورددا دەستی بە چالاکی سیاسی کردووە. لەوێ هەردوو کتێبی دەنگێک لە کوردستانەوە (Une veox Kurdistan) و شارستانیەتی تورکەکان لە کوردستان لە سەدەی بیستەمدا (Kürdistan’da ٢٠. Yüzyıl’da Türklerin Medeniyeti)، یەکەمیانی بە زمانی فەڕەنسیو دووەمیانی بە زمانی تورکی نووسیوەو بە خۆڕایی دابەشیکردووە. بڵاوکراوەکانی بووە به بەشێک لە پروپاگەندەی کوردایەتی لە سوریا. بەو هۆیەوە بڵاوکراوەکانی لەلایەن کونسوڵیەی تورکیا لە بەیروتی پایتەختی لوبنان قەدەغەکراوە. لەوەیش زیاتر، دەزگای هەواڵگری فەڕەنسایش لە سوریا بۆ بێئەرزشکردنی حیلمی یەڵدرمو هەوڵەکانی، دەستی بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە کردووەو ناوبراوی بە "گومانلێکراو"و "سیخوڕی تورک" تۆمەتبارکردووە. حیلمی یەڵدرمو چەند کەسێکی دیکە لە سەروبەندی شۆڕشی دەرسیمو بە مەبەستی کۆمەکو بەهاناوەچوونی بەرەنگاریی ساسۆن، بڕیاردەدەن لە ساڵی (١٩٣٧) لە سوریا بپەڕنەوە بۆ تورکیا، دوای نۆ ڕۆژ بە پێ ڕۆیشتن، لە ناوچەی "بیسمیل" لە نزیک دیاربەکر ئاشکرادەبن. ئەم چەند کەسە لە ناو خەلەو دەغڵو کێڵگەی گەنمدا دوو ڕۆژ خۆیان حەشاردەدەنو بەرەنگاردەبنەوە. دوای ئەوەی سەرکردەی ئۆپەراسیۆنەکە (ڕائید حەمدی) دەزانێت ناتوانن پێشڕەویبکەن، بڕیاردەدات، کە ئاگر لە کێڵگەی گەنمەکە بەربدەنو بەرگریکاران بە زیندوویەتی دەسوتێنو گیانلەدەستدەدەن. ئەم ڕوداوە بووەتە بەسەرهاتی بەیتبێژانی ناوچەکە، لە نێو ئەو بەرگریکارانەدا تەنها سەڵاحەددین ناوێک دەربازی دەبێت، ئەویش لەلایەن ناپاکەکانەوە دەسترێژی گولەی لێدەکرێتو دەکوژرێت(١٨). جێی ئاماژەبۆکردنە، توێژەری لاو؛ سەدات


ئولوگانا (Sedat Ulugana) کتێبێکی بە ناونیشانی موشلو حیلمی یەڵدرم، ئەو گیانبەختکارە (فیدایییە)ی کوردستان کە لە کاتی چوونی بۆ یارمەتیدانی سەید ڕەزا سووتێنرا (Seyit Rıza'ya Yardıma Giderken Yakılan Kürdistan Fedaisi Muşlu Hilmi Yıldırım) نووسیوەو لە خانەی چاپو پەخشی دارا لە دیاربەکر لە ساڵی (٢٠١٩) بڵاویکردووەتەوە. دواتر لە چاپی دووەمی کتێبەکە، کە نووسراوە پوختەکراوو فراوانترکراو، ناونیشانی کتێبەکەی بۆ موشلو حیلمی یەڵدرم ئەو گیانبەختکارە (فیدایییە)ی کوردستان کە لە کاتی چوونی بۆ کۆمەککردنی دەرسیم سووتێنرا (Dersim'in İmdadına Giderken Yakılan "Kürdistan Fedaisi" Muşlu Hilmi Yıldırım) گۆڕیوە(١٩).

سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا بە واژۆی مستەفا کەمالی سەرۆککۆمار، عیسمەت ئینۆنۆو وەزیرەکانی کابینەی دەوڵەت، هەردوو کتێبەکەی حیلمی یەڵدرمی قەدەغەکردووە. بە چەشنێک لە دانیشتنی ڕۆژی (٢)ی (٦)ی (١٩٣٦) دا بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبێکی حیلمی یەڵدرمی خەڵکی موش بە ناوی دەنگێک لە کوردستانەوە (Une veox Kurdistan) دراوە، کە بە زمانی فەرەنسی لە شام دەریکردووە. لە بڕیارەکەدا هاتووە: کتێبەکە بە پێی ماددەی (٥١)ی یاسای چاپەمەنییەکانو لە سەر ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆ، بە نوسراوی ژمارە (٧٣٦)ی ڕۆژی (٢٩)ی ئایاری (١٩٣٦) قەدەغەکراوەو بڕیاردراوە ئەو کۆپییانەی کتێبەکە کە بڵاوکراونەتەوە، کۆبکرێنەوە(٢٠).

**ئەو بەرهەمانەی لە سەردەمی عوسمانیدا قەدەغەکرابوون، زیاتر لە بەرهۆکاریی ئایینیو سیاسی بووە، نەک لەبەرهۆکاریی ڕەگەزیو کوردبوون.**

لە بڕیارێکی دیکەی حکومەتی کۆماری تورکیادا، کە بە ژمارەی (٢/٥٢٨٢)، لە (٤) ئەیلوولی (١٩٣٦) دەرچووەو واژووی مستەفا کەمالی سەرۆککۆمار، عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیرانو وەزیرەکانی کابینەی حکومەتی ئەو کاتی تورکیای لە سەرە، هاتووە: لە سەر ڕاسپاردەی وەزارەتی ناوخۆ، بە نوسراوی ژمارە (١٣٨٢) لە (١)ی ئەیلوولی (١٩٣٦) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی حکومەت کراوەو بە پێی ماددەی (٥١) لە یاسای چاپەمەنییەکان، لە دانیشتنی ڕۆژی (٤)ی ئەیلوولی (١٩٣٦)دا بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبی شارستانییەتی تورکەکان لە کوردستان لە سەدەی بیستەمدا (Yüzyıl'da .٢٠ Kürdistanda Türklerin Medeniyeti) دراوە، کە لەلایەن حیلمی یەڵدرمی خەڵکی موشەوە

لـە شـام دەرکـــراوە، بـڕیـاردراوە ڕێگـە نەدرێت کتێبەکە بێتە ناو خاکی تورکیاوە، چونکە دەرکەوتووە نوسینی زیانبەخشی تێدایە(٢١). هەرچەندە توێژەر هەوڵی زۆری داوە بۆ دەستکەوتنی نوسخەی ئەو کتێبانەی حیلمی یەڵدرم، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان بێئاکام بوون!


T. C.
BAŞVEKÂLET
KARARLAR MÜDÜRLÜĞÜ
Karar sayısı
2/4727

Kararname

T. C. BAŞBAKANLIK ...URİYET ARŞİVİ

Muğlu Kürd Hilmi Yıldırım tarafından yazılıp Şam'da çıkarılan "Une Voix de Kürdistan" adındaki kitabın, Matbuat Kanununun 51 inci maddesi hükmüne göre memlekete sokulmasının ve satışının yasak edilmesi ve mevcutlarının toplattırılması; Dahiliye Vekilliğinin 29/5/936 tarih ve 736 sayılı tezkeresile yapılan teklifi üzerine İcra Vekilleri Heyetince 2/6/936 da onanmıştır.

2/6/936

REISICUMHUR
K. Atatürk

Bş. V. — Ad. V. — M. M. V. — Da. V
Ha. V. — Ma. V. — Mf. V. — Na. V.
İk. V. — S. İ. M. V. — G. İ. V. — Zr. V.

030 18 01 02 65 46 12

بەڵگەی :(٥بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبی دەنگێک لە کوردستانەوەی حیلمی یەڵدرم

## ٨. قـەدەغـەکـردنی ڕۆمـانـی هـەڵـۆی کـوردسـتـان (Der Adler Von Kurdistan)ی کامەران بەدرخان لە (١٩٣٨)

یەکێکی دیکە لەو بڵاوکراوانەی لەلایەن کۆماری تورکیاوە بە بڕیاری فەرمی قەدەغەکراوەو بڕیاردراوە ڕێگەنەدرێت ببرێتەناو سنووری وڵاتەکەوە، ڕۆمانی هەڵۆی کوردستان (Der Adler Von Kurdistan)ی میر کامەران عەلی بەدرخانو هەربەرت ئورتێلی ئەڵمانی بووە. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا ڕۆمانێکە،

لەلایەن کامەران عەلی بەدرخانو هەربەرت ئورتێلەوە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوەو لە ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە. ڕۆمانەکە لە بارەی قارەمانیەتیو نەبەردیی یادۆ/ یادین مەحموود عەباس (Yado / Yadin Mehmud Ebas)ی سەرکردەی سەربازیی کوردەوە بووە، کە سەرپەرشتیکردنی بەرەی "خەرپوت، مەزرە، ئیلازیغو پالۆ"ی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی لە ئەستۆدا بووە. یادۆ پاشا، لەو سەردەمەدا بە جۆرێک قارەمان بووەو ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە، کوردەکان لە بەرانبەر ئەوەی تورکەکان گوتوویانە: بژی کەمال پاشا (Yaşa Kemal Paşa)، ئەمان گوتوویانە: بژی یادۆ پاشا (Yaşa Yado Paşa)! لە ڕۆمانەکەدا یادۆ وەکو سیمبوڵی جەربەزەیی، ئازایەتی، قارەمانیەتیو باوەڕبەخۆبوون لە مێژووی بەرەنگاریی کورددا باسکراوە. کتێبەکە بە شێوەی ڕۆمان باسی لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد کردووە(٢٢). ئەم ڕۆمانە لەلایەن ئیلهامی یازگان (İlhami Yazgan)ەوە لە ئەڵمانییەوە کراوە بە تورکیو لەلایەن وەشانخانەی ئاڤێستاوە لە ئەستەنبوڵ، لە ساڵی (٢٠١٤) چاپی یەکەمی لە دووتوێی (١٦٨) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە(٢٣).


بە پێی بڕیارێکی کۆماری تورکیا، بە ژمارە (٢/٩٩٨٣)، لە (١٩٣٨/١٢/٣) دەرچووەو واژۆی عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆککۆماری ئەو کاتە، جەلال بایاری سەرۆکوەزیرانو وەزیرەکانی کابینەکەی لە سەرە، تێیدا هاتووە: کتێبی هەڵۆی کوردستان (Der Adler Von Kurdistan)، کە لە ئەڵمانیا بە زمانی ئەڵمانی لەلایەن میر کامەران عەلی بەدرخانو (Herber Oertel)ەوە نووسراوە، لەبەرئەوەی کتێبەکە نوسینی زیانبەخشی تێدایە، بە گوێرەی ماددەی (٥١)ی یاسای چاپەمەنییەکان، هێنانی بۆ تورکیاو فرۆشتنی قەدەغەکراوە. ئەم بڕیارەش بەرمەبنای نوسراوی وەزیری ناوخۆ لە ڕێکەوتی (١٩٣٨/١٢/١)، بە نوسراوی ژمارە (٤٩٤٠/ ٣٣/ A/ II)، لە (١٩٣٨/١٢/٣)دا لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری قەدەغەکردنەکەی پەسەندکراوە(٢٤).

**بە وردبوونەوە لە ماددەکانی دەستووری (١٩٢٤)ی تورکیا دەردەکەوێت، دەستوورەکە نەک هەر شوناس و زمانی کوردی وەک ڕەگەزێکی پێکهێنەری بنیاتی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکە نەناساندووە، بەڵکو بە تەواوەتی خۆی بواردووە لەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسی شوناسی نەتەوە ناتورکەکانی ناو کۆمارەکە بکات.**





**وێنەی (٤): یادۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە**



T. C.
BAŞVEKÂLET
KARARLAR DAİRESİ MÜDÜRLÜĞÜ
Karar sayısı
2
9983

Kararname

T. C.
BAŞBAKANLIK
CUMHURİYET ARŞİVİ

Almanyada Almanca olarak " Der Adler Von Kurdistan" adile neşredilen ve Prens Kâmuran Ali Bedir-Khan ve Herber Oertel taraflarından yazılmış olan kitabın zararlı yazıları taşıdığı anlaşıldığından matbuat kanununun muaddel 5I inci maddesine tevfikan Türkiyeyc sokulmasının ve satışının yasak edilmesi; Dahiliye Vekilliğinin I/I2/938 tarih ve 4940/33/A/II sayılı tezkeresi üzerine İcra Vekilleri Heyetince 3/I2/I938 tarihinde onanmıştır.

3/I2/938

REİSİCUMHUR


Bş. V. Ad. V. M. M. V. Da. V.

Ha. V. Ma. V. Mf. V. Na. V.

İk. V. S. İ. M. V. G. İ. V. Zr. V.

18 85 101 14

**بەڵگەی :(٦ بڕیاری قەدەغەکردنی ڕۆمانەکەی کامەران بەدرخان**




**وێنەی :(٦بەرگی وەرگێڕاوی تورکی ڕۆمانی هەڵۆی کوردستان، کە لەلایەن وەشانخانەی ئاڤێستاوە چاپو بڵاوکراوەتەوە**

## سەرچاوەکان

١. لە سێ ژمارەی پێشووی وەرزنامەی تورکیاناسی بابەتەکان بڵاوکراونەتەوە.
2. 1924 Teşkilat-I Esasiye Kanunu Genel Bilgiler, https://www.tbmm.gov.tr/anayasa/yirmi-dort-teskilati-esasiye-kanunu.
3. 1924 Teşkilat-I Esasiye Kanunu Genel Bilgiler, https://www.tbmm.gov.tr/anayasa/yirmi-dort-teskilati-esasiye-kanunu.
٤ رسمی جریده، تورکیه جمهوریتنک رسمی غزتەسیدر، جمعه ایرتسی، (٢١) شوال (٢٤/١٣٤٢) مایس (١٣٤٠)، نومرو: (٧١)، سنه: (٢)، صحیفه (٤-٧).
٥. مادەی (٢) لە دەستووری (١٩٢٤)، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل(٤).
٦.هەمان سەرچاوە.
7.BCA. 30.18. 01.01/ KALEM-İ MAHSUS MÜDÜRİYETİ/ 014. 41.13
٨جێی ئاماژەبۆکردنە، لە بڕیارەکەی کۆماری تورکیادا ناوی کتێبەکە بە (غنجه بهار) نووسراوە.
9.BCA. 30-18-1-1 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1920-1928)/ 14 - 48 – 14.
١٠.لەبەڵگەنامەکەدا بە (مجموعه) هاتووە، کە بە واتای گۆڤارە.
11.BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- )/ 19 - 30 –
12.AbidinParilti,HawarDergisiBirHazinedir:https://web.archive.org/web/20170226092225/http://www.radikal.com.tr/kitap/hawar-dergisi-bir-hazinedir-951728/
١٣.جێی ئاماژەبۆکردنە، لە بڕیارەکەدا نووسراوە ڕۆژنامەی هاوار (Havar gazetesi). ئەمە لە کاتێکدایە، هاوار گۆڤارە نەک ڕۆژنامە!
14.BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- )/ 29 - 43 –
١٥-هەرچەندە کتێبی کۆتایی بە عەرەبی بووە، بەڵام لەبەرئەوەی ناونیشانو ناوەڕۆکەکەی پەیوەندیدار بووە بە کوردەوە، وەک کتێبێکی کوردی قەدەغەکراوە. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە تەنها لە سەر زمانی کوردی نا، بەڵکو لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان دەربارەی کورد بوون، قەدەغەکراون.
16. BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ). 47 - 54 –
17.BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR DAİRE BAŞKANLIĞI (1928- ) 55 - 46 –
18.Rêdûr Dîjle,Yakılan Muşlu Hilmi Yıldırım'ın bilinmeyen öyküsü, https://www.haberercis.com.tr/yakilan-muslu-hilmi-yildirimin-bilinmeyen-oykusu
19.Sedat Ulugana, Dersim'in İmdadına Giderken Yakılan "Kürdistan Fedaisi" Muşlu Hilmi Yıldırım, Dara Yayinlari, Diyarbakır, 2024.
20.BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR MÜDÜRÜ(1936- ) 65 - 46 – 12.
21.BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR MÜDÜRÜ(1936- ) 68 - 74 – 1.
22.YADO, (01.07.1889 | 1929)Kürdistan Kartalı General Yadin Mehmud Ebas Beg, https://www.saradistribution.com/yado.htm .
23.Kamiran Alî Bedirxan & Herbert Oertel, Kürdistan kartalı Yado, çevirme: İlhami Yazgan, Avesta, İstanbul 2014.
24.BCA. 30-18-1-2 / KARARLAR MÜDÜRÜ(1938- ). 85. 101. 14
25.YADO, (01.07.1889 | 1929)Kürdistan Kartalı General Yadin Mehmud Ebas Beg, https://www.saradistribution.com/yado.htm .

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# ئایا ئیسرائیلو تورکیا نزیکبوونەوەتەوە لە پێکدادان؟

نوسینی: عەلی باکیر (Ali Bakir)
ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەرنجی نیشتیمانی (The National Interest)

**وەرگێڕانی: تورکیاناسی**

**عەلی باکیر (Ali Bakir)**
پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی قەتەر. پسپۆڕی کاروباری نێودەوڵەتیو ئاسایشو بەرگرییە. ئەندامی باڵایە لە دەستپێشخەریی سکۆکرۆفت بۆ ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەر بە ئەنجومەنی ئەتڵەسیو پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی.

**ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەرنجی نیشتیمانی (The National Interest)**
ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەرنجی نیشتیمانی (The National Interest) ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە لە بوارەکانی بەرگری، ئاسیشی نیشتیمانی، سەربازی، سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی ئەمریکاو بابەتەکانی تەنها لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکاتەوە.

**دەستپێك**
پەیوەندیی نێوان ئیسرائیلو تورکیا بە شێوەیەکی بەردەوام بەرەو خراپبوون دەچێتو گەیشتووەتە لێواری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری. پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا پێیناوەتە مەترسیدارترین قۆناغی خۆیەوە، ئێستا هەردوو وڵات بە ئاشکرا باس لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی دەکەن. ئەوەی وەک گرژیی دیبلۆماسی لە سەر غەززە دەستیپێکرد، پەرەیسەندووە بۆ کێبڕکێیەکی ستراتیجیی فراوانتر، کە هەڕەشەی دووبارە داڕشتنەوەی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. لێدوانەکانی ئەم دواییەی بەرپرسانی ئەنقەرەو تەلئەبیب دەریدەخەن، کە

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە نزمترین ئاستدایە لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا و کاریگەریی لە سەر ناوچە جێناکۆکەکان لە سوریا دروستکردووە.
تێکچوونی پەیوەندییەکان ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە داینامیکی دەسەڵاتی ناوچەییدا، کە دەتوانێت کاریگەریی دوورمەودای لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، سەقامگیریی ناوچەییو ململانێی فراوانتر بۆ کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت. لە کاتێکدا ئیسرائیل بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێت، کە سەرۆکوەزیران؛ بنیامین ناتانیاهۆ بە ئیسرائیلی گەورە ناویدەبات؛ پرۆژەیەکی هەژموونی فراوان، کە لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە کاری بۆ دەکرێت، بەتایبەتی لە دوای جەنگی شەش ڕۆژەی حوزەیرانی (١٩٦٧)ەوە. لە کاتێکدا تورکیا مۆدێرنیزاسیۆنی سەربازیو بەرنامەی پیشەسازیی بەرگریی خۆی خێراتردەکات، گۆڕەپانەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەک ئامادەبووە، کە ڕەنگە بتوانێت دیمەنی ستراتیجیی ناوچەکە لەقاڵببداتەوە.
هەڕەشەکردن لە یەکتر گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. ئێستا شارەزایانی ئەمنیی ئیسرائیل بە ئاشکرا تورکیا بە هەڕەشەیەکی گەورەی ناوچەیی وەسفدەکەن. ئەم هەڵسەنگاندنە لە بەرزترین ئاستەکانی پلاندانانی ستراتیجیی ئیسرائیلدا بە فەرمی باسیلێوەکراوە. لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، کۆمیتەی ناگل (لیژنەیەک کە لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە ڕاسپێردرابوو) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە تورکیای وەک مەترسیی ستراتیجی دەستنیشانکردو داوای لە ئیسرائیل کرد خۆی بۆ ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئەنقەرەدا ئامادەبکات.
بەرپرسانی هەواڵگریی ئیسرائیل پەرەسەندنی هاوپەیمانی نێوان تورکیاو قەتەر بە مەترسیی ستراتیجی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەزانن. بە هەمان شێوە ئەمیخای چیکلی وەزیری کاروباری جولەکەکان لە دەرەوەی وڵاتو ئەندامی پارتی لیکودی نەتانیاهۆ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند، دوای ئێران پێویستە تورکیا ببێتە ئامانجی داهاتوو، پێشنیاریشیکرد ئیسرائیل هەڵمەتێکی میدیایی نێودەوڵەتی دژی تورکیا دەستپێبکات.
لە ڕوانگەی ئەنقەرەوە هەڵسەنگاندنی هەڕەشەکە زۆر ڕوونە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند، نەتانیاهۆ گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە هەمان کاتدا بەرپرسانی تورکیا ڕەفتاری نایاسایی ئیسرائیل بە هەڕەشەیەکی ڕوون بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی وەسفدەکەن. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، ئیسرائیل لە ڕێگەی هێرشەکانیەوە بۆ سەر یەکپارچەیی

خاکو یەکگرتوویی نیشتمانیی وڵاتانی ناوچەکە بووەتە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.
ئەم لێدوانانە، ڕەنگدانەوەی لێکدانەوەیەکی ستراتیجیی قووڵترە. بەرپرسانی تورکیا لۆمەی قەیرانی ئێستا دەخەنە ئەستۆی نەتانیاهۆو سیاسەتەکانی بە جێی پرسیارو نادروست دەزانن. ستراتیجە سیاسییەکانی نەتانیاهۆ جۆرێکە لە خۆدزینەوە لە لێپرسینەوەی ناوخۆییو بووە بە هۆی دروستبوونی ململانێی ناوچەیی لە غەززەوە تا لوبنانو سوریا. ئەنقەرە پێیوایە ڕاگەیاندنی ئەم دواییەی نەتانیاهۆ سەبارەت بە پلانەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری غەززەو بەدیهێنانی پڕۆژەی ئیسرائیلی گەورە ناسەقامگیریی ناوچەکەی لێدەکەوێتەوە، کە ئامانج لێی دابەشکردنی وڵاتانی دراوسێیە بۆ ناوچەی تائیفی یان قەومیو سەپاندنی هەژموونی ئیسرائیله لە ڕێگەی هەژموونی سەربازییەوە.
بەدواداچوون بۆ ئەوەی نەتانیاهۆ بە ساتەکانی (١٩٦٧) ناویدەبات (ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی یەکلاییکەرەوەی ئیسرائیل لە جەنگی شەش_ڕۆژەدا)، نوێنەرایەتیی هەوڵێک دەکات بۆ گۆڕینی هەمیشەیی هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە. کاربەدەستانی تورکیا ئەمە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل لە سوریا، کە هێزەکانی تورکیا ئامادەیی بەرچاویان هەیەو لە پێشینەی کارەکانیان پاراستنی یەکێتیو یەکپارچەیی خاکی وڵاتو گەیشتن بە سەقامگیرییە.

**پەیوەندیی نێوان تورکیاو ئیسرائیل لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا پێیناوەتە مەترسیدارترین قۆناغەوە، بە جۆرێک بەردەوام بەرەو خراپبوون دەچێتو گەیشتووەتە لێواری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی.**

ڕووخانی حکومەتی بەشار ئەسەد لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٢٤)دا سوریای لە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەتەوە گۆڕی بۆ شوێنێک، کە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان تورکیاو ئیسرائیلی تێدایە. لەگەڵ ئەوەی هەر وڵاتێک پلانێکی ناکۆک بۆ داهاتووی سوریا پەیڕەودەکات، مەترسییەکانی لێکدانەوەی هەڵە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیادیکردووە. سەرەڕای چەندین کۆبوونەوەو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی بەرپرسانی تورکیا لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلییەکانیان

لە ئازەربایجان، بەڵام هێشتا هیچ پێشکەوتنێک لە ڕێگریکردن لە ململانێی ئەگەری بەدینەهاتووە.

جوگرافیای سەربازی وادەکات بەریەککەوتنی چەکداری نزیک بێت لە ڕودان. هێزەکانی تورکیا بەشێکی بەرچاویان لە باکووری سوریا کۆنترۆڵکردووە، لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل لە باشوورو ناوەڕاست چڕتربووەتەوە. دوو کایەی کاریگەر بە شێوەیەکی مەترسیدار لە بەرژەوەندیی خۆیان کاردەکەن. بۆئەوەی ئەنقەرە بە تەواوی سوود لە سوریای نوێ وەربگرێت، پێویستی بە بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەقامگیرو یەکگرتوو و سەربەخۆو دوور لە تیرۆرو خۆشگوزەرانە، کە لە سوریادا ببێت. ئەم دیدە نەک تەنها لەگەڵ خواستەکانی دراوسێکانی سوریادا هاوتەریبە، بەڵکو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش سعودیە، قەتەر، ئەمریکاو ئەوروپا یەکانگیرە، بەڵام دوو ئەکتەری ناوچەیی (ئیسرائیل‌و ئێران) سوریایەکی لەو شێوەیە بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دەزانن.

ئیسرائیل سەرهەڵدانی سوریایەکی بەهێز کە حکومەتەکەی نوێنەرایەتی زۆرینەی هەبێت نەک کەمینە، وەک ڕژێمی لەسەرکارلادراوی ئەسەد، وەک ئاڵنگارییەک بۆ دەسەڵات‌و هەژموونی ناوچەیی خۆی دەزانێت. ستراتیجی ئیسرائیل جەخت لەوە دەکاتەوە، کە سوریا وەک دەوڵەتێکی شکستخواردوو بە حکومەتێکی لاوازو کۆمەڵگەیەکی پارچە پارچەو تێوەگلاو لە ململانێی تائیفی‌و نەتەوەیی ناوخۆییدا بمێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئیسرائیل بەرفراوانترین هەڵمەتی ئاسمانی لە مێژووی خۆیدا لە دژی هێزە نوێیەکانی سوریا دەستپێکرد، لە دوای لابردنی ڕژێمەکەی ئەسەد. ئۆپراسیۆنەکە بە مەبەستی ڕێگریکردن بوو لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی وڵات لەلایەن حکومەتی نوێوە. ئیسرائیل بە تایبەتی لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا پێگە سەرەکییەکانی حکومەتی دیمەشقی کردە ئامانج، لەوانە وەزارەتی بەرگری‌و نوسینگەی سەرۆکایەتیی کۆمار. جگە لەوەش، ئیسرائیل بە ئاشکرا پشتگیری لە کەمینە نەتەوەیی‌و تائیفییەکان دەکات لە دژی حکومەتی ناوەندی، هانیاندەدات داوای سەربەخۆیی بکەن‌و ئەگەری هەیە بکەونەژێر کاریگەریی ئیسرائیلەوە، بە تایبەتی بەشێک لە سەرکردەی دروزەکان‌و کوردەکان کە داوای دروستکردنی ڕێڕەوی داودیان کردووە، کە ناوچەی باشووری سوریا کە کەمینەی دروزەکانی تێدا نیشتەجێیە، بە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە دەبەستێتەوە، کە پێگەی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) ی لێیە. ئەم ڕێڕەوە بە شێوەیەکی

کاریگەر، کاریگەریی جوگرافیای ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جۆلانی داگیرکراوەوە تا ڕۆژهەڵاتی سوریاو عێراق لە سەر سنوورەکانی تورکیا درێژدەکاتەوە، پلانێک کە ئەنقەرە وەک هەڕەشەیەکی بەرچاوی ئاسایشی نیشتیمانی دەیبینێت.

ئەم ئامانجە دژبەیەکانەی تورکیاو ئیسرائیل ئەوەیان دروستکردووە، کە شرۆڤەکارە سەربازییەکان ڕەنگە ناویبنێن ئەندازەیی پێکدادان، کە تێیدا ناتوانرێت بەرژەوەندیو ئامانجە بنەڕەتییەکانی هەردوولا لە یەک کاتدا بەدیهێنرێت. لە (٢١)ی تەمموزی ئەمساڵ، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا بە توندی جەختی لەوە کردەوە، کە هێنانەکایەی دۆخێکی لەو شێوەیە هێڵی سوورە، بەڵێنیدا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا بکاتو ئەگەر پێویستبکات، دەستوەربدات بۆ ڕێگریکردن لە پلانێکی لەو شێوەیە. وەزیری دەرەوەی تورکیا؛ هاکان فیدان ئەم هەڵوێستەی پشتڕاستکردەوەو ڕایگەیاند، کە تورکیا دەستوەردەدات لە دژی هەر هەوڵێک بۆ پارچە پارچەکردنی سوریاو هەوڵەکانی پارچە پارچەکردن یان خۆسەری لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانیی تورکیا سەیردەکاتو وتی: ئەگەر دیبلۆماسی شکستیهێنا، دەستوەردان بژاردەیەکی بەهێز دەبێت.

فاکتەرە پێکهاتەییەکانی بزوێنەری ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، سەرکردایەتیی تاکەکەسیو سوریا تێدەپەڕێنێت. دەرکەوتنی تورکیا وەک هێزێکی ناوچەیی کە خواستی جیهانی هەیە، لە بنەڕەتدا لەگەڵ دیدی ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی ناوچەیی بە سەر دراوسێکانیدا لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە ناکۆکە. لەگەڵ کەمبوونەوەی کاریگەریی ئێران، تورکیاو ئیسرائیل دەرفەتێک دەبینن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەی کە دروستبووە (کێبڕکێیەک کە ڕەنگە تەنها لە ڕێگەی دیبلۆماسییەوە مەیسەرنەبێت).

**لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، کۆمیتەی ناگل (لیژنەیەک کە لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە ڕاسپێردرابوو) تورکیای وەک مەترسیی ستراتیجی دەستنیشانکردووەو داوای لە تەلئەبیب کردووە خۆی بۆ ئەگەری شەڕلەگەڵ ئەنقەرەدا ئامادە بکات.**

دوای شەڕی (١٢) ڕۆژەی ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا، زۆرێک لە بەرپرسانو پسپۆڕانی ئیسرائیل بە خۆشحاڵییەوە بە ئاشکرا ڕایانگەیاند، کە تورکیا

دەبێـت ئـامـانجی داهـاتـووی ئیسـرائیل بێـت. بیرمـەنـدانی ئـەمنیو سـەربـازیی ئیسـرائیـل بـەدوای هـاوپـەیمانییـەکی نـاوچـەیی فـراوانتردا دەگـەڕێـن دژی ئەنقـەرە، کە قـوبرسی باشـوورو یۆنانو وڵاتانی دیکەش لەخۆبگرێت. ڕۆژنامەی هایۆمی ئیسرائیلی پێشنیاریکردووە، کە ئیسرائیل بە هەماهەنگی لەگەڵ یۆنانو قـوبرسی باشـووردا، ئامادەکاریبکات بۆ ئۆپەراسیۆنێک، بۆ ڕزگارکردنی باکووری دوورگەی قوبرس.

وەڵامی تورکیا بۆ هـەڕەشـەی ئیسـرائیل لـە دوای شـەڕی تـەلئـەبیـب لـەگـەڵ ئێرانـدا گـشـتگیرو مـەترسـیداربـووە. ئەردۆغـان پلانـەکانی بـۆ بەرهەمهێنانی موشـەکی تورکیاو گەیشتن بە تواناکانی پیشەسازییەکی بەرگریی تەواو سەربەخۆ ڕاگـەیـانـد، بـە ڕوونـی ئـەم هـەوڵانـەی بە پەرەسـەنـدنی مـلـملانێی ئیسـرائیلو ئێرانـەوە بەستەوە. یاشار گولەر؛ وەزیری بەرگریی تورکیا "هێرشـە نایاساییەکان"ی ئیسـرائیلی ئیدانـەکردو لـە هـەمان کاتدا ستراتیجییەکی فـراوانتری بۆ پاراسـتنی وڵاتـەکـەی لـە ژێـر سیسـتـەمی بەرگـریی گومەزی پۆڵایین خستەڕوو.

مەودای مۆدێرنیزاسیۆنی سەربازیی تورکیا ڕەنگدانـەوەی جددیەتی هەڵسەنگاندنی هەڕەشەکانی سەر ئەو وڵاتەیە. ناوەندێکی بیرکـردنـەوەی لایـەنـگری حکـومـەت بە ڕاشکـاوی هـۆشـداریـداوە، کـە تـورکیا دەبێـت خـۆی بـۆ سینـاریـۆی فـرەبـەرەیی ئامادەبکات، کە هاوپەیمانیی ئیسرائیل لـەگـەڵ یـۆنـانـدا، بـە پـشـتـیـوانیی زلـهێزە بیانییەکان لەخۆبگرێت. پـەردەلادان لە سـەر یـەکـەم موشـەکی هـایپەرسـۆنیکی تـورکـیـا، کـە نـاوی تـایـفـون (بـلـۆک-٤)ە، هـەروەهـا بـۆمبی سـەنگـەرشـکێن بە نـاوی غـەززەوە لـە تـەممـوزی (٢٠٢٥)دا، ئاماژەیەکی ڕوون دەنێرێـت سـەبارەت بە ئەولـەویـەتـە سـەربـازیـیـەکانی ئەنقـەرەو پەیامەکانی بەرپـەرچـدانـەوە. ئـەم جـۆرە چـەکانـە بـە تـایبـەتی بـۆ ئـەوە دانــراون، کـە بـە وردی دامــەزراوە ژێـرزەمـیـنـیـیـە بەهێزکراوەکان بکەنە ئامانج (ئەو جۆرە ژێـرخـانـەی کـە ئیـسـرائیـل بـۆ پـاراسـتنی سامانە ستراتیجییەکانی گەشەپێداوە).

پەرەپێدانی تواناکانی بەرگری، لەوانەش فـڕۆکـەی جـەنگیی (KAAN)، سیستـەمی پێـشـکـەوتـووی فـڕۆکـەبێـفـڕۆکـەوانو تەقەمەنیەکانی سـەنگەرشکێن، کە لەم دواییانەدا پەردەیان لەسەر لادرا، لەلایەن تورکیاوە وەڵامێکی ستراتیجییە بۆ ئەوەی ئەنقەرە چیدی متمانەی بە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ڕۆژئاوا نەماوە. هەرچەندە بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی تورکیا ئامانجی ستراتیـجیی فـراوانتری لە پشتە، بـەدەر لـە وەڵامـدانـەوەی ئیسـرائیـل، بەڵام جەختکردنەوە لە توانا خۆییەکان ڕەنگـدانـەوەی خـواستی کەمکردنـەوەی پشتبـەستن بە دابینـکـەرانی ڕۆژئـاوایـە،

کە ڕەنگە گواستنەوەی چەک لە کاتی قەیرانی ناوچەییدا سنووردار بکات. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی نیگەرانییە ئەمنییەکاندا، ڕەنگە لە هەمووی نیگەرانکەرتر، داواکارییە ناوخۆییەکانی تورکیا بێت بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. ململانێی ئەم دواییەی ئیسرائیلو ئێرانو پشتیوانیی بێسنووری ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل لە کاتی شەڕەکانی غەززە، لوبنان، سوریاو ئێران، بووە بە هۆی پەرەسەندنی داواکارییە ناوخۆییەکان بۆ پەرەپێدانی توانا ئەتۆمییەکانی تورکیا. ئەگەرچی گەشەسەندنێکی لەو شێوەیە کاتێکی زۆری دەوێت تا بەدیبهێنێتو بە دڵنیاییەوە، ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی بەرچاو دەبێتەوە. خودی پەنابردن بۆ بژاردە ئەتۆمییەکانیش ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی تورکیایە بۆ ئەو مەترسییە جددییەی کە ئیسرائیل دروستیکردووە.

**ڕووخانی حکومەتی بەشار ئەسەد لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٢٤) سوریای لە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەتەوە گۆڕی بۆ شوێنێک، کە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان تورکیاو ئیسرائیلی تێدایە.**

لە کاتێکدا نەتانیاهۆ پێیوایە، کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورکیادا حەتمییە. مەرج نییە بەرپرسانی تورکیا لەگەڵیدا هاوڕا بن، بەڵام دان بەوەدا دەنێن، کە مەترسییەکان لە ژێر سەرکردایەتیی ئێستای ئیسرائیلو ئەجێندای ناوچەییە ناسەقامگیرکەرەکەیدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیانکردووە. سەربارى ئەوەش، هەروەک ئاماژەمانپێدا، بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن، کە هەردوولا خۆیان بۆ شەڕ ئامادەدەکەن. پلاندانەرانی ستراتیجی ئیسرائیل هۆشدارییانداوە، کە ئیسرائیل دەبێت خۆی بۆ ئەگەری شەڕ لەگەڵ تورکیادا ئامادەبکات، لە کاتێکدا بەرپرسانی تورکیا باس لە پێویستیی ڕێگریکردنو ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئیسرائیل دەکەن.
بۆ ئەمریکا، ڕکابەریی نێوان تورکیاو ئیسرائیل دووڕیانێکی توندو تایبەت دروستدەکات. پەیوەندییە نزیکەکانی واشنتۆن لەگەڵ هەردوو وڵاتدا پابەندبوونی کێبڕکێکار دروستدەکات، کە ڕەنگە ئاشتبوونەوەیان مەحاڵ بێت. هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی هاوبەشییە ستراتیجییەکان لەگەڵ ئەنقەرەو تەلئەبیبدا، ئەگەر گرژییەکان بەرەو ململانێی ڕاستەقینە پەرەبسێنن، وادەکات بژاردەکانی ئەمریکا سەختتر بێت سەبارەت بە ئەولەویەتە ناوچەیی و

پابەندبوونەکانی بە هاوپەیمانەکانەوە.
ڕەوتی ئێستا ئەوە نیشاندەدات، کە سەرباری هەوڵە دیبلۆماسییە دەستبەجێیەکان، پێدەچێت هەندێک جۆری کێبڕکێی ستراتیجی لە مەودای کورتخایەنو مامناوەندا بەردەوامبێت. ئاڵنگاریی داڕێژەرانی سیاسەت لە واشنتۆن ئەوەیە، کە مەترسییەکان بۆ کەمترین ئاست کەمبکەنەوەو ڕێگریبکەن لەوەی ئەمریکا بە هۆی سیاسەتەکانی ئیسرائیلەوە ڕابکێشرێت بۆ ناو زۆنگاوێکی دیکەی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە پێناچێت لە کورتمەوداو درێژمەودادا سوودی بۆ ئیسرائیل هەبێت. ئەم کارەش پێویستی بەوە دەبێت، ئەمریکا تەنها پشت بە ئاواتخواستن نەبەستێت، بەڵکو فشارێکی جددی لە سەر نەتانیاهۆ دروستبکات، تا دەستهەڵبگرێت لە سیاسەتی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە.
پرسیاری سەرەکیش لێرەدا ئەمەیە: ئایا دۆناڵد ترەمپ؛ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو حیکمەتو ئیرادە سیاسییەی هەیە، کە پێش ئەوەی درەنگببێت، ڕێگریبکات لە پیسهاتێکی مەترسیداری لەو جۆری ئاماژەمانپێدا؟

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:**
https://nationalinterest.org/blog/middle-east-watch/are-israel-and-turkey-on-a-collision-course

# ئایندەی پرۆگرامی ئەتۆمیی تورکیا

سەنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبی ئۆراسی (مركز الدراسات العربية الاوراسية)
**وەرگێڕان: د. جەلیل عومەر عەلی؛ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

**غەدا قەندیل**
خوێندکاری دکتۆرایە لە بەشی زانستە سیاسییەکان، فاکەڵتی ئابووریو زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی قاهیرە. پسپۆڕە لە کاروباری ئاسیاو لە بوارەکانی ئیسلامی سیاسی، گۆڕانکاریی دیموکراسی، کەمینەکانو توندڕەویو تیرۆر، توێژینەوەو بڵاوکراوەی هەیە.



## دەستپێک

خاڵی وەرچەرخان لە وزەی ئەتۆمیی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ بەگەڕخستنی وێستگەی هێزی ناوەکیی ئاککویو (Akkuyu Nükleer Güç Santrali) لە کەناراوەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست، هەروەها پڕۆژەی ئەتۆمی بەرنامە بۆ دارێژراوەکانی (سینوب) لە سەر دەریای ڕەش و ناوچەی تراکیا، وەک دەستپێکێکی نوێ بۆ دنیابینیی دوورمەودای تورکیا لە بواری وزەدا. لەم قۆناغە هەستیارەدا تورکیا ڕووبەڕووی بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە دەبێتەوە؛ یان ئەوەتا بەردەوامدەبێت لە بەکارهێنانی کورە ئەتۆمییە کۆنەکانی بە شێوەیەکی فراوان، یاخود دۆزینەوەی جێگرەوەی پێشکەوتووترو نەرمتر، کە توانای پێشخستنو فراوانکردنی هەبێت. ئەمەش دەرگای مشتومڕ بە ڕووی ئایندەی تورکیای ئەتۆمیدا والادەکات، بەوەی کە ئایا تورکیا پشت بە فراوانکردنی پڕۆژەکانی وزەی ئەتۆمی دەبەستێت، یاخود ڕوو لە کورە ئەتۆمییە بچووکەکان دەکات، بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا؟

ئەم پرسیارە بە تەنها کورتناکرێتەوە لە تەکنەلۆژیای سەربازیو ئایدۆلۆژیادا، یاخود بڕوای بەرگریکردن لە خۆی، بەڵکو زۆر لایەنی تر دەگرێتەوە، وەک ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، سیاسەتی وزە، دیبلۆماسیەت، سەقامگیریی گشتیی ئابووری، بە شێوەیەک بەکارهێنانی گوتاری ئەتۆمی تەکتیکی لەلایەن ڕووسیاوە لە جەنگی ئۆکرانیا، پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران بە ڕێژەی (٦٠٪)، تاقیکردنەوە موشەکییە بەردەوامەکانی کۆریای باکوور، توانا ئەتۆمییە شاراوەکانی ئیسرائیل، هەموو ئەمانە پاڵنەرێکی ڕاستەوخۆن بۆ ئەم پرسیارە، بە تایبەت ئەنقەرە لە ئایندەیەکی نزیکدا مامەڵە لەگەڵ سێ پرسی گرنگدا دەکات، کە بریتین لە ئاسایشی دابینکراو، سەقامگیریی نرخی کارەبا بۆ پیشەسازیو پارێزگاری لە پیسبوونی ژینگە.

## پێگەی تورکیا لە سەرنەخشەی پێشبڕکێی ئەتۆمیی جیهانی

کۆیگشتی کۆگای ئەتۆمیی جیهانی بە نزیکەی (١٢١٠٠) کڵاوەی جەنگییە، ڕووسیا خاوەنی نزیکەی (٥٥٨٠) کڵاوەی ئەتۆمییە، ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش خاوەنی (٥٠٤٤) کڵاوەی ئەتۆمییە. ئەو ژمارەیەی دەمێنێتەوە، دابەشدەبێت بە سەر چیندا، کە زیاتر لە (٥٠٠) کڵاوە، فەڕەنسا (٢٩٠) کڵاوە، بەریتانیا (٢٢٥) کڵاوە، پاکستان (١٧٠) کڵاوە، هیندستان (١٦٤) کڵاوە، ئیسرائیل (٨٠-٩٠) کڵاوە، کۆریای باکوور (٥٠) کڵاوەی ئەتۆمی جەنگین. ئەمە سەرەڕای ژمارەیەک لە وڵاتانی تر، کە خاوەنی چەکی ئەتۆمی نین، بەڵام پشت بە چەتری ئەتۆمی ئەمریکی دەبەستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، وەک تورکیاو کۆریای

باشوورو یابانو ئەڵمانیاو هۆڵەنداو بەلجیکاو ئیتاڵیا. ئەوەندەی پەیوەندیی بە تورکیاوە هەبێت، ئەم چەترە خۆی لە (٥٠) کڵاوەی ئەتۆمیی تەکتیکی ئەمریکی دەبینێتەوە، کە باوەڕ وایە لە کۆگاکانی بنکەی سەربازیی ئەنجەرلیکی ئاسمانی هەڵگیرابێتن. لە ڕاستیدا ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO) بە فەرمی ئەمەی پشتڕاستنەکردووەتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانیپێدانراوە.

لە پاڵ ئەمەدا، ڕێچکەی ئەتۆمیی تورکیا بە خێرایی بەردەوامە، بە شێوەیەک پێشبینیدەکرێت، کە یەکەم یەکە لە کۆی چوار یەکەی ناوەندی ئاککویو بۆ وزەی ئەتۆمی، کە (٤٨٠٠) مێگاوات کارەبا لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٥) بەگەڕبخات. بە کردەوەش پلانی وێستگەی وزەی ئەتۆمیی دووەمو سێیەمی لە ناوچەکانی سینۆپو تراکیا دارێژراوە. تورکیا ئامانجیەتی لە ڕێگەیەوە بگات بە توانای ئەتۆمی بە ئاستی زیاتر (٧) گێگاوات لە ساڵی (٢٠٣٥)و (٢٠) گێگاوات لە ساڵی (٢٠٥٣). لەگەڵ بەشدارییپێکردنی کورە ئەتۆمییە بچووکەکان (SMR) بە توانای (٥) گێگاوات. ئەنقەرە لە هەوڵەکانیدا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پیسکردنی ژینگە بۆ ئاستی سفر تا ساڵی (٢٠٥٣) بەردەوامەو ئێستا کار لە سەر بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەکنەلۆژیی ئەتۆمیو پێشخستنی تەکنیکی کورەی ئەتۆمییە بچووکە ناوخۆییەکانی دەکات.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە تورکیا بە خێرایی لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا بە سێ ئامانجی پێکەوەگرێدراو؛ بەردەوامیی پاڵپشتیی ئاسایشیو کەمکردنەوەی پشتبەستن بە گازی هاوردەکراو، جێگیرکردنی نرخ لە دورمەودا، پاڵپشتی کردنی ئامانجی پارێزگاری ژینگە (بێلایەنی کاربۆنی) تا ساڵی (٢٠٥٠).

پڕۆژەی ئاککویو لە هێمای وازهێنانی ئەتۆمییەوە گۆڕدرا بۆ پلاتفۆرمێک وەک جێگرەوەی پاڵپشتیکردنو تەوتینو هاوبەشیی نێودەوڵەتی، کە لە داهاتوودا شێوەی پڕۆگرامی ئەتۆمیی تورکیا بۆ دوو دەیەی ئایندە دەستنیشاندەکات. پێشهاتەکانی ئەم دواییە دەرخەری گواستنەوەی تورکیان لە قۆناغی بنیاتنانی وێستگەی یەکەم بۆ پڕۆژەکانی هەردوو گەورە وێستگەی زیادکراو (سینۆپ، تراکیا). لەم چوارچێوەیەدا ئەنقەرە ڕایگەیاندووە بە نیازی واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە بۆ بنیاتنانی دوو وێستگەی نوێی ئەتۆمی پێش کۆتاییهاتنی ساڵی (٢٠٢٥)، ئەگەر کێبڕکێکاران ئامانجەکانی تورکیا فەراهەمبکەن، هەر بۆیە ڕاگەیاندنە فەرمییەکان پێشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە، کە وێستگەی سینۆپ پێش ساڵی

(٢٠٣٥) دەست بە بەرهەمهێنان دەکاتو بە دواشیدا وێستگەی تراکیا دێت. دانوستانەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسیاو کۆریای باشووردا لە سینۆپ بەڕێوەدەچن، لەگەڵ چینیش لە تراکیا، شان بە شانی هەوڵەکانی ئەمریکا لە پێناوی کەمکردنەوەی پشتبەستنی تورکیادا بە ڕووسیا.

## قازانجو زیانە ئایندەییەکانی وزەی ئەتۆمیی تورکیا

لە سەرەتای هەزارەی نوێوە تورکیا هەوڵی بنیاتنانی سیاسەتێکی وزەی سەربەخۆ دەدات لە ڕێگەی یەکانگیرکردنی وزەی ئەتۆمییەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوبوونی وێستگەی ئەتۆمیی ئاککویودا، مشتومڕەکانیش زیاتردەبن سەبارەت بە دەستکەوتو مەترسییە شاراوەکانی ئەم ڕێچکەیەی تورکیا گرتوویەتیەبەر.

### یەکەم: دەستکەوتەکانی تورکیا

هەنگاونان بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی یەکێکە لە بژاردە ستراتیجییەکانی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە گازی سروشتی هاوردەکراو، بە تایبەت لە ڕووسیاو ئێرانەوە. ئەمەش لە پێناوی بەدیهێنانی سەربەخۆییەکی ڕێژەیی لە سیاسەتی وزەدا، هەروەک چۆن دەبێت بە هۆی زیادبوونی سەرچاوەیەکی وزەی جێگیرو بەردەوام شان بە شانی وزەی نوێبووەوە. لە هەمان کاتدا دەبێت بە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە کەشوهەواو قەیرانە نێودەوڵەتییەکانو هەمەچەشنەکردنی سەرچاوەی وزەی دەوڵەت.

زیاتر لەوەش، ئەم سیاسەتی وزەیەی تورکیا دەبێت بە هۆی کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، بە شێوەیەک بەرهەمهێنان لە وزەی ئەتۆمیدا یەکێکە لە جێگرەوەکانی تورکیا بۆ پابەندبوون بە کەمکردنەوەی پیسکردنی ژینگە لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتننامەی پاریس بۆ ژینگە، ئەم هەوڵە پێگەیەکی گرنگتری پێدەبەخشێت لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان بەرەو ئابووریی سەوز. چاوڕێدەکرێت، کە پڕۆژە ئەتۆمییەکان بەشداربن لە بەرزکردنەوەی تواناکانی تورکیا لە ڕێگەی ڕاهێنانو گواستنەوەی تەکنەلۆژیاوە، ئەمەش ببێتە پاڵپشتییەکی بەهێزی پیشەسازیو ئەندازیاریی پێشکەوتوو. ئەمەش دەبێت بە هۆی بەهێزکردنی پێگەی جیۆسیاسیی ئەنقەرە، بۆیە خاوەندارێتیی تورکیا بۆ بەرنامەیەکی ئەتۆمیی ئاشتیانەی سەرکەوتوو، ئامرازێکی بەهێز دەبێت لە دانوستانو فشارەکانیدا لە سەر ئاستی هەرێمی، بە تایبەت لە سێبەری پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی تەکنەلۆژی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**دووەم: لێکەوتەی پێچەوانە**

سەرەڕای ئەو دەستکەوتانەی باسکران، پرۆگرامی ئەتۆمیی تورکیا دەکەوێتەژێر رەحمەتی هاوبەشە دەرەکییەکانەوە، بە تایبەت ڕووسیا، کە خاوەنی رۆڵێکی ناوەندییە لە دروستکردنو بەگەڕخستنی وێستگەی ئاککویودا، ئەمەش بوار بۆ فشاری سیاسی بەرانبەر یەک دەکاتەوە، جگە لە تێچووە ئابوورییە زۆرەکەی، چونکە وێستگەی ئەتۆمی پێویستی بە وەبەرهێنانی زۆر گەورەو فراوانو بەردەوامیپێدانی هەیە، ئەمەش دەکرێت ببێت بە هۆی زیادبوونی قەرزەکانی سەر ئەنقەرەو پێڕانەگەیشتنی بە پێشخستنی کەرتەکانی تری وەک پەروەردەو تەندروستی. ئەمە سەرباری مەترسییەکانی پەیوەست بە سەلامەتیو ژینگەوە، بە شێوەیەک ڕایگشتیی تورکیا بەردەوام گومانیان لە سەلامەتیی وزەی ئەتۆمیو پیسبوونو تیشکدانەوە هەیە، سەرەڕای ئەو ئاڵنگاریانەی لە بەڕێوەبردنی پاشماوە ئەتۆمییەکاندا ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، کە پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن هەیە.

بە پێچەوانەی پرۆژەی وزە نوێبووەکانەوە، قازانجەکانی وزەی ئەتۆمی لە ڕووی داراییو سیاسییەوە دوورمەودایەو کاتی زۆر دەوێت، ئەمەش وایلێدەکات کەمتر توانای وەڵامدانەوەی پێداویستییە بەپەلەکانی ئابووریی تورکیای هەبێت، کە پێوەیدەناڵێنێت. پشتبەستنی تورکیا بە سوتەمەنیی ئەتۆمیی هاوردەکراو ڕووبەڕووی ناسەقامگیریی بازاڕی جیهانیو ئەگەری سزاکانی دەکاتەوە. لەوانەیە ئامانجەکانی لە سەربەخۆیی وزەیی لەگۆڕبنێت، پاشان بە ڕەچاوکردنی پێوەری قازانجو زیان ڕووندەبێتەوە، کە ئایندەی وزەی ئەتۆمیی تورکیا ناکرێت لە یەک گۆشەوە سەیربکرێت. لە کاتێکدا فەراهەمکردنی وزەی ئەتۆمی ئامرازێکی ستراتیجییە بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی وزەو کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە، لە هەمان کاتدا ئەنقەرە دەبێت بە دەستبەسەر لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ هەناردەکەرانی دەرەکیو قورساییەکی دارایی زۆر لە سەر ئابووریی تورکیا دروستدەکات.

**لەگەڵ ئەوەی تورکیا خاوەنی کڵاوەی ئەتۆمی نییە، بەڵام یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە کڵاوەی ئەتۆمیی تەکتیکی ئەمریکی دەپارێزرێت.**

**ئایندەی وزەی ئەتۆمی لە تورکیا**

توانای تورکیا لە پاراستنی هاوسەنگی نێوان سەربەخۆیی وزەو بەردەوامی پاڵپشتی ژینگە ڕوکارەکانی ئایندەی ئەتۆمی لە دەیەکانی داهاتودا دیاریدەکات، ئەمەش دەکرێت لە چوار سیناریۆدا کورتی بکەینەوە:

## سیناریۆی یەکەم: پەلەبەندی لە فراوانکردنی توانا ئەتۆمییەکان

ئەم سیناریۆیە پشت بە سەرکەوتنی تورکیا لە تەواوکردنو بەگەڕخستنی سەرجەم یەکەکانی وێستگەی ئاککویو تا ساڵی (٢٠٢٨) دەبەستێت، پاشان هەوڵدان بۆ دروستکردنی وێستگەی نوێ، وەک سینۆپو ئیغنیادا. لە دۆخێکی وادا تورکیا دەتوانێت ڕێژەی بەشداریی وزەی ئەتۆمی بەرزبکاتەوە بۆ (١٥-٢٠٪) لە کۆی بەرهەمهێنانی کارەبا تا ناوەڕاستی ساڵانی سییەکان، ئەمەش سەربەخۆییەکی ڕێژەیی پێدەبەخشێتو تێچووی هاوردەکردنی وزە کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕێچکەیە بەستراوەتەوە بە تواناکانی لە تێپەڕاندنی ئاڵنگارییە تەکنیکییەکانو فەرهەمکردنی داهات بۆی، هەروەها گەرەنتیکردنی ژینگەی یاسادانانێکی جێگیر بۆ ئەم پرسە.

## سیناریۆی دووەم: پشتبەستن بە هاوبەشە دەرەکییەکان

ئەم سیناریۆیە بریتییە لە پشتبەستنی تورکیا بە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان (بە تایبەت ڕووسیا) لە دروستکردنو بەگەڕخستنو دابینکردنی سوتەمەنی بۆ وێستگە ئەتۆمییەکانی. سەرەڕای ئەوەی ئەم بژاردەیە خێراییەک دەبەخشێت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەڵام ئاستی شوێنکەوتەیی زیاددەکات، وا لە ئاسایشی وزەی تورکیا دەکات پەیوەستبێت بە هاوکێشە سیاسییە دەرەکییەکانو لاوازکردنی توانای ئەنقەرە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو لە بڕیاری وزەیداو دەیخاتە بەردەم هەڕەشەی زیاتری جیۆسیاسییەوە.

## سیناریۆی سێیەم: پەلەنەکردنو دووبارە خۆڕێکخستنەوە

لە چوارچێوەی فشارە ئابوورییە ناوخۆییەکانو ڕەخنە ژینگەییەکان، تورکیا خۆی بە ناچار دەبینێت، کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی خاوبکاتەوە، یاخود هەندێک لە پرۆژەکانی دوابخات. لە بارودۆخێکی لەم چەشنەشدا لەوانەیە تورکیا بە دوای جێگرەوەی دیکەدا بگەڕێت، وەک وزەی نوێبووەوە، کە بە خێرایی گەشەدەکاتو پشتگیرییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزیشی هەیە. ئەم سیناریۆیەش بژاردەیەکە بۆ پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی سیاسەتی وزەی تورکیا، بەڵام دەبێت بە هۆی دواخستنی دەستکەوتە ستراتیجییەکانی وزەی ئەتۆمی.

## سیناریۆی چوارەم: تێکەڵەیەکی هاوسەنگیی وزە

ئەم سیناریۆیە پێشبینیی ئەوە دەکات تورکیا پشت بە تێکەڵەیەکی سەرچاوەی وزە ببەستێت، بە شێوەیەک پشت بە وێستگەی ئەتۆمیی سنوردار ببەستێت، شان بە شانی فراوانکردنێکی گەورەی وزەی نوێبووەوە، لەگەڵ بەردەوامبوون

لە پشتبەستن بە ڕێژەیەکی کەمی گازی سروشتی. ئەمەش بژاردەیەکی واقیعییە، کە ڕێگە بە هەمەچەشنەیی سەرچاوەی وزە دەدات، لەگەڵ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پشتبەستنێکی زیادەڕەوی یەک سەرچاوە، هەروەک چۆن نەرمییەکی زیاتر دەبەخشێت بە تورکیا لە ڕووبەڕووبوونەی گۆڕانە نێودەوڵەتییەکانو کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە.

پشتبەست بەوەی لە پێشەوە باسکرا، پێدراوە هەنووکەییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی ئایندەی وزەی ئەتۆمیی تورکیا مەحکومە بە هاوکێشەیەکی ئاڵۆز لە نێوان ویستە ستراتیجییەکانو ئاڵنگارییە ئابووریو ژینگەییەکاندا، ئەو سیناریۆیەی زیاتر ئەگەری ڕودانی هەیە، بریتییە لە جێبەجێکردنی هەمەچەشنەیی وزەی هاوسەنگ. بە شێوەیەک ئەنقەرە سوود لە دەستکەوتەکانی وزەی ئەتۆمی وەربگرێت، بەبێ ئەوەی بکەوێتەژێر چەپۆکی وابەستە جیۆستراتیجییەکان، یاخود فشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**ئەنجام**

چاوەڕواندەکرێت ئایندەی وزەی ئەتۆمی تورکیا بوەستێتەسەر سێ ئاڕاستەی پێکەوەگرێدراو، کە خۆیدەبینێتەوە لە:

١. بەگەڕخستنێکی سەرکەوتوانەی وێستگەی ئاککویو لە ڕووی بازرگانییەوە.

٢. ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەنگ بۆ هەردوو وێستگەی سینۆپو تراکیا پێش کۆتایهاتنی ساڵی (٢٠٢٥)، لەگەڵ مەرجەکانی خۆماڵیکردنو پاڵپشتیکردنی دارایی بۆیان.

٣. دانانی خشتەو چوارچێوەیەکی ڕێکخستن بۆ وێستگە ئەتۆمییە بچووکەکان.

**ئەنقەرە لە هەوڵەکانیدا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پیسکردنی ژینگە بۆ ئاستی سفر تا ساڵی (٢٠٥٣) بەردەوامەو ئێستا کارلە سەربنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەکنەلۆژیی ئەتۆمیو پێشخستنی تەکنیکیی کورەی ئەتۆمییە بچووکە ناوخۆییەکانی دەکات.**

ئەمانەش وادەکەن تورکیا بگاتە بڕی بەرهەمهێنانی زیاتر لە (٧) گێگاوات کارەبا تا ساڵی (٢٠٣٥)و بڕی (٢٠) گێگاوات کارەبا تا ساڵی (٢٠٥٠)، بەمەش پشتیوانیی بەردەوامی ئەتۆمیو کەمکردنەوەی پیسبوونی هەواو بەهێزکردنی پێگەی پێشەسازیی ئەنقەرە دێتەدی، بەڵام ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە دژی هەر فراوانبونێکی ئەتۆمین. ئەو سزایانەی دەیسەپێنن، کاریگەری دەکاتەسەر پارەدارکردنو وزەو بەرگریکردنی. ڕووسیاش وەک هەڕەشەیەکی ئاسایشی

ڕاستەوخۆ سەیری پرسەکە دەکات، بە تایبەت لەلایەن دەوڵەتێکی ئەندامی پەیمانی باکووری ئەتڵەسییەوە. لە کاتێکدا وا چاوەڕواندەکرێت چین لە ئاستی فەرمیدا بە بێلایەنی بمێنێتەوەو خۆی بەدووربگرێت لە کێشەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەکرێت تورکیای ئەتۆمی لە پاڵ ئێران و سعودیەدا وا لە ئیسرائیل بکات هەندێک ڕێوشوێنی پێشوەختە دژی هەرسێ دەوڵەتەکە بگرێتەبەر.

**سەرەڕای هەوڵەکانی ئەمریکا لە پێناوی کەمکردنەوەی پشتبەستنی تورکیا بە ڕووسیاو چین، بەڵام دانوستانەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسیاو کۆریای باشوورو چین بۆ تەواوکردنی وێستگە ئەتۆمییەکانی سینۆپ و تراکیا بەردەوامە.**

ئاڕاستەی تورکیا بەرەو وزەی ئەتۆمی ڕەزامەندیی هەریەکە لە واشنتۆن و بڕۆکسل و مۆسکۆو پەکین و پایتەختە هەرێمییەکانی پێویستە. ئەگەر ئەنقەرە نەتوانێت ببێتە جێگەی باوەڕ لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە، سیاسەتی ئەتۆمی تەنها پشت بە ویست نابەستێت، بەڵکو ئەندازیاری سەرکردایەتیکردن لەخۆدەگرێت. ئەگەر ئەنقەرە نەتوانێت ئەم ویستە ئەتۆمییەی باش ئیدارە بدات، ئەوا پێش ئەوەی بتوانێت یەکەم کڵاوەی ئەتۆمی دروستبکات، ڕووبەڕووی تێچوویەکی زۆر دەبێتەوە بە هۆی سزاکانەوە، هەروەها توشی هەڵهاتنی سەرمایەو کەنارگیریی دیبلۆماسی دەبێتەوە، ئەمەش دەبێت بە هۆی ئاستەنگێکی گەورە لە بەردەم ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆککۆماری تورکیا لە چۆنیەتیی دەستکەوتی زیاترو کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پەیوەست بە توانای ئەنقەرەوە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ویستە ستراتیجییەکان و واقیعی ئابووری و جیۆسیاسییەکاندا.

### لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت

https://eurasiaar.org/%D9%85%D8%B3%D8%AA%D9%82%D8%A8%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9%85%D8%AC-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%88%D9%88%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%AA-%D8%B1%D9%83%D9%8A/

# بایراکتارو شاهید؛ دوو دیوی تری کێبڕکێی تورکیاو ئێران

نوسینی: ئەحمەد محەمەد فال
ناوەندی جەزیرە بۆ لێکۆڵینەوە
وەرگێڕانی: عەبدولقادر فاروق

فڕۆکەبێفڕۆکەوانی تورکی و ئێرانی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە جەنگی ڕووسی - ئۆکرانی لە هەردوو دیوی جەنگەکە.

بێفڕۆکەوانەکانی بایراکتاری تورکی توانستیان بەخشییە ئۆکرانیا بۆ هێرشکردنەسەر هێزەکانی ڕووسیاو سوپای ئۆکرانی بە هێزەوە لەگەڵ دەستپێکی جەنگ بەکارهێنا، هەر بۆیە وەک نیشانەی بەرخۆدانی ئۆکرانی نیشاندرا.

لە هەمان کاتدا، ڕووسیا بێفڕۆکەوانەکانی شاهیدی ئێرانی بە چڕی بەکاردەهێنێت و توانیی لە ماوەی شەوێکدا لە ئابی ساڵی ڕابردوو بە (٥٤٦) فڕۆکەبێفڕۆکەوان بۆردومانی ڕۆژئاوای ئۆکرانیا بکات.

هەروەها ڕووسیا فڕۆکەخانەی تایبەت بە ناردنی بەکۆمەڵی بێفڕۆکەوانەکانی شاهیدی دروستکردو لە ڕێگەیەوە زیانێکی گەورەی گەیاندە هێزەکان و ژێرخانی ئابووریی ئۆکرانیا.

دەپرسین: ئایا چەکی تورکی و ئێرانی چ ڕۆڵێک دەیگێڕێت لە ناکۆکییەکانی نێوان ڕووسیاو ڕۆژئاوا؟ دەسکەوتەکانی تورکیاو ئێران چین لەمەدا؟ چی لە پشتی کێبڕکێی نێوان ئەنقەرەو تارانەوەیە لە جەنگەکانی ناوچەکەو جیهاندا؟

**بایراکتار پێشڕەویی ڕووسەکان ڕادەگرێت**

بە پێی ڕاپۆرتێکی سایتی "زە وار زۆن"ی جیهانیی تایبەتمەند بە کاروباری جەنگ، کە لە سەرەتای ئەیلوولی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن توێژەر هوارد ئەڵتمانەوە ئامادەکراوە، دەڵێت، کە فڕۆکەکانی "بایراکتار تی بی٢" بێفڕۆکەوانێکی دووکلکیی بەرزی ناوەندە، کە چەکی بچووکی ئاڕاستەکراو بەردەداتەوە، کە لە یەک دەرچوونی

ئاسمانیدا دەتوانێت زیاد لە ئامانجێک بپێکێتو لە دوای ماوەی دابڕان دیسان گەڕایەوە بۆ جێبەجێکردنی هێرشە کاریگەرەکانی دژ بە هێزەکانی ڕووسیا.

نوێترین ئەم هێرشانە لە سەر بەلەمێکی ڕووسی بوو لە کەناری دەریای ڕەش، کە کاری گواستنەوەی سەرباز بوو. لە ئەکاونتی فەرمیی خۆیدا لە تیلیگرام، هێزی دەریایی ئۆکرانی ڕایگەیاند، کە "بەلەمێکی خێرای سەر بە هێزی دەریایی ڕووسییان لە دەریای ڕەش لەناوبرووە، کە هەوڵی گواستنەوەی یەکەیەکی دەدا بۆ تێندریفسکا".

لە درێژەی بابەتەکەدا، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی بەرگریی ئۆکرانی پێش چەند هەفتەیەک ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە، کە هێرشێکی دیکەیان بۆ سەر بەلەمێکی بچووکی ڕووسی لە ڕێگەی فڕۆکەی (تی بی٢)ەوە کردووە، بەڵام ئەم جارەیان لە نزیکی بەندەری زالینی لە ناوچەی خێرسۆن بووە.

لە حوزەیرانی ڕابردوودا هێزی دەریایی ئۆکرانی لە گرتەڤیدیۆیەکدا هێرشێکی فڕۆکەی بایراکتاری تی بی٢ بۆ سەر کەشتییەکی نیشتنەوەی ڕووسی نیشاندا، لە کەناری ڕۆژئاوا لە خیرسۆن.

بە پێی ڕاپۆرتی زە واڕ زۆن، فڕۆکەی بایراکتار ڕۆڵی وەکو چەکێکی زۆر کاریگەر گێڕا لە لای ئۆکرانییەکان لە ڕۆژەکانی سەرەتای جەنگدا، کە ئەرکی هێرشبردنو گەڕانی سەرەکی جێبەجێکردو ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا لە ڕاگرتنی هێزێکی زەبەلاحی ڕووسی، کە پێشڕەوییاندەکرد بەرەو کییێڤ.

فڕۆکەکانی بایراکتار هاوکاری ئۆکرانیا بوون لە گێڕانەوەی دوورگەی مار لە ڕۆژئاوای دەریای ڕەش، لە ڕێگەی هێرشکردنەسەر ئامانجەکانمان هەر لە دەرکەوتنەکانیان لە وشکانیو بەئامانجگرتنی ئەو کەشتییانەی دەیانەوێت پێیانبکەن.

ئەم سەرکەوتنەی بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا هیوایەکی بچووکی دەگمەنی بەخشییە ئۆکرانیا، هەروەها ئەم سەرکەوتنە ئیلهامبەخش بوو بۆ هونەرمەند تاراس بۆرۆفۆکی ئۆکرانی، کە گۆرانییەکی سەرنجڕاکێشی دەرکرد لە سەر فڕۆکەکانی بایراکتار، کە جۆشوخرۆشی بەخشییە ئۆکرانییەکانو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوبووەوە.

بە پێی قسەکانی توێژەر ئەڵتمان، ئۆکرانیا دەستیکرد بە بەکارهێنانی بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا پێش لەشکرکێشیی تەواوەتیی ڕووسیا. لە کاتێکدا یەکەم لێدان لە ڕێکەی ئەم فڕۆکانەوە لە تشرینی یەکەمی (٢٠٢١) بوو، کە بۆ لەناودانی سەکۆی تۆپخانەی سەر بە هێزی جودای پاڵپشتکراو لەلایەن ڕووسیاوە بووە لە ناوچەی دۆنباس.

ڕۆژنامەی "یونایتد ٢٤"ی ئۆکرانی حوزەیرانی ڕابردوودا باسی لەوە کرد، کە

"ڕووسیا بە هێرشەکانی تی بی٢ ڕاهاتووەو ئێستا بەرپەچیدەداتەوە، ئەمەش وایکردووە سوپای ئۆکرانی بەکارهێنانی بۆ ئەم فڕۆکەیە بەرتەسکبکاتەوەو تەنها بۆ گەڕان‌و دیاریکردنی ئامانجی لێدانە دەگمەنەکان‌و دیاریکردنی ناوچە لاوازەکانی بەرگری بەکاربێنێت".

لە ڕاپۆرتێکیدا ڕۆژنامەی "ئۆکرانیا دیڤێنس ئێکسپرێس"ی هەواڵی هێرشەکانی فڕۆکەی "بایراکتار"، کە لە ڕۆژەکانی دواییدا کەوتووەتەسەر هێزەکانی ڕووسیا، بە خاوەنی گرنگییەکی تایبەتی دەزانێت‌و ئەوە دەگەیەنێت، کە هێزی بەرگریی ئۆکرانیا بە پێی سیستەمێکی دیاریکراو کاریکردووەتەسەر لاوازکردنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی ڕووسی، کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە فڕۆکەکانی بایراکتار توانای ئەوەی هەیە، کە بە سەرکەوتوویی هێرشەکانی بەجێبگەیەنێت.

بە پێی قسەکانی توێژەر ئەڵتمان، فاکتەرێکی گرنگ هەیە، کە زیاتر هانی ئۆکرانیا دەدات بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەی بایراکتار تی بی٢، ئەوەش بەرهەمهێنانی فڕۆکەکەیە لە ناوخۆی ئۆکرانیادا، لە ماوەی کۆتاییشدا ڕووسیا کارگەیەک بەئامانجگرت، کە تێیدا فڕۆکەی بایراکتار دروستدەکراو ئەمە چوارەم لێدان بوو لە ماوەی شەش مانگدا بۆ سەر کارگەکە، کە بە دەیان ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە.

## شاهید ترس دەخاتە دڵی ئۆکرانییەکانەوە

بە پێی شیکارییەکی سەنتەری ئەمریکیی توێژینەوە ستراتیجییەکان‌و نێودەوڵەتییەکان، ڕێژەی بەکارهێنانی "شاهید" لەلایەن ڕووسییەکان بەرزبووەتەوە بۆ بەکارخستنی (٢٠٠) لە هەفتەیەکدا لە ماوەی (٢٠٢٤)داو بۆ زیاتر لە هەزار فڕۆکە لە هەفتەیەکدا لە ماوەی (٢٠٢٥)دا.

**ڕووسیا بێفڕۆکەو انەکانی شاهیدی ئێر انی بە چڕی بەکاردەهێنێت‌و تو انیی لە ماوەی شەوێکدا لە ئابی ساڵی ڕابردوو بە (٥٤٦) فڕۆکەیبێفڕۆکەوان بۆردومانی ڕۆژئاوای ئۆکر انیا بکات.**

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووس گیۆم مۆرێس لە تۆڕی فرانس-٢٤ بە ناونیشانی "ڕووسیا فڕۆکەخانەو ژێرخانی ئابووریی تایبەت دروستدەکات بۆ بەکارخستنی بێفڕۆکەوانەکانی شاهیدی ئێرانی بۆ سەر ئۆکرانیا"، ئەم فڕۆکانە کە مەودایان لە نێوان (١٧٠٠) بۆ (٢٥٠٠) کیلۆمەتردایە، بە هەڕەشەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ سەر ئۆکرانییەکان.

هەرچەندە خێراییەکەی تا ڕادەیەک کەمە، کە دەگاتە (١٨٠) کیلۆمەتر لە

سەعاتێکدا، بەڵام "شاهید" ئاسانتر دەمێنێت لە ڕووی بەکارخستنەوە، کە دەتوانرێت زۆرینەی لە سەر بارهەڵگرێک یان سەکۆیەکی بەکارخستنی زەمینیی سادە یەکاربخرێن، تەنانەت لە سەر ئۆتۆمبێلێکی (٤×٤)ی ئاسایی.

بە پێی قسەکانی ڕۆژنامەنووس مۆرێس، ڕووسیا بێفڕۆکەوانەکانی "شاهید" دژ بە ئۆکرانیا بەکاردەهێنێت لە تشرینی یەکەمی (٢٠٢٢)ەوە، بە سوودبینین لە نرخە نزمەکەی، بە ڕەچاوکردنی ئاسانیی دروستکردنیو توانای بەرهەمهێنانی بە چڕی، کە تێچووەکەی لە نێوان (٢٠) هەزار بۆ (٥٠) هەزار دۆلاردا مەزندەدەکرێت، بە پێی تایبەتمەندیی هەر مۆدێلێکی، لە کاتێکدا ڕووسیا لە نێوان ملیۆنێک بۆ دوو ملیۆن دۆلار خەرجدەکات لە دروستکردنی مووشەکی جۆری کرۆزدا.

هەر لە سەرەتای (٢٠٢٣)وە، ڕووسیا دەستیکرد بە دروستکردنی بێفڕۆکەوانەکانی "شاهید" لە خاکەکەی بە بڕێکی زۆرو ناوی (جیران-٢)ی لێنا، لەگەڵ هێشتنەوەی چەند پێکهاتەیەکی ئێرانیدا.

ڕۆژنامەنووس مۆرێس لە زمانی هەندێک هاوڵاتیی ئۆکرانییەوە، ترسیان لە دەنگی فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکانی ڕووسیا دەگێڕێتەوە، کە بە بەردەوامی لە ئاسمانی وڵاتەکەیاندا دەفڕێتو دەبێت بە هۆی کوشتنی زۆرینەیان. یەکێک لەوانە هاواریکرد: "کاتێک فڕۆکەکە بە سەر شارەکەمدا دەفڕێت، هەر لە دوورەوە گوێم لێیەتی. دەنگە بەرزەکەی بەو دەنگە دەکات، کە لە ماتۆڕسکیلێک دەردەچێت لە دوای لابردنی دەنگبڕەکەی (کاتم)".

بە پێی قسەکانی مۆرێس، هێزەکانی ڕووسیا لە هەوڵی چڕکردنەوەی بەکارهێنانی بێفڕۆکەوانەکانی "شاهید"ن بە ڕادەی نقومبوونو لاوازکردنی بەرگریی مووشەکی ئۆکرانیو ترساندنی لە هەمان کاتدا، بە جۆرێک کە توانای مامەڵەکردنی نەبێت لەگەڵ دۆخەکەدا بە هۆی زەبەلاحیی ژمارەی ئەو فڕۆکانەی کە هێرشیانهێناوەو ئەم تاکتیکە ڕێگە بە ڕووسیا دەدات، کە نەخشەی تۆڕی بەرگریی ئاسمانیی ئۆکرانیا بکێشێت، بۆئەوەی بەئامانجیبگرێت.

بە پێی لێکۆڵینەوەی مۆرێس، ڕووسیا ژێرخانێکی ئابووریی نوێ دروستدەکات بۆ بەکارهێنانی بێفڕۆکەوانەکانی شاهید، تا ئێستا (١١) شوێنی ڕووسیا بە درێژایی سنوور ئاشکرابووە بۆ بەکارخستنی ئەم فڕۆکانە.

بنکەی تسیمبۆلۆفا، کە بنکەی سەرەکیی بەکارخستنی بێفڕۆکەوانەکانی "شاهید"ە، دەکەوێتە نزیک شاری ئۆریۆڵ لە دووریی (١٧٠) کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیاو هەشت سەکۆی زەمینیی بەکارخستنو ڕێگەیەک بە درێژایی (2.8) کیلۆمەتر لە سەر ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان بۆ

بەکارخستنی فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکان لەخۆدەگرێت. ڕێگە بەم شوێنە دەدرێت (١٤)و نزیکەی (١٠٠) دانە لە شەوێکدا فڕۆکەبێفڕۆکەوان لە یەک کاتدا بەکاربخات.

فڕۆکەی شاهیدی (١٣٦) بی ئێرانی بەوە ناسراوە، کە سەرێکی سەربازی لەخۆدەگرێت، کە (٥٠) کیلۆگرام تەقینەوەی تێدایە (میدیای ئێرانی).

**تورکیاو پرۆسەی سەختی هاوسەنگکردنەوە**

بێگومان سەرکەوتنی سەربازیی فڕۆکەکانی بایراکتاری تورکی لە سەر مەیدانی جەنگی ئۆکرانی وا لە تورکیا دەکات، کە متمانەپێکردنی تەکنەلۆژی زیادبکاتو سەرنجی کڕیاری نوێ ڕابکێشێتو سوودی سیاسی وەربگرێت لەم تەکنەلۆژیایە.

توێژینەوەیەکی پێشووی توێژەر ساچا میکایلێس کە سایتی "ڕاس"ی کەنەدی بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هاوکاریکردنی هێزە چەکدارەکانی ئۆکرانیا لەلایەن تورکیاوە بە پێدانی فڕۆکەی بایراکتار، بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوە نییە بۆ هەبوونی هاوپەیمانیی سەربازی لە نێوان ئەنقەرەو کییڤدا.

توێژەر میکایلێس وایدەبینێت، کە ئەنقەرە باوەڕی وایە پرۆسەی هاوسەنگکردنەوە پێویستە بۆ دڵنیاکردنەوەی لایەنگیریی خۆی بۆ هاوپەیمانیی ناتۆ لە دوای گرژییەکانی نێوان خۆیو هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاوا بۆ چەند هۆکارێک، کە یەکێکیان کڕینی مووشەکی بەرگریی ئاسمانیی ڕووسیی (S-٤٠٠) بوو لەلایەن ئەنقەرەوەو کڕینی غازی ڕووسی بالڕۆبڵ بوو.

**ڕێژەی بەکارهێنانی شاهید لەلایەن ڕووسییەکانەوە بەرزبووەتەوە بۆ بەکارخستنی (٢٠٠) لە هەفتەیەک لە ماوەی (٢٠٢٤)داو بۆ زیاتر لە هەزار فڕۆکە لە هەفتەیەکدا لە ماوەی (٢٠٢٥)دا.**

تورکیا کار لە سەر بەدیهێنانی پرۆسەی سەختی هاوسەنگی دەکات بە کۆکردنەوەی هەردوولا، کە ڕەزامەندی ناتۆ بەدەست دەهێنێت لەڕێی پێدانی بێفڕۆکەوانەکانی بایراکتار بە ئۆکرانیا، وە دووەمیان ڕەزامەندی ڕووسییەکانە بە ڕەتکردنەوەی جێبەجێ کردنی سزای سەپێنراو لە سەر کەرملین لەلایەن ڕۆژئاواو بەردەوامی پێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ڕووسیادا کە بە سێیەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانی دادەنرێت لەگەڵ تورکیادا.

توێژەر میکایلێس هەماهەنگیی تورکەکانو ئۆکرانییەکان وادەبینێت،

کە وەڵامدانەوەیەک بێت بۆ دوودڵیی هاوبەشی نێوان هەردوولا بەرانبەر بە باڵادەستیی پێشبینیکراوی ڕووسیا لە دەریای ڕەش، ئەو ڕێگایەی کە ئەم دەریایە فەراهەمیدەکات بۆ گەیشتن بە دەریای سپیی ناوەڕاست، وایلێدەکات ببێتە پرسێکی ستراتیجی، بە تایبەت بڕی هایدرۆکاربۆناتو بەرهەمە کشتوکاڵییە هەناردەکراوەکان، کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە دێتو پێیدا تێدەپەڕێت.
ئۆکرانیاو ڕووسیا بە گەورەترین هەناردەکاری دانو گڵۆبەرۆژەو پەیین دادەنرێنو دەریای ڕەش بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوەی هەناردەکراوەکانیان.

### فرۆکەکانی بایر اکتار ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لە ڕاگرتنی هێزێکی زەبەلاحی ڕووسی، کە پێشڕەوییاندەکرد بەرەو کییێڤ.

تورکیا، کە قازانجی ئابووریو سیاسیی جۆراوجۆر بەدەستدەهێنێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی هەردوو تەنگەبەری بۆسفۆڕو دەردەنیلەوە، هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات لە هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ بەردەستکردنی دەروازەیەک بۆ "دەریا گەرمەکان" (بە تایبەت دەریای سپیی ناوەڕاست) لە ڕێگەی بەهێزکردنی کاریگەریی ڕووسیاوە لە دەریای ڕەش، بە پێی وتەی خودی توێژەرەکە.
بە نیسبەت میکایلێس، بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێوان کییێڤو ئەنقەرە بەشداره لە بەرەنگاربوونەوەی ئامانجەکانی ڕووسیا لە دەریای ڕەشو بوونی تورکیا لە مەیدانی ئۆکرانیدا ئاماژەیە بۆ گرنگیپێدانی تورکیا بە تەتەرەکانی قرەم (دانیشتوانی ڕەسەنی ئۆکرانیا).

### ئێرانو هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیا

هەر لە مێژوودا، پاڵپشتیی ئێرانی پەیوەستکرا بە نزیکیی ئایدۆلۆژیی ڕوون لەگەڵ ڕووسیادا. هەر لە دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەرپرسەکانی ڕاهاتن بەو ژینگە نێودەوڵەتییە دژبەرە وەک هێرشێک لە سەر مانەوەیان، ئەم وێنایەش دوژمنایەتیی توندی ڕۆژئاوا بەهێزتریدەکات.
پێدانی فرۆکەبێفرۆکەوان بە ڕووسیا لەلایەن ئێرانەوە دڵنیایی بوونی هاوپەیمانیی ڕووسی پێدەبەخشێتو دووردەبێت لە جودایی لە مەیدانی نێودەوڵەتیداو پێچدانەوەیە لەو سزایانەی ڕۆژئاوا، کە ئامانجی خنکاندنی ئابووریی ئێرانە.
شیکەرەوەی سیاسی؛ بلاوۆن نیکیفۆڕۆڤ، لە وتارێک کە لە سایتی ڕیدڵی تایبەت بە کاروباری ڕووسیی بڵاویکردووەتەوە بە ناونیشانی "ڕووسیا لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ لە نێوان پاڵپشتیی ئێرانیو کێبڕکێی تورکیدا"، پێیوایە، کە زۆر جار گێڕانەوە میدیاییەکان زیادەڕەویدەکەن لە باسی هەبوونی هاوپەیمانیی ڕووسی - ئێرانی، کە ژمارەیەکی زۆر لە سیاسییەکانو شارەزایانی ڕۆژئاوا هاوکار بوون بۆ چەسپاندنی وێنای خەیاڵیی ئەم هاوپەیمانییە.

**تێچووی فڕۆکەیبێفڕۆکەو انی شاهید لە نێوان (٢٠) هەزار بۆ (٥٠) هەزار دۆلاردا مەزندەدەکرێتلە کاتێکدا ڕووسیا لە نێوان ملیۆنێک بۆ دوو ملیۆن دۆلار خەرجدەکات لە دروستکردنی موشەکی جۆری کرۆزدا.**

شیکەرەوەکە وایدەبینێت، کە لایەنی ڕووسی بە مەبەست پەرەو بەردەوامیی بەم وێنایە داوە، بە نموونە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا؛ سێرگی لاڤرۆڤ، دڵنیایکردەوە، کە ڕێککەوتنی هاوبەشی ستراتیجیی گشتگیر، کە لە کانوونی دووەمی (٢٠٢٥) دا واژۆکراوە، هەماهەنگییەکی گشتگیر لە بواری ئاسایشو بەرگری لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سیمایەکی گەورەی ئاهەنگگێڕان بەخۆیەوەدەبینێت.
نیکیڤۆڕۆڤ لە بارەی باسی پەیوەست بە کاردانەوەی خۆپارێزیی ڕووسیاوە بەرانبەر بە جەنگی (١٢) ڕۆژەی نێوان ئیسرائیلو ئێران، کە پێیوایە ئەو کاردانەوەیە هۆکارەکەی سەرقاڵبوونی کرملین نەبوو بە ئامادەکارییە سەربازییەکانی لە ئۆکرانیا، بەڵکو دەرئەنجامی مەنتیقی سیاسەتی ڕووسیا بوو لە بنیاتنانی هاوپەیمانیەتییەکان. تەنانەت لە ماوەی پێش ئۆکرانیادا، مۆسکۆ نەیدەتوانی زیاتر لە پاڵپشتییەکی ڕەمزی ببەخشێتە ئێران، هەر وەک "دانەسەر شانێک".
توێژەر کان کاسابۆگلۆ، وایدەبینێت کە جەنگی ڕووسی - ئۆکرانی پەیوەندیی سەربازیی پیشەسازیی لە نێوان مۆسکۆو تاراندا پتەوترکرد، کە تێیدا مۆسکۆ هاوکاریی تەکنیکیی پێشکەش بە تاران کرد لە کۆمەڵێک بواری سەرەکیدا، لەوانە بەرنامەی فەزایی، کە دەتوانێت یارمەتیدەری بێت بۆ بەرەوپێشبردنی موشەکە بالیستییە کیشوەربڕەکانی.

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**
https://www.aljazeera.net/%D8%A8%D9%8A%D9%86

# شێوەی دارشتنەوەی پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوان عێراقو تورکیا

نوسینی: ئامینە فاید
سەنتەری ئەهرام بۆ لێکۆڵینەوە سیاسیو ستراتیجییەکان (مركز اهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية)
**وەرگێڕان: تورکیاناسی**

ڕۆژی (٦)ی ئابی (٢٠٢٥)، حەیان عەبدولغەنی؛ وەزیری نەوتی عێراق، دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی عێراقی لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کەرکوک-جەیهانەوە ڕاگەیاند، کە نەوتی خاو لە کێڵگەکانی کەرکووکەوە دەگوازێتەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا لە سەر دەریای ناوەڕاست. ئەم هەنگاوە دوای دەرکردنی فەرمانی سەرۆکایەتیی تورکیا لە (٢١)ی تەمموزی (٢٠٢٥) هات، کە تێیدا کۆتاییهێنا بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی بۆڕیی گواستنەوەی نەوتو سەرجەم پرۆتۆکۆڵو هاوپێچەکان. ئەمەش بەو واتایەیە، کە تورکیا لە مانگی تەمموزی (٢٠٢٦)ەوە، کە وادەی بەسەرچوونی ڕێککەوتنەکەیە، چیتر لە ڕووی یاساییەوە پابەندنابێت بە گواستنەوەی نەوتی عێراق لە ڕێگەی خاکەکەیەوە. تورکیا بۆ ئەم بڕیارە پشتی بە ماددەی (١١)ی ڕێککەوتننامەی هەموارکراوی ساڵی (٢٠١٠) بەستووە، کە ڕێگە بە هەر لایەنێک دەدات ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەگەر دوو ساڵ پێش چوونە بواری جێبەجێکردنەوە هەموار یان درێژنەکرێتەوە.

شایانی باسە، کە ئەم ڕێککەوتنە زیاتر لە پێنج دەیە تەمەنی هەبوو، بەو پێیەی بە فەرمی لە (٢٢)ی نیسانی (١٩٧٥) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیاوە لە ساڵی (١٩٧٣). ئامانجی سەرەکیی ئەو بۆڕییە کە درێژییەکەی نزیکەی هەزار کیلۆمەترە، ڕێکخستنو دەستەبەرکردنی ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی خاوی عێراق بوو بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە، ئامانجی ئەم هەنگاوە بەهێزکردنو گەشەپێدانی داهاتو دەستکەوتە ئابوورییەکانی هەردوو وڵات بوو، بە تایبەتییش بەهێزکردنی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەیيو جیهانیی تورکیا وەک ڕێڕەوێکی ستراتیجیی وزە.

بە گوێرەی بەیاننامەکەی حکومەتی تورکیا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی

ڕێککەوتنەکە، ئەم بڕیارە وەك هەنگاوێك هات بۆ دووبارە دارشتنەوەو دەستکاریکردنی مەرجەکانی هاریکاریی هاوبەش لە دۆسیەی وزەی نێوان هەردوو وڵاتدا. بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە هاوکات بوو لەگەڵ ناردنی ڕەشنووسی پێشنیاری ڕێککەوتنێکی نوێ لەلایەن وەزارەتی وزەی تورکیاوە بۆ وەزارەتی نەوتی عێراق، تورکیا ئامادەبوو بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆو دانوستان سەبارەت بە گەشەپێدانی ڕێڕەوو توانای نەوتی تەرخانکراوی عێراق بۆ هەناردەکردنی لە ڕێگەی بۆڕیی کەرکووک-جەیهانەوە لە ڕێگەی دامەزراندنیو پەرەپێدانی هێڵێکی نوێوە، هەروەها پەرەپێدانی هاوکاریو پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات لە بواری پڕۆژە ستراتیجییە درێژخایەنەکاندا، لەوانە هاوکاری لە بەرهەمهێنانو هەناردەکردنی نەوتو غازی سروشتی، پەرەپێدانی کێڵگە هایدرۆکاربۆنییەکان، هاوبەشی لە پاڵاوتنو وەبەرهێنانی پترۆکیمیایی، جگە لە پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی کارەبا.

**گرنگیی کاتی بڕیارەکەی تورکیا**

لە ڕاستیدا لە (٢٥)ی ئاداری (٢٠٢٣)وە کارکردنی ئەو بۆڕییە ڕاگیراوە، ئەمەش دوای پەنابردنی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتیو تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای ناوبژیوانی لە ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی پاریس لە دژی وەزارەتی وزەی تورکیاو کۆمپانیای وزەی نیشتیمانیی تورکیا (بۆتاش)، کە بەڕێوەبەری سەرەکیی ئیشپێکردنی بۆڕییەکەیە. سکاڵاکە بە هۆی هەناردەکردنی نەوتی ڕێگەپێنەدراوی هەرێمی کوردستانەوە بووە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤) بۆ (٢٠١٨)، بە تایبەتی لە کاتی کۆنترۆڵکردنی بەشێك لە پارێزگای نەینەوا، بۆڕییەکە زیانی پێگەیشتبوو، هەروەها هەناردەکردنی نەوت بۆ ئەو کەناڵانە گۆڕدراوە، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کۆنترۆڵکراون. ئەمەش لەلایەن لایەنی عێراقییەوە بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە لەقەڵەمدرا.

دادگاکە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا لە بەرژەوەندیی عێراق بڕیاریداو داوای قەرەبووکردنەوەی ملیارو نیوێك دۆلاری لە تورکیا کردبوو. تورکیا تانەی لە بڕیارەکە داو بە بیانووی پێداچوونەوەی تەکنیکی، بۆڕییەکە لەو کاتەدا داخرا، بەڵام پێدەچێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەو هەوڵەکانی تورکیا بۆ دانوستان لە سەر ڕێککەوتنێکی نوێ، بەشێک بێت لە فشارەکانی تورکیا بۆ سەر عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوە، کە پەیوەست بوو بە نوێکردنەوەی ئۆتۆماتیکیی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، دوای وادەی بەسەرچوونی لە ساڵی (٢٠٢٦). بە تایبەتی کە بڕیاری داخستنی

بۆڕییەکە بۆ زیاتر لە (٢٨) مانگ، ئاستەنگی ئابووریو جیۆپۆلەتیکی زیاتری بۆ تورکیا دروستکردبوو.
بە پێی لیژنەی دامەزراوە ئابوورییەکانی پەرلەمانی تورکیا، ڕاگرتنی بەردەوامی بۆڕییەکە بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی بارگرانیی دارایی بۆ کۆمپانیای بۆتاشی تورکی، کە تا ئێستاش تێچووی مانگانە بە (٢٥) ملیۆن دۆلار مەزەندەدەکرێت بۆ ڕێکارەکانی چاککردنەوەو بیمەی بۆڕییەکە، کە لە ساڵی (٢٠٢٣)وە لەکارکەوتووە. جگە لەوەش، پێش داخستنی بۆڕییەکە تەنها نزیکەی (٥٠٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا نەوتی دەگواستەوە، لە کاتێکدا توانای بۆڕییەکە (١,٥) ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، ئەمەش بووە بە هۆی دابەزینی بەرچاوی داهاتی تورکیا لە کرێی گواستنەوەو ترانزێت.
بڕیارەکەی تورکیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی عێراق بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لە ڕێگەی بۆڕییەکەوە، کە لە ڕێگەی هەوڵە دیبلۆماسییەکانو گفتوگۆی دوو قۆڵی لەگەڵ تورکیا بۆ چەندین مانگ بەردەوامبوو بەبێ هیچ پێشکەوتنێك، هۆکارەی ئەمەش پەیوەندیی بە چەند خاڵێکی ناکۆکەوە هەبوو، لەوانە پرسە مشتومڕاوییەکانی تایبەت بە پارەدانو ئەو مەرجانەی کە لە ڕێککەوتنە هەڵوەشێنراوەکەدا هاتبوون، یان لە ڕێگەی گەیشتن بە چارەسەرێك لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە وەک تاکە لایەنی ڕێگەپێدراو، کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەناردەکردنی نەوتی هەیە بۆ بەندەرەکانی تورکیا.

**تورکیا لە مانگی تەممووزی (٢٠٢٦)وە کە وادەی بەسەرچوونی ڕێککەوتنەکەیە، چیتر لە ڕووی یاساییەوە پابەندنابێت بە گواستنەوەی نەوتی عێراق.**

دەکرێت بڵێین: ئەم پێشهاتو هەنگاوانەی لایەنی عێراقی، پاڵینا بە تورکیاوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە وەک ئامرازێک بۆ فشارکردنو بەهێزکردنی پێگە دانوستانکارییەکانی لەگەڵ عێراقو لە هەمان کاتدا دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییە نەوتییەکانی لەگەڵ لایەنی عێراقیدا. ئەمەش چانسی قبوڵکردنی مەرجەکانی تورکیاو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ بەهێزتردەکات، کە میکانیزمو بڕگەگەلێك لەخۆبگرێت، زۆرترین دەستکەوتە ئابوورییەکانی مسۆگەربکاتو نەرمییەکی زیاتریشی لە بەڕێوەبردنیدا پێببەخشێت.

ئەمە دڵنیایی بە تورکیا دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر کێشەیەکی یاسایی لە داهاتووداو دەتوانێت قەرەبووی ئەو زیانە داراییانەشی بکاتەوە، کە لە کاتی ڕاگرتنی بۆڕییەکەدا توشیبووە. تورکیاوە هۆشیارانە لەم پرسەدا مامەڵەدەکاتو دەزانێت دەستپێکردنەوەی کارەکانی ئەو بۆڕییە بۆ عێراق چەندە گرنگە، بە تایبەتی کە زیانە داراییەکانی تا مانگی شوباتی (٢٠٢٥) لە دوای داخستنی بۆڕییەکە بە (١٩) ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.

بۆڕییە نوێیەکە کە بڕیارە لە بەسرە بۆ حەدیسە لە باکوور درێژبێتەوەو لەوێشەوە بۆ سلۆپیو بەندەری جەیهان لە باشووری تورکیاو بە بایجیو فیشخابوردا تێدەپەڕێت لە نزیک سنووری عێراقو تورکیا، پێشبینیدەکرێت توانای هەناردەکردنی بۆڕیی نەوتی کەرکووک-جیهان بۆ (٢,٢) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیادبکات. ئەمەش بەو واتایەیە، کە تورکیا دەتوانێت زۆرترین دەستکەوتەکانی بەدەستبهێنێت، بە تایبەتی داوای داواکاریی تورکیا بۆ زیادکردنی کۆی تێچووی گشتی لە سەر عێراق، دیارترینیان کرێی ترانزێتی نەوتە.

هەروەها فشارەکانی تورکیا بۆ سەر عێراق بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە سەر هێڵی بۆڕیی نوێ لەم کاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێشخەریی بازرگانی (ڕێگەی گەشەپێدان) لە نێوان تورکیاو عێراق، کە بڕیارە قۆناغی یەکەمی لە کۆتایی ئەمساڵ (٢٠٢٥) دەستپێبکات. پرۆژەکە بریتییە لە دروستکردنی کۆمەڵێک بەندەرو ڕێگەوبانو هێڵی ئاسن لە بەندەری فاو لە بەسرە تا موسڵ، کە بە کەربەلاو بەغدادا تێدەپەڕێت، پاشان بۆ خاکی تورکیاو دەگاتە بەندەری مێرسین لە سەر دەریای ناوەڕاست. گرنگیی پرۆژەی بۆڕیی نەوت لە چوارچێوەی دەستپێشخەریی ڕێگەی گەشەپێداندا بۆ تورکیا لەوەدایە، کە دەبێتە چەقی پردی پەیوەندی بۆ گواستنەوەی کاڵاو هەناردەکردنی نەوتو گازی سروشتی لە کەنداوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا. هەروەها تورکیا سوود لە پشکی خۆی لە داهاتە ئابوورییەکانی ئەم پرۆژەیە وەردەگرێت، کە خۆیدەبینێتەوە لە کرێی گواستنەوەو ترانزێتو وەبەرهێنان بە ناو خاکەکەیدا.

## دەرفەتو ئاڵنگارییەکان

سەرەڕای ڕاگەیاندنی دەستپێکردنەوەی کارەکانی بۆڕیی نەوتی کەرکووک-جەیهان لەلایەن عێراقەوە، بڕیاری تورکیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی نوێ لە نێوان هەردوولادا، چەند پرسیارێک دەوروژێنێت سەبارەت بەو دەرفەتو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی قۆناغی داهاتوو دەبنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: دەرفەتەکان: تورکیا ئێستا پشت بە کارتی فشار دەبەستێت بۆ هاندانی

عێراق بۆ دانوستان لە سەر ڕێککەوتنی نوێ. سەرەڕای وەستانی ڕاستەقینەی بۆڕیی نەوتی کەرکووک-جەیهان لە ساڵی (٢٠٢٣)وە، هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە لەلایەن تورکیاوەو ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دیکە، ڕەنگە ببێت بە هۆی شکستهێنانی هەوڵەکان بۆ بوژاندنەوەو پەرەپێدانی ئەو بۆڕییە، هەروەها عێراق لە دەرچەی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوتی باکور بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا بێبەشدەبێت. ئەمەش نەك تەنها کاریگەریی لە سەر سەقامگیری بازاڕی نەوتی عێراق دەبێت، بەڵکو لە سەر تەواوی بارودۆخی ئابووریو ژیانی ئەو وڵاتەش دەبێت، بە تایبەتی کە داهاتی نەوت زیاتر لە (٩٠٪)ی بودجەی گشتیی دەوڵەت دەگرێتەوە.

لەگەڵ زیادبوونی پشتبەستنی عێراق بە بەندەرەکانی هەناردەکردنی باشوور لە ساڵی (٢٠٢٣)وە، ڕێژەی قازانج بۆ هەناردەکردنی نەوت کەمیکردووە، بە هۆی مەودای دووریو زیادبوونی تێچووی گواستنەوەو ڕێڕەوی کەشتیوانییەوە. ئەمە جگە لەوەی بۆ عێراق قورسە بە بەردەوامی پشتببەستێت بە گەرووی هورمز، بە لەبەرچاوگرتنی گرژییە سیاسیو ئەمنییەکان لە ناوچەکەو هەڕەشەی دووبارەی ئێران سەبارەت بە ئەگەری داخستنی گەرووەکە لە وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیلو ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی. لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی شەڕی نێوان هەردوولا، کە هێشتا تارماییەکەی کۆتایینەهاتووە، ڕەنگە ئابووریی عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگی فراوانی ئابووریو جیۆپۆلەتیکی بکاتەوە.

**بڕیاری داخستنی بۆڕییەکە بۆ زیاتر لە (٢٨) مانگ، ئاستەنگی ئابووریو جیۆپۆلەتیکیی زیاتری بۆ تورکیا دروستکردبوو.**

هەروەها ئەستەمە ئێستا بتوانرێت جێگرەوەی ستراتیجی بۆ عێراق بدۆزرێتەوە، بە تایبەتی زیندووکردنەوەی هێڵی عێراق – سوریا (بانیاس) وەک جێگرەوەیەک بۆ هێڵی جەیهان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێچووی پاراستنو نۆژەنکردنەوە، کە پێشبینیدەکرێت ساڵانێکی زۆر بخایەنێتو بەهاکەی بە ملیاران دۆلار مەزەندەدەکرێت، یان بە هۆی گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنی عێراقو سوریا لە سەردەمی ئیدارەی نوێی سوریاو ناسەقامگیریی دۆخی ئەمنیی ئەو وڵاتەوە.

دەکرێت بڵێین: ئەو پێشهاتە سیاسیو ئەمنییانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، دواجار وادەکەن عێراق زەرەرمەند بێت بۆ چوونەناو دانوستانەوە لەگەڵ تورکیادا،

سەبارەت بە ڕێککەوتنێکی نوێی بازرگانیو وەبەرهێنان لە سەر بیرۆکە (قازانج-قازانج)، کە گەرەنتیی بەردەوامی ڕۆیشتنی کاڵاو هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ بازاڕە جیهانییەکان دەکات. ئەمە سەرەڕای ئەو بارودۆخە پشێوو ناسەقامگیرەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکەدا هەیە. هەروەکو محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە لێدوانەکانیدا لە (٧)ی ئابدا جەختیکردەوە لە سەر پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، بە سەرۆکایەتیی عێراقو تورکیا، کە بە یەکێك لە گرنگترین پرۆژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت. وتیشی، کە وڵاتەکەی دەیەوێت پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق بەشێک بن لە هاوکێشەی سەقامگیریی ناوچەکە، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ پەلکێشکردنی تەواوی ناوچەکە بۆ شەڕو ململانێ.

دووەم: ئاڵنگارییەکان؛ لە سەرووی هەموویانەوە پەیوەستە بە ڕادەی پابەندبوونی تورکیاوە بە برگەو مەرجە داراییو ئیدارییەکانەوە، کە گەرەنتیی زۆرترین دەستکەوتی ئابووریو جیۆپۆلەتیکی دەکات لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە نوێیەکەدا، هەروەها مەرجی کاراکردنی توانای تەواوی بۆڕییەکە (١,٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا)، ئەمەش بە واتای هەناردەکردنی بەشێك لە نەوتی عێراق لە بەسرەو باشووری وڵاتەوە بە بۆڕییەکی نوێ بۆ بەندەرەی جەیهان، لە سەر بنەمای ئەوەی کە هەناردەکردنی نەوتی باکوور بەس نییە بۆ گەیشتن بە توانای پێویست. بە گوێرەی هەڵوێستی عێراق، بڕیارە ئەو بۆڕییە دەست بە کارەکانی بکاتەوەو ڕۆژانە (٩٠) هەزار بەرمیل لە وێستگەی نەوتی ڕوتبە لە باکوری کەرکووکەوە هەناردەبکرێت، لەگەڵ (٨٠) هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەش لە هەرێمەوە وەک قۆناغی یەکەم، ئەمەش بە واتای نەگەیشتنە توانای تەواوی بۆڕییەکە، وەك ئەوەی تورکیا پێویستی پێیەتی.

**زیانە داراییەکانی تا مانگی شوباتی (٢٠٢٥) لە دوای داخستنی بۆڕییەکە، بە (١٩) ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.**

ئالنگارییەکی تر ئەو دۆخە ناجێگیرەیە، کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە. هەرچەندە عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا گەیشتە ڕێککەوتنێك، کە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە هەرێم نزیکەی (٢٣٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بۆ کۆمپانیای سۆمۆ دابیندەکات، لە بەرانبەردا وەزارەتی دارایی عێراق پابەنددەبێت بە پێدانی (١٦) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت، کە

لە کوردستان وەریدەگرێت، بەڵام هێرشی فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکان، کە دامەزراوەو ژێرخانی نەوتی هەرێمیان کردە ئامانج لە (١٤)ی تەمموزی (٢٠٢٥)و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوامبوون، توانای بەرهەمهێنانی چەند کێڵگەیەکی گەورەی نەوتی بۆ زیاتر لە نیوە کەمکردەوەو بەرهەمهێنانی نزیکەی (١٥٠) هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا پەککخست، سەرباری مەزەندەکردنی زیانی نزیکەی (١٠) ملیۆن دۆلار لە ڕۆژێکدا.

**تێچووی مانگانە بە (٢٥) ملیۆن دۆلار مەزەندەدەکرێت، بۆ ڕێکارەکانی چاککردنەوەو بیمەی بۆڕییەکە.**

ئەم هێرشانە لە کاتێکدا بوو، کە کەرتی نەوتی هەرێم لە دۆخێکی خراپدایە، بە تایبەتی کەمبوونەوەی توانای دەرهێنانی نەوت لە دوای داخستنی بۆڕی نەوتی جیهانەوە، کە تاکە دەرچەی هەرێم بوو بۆ هەناردەکردنی نەوت. هەروەها هەرێم پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت بۆ دابینکردنی نزیکەی (٨٠٪) ی بودجەی ساڵانەی. ئەمەش وادەکات، کە هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ عێراقدا ڕووبەڕووی کێشە ببێتەوە، بە تایبەتی بڕی ئەو نەوتەی ڕێکەوتنی لە سەر کراوەو دەبێت ڕۆژانە ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆی بکات.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: ئایندەی پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوان تورکیاو عێراق تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بەو نەرمییەی هەردوولا نیشانیدەدەن، هەم سەبارەت بە مەلەفی دانوستان لە سەر پرسە دارایی‌و ئیداری‌و یاساییەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتنەکانی داهاتوو و پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە، هەم هەڵوێستیان لە سەر ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە وەك لایەنێکی سەرەکی لە دانوستانەکاندا. ئەمەش دەبێت بە هۆی دڵنیابوون لەوەی کە هەموو لایەنەکان دەتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان زامنبکەن‌و دەستکەوتەکانیان زیاتربکەن لە دوورمەودادا، بە تایبەت لە ناو شانۆی ناجێگیری ناوچەیی‌و جیهانی پڕ لە ئاڵنگاری‌و قەیرانی سیاسی‌و ئەمنی‌و ئابووریدا، کە جێگرەوە ستراتیجییەکان سنووردارن.

---

ئامینە فاید
مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية
https://acpss.ahram.org.eg/News/21485.aspx#

# ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی تورکیا سەبارەت بە جەنگی (١٢) ڕۆژە

لەلایەن ئەکادیمیای نیشتیمانی تورکیاوە لە ئابی ٢٠٢٥ ئامادەکراوە.

وەرگێڕانی: د. جەلیل عومەر عەلی

**پێشەکی**

ئەو جەنگەی لە نێوان ئیسرائیلو ئێراندا لە (٢٠٢٥/٦/١٣) دەستیپێکردو لە (٢٤)ی هەمان مانگدا کۆتاییهات، بە جەنگی (١٢) ڕۆژە ناودەبرێت، شایستەی لێکۆڵینەوەیەکی وردە لە چەندین لایەنەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە وانەی گرنگو زۆری هەڵگرتووە، نەک تەنها بۆ ئیسرائیلو ئێران، بەڵکو بۆ تورکیاو هەموو لایەنە هەرێمییەکان. ئەم جەنگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو کەشەی لە دوای (٧)ی ئۆکتۆبەرەوە هاتە پێش. سەرەڕای گۆڕانکارییە گەورەکانی پاش ڕوخانی ڕژێمی سوریا، ئیسرائیل بەردەوامبوو لە گرتنەبەری سیاسەتی هێرشبردن بۆ سەر دراوسێکانی، بە بیانووی پاراستنی دروزەکان چەندین هێرشیکردەسەر دیمەشقو ناوەندە هەستیارەکانی وەک کۆشکی سەرۆکایەتیو سەرکردایەتیی ئەرکانی کردە ئامانج. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تەلئەبیب لە سەر سیاسەتی هێرشبردن بەردەوامدەبێت لە داهاتوودا.

ڕووبەڕووبوونەوەکان بە هێرشێکی لەناکاوی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەستیپێکردو بە کردەوەیەکی بۆمبارانکردنی چڕی فڕۆکەی ستراتیجیی ئەمریکی لە جۆری (B-٢) بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران کۆتاییانهات. ئەم ڕوداوانە سەرمایەیەکی گەورەی لە داتا لە گشت بوارەکان پێشکەش بە توێژەران کرد، لەوانە: دیبلۆماسیەت، هاوپەیمانییەکان، تەکتیکە سەربازییەکان، سیستەمی خۆپڕچەککردن، تەکنەلۆژیای زانیاری، کردەوە هەواڵگرییەکانو پەیوەندییە گشتییەکان.

هەروەک چۆن جەنگی ڕوسیاو ئۆکرانیا، نموونەیەک لە ململانێی سەدەی بیستویەکەمی بە پاڵپشتیی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو پێشکەشکرد، هەر بۆیە ڕاڤەی قۆناغە

جیاوازەکانی ئەم جەنگەو ئەو وانانەی لێوەیدەستماندەکەوێت، بە پرسێکی گرنگ دادەنرێت بۆ تورکیای دەورەدراو بە پشتێنەیەک لە قەیرانەکان.

ئەم ڕاپۆرتە ڕوداوەکانی جەنگی دوازدە ڕۆژە لە گۆشەی جیاوازەوە دەخاتەڕوو:

١.لە بەشی یەکەمدا: شیکاری توانا سەربازیو تەکنەلۆژییەکان کراوە، بە تایبەت چەکی ئاسمانیی ئیسرائیلیو جەنگی ئەلیکترۆنیو کردەوەی سایبیرییەکان.

٢.لە بەشەکانی تردا: توێژینەوە باس لە پاشخانە دیبلۆماسیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی ئێران دەکات، تا دەگات بەو وانانەی دەتوانرێت لێوەیدەستبکەوێت.

ئەنجامی سەرەکی لە تێگەیشتنی دروست بۆ جەنگی دوازدە ڕۆژە، لە پاڵ بەدواداچوونی بەردەوامی جەنگی ئۆکرانیا، ئامرازێکی گونجاوە بۆ دیاریکردنی سیاسەتو ئەو هەنگاوانەی پێویستە تورکیا لە بواری ئاسایشو هەواڵگریو تەکنەلۆژیدا بیگرێتەبەر.

**بەشی یەکەم:**

**تەکنەلۆژیای کۆنو تێکەڵاو لە جەنگدا**

ئەو جەنگەی لە نێوان ئیسرائیلو ئێران لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٢٥)، بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ بەردەوامبوو، هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بوو بۆ سەرجەم توانا سەربازیو تەکنەلۆژییەکانی هەردوولا، کە بە درێژایی چەندین ساڵ خۆیان بۆ ئامادەکردبوو. لەگەڵ ئەوەی ڕایگشتی سەرنجی لە سەر بەرەوپێشچوونی جەنگەکەو موشەکە زیرەکو وردەکانو بۆمبی تێکشکێنەری پەناگەکانو موشەکە بالیستییەکان بوو، بەڵام جەنگێکی پارالێلی کارۆموگناتیسی توندیش لە ئارادا بوو.

هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل، لە پاڵیدا کردەوەی سایبیریو جەنگی ئەلیکترۆنیی (EH) لەخۆگرتبوو. لە هەمان کاتدا ئێران بە موشەکی بالیستیو فڕۆکەیبێفڕۆکەوانی خۆکوژ لەگەڵ هەوڵە سایبیرییەکانیدا بەرپەرچیدەدایەوە. بەمەش دەکرێت بڵێین، کە جەنگەکە لە دوو بەرەی هاوشانی یەکتردا بەردەوامبوو؛ بەرەی جوڵاو/ فیزیکیو بەرەی کارۆموگناتیسی/ سایبیری.

**١.باڵادەستیی ئاسمانی ئیسرائیلی**

لە ماوەی جەنگەکەدا، ئیسرائیل بە تەواوی توانیی کۆنترۆڵی ئاسمانی بە سەر ئێراندا بسەپێنێت، چەندین هێرشی چڕی لە ڕێگەی فڕۆکەی شەڕکەرو فڕۆکەیبێفڕۆکەوانەکانی دژی دامەزراوە سەربازیو ستراتیجییەکانی ئێران کرد. سیستەمی بەرگریی ئێرانی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە توشی دارمان بوو و نەیتوانی بە شێوەیەکی کارا ئامادەبێت. سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەو سەکۆی بەرگریی ئاسمانی لەکارکەوتو

ئەمەش ئەرکی بەکارهێنانی فڕۆکەی ستراتیجی ئەمریکی (B-2) بۆ لێدان لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانی لە (٢١/ ٦) ئاسانکرد، بەڵام لە لایەکی ترەوە، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی ئیسرائیلو ئەمریکا بە شێوەیەکی کارا توانییان ڕووبەڕووی موشەکە بالیستیو فڕۆکەبێفڕۆکەوانە خۆکوژەکانی ئێران ببنەوە. بە پێی داتا بەردەستەکان، زۆربەی هەرە زۆری فڕۆکەبێفڕۆکەوانەکانی ئێران خراونەتەخوارەوە پێش گەیشتن بە ئامانجەکانیان، جا لە ڕێگەی خستنەخوارەوە بە دژەموشەک بێت، یاخود لە ڕێگەی جەنگی ئەلیکترۆنییەوە بێت.

بارودۆخەکە سەبارەت بە موشەکی بالیستی جیاواز بوو، هێزی بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیلی شکستیهێنا لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم موشەکەکاندا. هەندێک لەو موشەکانە گەیشتنە تەلئەبیبو حەیفاو زیانی مرۆیی و مادییان بە ئیسرائیل گەیاند.

**٢.جەنگی سایبیریو دەروونی**

شان بە شانی کردەوە سەربازییە تەقلیدییەکان، هەردوولا ڕۆچوون لە جەنگێکی چڕی زانیاریدا. ئیسرائیلییەکان توانییان تۆڕی پەیوەندییەکانو هەندێک سیستەمی سەرکردایەتیو بەڕێوەبردنی ئێرانییەکان کۆنترۆڵبکەن، هەروەها هەندێک هەواڵو زانیاریی چەواشەکاریان بۆ شڵەژاندنی هێزەکانی ئێران بڵاوکردەوە. هەروەک چۆن هەندێک هەواڵی ناڕاستیان بۆ ترساندنی خەڵک بڵاوکردەوە.

ئەوەی جێی سەرنج بوو، ئیسرائیل هێرشە سایبیریو جەنگە ئەلیکترۆنییەکەی هاوکات کردبوو لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکانیدا، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت بواری کارۆموگناتیسی بووەتە بوارێکی سەرەکی لە جەنگدا، شان بە شانی جەنگی وشکانیو دەریاییو ئاسمانی.

**٣. هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلی**

هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلی (IHK) یەکێکە لە بەهێزترین هێزە ئاسمانییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە نزیکەی (٣٤) هەزار کەسو زیاتر لە (٣٤٠) فڕۆکەی جەنگی دەگرێتەوە، کە هەموویان دروستکراوی ئەمریکانو لە ئیسرائیل بە پێی پێویستی گۆڕانکارییان تێدا کراوە. فڕۆکە جەنگییەکانیش بریتین لە (F-F، F-١٦C/D، ١٥C/D-١٦I و F-٣٥I):

أ. فڕۆکە جەنگییەکانی (F-F، ١٥I-١٦Iو F-٣٥I) بڕبڕەی پشتی هێزی هێرشبەرن.

ب. (F-٣٥I) بە توانای ئیسرائیلی تەرخانکراوە بۆ جەنگی ئەلیکترۆنیو چەکسازی، ژمارەی گشتیان دەگاتە (٤٥) فڕۆکە (لەگەڵ پلانی کڕینی ١٠٠ دانەی تردا).

ج. فڕۆکەی (F-١٥I) بۆ شێوەی

نوێی (F-١٥IA) پێشخراوە لەڕێگەی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**٤.خۆپڕچەککردنی وردو چەکی ئاڕاستەکراو**

لە دیارترین جیاوازییەکانی کردەوە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل بریتی بوون لە بەکارهێنانی چڕی چەکی ئاڕاستەکراو:

أ. سیستەمی (SPICE ١٠٠٠ & ٢٠٠٠) کە توانای ئاڕاستەکردنی خودی هەیە (GPS)، هەروەها داتاکراوە تا ساتی پێکانی ئامانجەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ب. بۆمبی (JDAM)ی ئەمریکی لە جۆرەکانی (GBU-٣١, GBU-٣٢, GBU-٣٨)، لە ناویشیاندا جۆری (BLU-١٠٩)؛ دژە حەشارگە پارێزراوەکان.

ج. بۆمبی (Paveway) بە لێزەر ئاڕاستەکراو.

د. بۆمبی بازنەیی بچووک (GBU-٣٩ SDB)، کە مەوداکەی دەگاتە (١١٠) کم.

هـ. (SPICE ٢٥٠)، کە دەتوانێت ئاڕاستەی خۆی بگۆڕێت، بە پێی داتای پێدراو لە کۆتا ساتەوەختەکانیدا.

و. موشەکی کروزی وەک (Popeye)، بە مەودای (٩٠) کمو (Delilah) بە مەودای (٢٥٠) کم، لەگەڵ توانای سوڕانەوە بە دەوری ئامانجەکەدا.

**٥. تەکتیکە ئاسمانییەکان**

أ. لە ڕۆژی یەکەمی جەنگەکەدا نزیکەی (٢٠٠-٣٠٠) فڕۆکەی ئیسرائیلی بەشداریانکرد لە بۆمبارانکردنی ئامانجەکانی وەک:

- دامەزراوەکانی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی.
- سیستەمی بەرگریی ئاسمانیو سەکۆکانی هەڵدانی موشەک.
- سەرکردە باڵاکانی سوپاو هەواڵگری (لە ناویشیاندا کوشتنی سەرکردە باڵاکانی سوپای پاسداران، وەک حسێن سەلامیو محەمەد باقری).

ب. هەروەک چۆن هێرشەکان دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانو کۆگاکردنی موشەکو فڕۆکەکانی دەکردە ئامانج.

ج. پاش لەناوبردنی زیاتر لە نیوەی سەکۆ جوڵاوەکانی هاویشتنی موشەکە ئێرانییەکان تا (٦/١٧)، ئیتر توانای بەرپەرچدانەوەی ئێرانی سنووردار بوو.

**٦. جەنگی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیلی**

هەر لەو کاتەوەی جەنگ لە دەشتی بیقاع لە ساڵی (١٩٨٢) ڕویدا، ئیسرائیل پشتی بە جەنگی ئەلیکترۆنی بەستووە، هەر بۆیە ئیسرائیل بە پێشەنگ دادەنرێت لەم بوارەدا، لەم جەنگەشدا پشتیدەبەست بە:

أ. یەکەی (٨٢٠٠): بەرپرسن لە ئیختراقە سایبیرییەکانو سیخوڕیی ئەلیکترۆنی، لە دیارترین کردەوەکانیان، ڤایرۆسی (Stuxnet) بوو لە دژی ئێران ساڵی (٢٠١٠).

ب. سربی ناحوش: کە فڕۆکەکانی (G٥٥٠

(Oron، Shavit، Eitam) دەگرێتەوەو خاوەنی ڕاداری جۆری (AESA)و سیستەمی چاودێریکردنی ئەلیکترۆنین.

ج. فڕۆکەی (Oron): ساڵی (٢٠٢١) خرایەکارو توانای کۆکردنەوەو شیکاری داتاکانی لە ڕێگەی زیرەکیی دەستکردەوە هەیە، دەتوانێت وێنەیەکی تەواوی گۆڕەپانی جەنگ پیشانبدات.

**٧. هێرشە سایبیری و کردەوە دەروونییەکان**

أ. لە ناوخۆی ئێراندا چەندین هێرش کران، لە ناویاندا وێرانکردنی سەکۆکانی بەرگریی ئاسمانیی نزیک لە تاران، لە ڕێگەی فڕۆکەبێفڕۆکەوانو هێرشی ئەلیکترۆنییەوە.

ب. لە (٧٢) کاتژمێری یەکەمدا، ئیسرائیل زیاتر لە (٧٠) سەکۆی بەرگریی ئاسمانیی ئێرانی تێکشکاند، لە ناویاندا (S-٣٠٠) (Bavar-٣٧٣).

ج. هەروەها هێرشەکان ناوەندەکانی سەرکردایەتیو کۆنترۆڵو پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی موشەکو فڕۆکەبێفڕۆکەوانو سەرلێشێواندنی ئەلیکترۆنییەوە کردە ئامانج.

د. کۆمەڵەی چەتەی ئیسرائیلی (Predatory Sparrow) هێرشەکانی سەر بانکی "سیباه"ی ئێرانیو بۆرسەی دراوی ئەلیکترۆنی (Nobitex)، کە بە ملیۆنان دۆلار زیانی گەیاندبوو، دایە پاڵ خۆی.

هـ. لە بەرانبەردا، ئێرانییەکان پەنایانبرد بۆ پرۆسەی چەواشەکاری لە ڕێگەی نامەی نوسراوی ساختەو حەملەی "بۆتات" لە سەر سەکۆکانی پەیوەندیکردن.

و. جگە لە دەرکەوتنی بەکارهێنانی دیب فەیک (Deepfake) لەلایەن هەردوولاوە، بۆ بڵاوکردنەوەی پارچەڤیدیۆو هەواڵی چەواشەکارانەوە.

**لە ماوەی جەنگەکەدا، ئیسرائیل بە تەواوی توانیی کۆنترۆڵی ئاسمانی بە سەر ئێراندا بسەپێنێت.**
**سیستەمی بەرگریی ئێرانی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە توشی داڕمان بووو نەیتوانی بە شێوەیەکی کارا ئامادەببێت.**

**پوختەی بەشی یەکەم**

جەنگەکە ئەوەی سەلماند، کە شەڕە نوێیەکان کورتناکرێنەوە لە ئاگربانکردنی یەکتردا بە تەنها، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە:
- هێزی ئاسمانیی ورد،
- جەنگی ئەلیکترۆنیو سایبیری،
- کردەوەی دەروونیو ڕاگەیاندن.

ئیسرائیل سەرکەوتوو بوو لە پێکەوەگرێدانێکی کارای ئامرازەکان. لە کاتێکدا ئێران نەیتوانی پارێزگاری لە توانا بەرگریکارییەکانی لە دژی باڵادەستیی ئاسمانی – ئەلیکترۆنی بکات.

بەشی دووەم:

هەڵسەنگاندن و پوختەی وانە دەستکەوتووەکان

١. گرنگی دیبلۆماسی و هاوپەیمانیەتییەکان

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوە سەلمێنراوە، کە جەنگ و دیبلۆماسیەت دوو ڕەگەزی تەواوکەری یەکترن. لەوانەیە لە ساتەوەختێکی مێژوویدا یەکێکیان بە سەر ئەوی تردا زاڵببێت، بەڵام بە دەگمەن بە تەواوی لە یەکتری جیادەبنەوە. پەیوەندیی نێوان ئێران و ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەی ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆڕشی ئێرانی لە ساڵی (١٩٧٩)، بەڵام لە (٧)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٣)دا چووە قۆناغێکی نوێوە، بە شێوەیەک لۆژیکی گفتوگۆو دانوستان پاشەکشەیکردو لە شوێنی ئەوە، لۆژیکی بەریەککەوتن و کردەوە نهێنییەکان شوێنیگرتەوە.

پرسی ئەتۆمیی ئێرانی، کە یەکێک بوو لە بەندە هەمیشەییەکان لە خشتەی کاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بوو بە بەشێک لە بنەماکانی شکستی دانوستانەکان. بە شێوەیەک سووربوونی ئێران لە سەر بەردەوامبوون لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەبێ ڕەچاوکردنی هەستیاریی لایەنەکانی تر، وای لە واشنتۆن و تەلئەبیب کرد لە خاڵێکدا بە یەک بگەن، ئەویش پێویستیی پەنابردن بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسەکە لە ڕێگەی سەربازییەوە. ئەم ئەنجامەش سەبارەت بە ئێران، هەڵەیەکی ستراتیجیی حاشاهەڵنەگر بوو، لەبەرئەوەی گوێی بە پشتگوێخستنی جیاوازییە وردەکان نەدەدا لە هاوسەنگییەکانداو پاڵی بە دوژمنەکانییەوە نا، کە ڕیزەکانی خۆیان دژی ڕێکبخەن.

٢. باڵادەستیی ئیسرائیل و قەیرانی بەرپەرچدانەوەی ئێرانی

أ. جەنگەکە ئەوەی دەرخست، کە ئیسرائیل بە تەنها پشت بە باڵادەستیی تەکنەلۆژی نابەستێت، بەڵکو سوودی لە پشتیوانیی هاوپەیمانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی بینیوە.

ب. ئێرانیش کە دەمێکە هەوڵی بنیاتنانی ستراتیجیەتی بەرپەرچدانەوە دەدات لە ڕێگەی موشەکی بالیستی و پشتیوانیی هەرێمییەوە، کەچی دەستەوەستان مایەوە لە پارێزگاریکردن لە ئاسمان و دامەزراوەکانی.

ج. بەئامانجگرتنی سەرکردە سەربازی و زانا ئەتۆمییەکان هەر لە کاتژمێرەکانی سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەکەوە ئەو وێنەیەی پیشاندایەن، کە ئیسرائیل هێزێکە، توانای لێدانی ناوجەرگەی ئێرانی هەیە، هەر کاتێک بیەوێت.

٣. بۆشایی لە بەرگریی شارستانیدا

أ. جەنگەکە ئەوەی دەرخست، کە بەرگریی شارستانی ڕەگەزێکی بنەڕەتییە

لە ململانێکانی سەردەمدا.

ب. لە کاتێکدا ئیسرائیل خاوەنی تۆڕێک لە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەو پەناگەی پێشکەوتووە لە شارە گەورەکاندا، کەچی ئێران ئەو توانایەی نییەو ئەوەش بوو بە هۆی زیانێکی مرۆیی گەورە.

ج. ئەم ڕەهەندە شارستانی – ئاسایشییە، پێویستە لە هەر ستراتیجیەتێکی بەرگریدا لەبەرچاوبگیرێت، نەک تەنها لە ئێران، بەڵکو لە سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەکەدا.

**٤. گۆڕەپانی ڕاگەیاندن و سایبیری**

أ. هێرشی سایبیری و کردەوەی ڕاگەیاندن بەشێکی دانەبڕاون لە جەنگ.

ب. ئیسرائیل بە ئەنقەست هێرشە ئەلیکترۆنییەکان و کردەوە سەربازییەکانی پێکەوە گرێدابوو، تا بتوانێت تۆڕی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵی ئێرانی پەکبخات.

ج. ئێران هەوڵی بەرپەرچدانەوەی چەواشەکارانەی لە ڕێگەی نامەی نووسراوو پڕوپاگەندەو سوپای بۆتات (جيوش بوتات)ەوە لە سەر ئامرازەکانی پەیوەندی دەدا، بەڵام بەراورد بە توانای ئیسرائیلی، کاریگەرییان سنووردار بوو.

**٥. وانە سوودبەخشەکان بۆ تورکیا**

**أ. توانا ئاسمانی و بەرگرییەکان:**

- جەنگەکە جەختکردنەوە بوو لە گرنگی خاوەندارێتیی هێزی ئاسمانیی گشتگیر، کە فڕۆکەی بەفڕۆکەوان و بێفڕۆکەوان لەخۆبگرێت.

- پێویستیی بنیاتنانی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی فرەئاست بۆ پارێزگاریکردن لە شارو ژێرخانی وڵات، لەگەڵ جەختکردنەوە لە ڕێگریکردن لە موشەکی بالیستی و موشەکی خێراتر لە دەنگ.

**ب. بەرهەمهێنانی سەربازی و توانا پیشەسازییەکان:**

- هەروەک لە جەنگی ڕوسیا - ئۆکرانیا هەیە، جەنگەکە ئەوەی دەرخست، کە باڵادەستی تەنها بە تەکنەلۆژیا بەدەستنایەت، بەڵکو وەستاوە لە سەر قەبارەی کۆگای سەربازی و خێرایی لە بەرهەمهێناندا.

**لە ڕۆژی یەکەمی جەنگەکەدا نزیکەی (٢٠٠-٣٠٠) فڕۆکەی ئیسرائیلی بەشدارییان لە بۆمبارانکردنی ئامانجەکاندا کرد، لە ناویشیاندا کوشتنی سەرکردە باڵاکانی سوپای پاسداران، وەک حسێن سەلامی و محەمەد باقری.**

- تورکیا پێویستی بە بەهێزکردنی توانای پیشەسازی هەیە، بە مەبەستی زیادکردنی خێرایی بەرهەمهێنان لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە.

**ج. تەکنەلۆژیای مەدەنی، کە توانای بەکارهێنانی دوولایەنی هەبێت:**

- جەنگ ئەوەی سەلماند، کە ئەپەکان (پەیوەندیکردنو ئەنتەرنێت) دەکرێت بگۆڕدرێت بۆ ئامرازی فشارو چەک.

- لێرەوە پێویستە تورکیا جێگرەوەی ناوخۆیی هەبێت بۆ پرۆگرامسازیو کەرەستە هەستیارەکان، بە تایبەت لە دامەزراوە حکومیو ئاسایشییەکاندا.

**د. بەرگری شارستانیو ئامادەیی نەتەوەیی:**

- بنیاتنانی سیستەمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی نیشتمانی،

- دروستکردنی پەناگەی ئامادە لە شارە گەورەکان بۆ کەمکردنەوەی زیانە مەدەنییەکان،

- ڕاهێنانی دانیشتوان لە سەر ڕێوشوێنی لەناکاو لە بارودۆخی ناکۆکییەکاندا.

**پوختەی بەشی دووەم**

جەنگی دوازدە ڕۆژە ئەوەی دەرخست، کە یەکلاییکردنەوە لە ململانێ نوێیەکاندا تەنها پشت بە تانکو فڕۆکە نابەستێت، بەڵکو پەیوەستە بە تەواوکاریی دیبلۆماسیو هاوپەیمانییەکان، توانا ئاسمانییەکان، بەرگریی شارستانی، جەنگی سایبیریو ڕاگەیاندنەوە. ئەو دەوڵەتانەی شکستدەهێنن لە تێگەیشتنی ئەم هاوکێشەیەدا، ڕووبەڕووی شڵەژانی ستراتیجی دەبێتەوە، کە لەوانەیە هەڕەشە لە بوونی بکات.

**بەشی سێیەم:**

**سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان**

**١. بەردەوامبوونی ئاڵۆزییەکان لە مەودای کورتدا**

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دوازدە ڕۆژە، پێشبینی ئەوە دەکرێت ئاستی توتر لە نێوان ئیسرائیلو ئێراندا بە بەرزی بمێنێتەوە.

أ. سەرەڕای زیانە زۆرەکانی ئێران، واز لە ویستی ئەتۆمی، هەروەها ستراتیجی بەکارهێنانی پرۆکسییە هەرێمییەکانی ناهێنێت، وەک حیزبوڵلا، حوسییەکان، هەندێک لە گرووپە عێراقییەکان.

ب. لە بەرانبەردا، ئیسرائیل ئەوەی دەرخست، کە توانای وەشاندنی گورزی ئاسمانی چڕو تیرۆرکردنی وردی هەیە لە قوڵایی ئێراندا، ئەمەش متمانەی زیاتری پێدەدات لە بەردەوامبوونی لە سیاسەتی لێدانە خۆپارێزییەکان (الضربات الوقائية).

ج. هەر بۆیە لەوانەیە زنجیرەیەک لە کردەوەی سنووردار ببینین، وەک هێرشی سایبیری، تیرۆرکردن، گورزی ئاسمانیی سنووردار، بەبێ ڕۆچوون لە جەنگێکی ڕاستەوخۆی ماوەدرێژدا.

**٢. ئەگەری فراوانبوونی گۆڕەپانی ململانێکە**

ئەگەری فراوانبوونی ڕوبەڕووبوونەوە لە چەندین گۆڕەپاندا:

**أ. لوبنان:** سەرەڕای گورزەکانی

ئیسرائیل، کە حیزبوڵڵای لاوازکرد پاش کوشتنی سەرکردەکانی، ئەم حیزبە وەک ئەکتەرێکی گرنگ دەمێنێتەوەو هەوڵی دووبارە سەلماندنی بوونی خۆی دەدات لە ڕێگەی هێرشی موشەکییەوە دژی ئیسرائیل.

**ب. عێراق:** هەندێک لە گرووپە شیعییە هاوسۆزەکانی ئێران لەوانەیە ببن بە ئامرازی فشار بۆ سەر ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

**ج. یەمەن:** حوسییەکان ئەوەیان سەلماند، کە توانای موشەکیو دەریاوانی پێشکەوتوویان هەیەو لەوانەیە گەرووی بابولمەندەب وەک کارتێکی هەڕەشە دژی جوڵەی کەشتیوانی بەکاربهێنن.

د. فراوانبوونی ململانێکە بۆ ئەم گۆڕەپانانە ڕووبەڕووبوونەوەکە دەگۆڕێت بۆ جەنگێکی هەرێمی فرەلایەن، ئەمەش وا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بچێتە جەنگەکەوە، تانانەت لەوانەیە وڵاتانی کەنداویش تێوەبگلێن.

**٣.سیناریۆی گۆڕینی ناوخۆیی ئێران**

أ. یەکێک لە سیناریۆکانی کە ڕاگەیاندنە خۆرئاواییەکان گفتوگۆیدەکەن، بریتییە لە ئەگەری ڕودانی ڕاپەڕینێکی ناوخۆیی، کە ببێت بە هۆی ڕوخانی ڕژێمی ئێرانی.

ب. بەڵام ڕوداوەکانی جەنگ ئەوەی دەرخست، کە گەلی ئێرانی سەرەڕای تورەییان لە زیانەکان، دەستیان بە بۆچوونی سەقامگیریو دەوڵەت زیاترە لە ویستیان بۆ پاشاگەردانی.

ج. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوامبوونی پەستانە ئابوورییەکان شان بە شانی هێرشە نوێیەکان بۆ سەر ژێرخانی ئابووری، لەوانەیە ڕژێمی ئێرانی ڕووبەڕووی شەپۆلی نارەزایەتیی بەردەوام بکاتەوە، بە تایبەت لە ناوچە دوورەکاندا (ئەحواز، کوردستان، بلوشستان).

**لە (٧٢) کاتژمێری یەکەمدا، ئیسرائیل زیاترلە (٧٠) سەکۆی بەرگریی ئاسمانیی ئێرانی تێکشکاند، لە ناویاندا (S-٣٠٠) (Bavar-٣٧٣).**

**٤. ڕۆڵی زلهێزەکان**

أ. ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە ئیدارەدانی هاوسەنگیی نێوان ئێرانو ئیسرائیل دەمێنێتەوە، لەگەڵ پشتبەستنی بە سیاسەتی "کوتەکو گێزەر" بەرانبەر بە ئێران.

ب. ڕوسیا ڕۆچووە لە جەنگی ئۆکرانیادا، لەوانەیە نەتوانێت ڕاستەوخۆ پشتیوانیی ئێران بکات، بەڵام کارتی ئێرانی لە گفتوگۆکانیدا بەرانبەر بە خۆرئاوا بەکاردەهێنێت.

ج. چین، هاوبەشێکی سەرەکیو گرنگی ئابووریی ئێرانە، هەوڵدەدات ڕۆڵی هاوسەنگی ببینێت لە پێناوی

پارێزگاریکردنو دەستکەوتنی وزەی پێویستدا، بەڵام بەبێ چوونەناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژئاوادا.

د. ئەم حساباتە وادەکات قورسبێت جەنگەکە لە داهاتوودا بگۆڕێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیهانی کراوە، بەڵام دەرگا بە ڕووی پێشبڕکێی خێرای خۆپڕچەککردنی هەرێمیدا دەکاتەوە.

**٥. ڕەنگدانەوەی ئەگەرەکانی جەنگەکە لە سەر تورکیا**

أ. بەردەوامبوونی پشێویی هەرێمی بە واتای ئەوە دێت، کە تورکیا لە چەق هاوکێشەیەکی هەستیاردایە؛ ئەو هاوپەیمانێکی ناتۆیە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات پارێزگاری لە کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بکات.

ب. فراوانبوونی ملمانێکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)و سوریا دەبێت، چونکە ئێرانو تورکیا هاوبەشن لە پرسە ئاسایشییە ئاڵۆزەکاندا.

ج. هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوان گرنگیی بواری ئاسمانیی تورکیا زیاتردەکات، ئەمەش وا لە ئەنکەرە دەکات ئامادەیی دیبلۆماسیو سەربازیی هەبێت بۆ دیاریکردنی هەڵوێستێکی ڕوونو هاوسەنگ.

**پوختەی بەشی سێیەم**

**سیناریۆ ئایندەییەکان خۆیدەبینێتەوە لە نێوان:**

١. بەردەوامبوونی پشێوییەکی سنووردار لە ڕێگەی هێرشە سایبیرییەکانو گورزە وردەکانەوە.

٢. فراوانبوونی جەنگ لە هەرێمەکە تا هەریەک لە لوبنانو عێراقو یەمەن دەگرێتەوە.

٣. ئەگەری شڵەژانی ناوخۆیی ئێرانی، بە هۆی پەستانە ئابووریو سەربازییەکانەوە.

٤. کاریگەریی ڕۆڵی هێزە گەورەکانی وەک ئەمریکاو ڕوسیاو چین لە ئاراستەکردنی ڕێڕەوی ملمانێکەدا.

**ئەنجامەکانو ئەو هەنگاوانەی پێویستە تورکیا بیانگرێتەبەر**

**١. درککردن بە سروشتی جەنگە نوێیەکان**

جەنگی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئیسرائیلو ئێران ئەوەی دەرخست، کە جەنگە هاوچەرخەکان کورتناکرێنەوە لە بەرەی جەنگە تەقلیدییەکاندا، بەڵکو چەند جۆرێک دەگرێتەوە، لەوانە:

أ. بواری سایبیری،

ب. شێوازی کارۆموگناتیسی،

ج. جەنگی دەروونیو ڕاگەیاندن.

ئەمە بە واتای ئەوە دێت ئەو دەوڵەتانەی ناتوانن زبرەهێز (سەربازی)و نەرمەهێز (زانیاری - ڕاگەیاندن) بەکاربهێنن، ئەوا توانای بەرپەرچدانەوەو کاریگەری

لەدەستدەدەن.
سەبارەت بە تورکیا، پێویستە پشت بە چەمکی جەنگی فرەڕەهەند (Multi-Domain Warfare) بە شێوەیەکی مەنهەجی لە عەقیدەی سەربازیدا ببەستێت.

**٢. نوێگەری لە چەکی ئاسمانیو بەرگریدا**

أ. وانەی یەکەم بریتییە لەوەی کۆنترۆڵی ئاسمانی بە ئامرازێکی یەکلاییکەرەوە دادەنرێت لە ناکۆکییە کورتو زۆر چڕەکاندا.
ب. هەر بۆیە پێویستە تورکیا بەردەوامبێت لە بەرنامەی نوێکردنەوەی فڕۆکەکانیو تەواوکاریی نێوان فڕۆکە بەفڕۆکەوانو بێفڕۆکەوانەکان.
ج. بنیاتنانی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی فرەئاست، کە بتوانێت شارو ژێرخانەکان بپارێزێت، لەگەڵ پێشخستنی توانای ڕێگرتن لە موشەکە خێراترەکان لە دەنگدا بووە بە پێویستییەکی ستراتیجی.

**٣. بەهێزکردنی توانای پیشەسازیی سەربازی**

أ. هەروەک لە ئۆکرانیا ڕوودەدات، جەنگەکە ئەوەی سەلماند، کە قەبارەی کۆگاکراوو خێرایی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەربازی گرنگییەکەیان کەمتر نییە لە جۆرو باشییەکانی تەکنەلۆژیا.
ب. ئەمانە بۆ تورکیا پێویستە:
- بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی چەندیەتی لە سیستەمی شەڕکەرەکانیدا،
- بەردەوامبوون لە زنجیرەی پشتیوانی بە شێوەیەک بتوانێت لە جەنگە درێژخایەنەکاندا بەردەوامبێت،
- زیادکردنی هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا، لە پێناوی خێراکردنی بەرهەمهێنانی بەرگریدا.

**٤. پێشخستنی جێگرەوە تەکنەلۆژییە ناوخۆییەکاندا**

أ.جەنگکە ئەوەی دەرخست کە پڕۆگرامە مەدەنییەکانو ئەپەکان (مۆبایل، نامەناردن، تۆڕەکانی ئەنتەرنێت) دەکرێت ببنە ئامرازێکی جەنگ.
ب.هەر بۆیە:
- پێویستە جێگرەوەی ناوخۆیی هەبێت بۆ پڕۆگرامسازیو کەرەستە ژیارییەکانو پێشخستنیان.

**پاش لەناوبردنی زیاترلە نیوەی سەکۆ جوڵاوەکانی هاویشتنی موشەکە ئێرانییەکان تا (٦/١٧)، ئیترتوانای بەرپەرچدانەوەی ئێرانی سنووردار بوو.**

- پێویستی پشتبەستن بە سیستەمی نیشتیمانی لە دامەزراوە ئاسایشیو سەربازییەکانیدا.

- پشتیوانیی پڕۆژەکانی ئاسایشی سایبیری لە ناوخۆ بۆ گەرەنتیکرتنی سەربەخۆیی تەکنیکی.

**٥. بەهێزکردنی سیستەمەکانی بەرگریی شارستانی**

أ. پاراستنی خەڵکی مەدەنی ڕەگەزێکی سەرەکییە لە جەنگەکانی داهاتوودا.

ب. تورکیا پێویستی بەمانە هەیە:

- بنیاتنانی تۆڕەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی نیشتیمانی، کە هەموو خاکی نیشتیمان بگرێتەوە.

- دروستکردنی پەناگەی هاوچەرخی ئامادە، بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا.

- ڕاهێنانی دانیشتوان لە سەر مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی لەناکاودا، لە ڕێگەی بەرنامەیەکی نیشتمانییەوە.

**٦.بەگەڕخستنی دیبلۆماسیەتی زیرەک**

أ.جەنگەکە ئەوەی سەلماند ئەوە هاوپەیمانییەکانن دەتوانن ئاراستەی شەڕەکان دیاریبکەن، بە ڕێژەیەک کەمتر نییە لە توانا سەربازییەکان.

ب. پێویستە تورکیا پارێزگاری لە بەردەوامبوون لە سیاسەتێکی دەرەکیی نەرم بکات، کە بتوانێت:

- سوود لە ئەندامبوونی لە ناتۆدا ببینێت.

- پارێزگاری لە هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیاو ئێراندا بکات.

- هاوکاریی بەرگریکاری لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداودا بەهێزبکات، کە هەست بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دەکەن لەلایەن ئێرانەوە.

**٧. ئامادەکاری بۆ سیناریۆ جیاوازەکان**

تورکیا بەو پێیەی دەکەوێتەناو دڵی ناوچەی قەیرانەکانەوە، لێیداواکراوە ئامادەیی هەبێت بۆ چەند سیناریۆیەک:

أ. ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێ هەرێمییەکان، کە درێژبێتەوە بۆ باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)و سوریا.

ب. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەگەرەکانی فراوانبوونی ڕوبەڕوبوونەوەی ئێران - ئیسرائیل لە ناوچە جیاوازەکانی جەنگ.

ج. ئامادەبایی بۆ سیناریۆی ناوخۆیی ئێران‌و ئەوەی دەکرێت لێیبکەوێتەوە لە شەپۆلی هەڵهاتن‌و قەیرانی سنووریدا.

**پوختەی کۆتایی**

جەنگی دوازدە ڕۆژە جەختکردنەوە بوو لەوەی جەنگە نوێیەکان تێکەڵەیەکن لە نێوان گورزی ئاسمانیی وردو هێرشی سایبیری‌و جەنگی دەروونی. سەبارەت بە تورکیا پوختەی وانەکان دەکرێت کورتبکرێتەوە لە:

١. بەهێزکردنی توانا ئاسمانی‌و بەرگریکارییەکان،

٢. بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی بەرگریکاری،

٣. بە نیشتمانیکردنی تەکنەلۆژیاو پشتبەستن بە جێگرەوە ناوخۆییەکان،

٤. بەهێزکردنی بەرگریی شارستانی‌و ژێرخانی خۆپارێزی،

٥. بەکارهێنانی هاوپەیمانییەکان‌و دیبلۆماسیەتی زیرەک.

جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە توانای زیاتر بە تورکیا دەبەخشێت لە

پارێزگاریکردنی لە ئاسایشی نەتەوەییو گەرەنتیی پارێزگاریکردن لە پێگەکەی وەک کارەکتەرێکی ناوەندی هەرێمی لە ژینگەی ستراتیجیی ناجێگیردا.

**ئیسرائیلییەکان توانییان تۆڕی پەیوەندییەکانو هەندێک سیستەمی سەرکردایەتیو بەڕێوەبردنی ئێرانییەکان کۆنترۆڵبکەن، بەڵکو هەندێک هەواڵو زانیاریی چەواشەکارییان بۆ شڵەژاندنی هێزەکانی ئێران بڵاوبکەنەوە.**

**پوختە**

١. جەنگی ئیسرائیل دژی ئێران لە (١٣)ی حوزەیران دەستیپێکردو زۆرێک لە هاوکێشە هەرێمییەکانی گۆڕی. دوا بە دوای ئەو کردەوە سەربازییە - جیۆسیاسییەی لە (٧)ی ئۆکتۆبەر ڕویدا وەک خاڵێکی وەرچەرخان، ستراتیجیەتی هەریەک لە ئیسرائیلو ئێرانی بە شێوەیەکی تەواو دەرخست.

٢. هێرشە سەربازیو تەکنەلۆژیو هەواڵگرییە لەناکاوەکەی (١٣)ی حوزەیران، شان بە شانی بالادەستیو ناهاوسەنگیی توانا سەربازیو هەواڵگریو تەکنەلۆژییەکانو پشتیوانیی فراوانی هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل، ئێرانی توشی زیانێکی زۆر کرد.

٣. جەنگەکە پێش هەموو شتێک ئەوەی سەلماند، کە ڕەگەزی هێزی ئاسمانی لە ململانێ کورتو زۆر چڕەکاندا، بە تایبەت لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی هاوسنووری وشکانی نین، ئامرازێکی یەکلاییکەرەوەی سەرکەوتوترە. ئێران بە هۆی نەبوونی چەکی ئاسمانیی پێشکەوتووەوە بەراورد بە ئیسرائیل، هەوڵی قەرەبووکردنەوەی لاوازییەکەی داوە لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە بواری موشەکی بالیستیدا، بە تایبەت موشەکی دەنگبڕ (ئەو موشەکانەی خێراییان لە خێرایی دەنگ زیاترە).

٤. جەنگەکە بەکارهێنانێکی چڕی هێرشە سایبیریو ئامرازەکانی جەنگی ئەلیکترۆنی لەخۆگرتبوو (Electronic Warfare – EH). ئەم ئامرازانە بەکارهێنران نەک تەنها دژی ئامانجە سەربازییەکان، بەڵکو لە پێناوی ڕاگەیاندنی چاواشەکارانەو کاریگەریخستنەسەر ڕایگشتیی بەرانبەر.

٥. لە گرنگترین هۆکارەکانی بالادەستیی ئیسرائیل بریتی بوو لە سەرکەوتن لە بنیاتنانی تۆڕێکی هەواڵگریو کردەوەسازی لە ناوخۆی ئێران. هەر لە ناوخۆوە دامەزراوە ستراتیجییەکانو سەرکردە سەربازییەکانو زانا ئەتۆمییەکانی لە ڕێگەی شانە نوستووەکانەوە، کە ساڵانێکی زۆرە لە ئێران کاردەکەن، کردە ئامانج.

٦. هەروەها جەنگەکە گرنگیی بەرگریی شارستانیی لە شارە گەورەکان دەرخست. لە کاتێکدا ئیسرائیل خاوەنی سیستەمی ئامرازەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختو پەناگەی بەربلاوو فراوانە بۆ خۆپاراستن، کەچی ئێران خاوەنی ئامادەیی پێشوەختەی لەم چەشنە نەبوو، ئەمەش بوو بە هۆی

مردنو بریندار بوونی سەدان هاوڵاتی مەدەنی، بە تایبەت لە تارانی پایتەخدا.

٧. لەگەڵ زیانە گەورەو فراوانەکانو پێشبینیی ڕودانی جوڵانەوەی نەتەوەیی، کە ببێت بە هۆی ڕوخانی ڕژێمی ئێرانو هەموو ئەو بانگەشانەی کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە دەرەوەی دژی ڕژێمی ئێران دەیکەن. ئەوە ئاشکرابوو، کە تا ئێستاش گەلی ئێران گرنگیو بایەخیان بە سەقامگیریو ڕژێمی گشتی بەردەوامە، بەڵام ئاراستەی ئایندەی یەکێتیی ناوخۆیی ئێران وەستاوە لە سەر ئەو پێشهاتانەی لە داهاتوودا ڕودەدەن.

٨. جەنگ گرنگیی ئەپی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر ئەرزی واقیع ئاشکراکرد. ئیسرائیل بە شێوەیەکی فراوان پشتی بە ئەپەکانی ئینتەرنێت بەستبوو. ئەمەش وای لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی کرد داوای سڕینەوەو قەدەغەکردنی وەتسئەپو هاوشێوەکانی لە مۆبایلدا بکەن، بەڵکو لە هەندێک کاتدا پەنایان بۆ پچڕاندنی ئەنتەرنێت برد.

٩. سەبارەت بە تورکیا، جەنگەکە چەندین وانەو پەندی فێربوو، تورکیا کرد. لەوانە جەختی لە سەر گرنگیی بەردەوامیی نوێگەریو تەواوکاری سیستەمەکانی فڕۆکەو فڕۆکەبێفڕۆکەوان لە هێزی ئاسمانیی تورکی کردەوە، هەروەها دروستکردنی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی فرەئاستو بەربڵاو، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل، سەرەڕای پشتیوانیی بەردەوامی هاوپەیمانەیەکانی، بێتواناو دەستەوەستان بوو لە خستنەخوارەوەی هەموو موشەکە دەنگبڕە ئێرانییەکاندا، ئەمەش گرنگیی هەوڵەکانی تورکیای لەم بوارەدا خستووەتە پێش چاو.

١٠. جەنگەکە ئەوەی سەلماند، کە بڕی کۆگای سەربازی گرنگییەکەی کەمتر نییە لە گرنگیی باڵادەستیی تەکنەلۆژی، هەر بۆیە تورکیا لە پاڵ پێشخستنی سیستەمە پێشکەوتووەکانیدا، پێویستی بە خێراکردنو فراوانکردنی تواناکانی لە بواری بەرهەمهێناندا هەیە.

١١. وانەیەکی تر بریتییە لە پێویستیی بەردەوامی چاودێریکردنی دوولایەنەی تەکنەلۆژیای مەدەنیو سەربازیو هەوڵدان بۆ بنیاتنانی جێگرەوە ناوخۆییەکان بە پێی توانا، بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە پرۆگرامسازیو کەرەستە گرنگەکانی دەوڵەتەوە.

١٢. هەروەک چۆن پێویستە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە دروستبکرێت، کە هەموو وڵات بگرێتەوە، پەناگەی ئامادە دروستبکرێت، بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی زیانە مەدەنییەکان لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئایندەدا.

---

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت**

extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://mia.edu.tr/uploads/f/01082025_1.pdf

# چاوپێکەوتن

تورکیاناسی

# **محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** قەندیل چۆڵبکرێت، هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان تێیدا جێگیردەبن

چاوپێکەوتن: تورکیاناسی



ساڵێک بە سەر دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتیدا تێپەڕیوە. هەرچەندە لە ڕووی تیۆرییەوە لێدوانی ئەرێنیی دڵخۆشکەر لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە دراوە، بەڵام لە ڕووی کارەکییەوە هەنگاوێکی جێگیرو دڵخۆشکەر بۆ کوردو تورکیاش نەنراوە. گفتوگۆی ئەم جارەی تورکیاناسی لەگەڵ محەمەد ئەمین پێنجوێنی؛ نوسەرو شارەزا لە کاروباری تورکیاو پەکەکە دەبێت.

پێنجوێنی، جگە لەوەی خاوەنی پەیوەندیو ئەزموونێکی فراوانو قووڵی دەیان ساڵەیە لەگەڵ پەکەکەو خودی عەبدوڵلا ئۆجەلانی ڕێبەری زیندانیکراوی ئەو حیزبەدا، لە هەمان کاتدا لە سەرجەم هەنگاوو پرۆسەکانی ئاشتیدا کەسێکی گوێلیگیراوو

متمانپێکراو بووە لەلایەن هەردوو لاوە. هەرچەندە بە هۆی تەمەنو گۆڕانی بارودۆخی سیاسیی تورکیا، پەکەکەو هەرێمی کوردستانەوە تا ڕادەیەک دوورکەوتنەوەی لە مەیدانی سیاسەتو پەیوەندییەکانی پێوەدیاربێت، بەڵام لەم هەنگاوەی ئەم جارەی پرۆسەی ئاشتیشدا کەسێکی پرسپێکراو بووەو لایەنەکان سەرنجو تێبینییەکانی پێنجوێنییان بەهەندوەرگرتووە.

**تورکیاناسی:** تورکیا بۆچی جارێکی دیکە بەپێویستیزانیوە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورددا دەستپێبکاتەوە؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** جوڵەیەک لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی جیهانەوە دەستپێکردووە بۆ دووبارە دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆژەکە لە بنەڕەتدا لەلایەن بەریتانیاوە داڕێژراوە، ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپاو ئەندامانی ناتۆ پشتیوانی داینەکەری ژێرخانو سەرخانی پرۆژەکەن، ئیسرائیلو بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە ڕاسپێردراوە بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە. لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیەدا تورکیاو ئێران ئەو دوو وڵاتەن، کە بڕیاریان لە سەر دراوە لاوازبکرێن، بۆیە ئەنقەرە دەیەوێت بە کەمترین زیان لەو پرۆژەیە ڕزگاریببێت. لە لایەکی دیکەوە دۆخی ئابووریو سەنگی لیرەی تورکی کەوتووەتە ناسەقامگیرییەکی تەواوەوە، چەندین کۆمپانیای بچووکو قەبارە ناوەند لە تورکیا مایەپووچبوونیان ڕاگەیاندووە، سەنگی لیرەی تورکی بەردەوام لە داشکاندایە. پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ وڵاتانی جیهانو بە تایبەت ئەندامانی ناتۆدا خراپە، هەروەها ئەو سیاسەتەی خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە دوای هاتنەسەر تەختی دەسەڵات جێبەجێیکردووە لە گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی بۆ سەرۆکایەتی، گۆڕینی ئاڕاستەی پەیوەندییەکانی تورکیا لە ڕووەو ڕۆژئاواو ناتۆوە بۆ ڕۆژهەڵاتو وڵاتانی ئیسلامی، بە تایبەت کڕینی سیستەمی بەرگریی (S-٤٠٠)ی ڕووسی، نیگەرانیی لە لای ئەمریکاو ئەندامانی دیکەی ناتۆ دروستکردووە. لە ڕووی سەربازییشەوە هەرچەندە یەک لە سەر سێی خاکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە داگیرکرابێت، بەڵام سوپای تورکیا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان کوردوویەتی، شکستیهێناوە، لە سەدان تونێلو خەندەقی پەکەکە تەنها یەک تونێلو چەند لوتکە چیایەکی دەستبەسەرداگرتووە. هەموو ئەمانە تورکیا بەرەو ناسەقامگیریی سیاسیو داڕمانی ئابووریو مەترسیی کودەتای سەربازی بردووە. بەرپرسانی

تورکیاش زۆر باش دڵنیان لەوەی کە کورد یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ دەستخستنەناو کاروباری ناوخۆیی تورکیاو ئێرانو لاوازکردنیان لەلایەن زلهێزە جیهانییەکانەوە.

**لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا، تورکیاو ئێران ئەو دوو وڵاتەن، کە بڕیاریان لە سەردراوە لاوازبکرێن، بۆیە ئەنقەرە دەیەوێت بە کەمترین زیان لەو پرۆژەیە ڕزگاریببێت.**

**تورکیاناسی:** کەواتە ئەم هۆکار و مەترسیانەیە وایکردووە ئەم جارە دەستپێشخەریی پرۆسەی ئاشتی لەلایەن کەسێکی وەک دەوڵەت باخچەلییەوە بکرێت، کە بە درێژایی (٤٠) ساڵ سیاسەتی حیزبەکەی لە سەر دژایەتیی کوردو پەکەکە دارشتووە؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** دەوڵەت باخچەلی گەشتووەتە ئەو بڕوایەی کە بە دڵنیاییەوە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ جێبەجێدەکرێتو تورکیاو ئێرانیش وەک عێراقو سوریاو لوبنانیان لێدەکرێت. باخچەلی بیرمەندو سیاسییەکی بەتوانای دەوڵەتی تورکیایە. لە کاتێکدا ئەردۆغان خەمی کورسیی سەرۆکایەتیی کۆمارو مانەوەی حیزبەکەیەتی لە دەسەڵات، باخچەلی خەم بۆ فەلسەفەی تورکیزمو مانەوەی دەوڵەت دەخوات، بۆیە باخچەلی هەوڵدەدات سەرنجو مەیلی کورد بە لای ئەنقەرەدا ڕابکێشێتەوەو نەبن بە بەشێک لە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ.

**تورکیاناسی:** ئایندەی ڕۆژئاوای کوردستان بە چی دەگات؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** لەبەرئەوەی ئیسرائیل ناهێڵێت لە سەر سنوورەکانی هیچ هێزێکی دژ یان مەترسییەک هەبێت، بۆیە هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) دەمێنێتەوەو تەنانەت هێندە بەهێزیشدەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بە تورکیایشەوە حسابی بۆ بکەن.

**تورکیاناسی:** بەڕێزتان چەند جارێک ئاماژەتان بەوە داوە، کە پەکەکە بڕیاریداوە دەستبەرداری چالاکیی چەکداری ببێت دژی تورکیا، نەک بە تەواوی چەکدابنێت. ئەگەر گەریلا بە یەکجاری چەکدانەنێت، لە قەندیل چی دەکات؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** بەڕێز ئۆجەلان لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای تورکیادا بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتوون، کە لە ڕێگەی پەرلەمانەوەو لە دەستوورو یاساکاندا دان بە ناسنامەی کورددا بنرێتو مافە بنەڕەتییەکانی کورد لە زمانو کولتوورو بەشداریی چالاکیی سیاسی بە

شێوەیەکی سەربەست دابینبکرێت، بەڵام ئەمانە تەنها بەڵێننو تا ئێستا هەنگاوی کردارییان بۆ نەنراوە، بۆیە گەریلاش تەنها بڕیاریداوە چالاکیی چەکداری دژی تورکیا ڕابگرێت، دەنا چەکی لە شانەو لە قەندیل ماوەتەوە. لە دۆخی جێبەجێنەکردنی ئەو داواکارییانەدا هێزی چەکدار قەندیل چۆڵناکاتو چەکەکانیشیان دانانێن، واتە ئاگربەستێکی یاسایی ڕاگەیەنراوە.

**تورکیاناسی:** بەڵام پەکەکە بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی نەداوە؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** بەڵێ، پەکەکە خۆی هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵام هاوشێوەی هەسەدەو چەندین گرووپی دیکەی چەکداری، هێزی گەریلاش لە قەندیل وەک هێزێکی چەکدار ماوەو ئامادەی چالاکیو بەرگرییە، بەڵام گوێڕایەڵی هەر بڕیارو فەرمانێکی ئۆجەلانیش دەبێت. پاشان نزیکەی (٢٠) هەزار کەس چەکدابنێتو قەندیل چۆڵبکات، ڕوو لە کوێ بکات؟ پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان دەستەبەربکرێت، پاشان ئەو ناوچەیە چۆڵبکەن.

**تورکیاناسی:** لە قسەکانتاندا ئاماژەتان بەوە دا گەریلای پەکەکە هەموویان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، پێتانوایە ئەنقەرە ڕێگەدەدات بە بەرپرسانی باڵای سەربازیی پەکەکە بگەڕێنەوە تورکیا؟ هەر خودی ئەو بەرپرسانە ئامادەن بگەڕێنەوە ئەو وڵاتە؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** بەڵێ، بە گوێرەی یاسا بۆچی نەگەڕێنەوە! من قسەم لەگەڵ خودی ئەو سەرکردانەدا کردووە، دەشکرێت ئەو سەرکردانە خۆشیان چەند کەسێکی هاوکارو پاسەوان بۆ خۆیان دابینبکەن.

**تورکیاناسی:** لە دۆخی چۆڵکردنی قەندیلدا، کێ لەو ناوچەیە جێگیردەبێت؟ بە لەبەرچاوگرتی ئەوەی ڕۆژی (٢٠)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٥)، پەرلەمانی تورکیا ماوەی مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە لە عێراقو سوریا درێژکردەوە.

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** سوپای تورکیا بۆ کارێک نەهاتووە دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی لە خاکی عێراقو هەرێم بکشێتەوە. بەرپرسانی باڵای تورکیا خۆیان دەڵێن: "تاوەکو کەرکووک خاکی ئێمە بووەو بۆ ئێمەش دەبێت". بەڵێ، تورکیا ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانی کەرکووکە، هەرچەندە ئێران ڕێگە بە کارێکی لەو جۆرە ناداتو تاوەکو باشووری کەرکووک بە بەشێک لە ستراتیجی تاران دەزانن. ئەگەر قەندیل چۆڵبکرێت، هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەستیبەسەردادەگرن، هاوشێوەی تۆرابۆرای ئەفغانستان، بە جۆرێک ئەمریکاو بەریتانیاش نەتوانن پێیانچۆڵبکەن.

**تورکیاناسی:** مەبەستتان لە هێزە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستانە؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** هێزە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان درێژکراوی ئیخوان موسلیمینن، بەڵام من مەبەستم لەو هێزە توندڕەوانەیە، کە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا جێگەیاننابێتەوە، جگە لە ناوچە سەختەکان.

**تورکیاناسی:** ئەگەر تورکیا هەوڵبدات لە ڕێگەی پرۆسەی ئاشتییەوە بە کەمترین زیان لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا خۆی بنوێنێت، کەواتە ئەمریکاو ئیسرائیل پێویستە دژی پرۆسەی ئاشتی بن، لە دۆخی شکستهێنانی پرۆسەکەدا چی ڕوودەدات؟ پێویستە کورد چۆن مامەڵەبکات؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** من پێموایە پرۆسەکە تێکدەچێت، ڕەنگە بگاتە ئەنجامێک، بەڵام ئەو ئەنجامە بریتی نییە لە چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی کورد، لەبەرئەوەی نیەتی تورکیا جێبەجێکردنی مافەکانی کورد نییە، مامەڵەی تورکیا لە لۆزانو قۆناغەکانی دیکەی کاری هاوبەشو دانوستانو پرۆسەکانی پێشوو بەڵگەن بۆ ئەم بۆچوونە. تورکیا دەیەوێت سوود لەم دۆخەی ئێستا وەربگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دۆخی جیهانو ناوچەییو عێراقو هەرێمیش گۆڕاوەو وەک ڕابردوو جیهان بە ڕووی کورددا دانەخراوە. ئێستا دوو کیانی کوردی لە باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، دەیان حیزبو ڕێکخراوی کوردی لەم وڵاتانەو ئەورووپاو ئەمریکا هەنو گوێیانلێدەگیرێت.

**یەک لە سەرسێی خاکی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە.**

**تورکیاناسی:** ئێستا بۆچوونێک هاتووەتەکایەوە، کە پەکەکە کۆتاییهاتووە، بەڵام بەرپرزتان دەڵێن پەکەکە تەنها چالاکیی چەکداریی دژی تورکیا ڕاگرتووە، چۆن؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** بەڵێ، پەکەکە وەک ناوێکو حیزبێک نەماوە، بەڵام هێشتا کۆما جڤاکێن کوردستانێ (کەجەکە) ماوە، هەروەها ئەو هێزە چەکدارە نزیکەی (٢٠) هەزار کەسی لە قەندیل ماوەو چەکیدانەناوەو دایشینانێت بە ئاسانی، تاوەکو ئەو بەڵێنەی تورکیا بە ئۆجەلانی داوە، جێبەجێینەکات. جگە لەمانەش، پژاک و هەسەدەش چەکدانانێنو بانگەوازەکەی پەکەکە ئەوان ناگرێتەوە. لە دۆخی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیشدا زۆرێک لەو چەکدارانە دەگەڕێنەوە تورکیاو لە ناو دەمپارتی یاخود هەر

پارتێکی دیکەدا خەباتی سیاسی دەستپێدەکەن. بانگەشەی تەواوبوونی پەکەکەو ئۆجەلان، بانگەوازی هەندێک هێزو دەوڵەتو کەسو گرووپی نەیارو دژی پەکەکەن، ئەو بانگەشانە تازە نین بۆ پەکەکە.

**تورکیاناسی:** پێگەی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئاشتیدا چۆن دەبێت؟ هەرێم چی بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی کورد پارێزراو بێت؟

**محەمەد ئەمین پێنجوێنی:** ئەوەی دیارە، حکومەتی هەرێمی کوردستانو تەواوی حیزبە سیاسییەکان پشتیوانی لە پرۆسەکە دەکەن، باشترین بەڵگەش بەڕێوەچوونی مەراسیمی سوتاندنی چەکی سی گەریلای پەکەکە بوو لە ئەشکەوتی جاسەنە، بە جۆرێک ئەو گەریلایانەو چەند بەرپرسێکی سەربازیی تورکیا بێنە جاسەنەو مەراسیمێک بکەنو نوێنەری چەندین دەوڵەتو لایەنی هەرێمی کوردستانو عێراقو تورکیاو دەزگا میدیاییەکانی تورکیا بەشداریی پرۆژەکە بکەنو هیچ گرفتو مەترسییەکی ئەمنی بۆ هیچ لایەک دروستنەبێت. ئەمە جێگەی دەستخۆشییە بۆ حکومەتی هەرێمو بە تایبەت هێزە ئەمنییەکانی سنووری سلێمانی، کە تەنانەت هەست بە هیچ مەترسییەکی درۆنی تورکی یاخود هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئەو بەرپرسو گەریلایانەی پەکەکە نەکراوە.

هەر چەند ڕۆژێک دوای لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلیو بانگەوازی پرۆسەی ئاشتی، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بانگهێشتی ئەنقەرە کرابوو. پێش ئەوەی بڕوات، بە تەلەفۆن پەیوەندییپێوەکردمو وایلێکردم قسە لەگەڵ بەرپرسانی قەندیلدا بکەم بۆ ئەوەی داواکاریو مەرجەکانی قەندیل بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بگەیەنم بە سەرۆکی هەرێم، بۆئەوەی بارزانی لە سەردانەکەی ئەنقەرەیدا پەیامی قەندیل بگەیەنێت بە بەرپرسانی تورکیا. کەواتە هەرێمی کودستان هەر لە سەرەتای پرۆسەکەوە لە ڕووی سیاسیو ئەمنییەوە پرسو ڕاوێژپێکراوە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان وەک هێزی باڵادەست لە ناوچەی سلێمانی، ڕۆڵو ئەرکێکی گرنگی دەبێت لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەکەو بە تایبەت لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پەیوەست بە چەکدارانو گەڕانەوەی گەریلادا بۆ ناوچەکانی خۆیان. دواجار چارەسەری کێشەی کوردو چەکدارانی پەکەکە بە شێوەیەکی ئاشتی، سوودی بۆ هەرێمی کوردستانیش دەبێت. بە جۆرێک ئیدی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانو سلێمانییش دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن، کە هیچ هێزێکی چەکدار لە سنوورەکانیان نییە، کە ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ.


پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران
١٩٢٣ - ٢٠٠٣
لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان
وەرگێڕانی: گۆران سەلام محەمەد
Turkish-Iranian Relations
1923-2003
Studies in Political and Economic Relations
Translated by: Goran Salam Mohammed

# کتێبناسی

# پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران (١٩٢٣ – ٢٠٠٣)

## لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە سیاسیو ئابوورییەکان

ناوی کتێب: پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران (١٩٢٣ – ٢٠٠٣)؛ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە سیاسیو ئابوورییەکان
نوسەران: الدكتور منهل الهام عبدال عقراوي، الدكتور فراس صالح خضر الجبوري، الدكتور محمد حمزه حسين الدليمي
وەرگێڕانی: گۆران سەلام محەمەد
جۆری کتێب: مێژوویی/ سیاسی
ژمارەی لاپەڕە: (٥٢٤) لاپەڕە
چاپخانە: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان
ساڵی بڵاوکردنەوە: (٢٠٢٤)

**گۆران سەلام محەمەد** | خوێندکاری دکتۆرا/ مێژوو

**بەرایی**

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا سێ نامەی ئەکادیمییە بە زمانی عەرەبی، لەلایەن سێ توێژەری پسپۆڕەوە نووسراوە، وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

وردەکارییەکانی ناو ئەم کتێبە پێویستیی هەنووکەیین بۆ سیاسییەکان، مامۆستایانی مێژووی ئێرانو تورکیا، پسپۆڕو توێژەرانی مێژوو، سیاسەت، ئابووری، دیبلۆماسیو پەیوەندییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان، وزەو ئابووری، بازرگانی، هەروەها بۆ خوێنەرانی بوارەکە.

ئەوەی ئەم کتێبە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، گرینگیدانە بە ڕەهەندی ئابووری لە پەیوەندیی سیاسیو دیبۆماسیدا. تەکنیکەکانی ناو ئەم کتێبە گرنگە بۆ دیبلۆماتکارو باڵیۆزو کونسوڵو بەرپرسی نوێنەرایەتییەکانو کارمەندانی وەزارەتەکانی دەرەوە، ناوخۆ، بەرگری، دارایی، کشتوکاڵ، بازرگانیو نەوتو وزە، سامانی ئاویو کێشەکانی سنوور، هەروەها کۆی ڕوداوە ناوخۆییەکانی هەردوو وڵات لە ژیانی سیاسی، پارتەکان، کودەتاکان، کابینەکان، دەستوور، سوپا.... هەرسێ شەڕی کەنداویش بە وردی

باسکراوە.

دواتــر کــوردو دۆزەکــەی لـە کـۆی ئـەو ڕەهـەنـدانـەوە لـە مـاوەی (٨٠) سـاڵـدا لە چـاوی سـیـاسـیو دیـبـلـۆمـاتـکـارانـی تـورکـیو ئێرانیـیـەوە چـۆن لـێیڕوانـراوە؟ خـاکی کوردستانو سنوور، جوڵانەوەکانی کورد لـە تـورکـیـاو ئێرانو عێراقـدا لـە نـاو ئـەو هاوکێشە فرەڕەهەندانەدا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کـراوە؟ وەڵامی هـەمـوو ئـەوانـە بە تێروتەسەلیو پشتبەست بە سەدان سـەرچـاوەو بـەڵـگـەنـامـە لـەم کـتێبـەدا بەردەستە.

تـوێـژیـنـەوە لـە بـابـەتی پـەیـوەنـدیـیـەکانی تورکی - ئێرانی بایەخی زۆری هەیە، بە هۆی قـورسـایـی کـاریـگـەریی هــەردوو دەوڵـەت لـە پێگـەی سـتـراتـیـجیو دیـمـۆگـرافیو تـوانـا سەربازییەکانیان، هەروەها کاریگەرییان لە سەر ڕوداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســتو کـارلـێـکـکـردنـیـان لـە هـەر ڕوداوو بزاوتێکی دیاریکراو لە سیستەمی هـەرێمیو ناوچەییدا. ئەمەش وێنەیەکی ڕوونتری سیاسەتی دەرەکیی هەریەک لـە تـورکـیـاو ئێران نـیـشـانـدەدات. ئـەو کارتێکەرانەی کە هانی هەردوو دەوڵەتی داوە بـۆ بـاشـتـرکـردنـی پـەیـوەنـدییەکانیان دوای زنـجـیـرەیـەک لـە جـەنـگو ملـمـلانێو جـیـاوازی لـە پـەیـوەنـدیـیـەکـانـیـانـدا بـە درێــژایــی قـۆنـاغـەکـانـی پێــش جـەنـگـی جیهـانیی یەکەم، چەند هـۆکارو ڕوداوێک دەسـتـپێشـخـەربـوون بـۆ نـزیـکـبـوونـەوەو پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران، ئەمەش بە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لە سـاڵی (١٩٢٣)و هـاتنی ڕەزا شـا بـۆ سـەر دەسەڵات لە ئێران لە ساڵی (١٩٢٥) زیاتر ڕوونـدەبێـتـەوە. بـارودۆخو دەرهـاویـشـتـە نێـودەوڵـەتـیـیـەکـان ڕێـخـۆشـکـەر بـوون بـۆ سـەردەمێکی نـوێ لـە دۆسـتـایـەتیو هاوکاری لە نێوانیاندا. ئەوەی پەیوەست بووە بە بەرژەوەندیی هاوبەشو سوودی دوولایەنەوە، پەیوەندییەکانی هەردوو لای لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی ڕۆژئاواییدا داڕشتووە. برەوپێدراو بوو بە پاڵپشتێک بە ئاڕاستەی پێکهاتنو هاوکاریی هاوبەش بـۆ بـەدەستهـێـنـانـی ئـامـانـجی سـتراتـیـجیی زلهێزەکان.

پـەیـوەنـدیـیـەکـانـی هـــەردوو وڵات لـە نـــاوەڕۆکو دەرهــاویــشــتــەی ئـاڵـۆزو جـەنـجـاڵ پێکـهـاتـووە، کـە زۆر بـە کـەمی لـە هــەر پـەیـوەنـدیـیـەکی دوولایـەنــەی دیـکـەدا هـەیـە، ســەرەڕای دەرکــەوتنی جیاوازیی زۆر لـە نێوان تـورکـیـاو ئێرانـداو بەستنەوەی ئاستی بەرژەوەندییەکانیان لـە نێـوانـیـانـداو بـەکـەمـزانـیـنـی سـزاو پابەندبوونی هەردوولایان بەرانبەر بەوی تر. بە گوزارشتێکی دیکە، بناغەی پتەوی بەرژەوەندیی دوولایەنەیان سەلماندی، کە توانای بەرەنگاریی قەیرانەکانیان هەیە. لە هەمان کاتدا هاوکاریو نەرمینواندنی هـــەردوولا ئــەوەی ڕوونــکــردەوە، کـە بـۆیـان هـەیـە سـزاکـانـیـان کـەمبـکـەنـەوەو

چارەسەری تەواوی جیاوازییەکانی نێوانیان بکەن، ئەمەش ڕێپێدان بۆ پەیوەندییەکی بەهێزو بەردەوام، کە بە شێوەیەکی سەرنجراکێش لێیبڕوانرێت.

نوسینی ئەم کتێبە لە سەر بنەمای ڕێبازی مێژوویی شیکاری وەستاوە، کە بێکەموکورتی نییە لە گێڕانەوەی ڕاستییە مێژووییەکانو گرێدراوەکانیدا، بەڵکو هەوڵی شیکردنەوەی ڕوداوەکانو گەنگەشەکردنی ئەنجامو کاریگەرییەکانی لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت داوە.

ئەم توێژینەوەیە لە مەزەندەی بنەمای پەیوەندییەکانی تورکی – ئێرانیی کۆڵیوەتەوە، هەروەها هۆی نەبوونی پتەویو سەقامگیریی جیاوازی پەیوەندییەکانی لێکداوەتەوە، کە تا چەند گۆڕانکارییە ناوخۆییو دەرەکییەکان پشکی بەرچاوی هەبووە لە سەر پەیوەندییەکان بە ئاڕاستەی پێشکەوتنو پاشەکشێدا، ڕێکخستنی ئەم مەزەندەییەش کۆمەڵێک پرسیار بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە هەوڵدەدات وەڵامیانبداتەوە، ئەوانیش:

١. کاریگەریی دیارترین گۆڕانکارییە ناوخۆییو دەرەکییەکان لە سەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران چییە؟

٢. کاریگەریی بەشداریی هەردوو دەوڵەت لە ڕێکخراوی هاوکاریو گەشەپێدانی هەرێمی لە ساڵی (١٩٦٤) لە سەر پەیوەندییەکانیان چی بووە؟

٣. کاریگەریی دەرکەوتنی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە تورکیا لە سەر پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران چی بووە؟

٤. کاریگەریی شۆڕشی ئێرانی ساڵی (١٩٧٩) لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت چی بووە؟

٥. کاریگەریی کودەتای ساڵی (١٩٨٠)ی تورکیا لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت چی بووە؟

٦. کاریگەریی جەنگی عێراق - ئێران (١٩٨٠ – ١٩٨٨) لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت چی بووە؟

٧. کاریگەریی شەڕی دووەمو سێیەمی کەنداو لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات چی بووە؟

## قۆناغێکی نوێی پەیوەندییەکان

دروستبوونی کۆماری تورکیای نوێ سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا، کە سەقامگیری لە نێوانیاندا نەبوو، بەڵام دواتر بەهۆی چەند هۆکارێکی دیاریکراوەوە لە یەک نزیکبوونەوە. هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕەزا پەهلەوی وەک شاهی ئێران (١٩٢٦- ١٩٤١) بوو بە سەرەتایەک بۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران.

ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا پێشخست، دوای بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی لە (٢٢)ی نیسانی (١٩٢٦) بە نێوەندگیریی یەکێتیی سۆڤیەتو لە سەر داوای ئەنقەرە، ئەم پەیماننامەیەش

تەرخانکرا بۆ دەستدرێژینەکردنو بێلایەنی.
سەرەڕای باشبوونی ئەم پەیوەندییانە، کۆتایی بە هەندێک ئاریشەی وەک چالاکیی چەکداریی کورد لە سەر سنوور نەهات.
لە کاتی ڕابوونی جوڵانەوەیەکی دیکەی چەکداریی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧ – ١٩٣٠) بە ناوی جوڵانەوەی "ئاگری داغ" یان "ئـارارات"ەوە، جارێکی دیکە ئاریشە کەوتەوە نێوان پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران.
نزیکبوونەوەی تورکیاو ئێران دوای ئەو ماوە درێژە کارێکی ئاسایی بوو، کە لە ئەنجامیدا ڕەزا شا لە (٢)ی حوزەیرانی (١٩٣٤) سەردانی ئەنقەرەی کرد، ئەمەش هانی درێژەپێدانی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتی بە شێوازێکی فراوانترو پێشکەوتووتر داوە.
لە ڕووی کەرتی بازرگانیو ئابوورییەوە، مێژووی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیاو ئێران دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو. لە پەیماننامەی ساڵی (١٩٢٧)دا هەردوولا ڕێککەوتوون لە سەر چالاککردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانو کارئاسانی بۆ گواستنەوەی شمەکی نێوانیان. جگە لەمەش، پرسێکی پێویست بوو بۆ جێگیریی پەیوەندیی ئاشتی لە نێوانیاندا.
گومانی تێدا نییە پێگەی جوگرافیی تورکیاو سەرکەوتنی لە بەدەستهێنانو پێشکەوتنو گەشەپێدانی پێداویستییەکانی بە هاوردەی نەوت، کاریگەریی هەبوو لە سەر بەردەوامبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات.
ئەنقەرە هەوڵیدا هەژموونی خۆی بە سەر بازرگانیی دەرەکیدا بسەپێنێت، دواتریش سوپاکەی، هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ترانزێتی تورکی لە سەر خاکی تورکیا بگۆڕێت بۆ ڕۆیشتن بە سەر خاکی عێراقدا، مەشقپێکردنی سوپای ئێرانی لە سەر دەستی نێردەی سەربازیی تورکیو جێگیرکردنیان لە ئێران بە شێوەیەکی بەردەوام.
لەو ماوەیەدا پەیوەندیی فراوانی بازرگانیو چالاکیی کولتووریی بەرچاو لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هاتەئاراوە، بۆیە بە ڕێکەوت نەبوو حکومەتی ئێرانی لە ڕێی تورکیاوە شتومەک بگوازێتەوە.
ئێرانو تورکیا پشتگیریی هەڵوێستی بێلایەنی بوون لە جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩ – ١٩٤٥)، حکومەتی تورکیا داوای لە ئێرانی هاوشانی کرد ڕێگەنەدات بە سوپای سۆڤیەت بە چوونەناوەوە بۆ خاکەکەی بۆ دەرکردنی چاودێرانی ئەڵمانی تێیدا.
ئەنقەرە ترسی هەبوو لە دابەزینی هێزی سۆڤیەت لە خاکی ئێرانیدا، چونکە هەڕەشەی لە سنووری ڕۆژهەڵاتی دەکرد، بەڵام بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەت لە ئابی (١٩٤١) خاکی ئێرانیان داگیرکردو ڕەزا شا

ناچارکرا بە دەستهەڵگرتن لە دەسەڵات بۆ محەمەد ڕەزای کوڕی، کە لە تەمەنی (٢٢) ساڵیدا بوو.

بە گەیشتنەسەر دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشا (١٩٤١ – ١٩٧٩) پێداچوونەوە بە جۆری ڕێکخستنەوەی سیاسیو ئاراستەکانی دەرەوەی هەردوولا کرا، بە تایبەت هەردوو دەوڵەت کاریگەرییان لە سەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەبوو لە پێداویستییەکان بۆ هاوکارییە ئابوورییەکان، ئەمەش بوو بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئابوورییان، کە ئەنجامەکەی هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی بوو.

ساڵانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم، پێکهاتنی سیاسیو ڕێکەوتنی هەردوو وڵات هاتەئاراوە بەرانبەر بە یەکێتیی سۆڤیەتو پێویستبوونی وەستان بە ڕووی بەردەوامیی هەژموونی لە هەردوو وڵاتدا، هەتا ساڵی (١٩٥٠)، کە پارتێکی تازە لە تورکیا گەیشتە دەسەڵاتو کاریگەریی هەبوو بە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئێراندا.

پەیوەندییەکانی تورکی - ئێرانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٠ – ١٩٥٣) پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەبینی، بە هۆکاری بارودۆخی ناوخۆیی هەریەکەیان، کە شوێنپەنجەی دیاری لە سەر سیاسەتی دەرەکیی هەردوو وڵات بەجێهێشت.

تورکیا لەو پێشکەوتنانەی کە هاتنەئاراوە لە ئێراندا، کە بوو بە سەرەتایەک بۆ ناکۆکی لە سەر نەوت لە نێوان ئێرانو بەریتانیادا، پابەندی بێلایەنی بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەڵوێستی گۆڕاو چووەپاڵ بەریتانیا.

ئەنقەرە پشتگیریی هەڵوێستی ئەمریکای کرد لە پشتیوانیی بەریتانیاو پێویستیی ڕووخاندنی حکومەتەکەی موسەدەقدا. سەرەڕای ئەمەش، حکومەتی موسەدەق هەوڵی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا داوە.

**وردەکارییەکانی ناو ئەم کتێبە پێویستیی هەنووکەیین بۆ سیاسییەکان، مامۆستایانی مێژووی ئێرانو تورکیا، پسپۆڕو توێژەرانی مێژوو، سیاسەت، ئابووری، دیبلۆماسیو پەیوەندییە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان، وزەو ئابووری، بازرگانی، هەروەها بۆ خوێنەرانی بوارەکە.**

پەیوەندییەکانی تورکی - ئێرانی لە سەردەمی حکومەتەکەی زاهیدیدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەبینی، هەروەها ئامادەکاریی تەواو کرا بۆ بەشداریی ئێران لە پرۆژەی هاوپەیمانیی تورکی - پاکستانی، بۆ دانانی پشتێنەیەکی ئاسایشی بە ڕووی یەکێتیی سۆڤیەتدا لە

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا، حکومەتی ئێران، عەلی مەنسوری وەک باڵوێز لە ئەنقەرە دامەزراند، کە بەوە ناسرابوو هەوڵی نزیکبوونەوە دەدات لەگەڵ تورکیادا، داوای هاوپەیمانیی بەهێزی تورکی - ئێرانیی کرد، کە جەختیکاتەوە لە بەرگریکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕووی پلانەکانی سۆڤیەتدا.
بەرەنگاربوونەوەی شیوعیەت لە ئێرانو تورکیا کاریگەریی گرنگی هەبوو لە سەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لەو ماوەیەدا، چونکە ئەنقەرەو تاران شیوعیەتیان بە ڕێگر لە بەردەم بەرەوپێشچوونەکانیاندا دادەنا.
لە ساڵی (١٩٤٩) ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO) لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە دامەزرێنرا. لە هەمان کاتدا ئەمریکا پاڵپشتیی دەوڵەتانی دۆستی کرد لە ڕووی ئابووریو سەربازییەوە، وەک تورکیاو ئێران، بۆئەوەی توانای وەستانیان بە ڕووی دەستوەردانی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبێت، بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوچەکە، بۆ ئەو مەبەستەش بەیاننامەی سێقۆڵییان لە ساڵی (١٩٥٠)دا دەرکرد.
دوای شکستی پرۆژەی بەرگریی ڕۆژئاوایی، کە ئەمریکاو بەریتانیا پێشنیاریانکردبوو بۆ جێگیرکردنی سیستەمی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی (١٩٥٠ — ١٩٥٣)، واشنتۆن بانگهێشتی حکومەتی تورکیو عێراقیی کرد بۆ واژۆکردنی هاوپەیمانییەکی بەرگریی ناوەکی وەک پەیمانێکی بەرگری لە ناوچەکە.
ئەنقەرەو بەغداد چوونە دانوستانەوە بۆ بەستنی ڕێکەوتننامەی دووقۆڵی لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٥٤)و گفتوگۆکانی عێراق لە شوباتی (١٩٥٥) بە واژۆکردنی ڕێککەوتنامەی هاوکاریو بەرگریو ئاڵوگۆڕی نێوان هەردوو دەوڵەت، کە بە پەیمانی بەغداد ناسراوە، کۆتاییهات. بەریتانیاو پاکستانیش لە ساڵی (١٩٥٥) واژۆیان لە سەر پەیماننامەکە کرد.
دەربارەی پەیمانی بەغداد شای ئێران ڕایگەیاند: "ئێستا من وەک خۆم پێشوازی لە ڕێککەتنامەی عێراق - تورکی دەکەم". لە هەمان کاتدا جەلال بایار؛ سەرۆککۆماری تورکیا، بە مەبەستی هاندانی ئێران بۆ بەشداریی پەیمانی بەغدا، سەردانی ئێرانی کرد.
ئەمریکاو بەریتانیا پێشوازییان لە بەشداریی ئێران کرد لە پەیمانی بەغدا، کە دەبێت بە زنجیرەیەکی هاوپەیمانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئێران بە چوارچێوەی پەیمانی بەغداوە گرێدەدات لە نێوان هەردوو پەیمانی ئەتڵەسیو سیاتۆدا، لە ماوەی ئەندامیەتیی تورکیا لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسیو ئەندامیەتیی پاکستان لە پەیمانی سیاتۆدا.
محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە (١٤)

ی مایسی (١٩٥٦)دا، بە مەبەستی ڕاپەراندنی هەڤپەیڤینەکانی چوارچێوەی پەیمانی بەغدا، سەردانی تورکیای کرد، لەمەوە پەیوەندییەکی دووقۆڵیی دیکە لە نێوان هەردوو وڵاتدا هاتەکایەوە.
سەرۆکوەزیرانی تورکیا؛ عەدنان مەندەریس، لە (٥)ی کانوونی دووەمی (١٩٥٧) ڕەزامەندیی تورکیای لە سەر بنەمای ئایزنهاوەرو گێڕانی ڕۆڵی ناوەندی لەلایەن ئەنقەرەوە ڕاگەیاند. بە هەمان شێوە هەم حکومەتو هەم ڕایگشتیی ئێرانی پێشوازییەکی گەرمیان لە پرۆژەکەی ئایزنهاوەر کرد.

**پرسی کورد هاوشانی ململانێکانی دیکە، هەمیشە خاڵی هاوئاهەنگی بووە لە نێوان تورکیاو ئێر اندا، بە یەک مەوداو یەک دووری مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.**

کێشەکانی سنووری نێوان تورکیاو ئێرانو عێراق لێکترازانێکی هاوبەش بوو، کە پەیوەندییە مێژووییەکانی ئەو دەوڵەتانەی لە سەر دیاریکرابوو، بە نزیککراوەیی تەواوی سەدەی بیستەم پێوەی سەرقاڵ بوون.
سەبارەت بە ناکۆکییەکانی سنووری نێوان ئێرانو عێراق، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی هەردوو دەوڵەتەوە دەستیپێکرد هەتا ساڵی (١٩٢٩)، کە ساڵی داننانی ئێرانە بە سەروەریی عێراقدا، کە بوو بە بنەمای پەیوەندییەکی نوێ لە زۆربەی بوارەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا. هەرچی هەڵویستی تورکیایە لە ناکۆکیی نێوان عێراقو ئێراندا لە سەر دروستبوونی کێشەی سنووری لە نێوانیاندا، بریتی بوو لەوەی کە ئەوە ئێرانە ناوە ناوە دەیوروژێنێتو بەڵێننامەکانی پێشوو پشتگوێدەخات، کە بناغەی سنووری نێوان هەردوو وڵاتی لە سەر داڕێژرابوو، بۆیە ساڵی (١٩٣٤) ساڵی نەبوونی سەقامگیریی سنووری عێراق - تورکیی بەخۆوەبینی. حکومەتی تورکی دەستپێشخەرییەکی پێشکەشی حکومەتی عێراق کرد، بە مەبەستی دانانی چارەسەری ناوەندی بۆ ناکۆکییەکان. هەردوو لایەنی عێراقو ئێرانی چوونەناو دانوستانی لە سەر گۆڕینی سنوور لە شەتولعەرەبدا، تورکیاش بەردەوامبوو لە سەر هاوکاریی دیبلۆماسیو هاندانی هەردوولا بۆ گەیشتن بە پێکهاتنێکی ئاشتی بۆ کێشەکە.
لە بەرەبەیانی (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠) دا، تورکیا یەکەم کودەتای سەربازیی لە مێژووی هاوچەرخیدا بەخۆوەبینی، کودەتاکە لە لای زۆرینە کتوپڕ بوو. کاریگەریی سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکە کۆمەڵێک پرسیاری لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیادا هێنایەئاراوە،

وەک ژیانی پەرلەمانی، کە وڵاتی لە سەر بنیاتنرابوو. ئەم ڕوداوە ناوخۆییەی تورکیا لە (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠) کاریگەریی گەورەی هەبووە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، لە ناویاندا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە شکستی سیاسەت لە بواری دەرەوەدا یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ڕودانی ئەو کودەتایە.

لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا بەرنامەکانی حکومەت گوزارشت بوو لەوەی کە تورکیا ڕێز لە متمانەی گەلانی دیکە دەگرێت، بۆ باشکردنی دۆستایەتییەکی بنەڕەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا. بە شێوەیەکی ڕوون دوو ئاراستە دەرکەوتن؛ ئارەزووی سەرکردەکان لە پشتبەستن بە سیاسەتێک لە سەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی تورکیا بنیاتنرابێتو کارکردن لە سەر باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ.

بە دڵنیاییەوە ئەم کودەتایە لە تورکیا کاریگەریی دیاری هەبوو لە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێیدا، بە تایبەت ئێران، هەروەها کودەتای (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) لە عێراقدا، کە یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی پاشەکشەی عێراق بوو لە پەیمانی بەغدا، کە پێچەوانەی پێویستیبوونی باشترکردنی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ ئەو ئەندامانەی لە پەیمانەکەدا مابوونەوە، وەک ئێرانو تورکیاو پاکستان.

ئێران کودەتای (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠)ی تورکیای بە ڕوداوێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا هەژمارکرد. ئەم کودەتایە سنوورەکانی تورکیاو ئێرانی بە شێوەیکی کاتی داخست. دوای گەڕانەوەی شا بۆ تاران، وەزیری دەرەوەی ڕاسپارد بۆ بانگهێشتکردنی باڵیۆزی تورکیا لە تاران. لە کۆتاییدا ڕایگەیاند، کە داندەنێت بە سیستەمی تازەداو هیوای سەرکەوتنی بۆ کودەتاکە خواست.

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٢)دا پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەبینی، تورکیاش لە ململانێی ئێران - عێراقدا ڕۆڵی ناوەندگیری بینی لە ساڵی (١٩٦٩)دا. هەرچی شۆڕشی سپییە، کە شا ڕایگەیاندبوو، کە تەنها کارێکە وەک سەرکردەی بەتواناو هۆشیارو زیرەکو پێشکەوتووخواز کردوویەتی، ڕاپرسیی گەل لە کانوونی دووەمی (١٩٦٣) بەڕێوەچوو.

لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی هاریکاریی گەشەپێدانی هەرێمایەتی لە (١٩٦٤) دامەزرا، لە کۆبوونەوەی شاری ئەستەنبوڵی نێوان سەرۆککۆماری تورکیا؛ جەمال گۆرسێلو شای ئێران؛ محەمەد ڕەزای پەهلەویو سەرۆکی پاکستان؛ محەمەد ئەیوب بەدرخاندا، لە ڕۆژی (٢٠-٢١)ی تەمموزی (١٩٦٤) جەختیان لە بەیانێکی دەرچووی هاوبەشی ئەو

دیدارە پێویستە کردەوە.
ئۆپۆزسیۆنی ئێران نارەزایی توندی ئاراستەی تورکیا کرد بە هۆی رازیبوونی تورکیاو وەرگرتنی خومەینییەوە لە لای خۆی، دوای دەرچوونی بۆ عێراق لە ساڵی (١٩٦٥)دا خومەینی لە لێدوانێکدا رایگەیاند: "پێشینەی گەندەڵی لە وڵاتەکەماندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژەی کە رەزاخان دەسەڵاتت گرتەدەست".
پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە ماوەی شەستەکاندا پێکهاتنی هاوبەشی زیاتری بەخۆوەبینی لە نێوان هەردوو وڵاتدا، بە تایبەتی ئەنقەرەو تاران پەیوەستی پەیمانی ناوەند بوون، کە سەرەتایەکی روون بوو لە ساڵی (١٩٦٢)دا، کە ئێران هاوپەیمانی تورکیا بوو، لەمەشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەستی بە دڵنیایی دەکرد.
کاتێک کودەتای (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٠) لە تورکیا رویدا، لەلایەن تارانەوە بە نەرێنی پێشوازیلێکراو ئێران بەرپرسیاریەتییەکەی خستە ئەستۆی لایەنگرانی ئەمریکا. حکومەتی تاران زاراوەی کۆماری سەربازیی لە بری کۆماری تورکیا بەکارهێنا، هەروەها پێشوازیی لە رژێمە نوێیەکەی تورکیا نەکرد.
تورکیا لە جەنگی عێراق - ئێراندا هەڵوێستی بێلایەنی وەرگرت، لە تشرینی دووەمی (١٩٨٠)دا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە بەیانی فەرمی رایگەیاند، کە تورکیا بە پەیوەندیی ئابووری پەیوەستبووە بە عێراق و ئێرانەوە. بەو پێیەی سەرچاوەیەکی سەرەکیی دابینکردنی نەوت بوون بۆی، هەروەها بازاڕی هەناردەی بەرهەمە پیشەسازیو کشتوکاڵییەکانی بوون.
لە ساڵی (١٩٨٤) هەریەکە لە عێراقو تورکیا رێککەوتننامەیەکی ئاسایشیان بە ناوی "بەدواداچوونی گەرم"ەوە واژۆکرد. بە گوێرەی رێککەوتنەکە، هەردوولا رێگە بە هێزی یەکتر دەدەن (١٠)کم بێنەناو سنووری یەکدییەوە، ئەمەش وەڵام بوو بۆ هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە دژی تورکیا.

**توێژینەوە لە بابەتی پەیوەندییەکانی تورکی - ئێرانی بایەخی زۆری هەیە، بە هۆی قورسایی کاریگەریی هەردوو دەوڵەت لە پێگە ستراتیجیو دیمۆگرافیو توانا سەربازییەکانیاندا.**

لە ماوەی جەنگی عێراق - ئێراندا پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە پێشتر زیاتر پێشکەوتنی بەخۆوەبینی، ئێران پلەی دووەمی گرتبوو لە هەناردەی نەوتی خاو بۆ تورکیا لە دوای عێراقەوە، لە ساڵی (١٩٨٠)دا ئێران بە گوژمەی (٣) ملیۆن تەن لە نەوتی خاوو تێکرای (٦٠٠٠٠) بەرمیلی رۆژانە پێویستیی تورکیای پڕدەکردەوە.

## دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا

ئەم بابەتە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو دۆسیەیانە دەژمێردرێت، کە زۆرترین کاریگەریی لە سەر سیاسەت و پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە داناوە، بە تایبەت لە نێوان تورکیاو ئێراندا. لە کاتی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، کورد لە دۆخێکی بڵاوەپێکراوو دامرکاوەدا بوو، بە هۆی شکستی تەواوی جوڵانەوە کوردییەکانەوە لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا.

پەرچەکرداری کورد بەرانبەر بە سیاسەتی تورکیا، هەوڵدان بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لێپرسینەوانەی حکومەت و هەڵگەڕانەوە لێی. ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی (١٩٢٥) وەک یەکەم بەرخۆدانی کورد دژی کۆماری تورکیای نوێ دەستیپێکرد.

کوردستانی تورکیا لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی زیاتر نالەبار بوو، بە هۆی ئەنجامی پێشتری سیاسیی حکومەتی تورکیاوە لە دوای لەناوبردنی جوڵانەوەکەی ساڵی (١٩٣٧)، کە کاریگەریی دیاری لە سەر لایەنەکانی ژیانی کورد هەبوو لە سەرجەم بوارەکاندا. ساڵی (١٩٤٣) لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیاو عێراق چالاکیی چەکداریی کورد دەستیپێکرد، بەڵام هێزەکانی تورکیا بە خێرایی دەستیان بە جوڵە کردو لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆتایی بە جوڵانەوەکە هێنرا.

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) لە عێراق دۆخێکی گونجاوتر بۆ کورد هاتەکایەوە، کە جەختی لە بنەمای هاوبەشی عەرەبی - کوردی دەکردەوە، ئەمەش بوو بە هۆی جۆشدانی هەستی نەتەوەیی لە لای کوردی تورکیا.

لە شەستەکاندا پێکدادانی سیاسی ڕوویدا بە هۆکاری چالاکیی چەپەکانی تورکیاو ژمارەیەکی زۆری چالاکی سیاسی کورد چوونەناو چەپەکانی تورکاوە، لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا. هەرچی ئێرانە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا جوڵانەوەیەکی چەکداریی کوردیی بەخۆوەبینی. لە ماوەی (١٩٢٠-١٩٣٠) دا شێوازێک لە ڕێکخستنی چەکداریی وەرگرت، بە سەرکردایەتی ئیسماعیل ئاغای شکاک. دوای شکستی ڕەزا شا لە جەنگی جیهانیی دووەمداو هاتنی محەمەد ڕەزا شای کوڕی لە ساڵی (١٩٤١)، کورد دۆخی ناوخۆیی قۆستەوە لە ئێرانداو بە هۆی دەستبەسەرداگرتنی بەریتانیا بە سەر باشووری ئێراندا، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی یەکێتیی سۆڤیەت بە سەر ناوچەکانی باکووردا، لە (١٩٤٦) کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەنرا. حکومەتی تورکیاش هەوڵیدا لە پێگەی کۆماری مەهاباد کەمبکاتەوە.

دۆزی کورد هۆکارێکی سەرەکی بوو لە

نزیکبوونەوەی تورکو ئێرانییەکان لە ماوەی (١٩٦٠-١٩٧٠) لە لایەکو شێواندنی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵاتیش لە لایەکی دیکەوە.
دەستپێشخەریو هاوکاریی حکومەتی تورکیا لەگەڵ ئێرانو عێراقدا دژی کورد بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٦٣) دەرکەوت. ئەنقەرە یەکەم وێستگەو پلانی سەرەتایی لێدانی جوڵانەوەی چەکداریی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵی (١٩٦٣) دا دانا، نێردەی تورکیاو ئێرانو عێراق بۆ دانانی پلانی هاوبەشو هاوکاریی حکومەتی عێراق بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی لە کوردستانی عێراقدا کۆبوونەوە، ئەم هەوڵانەش بە پشتگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژمارەیەک دەوڵەتی ڕۆژئاوا بوو.

**پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لە ناوەڕۆکو دەرهاویشتەی ئاڵۆزو جەنجاڵ پێکهاتووە، کە زۆر بە کەمی لە هەر پەیوەندییەکی دوولایەنەی دیکەدا هەیە.**

سوپای عێراق دەستی بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی کردو تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، لە لای خۆشیانەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا تەواوی هەوڵەکانی خۆیان لە سەر سنووری عێراقدا خستەگەڕ. تورکیاو ئێران پاشەکشەیان لە پلانی لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی نەکرد، لە کۆبوونەوەی کۆتایی دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی بەیاننامەی ناوەند، کە لە (١٠)ی کانوونی یەکەمی (١٩٦٣) لە شاری ئیزمیری تورکیا بەسترا، پیلانێکی نوێ دارێژرا بۆ دەستوەردانی سەربازی لە کوردستانی عێراقو بە "ئۆپەراسیۆنی پڵنگ" ناسرا. بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە سوپای عێراق هێرشبکاتەسەر کوردو بەرەو سنوورەکانی تورکیاو ئێران دەریانبکات، هاوکات هێزە ئاسمانییەکانی تورکیاو ئێران بۆردومانیانبکەن، ئەوەش لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی بوو.
ساڵی (١٩٧٤) پەیماننامەیەکی ئابووری لە نێوان تورکیاو ئێراندا واژۆکرا، ماوەکەشی بە پێنج ساڵ دیاریکرا. ئەمەش لە ڕاستیدا بەستنی پەیمانی هاوبەشی بەرگری بوو لە نێوان هەردوو وڵاتدا. هاوکات ئەمریکاش بە تەواوی ڕەتیکردەوە چەک هەناردەی تورکیا بکات، دوای ئەوەی سوپای تورکیا لە ساڵی (١٩٧٤) ڕۆشتبووە بەشی باکووری قوبرسەوە.
دەبینین کۆمەڵێک پاڵنەر هەبوون بۆ کێبڕکێو ململانێی تورکیاو ئێران لە ناوچەکە، کە پەیوەندیی بە هەژموونی جوگرافییەوە هەبووە، ئەمەش ئاڵۆزیی خستبووە پەیوەندییەکانیانەوە، لەوانەش "بەرژەوەندیی هەرێمی، ناکۆکیی بیروباوەڕ، کوردو ئوسوڵییەکان"

بوون. لەگەڵ ئەمانەشدا هەردوو دەوڵەت نەیاندەهێشت بەرزبوونەوەی ناکۆکییەکانیان بگاتە ئاستی پێکدادان، لەبەرئەوەی دەیانزانی پێکدادان لە بەرژەوەندییان نییە. لە سەرووی ئەمانەشەوە بەرژەوەندیی هاوبەش هاوسەنگیی نێوانیانی ڕاگرتووە، نەهێڵن بگاتە ئەو ڕادەیەی لێکتێگەیشتنی سیاسیی هاوبەش تێکبدات. هەردوو دەوڵەتیش هەوڵیاندەدا لە ماوەی کێبڕکێکانیاندا ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن، بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵێکی گونجاوی هەرێمی، هەستبکەن، کە قورساییان پارێزراوە، هەر بۆیە لە حەفتاکاندا گۆڕانکاریی ئاسایشیو سیاسیو ستراتیجیو ئابووری ڕوویاندا، کە نابێت ئەنجامەکانی لەبەرچاونەگرین، هەتا ئەوانەشی کە ڕوونەکراونەتەوە، بۆیە هەردوو دەوڵەت هەوڵی پارێزگارییان لە پەیوەندیی ئاشتیانە دەدا، بە تایبەت سیاسییە تورکەکان ئەوەیان بە ئاشکرا دەردەبڕیو دەیانگوت: "تورکیا کار بۆ کۆتاییپێهێنانی قەیرانەکانی دەکات لەگەڵ ئێراندا، چونکە تاکە دراوسێیەتی لە مێژووی هاوچەرخدا، کە لە ناکۆکییەکانیدا دەستوەردانی چەکداریی نەکردووە".

لە ساڵی (١٩٧٩) شۆڕشی ئێرانی ڕویداو ڕژێمی فەرمانڕەوایی ئێرانیی پاشایەتی گۆڕا بۆ کۆماری ئیسلامی، ڕۆڵی پارتو ڕێکخستنە چەپو نیشتیمانییەکانی گۆڕی بۆ زانایانی ئاینی ئیسلامی.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٧٩) لە ئێراندا، بەرپرسانی تاران نوسینگەیەکیان بە ناوی "ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان لە تورکیا" دامەزراند، هەر بۆیە ئەنقەرە لە مانگی حوزەیرانی (١٩٧٩) ڕایگەیاند: "تورکیا بێدەنگنابێت لەو دەستدرێژییە دوژمنکارانەیەی کە حکومەتی خومەینی لە دژی تورکیا گرتوویەتیەبەر".

**سەرەڕای بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتی لە (٢٢)ی نیسانی (١٩٢٦) لە نێوان ئەنقەرەو تاراندا، کۆتایی بە هەندێک ئاریشەی وەک چالاکیی چەکداریی کورد لە سەرسنوور نەهات.**

هاوکاریی بازرگانیی نێوان تورکیاو ئێران پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی هاریکاریی گەشەپێدانی هەرێمایەتی تەواو دیاریکراو بوو. داهاتی ئێران لە تورکیاوە لە (٠.٧٪) تێپەڕنەدەکرد، بەڵام داهاتی تورکیا لە ئێرانەوە (٤٪) بوو. ئەمە تەواوی نرخی بازرگانیی دەرەکیی هەردوو وڵات بوو. پەیوەندییە بازگانییەکانی نێوان تورکیاو ئێران، لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٩-١٩٧٩) پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوەبینیوە.

زلهێزەکانی وەک ئەمریکا، یەکێتیی سۆڤیەت، چین، بەریتانیاو ئەڵمانیا ناکۆک بوون لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی

ئیسلامیدا، ئێرانیش ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا پچڕاند.

**هۆکارەکانی پێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران**

بەرمەبنای توێژینەوەکانی ناو ئەم کتێبەوە، دەتوانین گرنگترین هۆکارەکانی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە سێ خاڵدا کۆبکەینەوە:

١. پەیوەندیی دراوسێیەتی بە یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی نزیکبوونەوەی هەردوو وڵات دادەنرێت. سنووری هاوبەش لە نێوانیاندا (٤٥٤)کم دەبێت، بۆیە پێویست بوو پارێزگاری لە ئاسایشی سنووری بکەن.

٢. هەردوو دەوڵەت ئەندام بوون لە ڕێکخراوی ئیکۆ (Eco)دا.

٣. ئێران بە دووەم دەوڵەتی بەرهەمهێنی گازی سروشتی دەژمێردرێت لە جیهاندا. بوونی ئەوەش بە لای تورکیاوە گرنگ بوو، بەو پێیەی دەوڵەتێکی بەکاربەری وزەیە.

**کۆتایی**

ئەم کتێبە بە درێژایی هەشتا ساڵ مامەڵە لەگەڵ سروشتی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا دەکات، لە سەرجەم ڕەهەندەکاندا بە گشتیو لە ناویاندا هەردوو ڕەهەندی سیاسیو ئابووری بە تایبەتی دەکۆڵێتەوە، کە تێیدا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان هەنگاویان بۆ چەندین پێشهاتی گرنگی ناوچەییو هەرێمیو نێودەوڵەتی ناوە، کە بە دۆخی ئاشتیو شەڕو بێلایەنیو ململانێو ناکۆکیو پەیماننامەو ڕێککەوتننامەدا تێپەڕیون. بە پێی ویستەکانیان دەستوەردانیان لە دۆخی یەکدیو دەوڵەتانی دیکە، بە نموونە عێراق، سوریا، کوەیتو سعودیەدا کردووە.

گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانو هاتنەسەر کاری ڕژێمە نوێیەکان سروشتی پەیوەندییەکانی ئەو دوو دەوڵەتەی گۆڕیوە، ئاڵوگۆڕی ئابووریو بازرگانیو پێداویستیو بواری وزەو کەرەستەو مادەی سەرەتایی کەم یان زۆر ڕۆڵی ئەوی دیی بە سەر ئەمدا زاڵترکردووە. هەردوو دەوڵەت لە بەرانبەر سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەستوەردانیدا هەڵوێستی جودایان هەبووە.

**پەیوەندییەکانی تورکی - ئێرانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٠ – ١٩٥٣) پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەبینی، بە هۆکاری بارودۆخی ناوخۆیی هەریەکەیان، کە شوێنپەنجەی دیاری لە سەرسیاسەتی دەرەکیی هەردوو وڵات بەجێهێشت.**

پرسی کورد هاوشانی ململانێکانی دیکە هەمیشە خاڵی هاوئاهەنگی بووە

لە نێوانیانداو بە یەک مەوداو یەک دووری مامەڵەیان لەگەڵدا کردووەو بەکاریانهێناوە. هەڵوێستی ئەرێنیی هەر یەکێکیان لە وێستگەیەکدا نیشانەی بڕوابوون نەبووە بە دۆزی کورد، بەڵکو وەکو کارتێکی فشار لە بەرانبەر دەستکەوتێکدا بەکاریانهێناوەو هەمیشە کورد وەک مەترسی بەردەم ئایندەیان لێیڕوانراوە. لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتی لاستیکیی لەگەڵدا پەیڕەوکراوەو پێگە ئابووریو ستراتیجیو جیۆسیاسییەکەی بەکارهێنراوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ڕۆشنبینیو فراوانکردنی دونیابینیی کورد هەمبەر بە سیاسەتی تورکیاو ئێران بە تایبەتیو دەوڵەتانی هەرێمی بە گشتی، دەکرێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی وێستگە تاریکەکانی هەڵوێستی تورکیاو ئێران لە هەر دۆخو وەختێکدا پەنا بۆ دووتوێی لاپەڕەکانی ببرێت، دەکرێت پلانو ستراتیجو هەڵوێستو چۆنیەتیی پەیوەندیو مامەڵەی لە سەر بنیاتبنرێت.

# چەمکناسی

تورکیاناسی

# دەوڵەتی قووڵ
# و هاوتەریب لە تورکیا

ئامادەکردنی: تورکیاناسی

تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین سەرقاڵی بۆ توێژەرانو شرۆڤەکاران دروستکردووە لە بواری چەمکەکانی دەوڵەتی قووڵو هاوتەریبدا، بە شێوەیەک کە ئەزموونە مێژوویی‌و سیاسییەکەی، مۆدێلێکی ئاڵۆز لە ڕۆڵی دەزگاکانی هەواڵگریو ئاسایش، سەربازی، دەسەڵاتی دادوەری‌و بیرۆکراسی لە دروستکردنی کاریگەری لە سەر بڕیارە سیاسییەکان نیشاندەدات، چ لە سەرەتای سەردەمی کۆمارییەکانو چ لە قۆناغی دوای دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێداندا (AKP).

چەمکی دەوڵەتی قووڵ (Derin Devlet) لە چوارچێوەی تورکیادا ئاماژەیە بۆ تۆڕێک لە هێزی هەڵنەبژێردراو، کە لە پشت پەردەوە کاردەکەنو خاوەنی توانای ئاڕاستەکردن یان تەنانەت ڕێگریکردنن لە بڕیارەکانی حکومەت. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی هاوتەریب (Paralel Devlet Yapılanması) ئاماژەیە بۆ ئەو پێکهاتەو دامەزراوە نافەرمییە نهێنییانەی کە هاوشانی دەوڵەت لە ناو دامودەزگاکاندا کاریاندەکردو لەلایەن جوڵانەوەی فەتحوڵڵا گولەنەوە ئاڕاستەدەکران.

چەمکی دەوڵەتی قووڵ لە تورکیا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی کۆمار لە ساڵی (١٩٢٣) لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە. لەو کاتەوە، سوپای تورکیا خۆی وەک پارێزەری عەلمانیەتو دەوڵەت جێگیرکرد، ئەمەش شەرعیەتی ناڕاستەوخۆی پێدا بۆ دەستوەردان لە ژیانی سیاسیدا. سوپای تورکیا چوار کودەتای گەورەی کردووە (١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ١٩٩٧). هەموو ئەمانە ئامانجیان ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی دەوڵەت بووە بە پێی دیدی خۆیان، بەڵام لە پراکتیکدا، بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێری

سەربازی-بیرۆکراتییان پاراستووە. بە تێپەڕبوونی کات ئەم پێکهاتەیە پەرەیسەندو دەزگای هەواڵگریو دەسەڵاتی دادوەریو بازرگانانی پەیوەست بە دامەزراوە سەربازییەکەی لەخۆگرتو ئەو پێکهاتەیەیان پێکهێنا، کە بە دەوڵەتی قووڵ ناسرا.

دیارترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی قووڵی تورکیا، کۆنترۆڵکردنی ناڕاستەوخۆی سیاسەتە لە ڕێگەی تۆڕەکانی هەژموونەوە لە دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتو دەستوەردانی دەزگاکانی ئاسایشو سوپا لە ژیانی مەدەنی هاوڵاتیانو سیاسەتی میدیایی بە بیانووی پاراستنی بەها کۆمارییە کەمالیستییەکان، وەک عەلمانیەتو نەتەوەپەرستیو دواجار بەکارهێنانی توندوتیژی دژی حیزب یان هەر گرووپو لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن، وەک ئەوەی لە هەشتاکانو نەوەدەکاندا دژ بە کوردو چەپەکاندا کردیان.

یەکێک لەو حاڵەتە بەناوبانگانەی کە بوونی ئەم پێکهاتەیەی ئاشکراکرد، ئابڕووچوونەکەی سوسورلوکی ساڵی (١٩٩٦) بوو. کاتێک ئۆتۆمبێلێک کە ئەندامێکی پەرلەمانو ئەفسەرێکو سەرکردەیەکی میلیشیایەکی ڕاستڕەوی توندڕەوی تێدا بوو، پێکیاندادا. ئەو ڕوداوەی کە بووە هۆی ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتو سوپاو مافیا.

کاتێکیش پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دەسەڵاتی گرتەدەست، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕەوتێکی چاکسازیخوازانەی گرتەبەرو بەڵێنی کەمکردنەوەی کاریگەریی دەوڵەتی قووڵو ملکەچکردنی سوپای بۆ دەسەڵاتی مەدەنی دا. لە ماوەی دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی پارتەکەی، هەڵمەتی گرتنی بەرفراوان دەستپێکرد، کە بە دۆسیەکانی ئەرگەنەکۆنو چەکوش ناسرا. ئەفسەرو کەسایەتییە باڵاکانی میدیای کردە ئامانج، کە تۆمەتبار بوون بە پیلانگێڕیی کودەتا. ئەگەرچی ئەم حاڵەتانە بە شێوەیەکی کاریگەر هەژموونی سوپایان لاوازکرد، بەڵام دەرگای بۆ سەرهەڵدانی هێزێکی شاراوەی دیکە کردەوە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، کە بە دەوڵەتی هاوتەریب ناسرابوو و جوڵانەوەی فەتحوڵڵا گولەن نوێنەرایەتییدەکرد.

دەستەواژەی دەوڵەتی هاوتەریب لە تورکیا بۆ وەسفکردنی تۆڕی ڕێکخراوەیی سەر بە جوڵانەوەی گولەن بەکاردێت، کە هاوتەریب لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت کاریاندەکردو دزەیانکردبووەناو پۆلیس، دەزگای هەواڵگری، دادوەری، پەروەردەو ڕاگەیاندنەوە. دیارترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی هاوتەریب بریتی بوون لە:

- ڕێکخستنی پلەبەندیی نهێنی: پێکهاتووە

لە ئیمامەکان، کە سەرپەرشتی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت دەکەن.
- دزەکردنی بۆ ناو کەرتی پەروەردە: لە ڕێگەی قوتابخانەو زانکۆکانی سەر بە جوڵانەوەکەوە.
- کاریگەری لە سەر دەسەڵاتی دادوەریو پۆلیس: لە ڕێگەی بەکارهێنانی پۆستی هەستیار بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی جوڵانەوەکە.
- کاری هەواڵگری: کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر سیاسەتمەدارانو دامەزراوەکان.
- دابینکردنی پشتیوانیی دارایی لە ڕێگەی تۆڕە جیهانییەکانەوە: قوتابخانەکان، کۆمپانیاکانو دامەزراوە خێرخوازییەکان لە زیاتر لە (١٠٠) وڵاتدا.
ئەم گرووپە سەرەتا هاوپەیمانیی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە)یان کرد دژی دەستەبژێرە سەربازیو عەلمانییەکان، بەڵام ململانێی نێوان ئەو دوو حزبە لە دوای ساڵی (٢٠١٣) سەریهەڵدا، ئەوەش دوای ئاشکراکردنی گەندەڵییەکی حکومەت. ئەردۆغان جوڵانەوەی گولەنی تۆمەتبارکرد بە ڕێکخستنی ئەو کارە.
لە (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، تورکیا شایەتحاڵی هەوڵێکی شکستخواردووی کودەتایەکی سەربازی بوو، کە جوڵانەوەی گولەن تۆمەتبارکرا بەوەی لە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە ڕێکخستووە. حکومەت بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی وەڵامی ئەو هەوڵەی دایەوە، لەوانە: پاکتاوکردنی بەربڵاوی زیاتر لە (١٥٠) هەزار فەرمانبەری دەوڵەتی هاوتەریب لە بواری سەربازیو پۆلیسو دادوەریو پەروەردەو داخستنی هەزاران قوتابخانەو دامەزراوەی پەیوەست بەو جوڵانەوەیەو بەم شێوەیە کاریگەریی دەوڵەتی هاوتەریب بە فەرمی کۆتاییهات. هەرچەندە ئەم دوو چەمکە لە فۆرمدا هاوشێوەن، بەڵام لە ناسنامەو قۆناغی مێژووییدا جیاوازن.

| خاڵی بەراورد | دەوڵەتی قووڵ | دەوڵەتی هاوتەریب |
|---|---|---|
| شوناسی ئایدیۆلۆژی | ناسیۆنالیست، عەلمانی | ئایینی (بانگەوازخواز) |
| سەردەمی کار | لە دامەزراندنی کۆمارەوە تا سەرەتای ساڵانی (٢٠٠٠) | لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە تا (٢٠١٦) |
| ئامانج | پاراستنی دەوڵەت لە ئیسلامی سیاسی، هەوڵی جوداخوازیی کورد | کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ناوەوە |
| هێزی جوڵێنەر | سوپاو دەزگاکانی هەواڵگریو ئاسایش | جوڵانەوەی گولەن |
| هەڵوێست بەرانبەر بە ئەردۆغان | دوژمنێکی کۆن | هاوپەیمانی پێشوو، پاشان دوژمن |
| شێواز | کودەتای سەربازیو ئۆپەراسیۆنی شاراوە | دزەکردنی نهێنی بۆ ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت |

بەڵام لە دوای (٢٠١٦)ەوە وەشانێکی نوێی دەوڵەتی قووڵ لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) لەدایکبووەوە. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی قووڵی نوێ بریتی بوون لە:

- کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دادوەریو ڕاگەیاندنو بەسیاسیکردنی دامودەزگا فەرمییەکان.
- بەکارهێنانی دەزگا ئەمنییەکان بۆ گۆشەگیریکردنی نەیارانی سیاسیو نارازییەکان.
- هاوپەیمانی لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنو بازرگانانی کۆنەپارێز لە ڕێگەی میکانیزمی دابەشکردنی تەندەرو پرۆژەی گەورەوە.
- دوورخستنەوەو کەنارخستنی ئۆپۆزسیۆنو لاوازکردنی شارەوانییەکان.

بەم شێوەیە تورکیا لە سەردەمی ئاکەپە لە دەوڵەتێکی قووڵی تەقلیدیی ملکەچی سوپاوە گوازرایەوە بۆ دەوڵەتێکی قووڵی ملکەچی سەرۆک.

**سەرچاوەکان**

1. Zurcher, Erik J. Turkey: A Modern History. I.B. Tauris, 2017.

2. Ahmad, Feroz. The Making of Modern Turkey. Routledge, 2013.

3. Jenkins, Gareth. "Between Fact and Fantasy: Turkey's Ergenekon Investigation." Silk Road Paper, Central Asia-Caucasus Institute, 2009.

4. Freedom House Report, Turkey: The End of Competitive Authoritarianism, 2024.

5. SWP Berlin, Turkey's Authoritarian Drift Accelerates, 2025

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین
# لە وەرزنامەی تورکیاناسی

# ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

## ١. ڕێنمایی نووسین

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.
٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.
٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.
٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.
٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنیردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

## ٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid

بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

**گۆڤارو توێژینەوە**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

ÖZTAY, Oğuz Han, (2022), 31 Mart 2019 Yerel Seçimleri Özelinde Bir Değerlendirme, İletişim Çalışmaları Dergisi, 4. Yıl, Sayı 1, Cilt 8, Sa 101

**ڕۆژنامە**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

**ماڵپەڕ**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya (٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-

/rekawtnakay-potin-ardoghan، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https:// /blogs.aljazeera.net/blogs/٣/٣/٢٠٢٠، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونە: محمد قراسويى، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامى، ابعاد و مؤلفه¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسى: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**
-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (رۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**
-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
























CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



























CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






























CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






































CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە (٩) ساڵی سێیەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥